حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت

# گۆڕانی فۆنیمە کەرتی و ناکەرتییەکان لە زمانی کوردیدا

**نامەیەکە:**

**(هەردی سەیدە محەمەد)**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانیی کردووە،

وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

**سەرپەرشت:**

**پ.ی.د. عادل ڕەشید قادر**

(٢٧٢٢کوردی)　　(٢٠٢٢زاینی)

ئەم نـامەیە بە  ناونیشـانی (**گـۆڕانی فـۆنیمە کەرتـی و ناکەرتییەکـان لە زمـانی کوردیـدا)یە،** بە سەرپەرشتی و چـاودێری مـن، لەلایەن خوێنـدکار (**هەردی سـەیدە مـحەمەد**)ەوە ئامـادەکراوە، وەک بەشـێک لە پێداویسـتییەکانی پـلەی ماجسـتێر لە زمانی کوردیدا، لە زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی زمانی کوردی ئامادەکراوە.

**ناو: پ.ی.د عادل ڕەشید قادر**

**بەروار:    /     / ٢٠٢٢**

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پیشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**ناو:**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

**بەروار:    /     / ٢٠٢٢**

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ توێژەردا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا، کە شایەنی ئەوەیە بەپلەی (        ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. یوسف شەریف سەعید

سەرۆکی لیژنە:

بەروار: ١٠/ ١١ / ٢٠٢٢

ناو: پ.ی.د. بەدرخان سلێمان عەلی

ئەندام:

بەروار: ١٠/ ١١ / ٢٠٢٢

ناو: پ.ی.د. جوانە ئەحمەد حمە حسێن

ئەندام:

بەروار: ١٠/ ١١ / ٢٠٢٢

ناو: پ.ی.د. عادل ڕەشید قادر

ئەندام و سەرپەرشتیار:

بەروار: ١٠/ ١١/ ٢٠٢٢

لە لایان ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت پەسەند کرا.

ناو: پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد

سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەروار: / / ٢٠٢٢

## ***پێشکەشە:***

- **پێشکەشە:**
- **بە دایک و باوکی ئازیزم، وەک چۆن ئەوان هەموو شتێکی خۆیان پێشکەشی من کرد.**
- **بە خوشک و برا خۆشەویستەکانم.**
- **هاوڕێی زێدە ئازیزم (ئارام سدیق) کە هەمیشە بە ئەزموونەکانی ڕێنیشاندەرم بووە.**
- **بە هەموو ئەو مامۆستایانەی کە لە قۆناغەکانی خوێندندا دەستیان گرتم.**
- **بە هەموو کوردێک، کە زمانی کوردی لەلای پیرۆز و خۆشەویشت بێت.**

## سوپاس و پێزانین

- دکتۆری بەڕێز و خۆشەویستم (پ. ی.د. عادل ڕەشید قادر) کە بە ئەوپەڕی دڵسۆزی و خۆبەخشییەوە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردووە، وێڕای ڕێنمایی زانستی لە دەستخستنی سەرچاوەکاندا هاوکارییەکی زۆری کردووم.
- باوکی ئازیزم (سەیدە محمەد عەزیز) لە هەندێک وەرگێڕانی سەرچاوەکاندا هاوکارم بووە.
- هاوڕێ و برای ئازیزم ( ئارام قەفتان ) لە وەرگێرانی هەندێک دەستەواژە و پوختەی توێژینەوەکەدا هاوکارم بووە.
- هاوڕێی ئازیزم (هێمن جەمال) کە بە تایپکردن و هەڵەچنی هەندێک لە بابەتەکان هاوکارم بووە.
- بەڕێزان مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، کە بە زانیاری و ڕێنماییە زانستیەکانیان هاوکارم بوون.

| هێما و کورتکراوەکان | |
|---|---|
| ← | دەگۆڕێت بۆ |
| < > | بە پیت وێنەکراو |
| ش.س | شێوەزاری سلێمانی |
| ش.هـ | شێوەزاری هەولێری |
| ش.گ | شێوەزاری گەرمیانی |
| (IPA) | ئەلفوبێی فۆنەتیکی جیهانی **International Phonetic Alphabet** |
| / | یان |
| / / | فۆنیم |
| C | کۆنسنانتەکان **consonants** |
| V | ڤاوڵەکان **Vowels** |
| \| \| | نوسینی بڕگەکان |
| \|\| | وەستان |
| ( ) | دەقی وەرگیراو بە دەستکارییەوە، یان ڕوونکردنەوە پێویست |
| (( )) | دەقی وەرگیراو وەکوو خۆی |
| " " | زاراوەکان |
| ` | نیشانەی هێز |
| * | هەڵەی ڕێزمانی یان واتاییەکان |
| (+) | نیشانە بۆ دەنگە دەنگدارەکان |
| (−) | نیشانە بۆ دەنگە کپەکان |

| لیستی زاراوەکان | |
| --- | --- |
| ئـ | |
| Speakers | ئاخێوەران/قسەکەران |
| Economics  Speaker | ئاخێوەرانی ئابووریکاران |
| Archiphoneme | ئارخیفۆنیم |
| Intonation | ئاواز |
| Spectrogram machines | ئامێرەکان سپێکترۆگ |
| Alphabet phonemic | ئەلفوبێی فۆنەتیکی |
| International Phonetic Alphabet (IPA) | ئەلفوبێی فۆنەتیکی جیهانی |
| Affricate | ئەفریکاتەکان |
| Organs of Speech | ئەندامەکانی ئاخاوتن |
| Etymology | ئیتیمۆلۆژی |
| ب | |
| Syllable | بڕگە |
| Open Syllable | بڕگەی کراوە |
| Closed Syllable | بڕگەی داخراو |
| Stressed syllable | برگەی هیزدار |
| Minimal Pair | بچوکترین جووتی هاوشێوە/ جووتێکی کەم جیاواز |
| Neutralization | بێلایەنبوون |
| پ | |
| overlapping distribution | پەیوەندی جێنیشینی |
| Praat | پڕۆگرامی کۆمپیوتەری پرات |
| Letter | پیت/ تیپ |
| ت | |
| plosive | تەقاوەکان |
| minimal pair test | تاقیکردنەوەی گچکەترین هەمبەریدا |
| Tone | تۆن |
| ج | |
| Free Variation | جۆرەگۆڕدراوە ئازادەکان |
| word positione | جێکەوتەکان لە وشەدا |
| خ | |
| Zero onset | خانەی سەرەتای بڕگەکان سفرە |
| Onset | خانەی پێشەوەی بڕگە |

| | |
|---|---|
| **Nucleus** | خانەی لووتکەی بڕگە |
| **Coda** | خانەی کۆتایی بڕگە |
| **Fricatives** | خشۆکەکان |
| د | |
| **overlapping distribution** | دابەشبونێکی بەیەکداچوو |
| **coincident distribution** | دابشبوونی بەرێکەوت |
| **Complementary Distribution** | دابەشبوونی تەواوکەرانە |
| **phone/ sound** | دەنگ |
| **Regressive Assimilation** | دەنگێک کاریگەری دەخاتە سەر دەنگی پێش خۆی |
| **Progressive Assimilation** | دەنگێک کاریگەری دەخاتە سەر دەنگی دوای خۆی |
| **Secondary Articulation** | دوو فۆنیمی هاوشێوە دەربڕاو |
| ڕ | |
| **organization** | ڕێکخراوەی |
| **Phonemic Principle** | ڕێسای فۆنیمی |
| ز | |
| **Dialectic** | زار |
| **lisp** | زمانی فس |
| ش | |
| **Pulse Waves** | شەپۆلی ئیمپاڵسە |
| **place** | شوێنی بەرهەمهێنانی |
| **Ways of speaking** | شێوازی ئاخاوتن |
| **Pattern Congruity** | شێوە جووت بوون |
| ف | |
| **Physiological** | فۆسیۆلۆژی |
| **Articulatory Phonetics** | فۆنەتیکی درکاندن |
| **Phonetics** | فۆنەتیک |
| **Phonology** | فۆنۆلۆژی |
| **Laboratory Phonetics** | فۆنەتیکی تاقیگەیی |
| **Auditory Phonetics** | فۆنەتیکی بیستن |
| **Acoustic Phonetics** | فۆنەتیکی فیزیکی "ئەکوستیکی |
| **Metrical phonology** | فۆنۆلۆژی کێش |

| | |
|---|---|
| **Prosodic phonology** | فۆنۆلۆژی عروزیی |
| **phoneme** | فۆنیم |
| **sibilant** | فیکەی |
| **Segmental phonemes** | فۆنیمی کەرتی |
| **Supra Segmental phonemes** | فۆنیمی ناکەرتی |
| ڤ | |
| **Vowels** | ڤاوڵەکان |
| ک | |
| **Minimally Equipollent** | کەمترین/ گچکەترین هەمان نرخی |
| **Glottal Consonant** | کۆنسنانتی گەروویی |
| **Syllabic consonant** | کۆنسنانتی ناوکی بڕگە |
| **consonants** | کۆنسنانتەکان |
| گ | |
| **Function** | گۆکردن |
| **Allophonic** | گۆڕانە ئەلۆفۆنیەکانە |
| **Grapheme** | گرافێم |
| ل | |
| **lateral sounds** | لاییەکان |
| **Vibrant sounds** | لەراوەکان |
| **Syllabic Peak** | لوتکەی/ناوکی بڕگە |
| **nasals sounds** | لووتییەکان |
| م | |
| **Merkmal** | مارکە |
| **Marked** | مارکەکراون |
| **mora** | مۆرا |
| **Morphosyntax** | مۆرفۆسینتاکس |
| **Morphology** | مۆرفۆلۆژی |
| ن | |
| **Suprasegmental Feature** | نیشانەی سەرووسەگمێنتییەکان |
| **Semi-Consonant** | نیمچە کۆنسنانتەکان |
| **Distinctive Features** | نیشانە جیاکەرەوەکان |
| **Binary Feature** | نیشانەی دووپەلکی |

| | |
|---|---|
| **Gradual Features** | نیشانەی پلەییەکان/پلەدارەکان |
| **Juncture** | نێوانییەکان |
| ھ | |
| **Pause** | هەڵوەستە |
| **contrast/ Opposition** | هەمبەرێتی |
| **Bilateral Opposition** | هەمبەری دوو-لایی |
| **Multilateral Opposition** | هەمبەری فرە -دوو لایی |
| **Proportional Opposition** | هەمبەری بەکۆمەڵ(پارچەیی) |
| **Isolated Opposition** | هەمبەری تاکوتەنها |
| **Privative Oppositions** | هەمبەری تایبەت بەخۆ |
| **Equipollent Oppositions** | هەمبەریی هەمان نرخیی/ هەمان ئەنجامیی |
| **Gradual Opposition** | هەمبەریی پلەدار |
| **aspirated** | هەناساوی/فوودارییەکی کەم |
| **Aspirated** | هەناساوی بوونی/فووداربوون |
| **homographs** | هۆمۆگرافی |
| **homophones** | هۆمۆفۆن |
| **stress** | هێز |
| **Variations Stress** | هێزە پلەدارەکان |
| **Primany Stress** | هێزی سەرەکی/هێزی یەکەم |
| **Secondary Stress** | هێزی مامناوەند/هێزی دووەم |
| **Tertiary Stress** | هێزی لاواز/هێزی سێیەم |
| **Fixed Stress** | هێزی جێگیر(سنوردار) |
| **Free Stress** | هێزی ئازاد(بێسنور) |
| و | |
| **semantic** | واتاسازی |
| **Post lexical** | واتا نا فەرهەنگەکان |
| **Stop** | وەستاو |
| ی | |
| **Contact assimilation rules** | یاسای توانەوەی هاوسێیەتی |

| لاپەڕە | ناونیشانی بابەتەکان |
|---|---|
| ١ | (١/٠) پێشەکی |
| ١ | (٢/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە. |
| ١ | (٣/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: |
| ١ | (٤/٠) ئامانج و گرنگیی لێکۆڵینەوەکە: |
| ٢ | (٥/٠) ڕێباز و کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکە: |
| ٢ | (٦/٠) سنووری لێکۆڵینەوەکە: |
| ٢ | (٧/٠) ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە: |
| ٣-٤٣ | **بەشی یەکەم: دەنگسازی (فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی)** |
| ٣-٧ | (١/١) پێداچوونەوەیەک بە کارەکانی پێشتردا لەبارەی دەنگسازییەوە |
| ٨ | (٢/١) دەنگسازی و لقەکانی |
| ٨-٩ | (١-٢/١) فۆنەتیک "Phonetics" |
| ٩-١٠ | (١-٢/١) أ.) دەنگ "phone/ sound" |
| ١٠-١١ | (١-٢/١) ب.) ئەندامەکانی ئاخاوتن "Organs of Speech" |
| ١٢-١٤ | (١-١-٢/١) فۆنەتیکی درکاندن "Articulatory Phonetics" |
| ١٤-١٥ | (٢-١-٢/١) فۆنەتیکی فیزیکی "ئەکوستیکی"Acoustic Phonetics" |
| ١٥-١٧ | (٣-١-٢/١) فۆنەتیکی بیستن "Auditory Phonetics" |
| ١٧ | (٤-١-٢/١) فۆنەتیکی تاقیگەیی "Laboratory Phonetics " |
| ١٨-٢٤ | (٢-٢/١) فۆنۆلۆژی "Phonology" |
| ٢٤-٢٦ | (٣-٢/١) هاوبەشی و جیاوازیی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی |
| ٢٦-٢٨ | (٤-٢/١) ئەلفوبێی فۆنەتیکی (IPA) "International Phonetic Alphabet" |
| ٢٩-٣٥ | (٣/١) فۆنیم "Phoneme" |
| ٣٥ | (١-٣/١) جۆرەکانی فۆنیم |
| ٣٥ | (٢-٣/١) فۆنیمی کەرتی "Segmental phonemes" |
| ٣٦-٣٧ | (١-٢-٣/١) ئەلۆفۆن "Allophone" |
| ٣٧-٣٩ | (١-١-٢-٣/١) دابەشبوونی تەواوکەرانە "Complementary Distribution" |

| | |
|---|---|
| ٤٠-٣٩ | (٣/١-٢-١-٢) جۆرە گۆڕدراوە ئازادەکان "Free Variation" |
| ٤١-٤٠ | (٣/١-٢-١-٣) بێلایەنبوون و ئارخیفۆنیم "Archiphoneme" & "Neutralization" |
| ٤٣-٤٢ | (٣/١-٣) فۆنیمی ناکەرتی "Supra Segmental phonemes" |
| ٩٨-٤٤ | **بەشی دووەم: دەنگەبیستراوەکان و بڕگەکانی زمانی کوردی** |
| ٤٤ | (١/٢) دەنگە بیستراوەکان. |
| ٤٤ | (١/٢-١) فۆنیمی کەرتی : |
| ٤٤ | (١/٢-٢) کۆنسنانتەکان |
| ٤٧-٤٤ | (٢/-١-٢-١) تەقاوەکان"plosive " |
| ٥١-٤٧ | (١/٢-٢-٢) خشۆکەکان"fricatives" |
| ٥٣-٥١ | (١/٢-٢-٣) ئەفریکاتەکان"affricate" |
| ٥٤-٥٣ | (١/٢-٢-٤) لووتییەکان "nasals sounds" |
| ٥٥-٥٤ | (١/٢-٢-٥) لاییەکان "lateral sounds" |
| ٥٧-٥٥ | (١/٢-٢-٦) لەراوەکان "Vibrants sounds" |
| ٥٨-٥٧ | (١/٢-٣) نیمچە کۆنسنانتەکان "Semi-Consonant" |
| ٦١-٥٨ | (١/٢-٤) ڤاوڵەکان "Vowels" |
| ٦٢ | (١/٢-٥) ئەو دەنگە عەرەبییانەی، کە لە زمانی کوردیدا دەبیسترێت |
| ٦٥-٦٣ | (٢/٢) ڕۆڵی سازگەی دەنگەکان و نیشانە جیاکەرەوەکان، لە سیستمی هەمبەرییەکاندا |
| ٦٦ | (٢/٢-١) هەمبەری دوو-لایی "Bilateral Opposition" |
| ٦٧-٦٦ | (٢/٢-٢) هەمبەری فرە -دوو لایی "Multilateral Opposition" |
| ٦٧ | (٢/٢-٣) هەمبەریی بەکۆمەڵ (پارچەیی) "Proportional Opposition" |
| ٦٨-٦٧ | (٢/٢-٤) هەمبەریی تاکوتەنها "Isolated Opposition" |
| ٦٨ | (٢/٢-٥) هەمبەریی تایبەت بە خۆ "Privative Oppositions" |
| ٦٩-٦٨ | (٢/٢-٦) هەمبەریی پلەدار "Gradual Opposition" |
| ٦٩ | (٢/٢-٧) هەمبەریی هەمان نرخی/ هەمان ئەنجامی "Equipollent Oppositions " |
| ٧٢-٧٠ | (٣/٢) بڕگە "Syllable" |
| ٧٣-٧٢ | (٣/٢-١) بڕگەی فۆنەتیکی |

| | |
|---|---|
| (۲/۳-۲) بڕگەی فۆنۆلۆژی | ۷۳-۷٦ |
| (۲/۳-۳) قاڵبی بڕگە | ۷٦-۷۹ |
| (۲/۳-٤) جۆرەکانی بڕگە | ۷۹ |
| (۲/۳-٤-۱) بڕگەی کراوە "Open Syllable" | ۷۹-۸۱ |
| (۲/۳-٤-۲) بڕگەی داخراو"Closed Syllable" | ۸۱ |
| (٤/۲)فۆنیمی ناکەرتی | ۸۲ |
| (۲/٤-۱)هێز stress | ۸۲-۸۳ |
| (۲/٤-۱-۱) هێز و بڕگە | ۸۳-۸٦ |
| (۲/٤-۱-۲) هێز لە وشەدا | ۸٦-۹۱ |
| (۲/٤-۱-۳) هێز لە ڕستەدا | ۹۱-۹٤ |
| (۲/٤-۲) ئاوازە Intonation | ۹٤-۹٦ |
| (۲/٤-۳) نێوانەکان"Juncture | ۹٦-۹۷ |
| (۲/٤-۳-۱) وەستان"Stop" | ۹۷-۹۸ |
| (۲/٤-۳-۲) هەڵوەستە"Pause" | ۹۸ |
| بەشی سێیەم (گۆڕانی فۆنیمە کەرتی و ناکەرییەکان) | ۹۹-۱۳۸ |
| (۳/۱) پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان | ۹۹ |
| (۳/۱-۱) پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە فۆنیمە کەرتییەکاندا | ۹۹ |
| (۳/۱-۱-۱) ئاڵوگۆڕکردنی دەنگەکان | ۹۹-۱۲٦ |
| (۳/۱-۱-۲) کرتاندنی دەنگەکان | ۱۲٦-۱۳۰ |
| (۳/۱-۱-۲-۱)کلۆکردنی دەنگ | ۱۳۰-۱۳۱ |
| (۳/۱-۱-۲-۲)بچوککردنەوەی وشەکان | ۱۳۱ |
| (۳/۱-۱-۳)زیادکردنی دەنگەکان | ۱۳۲ |
| (۳/۱-۱-٤) جێگۆڕکێ دەنگەکان | ۱۳۳ |

| | |
|---|---|
| (٢/٣ ) فۆنیمە ناکەرتیەکان و کاریگەریان لە گۆڕانی واتادا | ١٣٣ |
| (٣/٢-١) گۆڕانی واتا لە هێزدا | ١٣٦-١٣٣ |
| ( ٣/٢-٢ ) گۆڕانی واتا لە ئاوازدا | ١٣٦ |
| (٣/٢-٣) گۆڕانی واتا لە نێوانییەکاندا | ١٣٨-١٣٦ |
| ئەنجامەکان | ١٤٠-١٣٩ |
| سەرچاوەکان | ١٤٨-١٤١ |
| الخلاصة | A |
| Abstract | B |

# پێشەکی

## (١/٠) پێشەکی

گەلێک لێکۆڵینەوە لەبارەی زانستی زمانەوە تا ئێستا ئەنجامدراوە، بەڵام فراوانی زمان کارێکی وایکردووە، کە لێکۆڵینەوەکان تێیدا بەردەوامیان هەبێت، لێکۆڵەران هێشتا هەست بەو بۆشاییە زمانییە بکەن و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە فراوانی زمان درێژە بکێشێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە ئەنجامی وردبوونەوە و تێڕوانین بۆ دەربڕینەکانی مرۆڤی کورد هاتۆتە ئاراوە، کە هەندێکجار لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەنگێک دەردەبڕێت، کە هاوشێوەی ئەوە دەنگە نییە، کە بە پیت بۆی چندراوە، لەناو وشەکانی زمانی کوردیدا، ئەم گۆڕانکاریە بەبێ ئەوەی کاریگەری و گۆڕانی واتایی لە کەسی بەرامبەردا دروست بکات، هاوکات هەمان ئەو گۆڕانکاریە دەنگیە دەکرێت، لە ژینگەیەکی فۆنۆلۆژیتردا، یان لە بڕگە و وشەیەکی تردا، گۆڕانی واتایی دروست بکەن. ئەم گۆڕانکارییانە، کە لە فۆنیمە کەرتییەکان و فۆنیمە ناکەرتییەکاندا ڕوو دەدەن، بەگوێرەی پێویست خراوەتە ڕوو.

## (٢/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی نامەکە (**گۆڕانی فۆنیمە کەرتی و ناکەرتییەکان لە زمانی کوردیدا.**)یە، لە لایەنی دەنگسازی زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە، ئەو گۆڕانە دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە، کە فۆنیمە کەرتی و ناکەرتییەکانی ئەنجامیدەدەن، لە کردەی ئاخاوتنەکانی ئێستای زمانی کوردیدا.

## (٣/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

بابەتەکە لە ئەنجامی چەند پرسیار و هۆکارەوە هەڵبژێردراوە، لەو پرسیارانەش بریتیبوون لە: (ئایا فۆنیمە کەرتییەکان کاتێک گۆڕانیان پێدەکرێت واتا دەگۆڕن ؟ لە کوێ؟ بەچی پێوەرێک؟) (چی کاتێک فۆنیمەکان دەگۆڕێن واتاکەشی وەکوو خۆی دەمێنێتەوە؟ هۆکارەکەی چییە؟) ( ئەو هۆکارانە چین، کە گۆڕانی دەنگی دەهێنێتە ئاراوە لەناو بڕگە و وشەکاندا؟) (جیاوازی گۆڕانکاریەکانی فۆنیمەکان لە ئاستی ڕووکەش(ئاسۆی) بەبەراورد بە ئاستی قووڵ(ستونی)؟ ئایا ئاستی ستونی و ئاسۆی هەمان کاریگەری لەسەر فۆنیمەکان دروست دەکەن؟ یاخود کاریگەریان جیاوازە؟).

## (٤/٠) ئامانج و گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە، زیاتر دەرخستنی ئەرکەکانی فۆنیمە کەرتی و ناکەرتییەکانی زمانی کوردییە. هەوڵدانە بۆ دەرخستنی هەندێک لایەنی نادیاری فۆنیمەکانی زمان، گرنگیی ئەم دەرخستنانەی فۆنیم، بۆ زیاتر شارەزابوونە لە فۆنیم و جێکەوتەیان لە زمانی کوردیدا، هاوکات ئەم تایبەتمەندییانەی فۆنیم ڕێگاخۆشکەرە، بۆ نزیکبوونەوە لە بنیاتنانی زمانێکی ستانداردی کوردی.

## (٥/٠) ڕێباز لێکۆڵینەوەکە:

ئەو ڕێبازەی لەم نامەیەدا پەیڕەو دەکرێت، ڕێبازی وەسفی شیکردنەوەییە، کە تێیدا ئاخاوتنی ڕۆژانەی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست)، خراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی زانستییانە.

## (٦/٠) سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکە، چڕیی بابەتە زانستییەکە لە زانستی دەنگسازیدایە، لەم زانستەدا زیاتر لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی لقە زانستی فۆنۆلۆژیدایە، بەڵام بەپێی پێویست دەپەڕێتەوە بۆ ئاستەکانی تری زمانەکە، ئەوانیش مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و واتاسازییە.

## (٧/٠) کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکە:

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە زمانی سینکرۆنی ئاخێوەرانی ئێستای کرمانجی ناوەڕاست، وەک کەرەستە بۆ لێکۆڵینەوەکە بەکار هێنراوە. هاوکات بە شێوەیەکی گشتی کرمانجی ناوەڕاست وەرگیراوە، بەڵام بەپێی پێویستییش بۆ سەلماندن و ڕوونکردنەوەی زیاتری زارەکانی تر و هەندێکجاریش، زمانەکەنی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسییش وەک نموونە وەرگیراون.

## (٨/٠) ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

**لێکۆڵینەوەکە لە ئەم بەشانە پێکهاتووە:**

**بەشی یەکەم:** پێداچوونەوەیەکە بەسەر ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە پێشتر کراون، لەبارەی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی زمانی و هەڵسەنگاندنیان. هاوکات فۆنەتیک و جۆرەکانی و فۆنۆلۆژی و فۆنیم و جۆرەکانی فۆنیم و ئەلۆفۆنەکان باسی لێوە کراوە.

**بەشی دووەم:** دەنگە بیستراوەکانی زمانی کوردی و دیاریکردنی فۆنیمەکانیان و خستنەڕووی فۆنیمە کەرتییەکان (کۆنسنات و ڤاوڵەکان و نیمچە کۆنسنانتەکان)، پاشان بڕگە و جۆرەکانی بڕگە، هاوکات لەم بەشەدا، فۆنیمە ناکەرتییەکان لە زمانی کوردیدا بە نموونەوە خراوەتە ڕوو.

**بەشی سێیەم:** لەبەر تیشکی بەشی یەکەم و دووەمدا، پرۆسە فۆنۆلۆژیەکان دیاری کراون و خراونەتە ڕوو، هەموو ئەو دیاردە و گۆڕانانە کە لەنێوان فۆنیمە کەرتی و ناکەرتیەکاندا هاتۆتە ئاراوە، هاوکات فۆنیمەکان بەسەر دوو بەشدا دابەشکراون، ئەوانەی بەگۆڕانیان واتای جیاواز دەهێننەئاراوە، هاوکات ئەوانە سەرەڕای گۆڕانیان واتاکان وەکوو خۆیان دەمێنێتەوە و پەیامی ئاخێوەر، وەکوو خۆی دەگەیەنن بەکەسی بەرانبەر.

هاوکات لەدوای ئەم پێشەکییە کورتەوە، بەچەند ئەنجامێک و ڕیزکردنی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە، بەزمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی کۆتایی بەلێکۆڵینەوەکە هاتووە.

# بەشی یەکەم

## دەنگسازی (فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی)

## (١/١) پێداچوونەوەیەک بە کارەکانی پێشتردا لەبارەی دەنگسازییەوە.

بەرهەمی وردبوونەوە و بەدواداچوونی زانستییانەی زمانەوانەکان، کارێکی وای کردووە، کە لە وشـــە و مۆرفیم بچووکتر بدۆزرێتەوە و لێکدانەوە و وردبوونەوەی زمانەوانی زیاتر و قووڵتر لەسـەر زمان بخرێتە ڕوو. هاوکات لەتەک دۆزینەوەی فونیم و دەنگ و بڕگە، زانستی دەنگسـازی لقێکە لە لقەکانی زانســتی زمان، هاوشـــانی مۆرفۆلۆژی و ســینتاکس و واتاســـازی هاتە ئاراوە. دەنگســـــازی بریتییە لەو زانســـتەی، کە هەردوو لقە زانســـتییەکانی "فۆنەتیک Phonetics و فۆنۆلۆژیPhonology" دەگرێتەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان. هەر وەکو "ابن جنی" دەڵێت: ((هەریەک لە نەتەوەکـان نیـازەکـانیـان لە ڕێی دەنگەوە دەردەبڕن. ئەمە لەتەک بیروبۆچوونەکەی "دی سۆسێر" یەک دەگرێتەوە، کە بانگەشەی بۆ لێکۆڵینەوەی هەنووکەیی زمان دەکرد، لە شێوەی دەربڕاودا.)) (فەرهادی، ٢٠١٣:١١). ئەگەر لەو مێژووە بڕوانین، کە دەنگســـــازی لە لێکۆڵینەوەکانی زمانی کوردیدا بەخۆیەوە بینیوەتی، لە ســـەرەتاکانیدا نەتوانراوە جیاوازیی پێویســت، لەنێوان هەر دوو لقەکەی دەنگسازیدا بکەن. هۆکارەکەشی بۆ چەند لایەنێک دەگەڕێتەوە لەوانەش، کاریگەربوون بە زمانێک، یاخود پەســـەندکردنی چەند بیروڕایەک، کە لێکۆڵەرەوان پێیگەشـــتوون و هاوڕاییبوون، وەکوو "محمەد ئەمین هەورامی" لە هەردوو کتێبی "فۆنەتیکی زمانی کوردی" و "ســـەرەتایەک لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی" لە سـاڵی (١٩٧٤)دا، کە بە شـێوەیەکی تێکەڵ لە هەردوو لقە زانسـتەکەی دەنگســـــازی، کە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییە، بە یەکچاو لە هەردوو زانســـتەکی ڕوانیوە، تێڕوانینەکان زیاتر سـەرەتایی بوون، وەکوو لە ناسـاندنی فۆنیمەکاندا بەم شـێوەیە دەدوێت: ((فۆنیم یانی چەپکە فۆنەتیـک "یـاخود چەپکە دەنـگ"، بەڵام فۆنۆلۆژی دەنگســـــازییە.)) (هەورامی،ا،١٩٧٤ :١٣)، ئەم تێڕوانینـانە لە کـاتێکدایە، کە کتێبەکە بە نـاوی "فۆنەتیکی زمـانی کوردی"یە، کەچی تەنهـا لە ئەم پێناســـەیەدا بەکاری دەهێنێت و هەردوو ئاســـتەکە بە فۆنۆلۆژی دادەنێت و تا کۆتایی کتێبەکە بەم شـــێوەیە بەردەوام دەبێت. هـاوکـاتیش دیـاردەی "ئەلۆفۆن Allophone" لە زمـانی کوردیـدا، بە دیاردەیەکی نامۆ باســی دەکات، پێی وایە، کە دەنگی [ص] لە وشــەکانی (ســەد، ســەوزە، ســاماڵ، ساڵ)دا، دەنگی بێگانەن و ئەم دەنگە بێگانانەمان وەرگرتووە، هاوکاتیش پێی باشە، کە بە وێنەکراوە بێگـانەکە "پیـت" < ص> نەک وێنە دەنگییە کوردییەکە، کە پیتە هـاوشـــێوەکەیەتی <س> بۆ دابنرێتەوە و بنووســـرێت، وەکوو نووســـیویەتی ((بە ڕای خۆم ئەم دەنگی /ص/ە، کە هەیە لەم وشـــانەدا قەڵەوترە لەوەی، کە بە دەنگی /س/ بنووســـرێت، لەبەر ئەوە کە دەنگی /ص/ عەرەبی قەڵەوترە لە دەنگی /س/ کوردی، واباشـترە بەم شـێوەیە بنووسـرێت: صــەد، صــەوزە، صــاماڵ، صـاڵ.)) (هەورامی،ا،١٩٧٤: ٨). بە هەمان شـێوە لە کتێبێکی تردا و لە هەمان سـاڵدا، بە شـێوەیەکی گشــتی کار لەســـەر زمان دەکات، هاوکات لەوتێڕوانینانەی لە بارەی دەنگســازییەوە دەیخاتە ڕوو، هەندێک گۆڕانکاری دەردەکەوێت، بەڵام لە جیاکاریی هەردوو زانســـتی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیدا

جیاوازی ناکات، هەردوو زانســـتەکەی بە تێکڕژاوی یەکتری دەربارەیان دەدوێت. وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات. ((دەنگســـازیی زمانی کوردی ئەو زانســـتەیە، کە خۆی تەرخان کردووە، بۆ لێکۆڵینەوە لە کەرەســتەکانی زمانی کوردی، بەلای منەوە کەرەســتەکانی زمانی کوردی پێکهاتوون لەم لقانە:

١. گۆکردن.

٢. دەنگ و جیاوازیی نێوان دەنگ و پیت.

٣. فۆنیم چییە و چەند جۆری هەیە:

أ) کۆنسۆنانتەکان (ئاوازدارەکان).

ب) هێشووە کۆنسنانتەکان.

ج) بزوێنەکان.

د) دەنگگۆڕکێ و هێز و ماوە و بەرزونزمی.

٤. ئەندامەکانی ئاخاوتن.

٥. دەستنیشانکردن و ناونیشان هەڵدانی کۆنسنانتەکان.)) (هەورامی،ب،١٩٧٤: ٥٧). لەم تێڕوانینەوە زمانەوان بە بەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی کوردی و بیانی توانیویەتی ئەمە بخاتە ڕوو، هاوکات لە زۆربەی سەرچاوەکانی پێشووتری خۆیدا، بابەتی هێز لەتەک ڕستە و گۆڕانی واتادا باس کراوە، بەڵام لێرەدا هێز وەک بەشـێک لە دەنگسـازیی زمان دەبینێت، کە چی نەتوانراوە وەک بەشـێک لە فۆنیمەکان ببینرێت، واتە درک بە هەبوونی فۆنیمی کەرتی و ناکەرتی نەکراوە، هاوکات چەندان نموونەی هێزی واتاگۆڕ دەخاتە ڕوو.

پاشان زمانەوان "ئەوڕەحمانی حاجی مارف" بە چەند کتێبێک لەو ساڵانەدا، بەرهەمەکانی لە بواری دەنگســازیدا دەخاتە ڕوو، بە تایبەت لە ســاڵی ١٩٧٦دا، لە کتێبی "زمانی کوردی لەبەر ڕۆشــنایی فۆنەتیکدا"، لە ئەم کتێبەشـــدا نەتوانراوە، جیاوازی بکرێت، لەنێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیدا، هاوکات لێکۆڵینەوەکە بە شـێوازێکی فراوان کاری کردووە، کە توانراوە ئامانجی گشـتی، کە (دەنگسـازی)یە ویسـتوویەتی لێی نزیک ببێتەوە بۆ ئەو سـەردەمە، بەڵام نەتوانراوە بەش و لایەنەکانی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی جیا بکرێتەوە، هەموو ئەرکەکانی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی وەک بە ناوی کتێبەکەوە ڕوونە، کە لەژێر ڕۆشـنایی فۆنەتیکدان، هاوکات لێکۆڵینەوەکە بە شـێوەیەکی ورد پەسـنی بۆ فۆنیمەکانی زمان دەکات، ڤاوڵ و کۆنســـناتەکان جیا دەکرێتەوە و پێناســـەی چۆنێتی دانەبەدانەی دەنگەکانی

کردەوە، کە چۆن لەلایەن ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە بەرهەم دێن. هاوکات دەربارەی ڕۆڵی هێز و ئاوازیش لە زمانی کوردیدا دەدوێت، نموونەی پێویستیشیان بۆ دەخاتە بەرچاو.

پاشان زمانەوان "غازی فاتیح وەیس" لە کتێبی "فۆنەتیک"، لەساڵی (١٩٨٤)دا، سنووری کارکردنی هەردوو لقی دەنگسازیی لێک جیا کردووەتەوە، بەڵام وەک خۆشی دەڵێت، کە تازەکی توانراوە هەست بەو جیاوازییە بکرێت و تێکەڵیی هەر تێدا دەمێنێت، هاوکاتیش لقەکان و باسێکی گشتی و چڕی دەربارەی فۆنەتێک دەخاتە ڕوو. واتە بەشەکانی فۆنەتیک یەک بە یەک جیا دەکاتە، پێناسە و ڕوونکردنەوە، لەسەر لقەکانی فۆنەتیک، بۆ یەکەمجار لە زمانی کوردیدا ئەنجام دەدات، چەمکەکانی بە شێوەیەکی ورد هەڵدەسەنگێنێت، چونکە لێکۆڵینەوەکە تەواوی بابەتەکانی چڕبوونەوەیە لە بابەتی فۆنەتیکدا، لە تێڕوانینەکانیدا وردبینییەکی زۆر دەبینرێت. کاتێک دەربارەی فۆنەتیکی بیستن دەدوێت، بە لایەنی بایۆلۆژی پێکهاتەی بوونیەتی مرۆڤ تێکەڵی دەکات، کە گوێ وەک ئەندامێکی بیستن و بەشدار لە پرۆسەی زمان و فۆنەتیکدا چۆن دروست بووە؟ لە چی شتێک پێکهاتووە؟ پرۆسە ئاساییەکانی ڕۆژانە چۆن لە ڕووی زانستەوە باس کراوە؟ هاوکات بۆ فۆنەتیکی فیزیکی و درکاندنیش جیاکاری و وردبینیی کردووە.

"کەمال فوئاد" لەو لێکۆڵینەوەیەی "فۆنیمەکانی زمانی کوردی"، لە ساڵی(٢٠٠٠)دا، بێگوێدانە بە دوو لقە زانستەکە کار دەکات، تەنانەت بۆ جارێکیش دەربارەیان نادوێت. هاوکات ئەم کارە وەک خۆی لە کۆتایی بابەتەکەدا دەڵێت، ئەمە هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی فۆنیمی زمانی کوردی، بەڵام تەنها دەنگە بیستراوەکان (ڤاوڵەکان و کۆنسنانتەکان) دەبینێت، هێز و ئاواز و فۆنیمە ناکەرتییەکان فەرامۆش دەکات، هاوکات ئەم لێکۆڵینەوەی پشتی بە هیچ سەرچاوەیەکی کوردیی پێش خۆی نەبەستوە و باوەڕی وایە کارەکانی پێش خۆی هەڵەی تێدایە، وەک دەڵێت: ((ئەو نووسراوانەی لە سێ بۆ چوار ساڵی ڕابردوودا، لە سەر فۆنێتیک (نەک فۆنەتیک) و فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی، بە کوردی بڵاوکراونەتەوە، لەبەر هەڵە و ناتەواوییان لە نوسینی ئەم باسەدا خرانە پشتگوێ.)) (فوئاد،٢٠٠٠:٤٠)، لە لێکۆڵینەوەکەدا کاتێک گشت سەرچاوەکان زمانێکی بێگانە بێت. کەواتە، تیۆرییەکە گشتی وەرگێڕدراوە و فۆنیمەکانی زمانی کوردی بەسەردا جێبەجێ کراوە، ئەمیش کارەکە بەرەو کەموکوڕی دەبات، چونکە بە هۆی کاریگەربوونی بە زمانە بێگانەکان هەندێک لە دەنگەکان، کە لە زمانەکانی تردا هەیە، پێیوایە لە زمانی کوردییشدا هەیە، لەتەک هەندێک لە دوو دەنگییەکاندا تێکەڵی دەکات، ڤاوڵەکان بە یانزە ڤاوڵ دەناسێنێت. هاوکات زمانەوان بەبێ هێنانەوەی هیچ بەڵگەیەکی دروست، هێمای بۆ هەندێک لە بزوێنەکان داناوە، کە دەیەوێت، لەم ڕێگەیەوە چارەسەری هەندێک گیروگرفتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی کوردی بکات، وەکوو دەنگی [وو] ڤاوڵی گۆڕیوە بۆ[ىو]، دەنگی ڤاوڵی [ی] گۆڕیوە [ىِ]. هاوکات تەواوی لێکۆڵینەوەکەشی بەم ڕێنووسە نووسیوە. خۆشی دەڵێت ئەم هێمایانەش هێشتا ناتوانن کێشەی نیمچە کۆنسنانتەکانی پێچارەسەر بکرێت. ((هەندێک لەم گیروگرفتانەی نووسین بە تیپی عەرەبی ئەتوانرێ کەم بکرێتەوە،

بەوەی بۆ [ī] بنووســرێت [ئ‍ِ]، بۆ [ū] بنووســرێت [ ‍وٖ]، بەڵام ئەوە هەر ئەمێنێت، کە [i] لە [y] و [u] لە [w] جیا بکەینەوە.)) (فوئاد،٢٠٠٠:١٤).

زمانەوان "محەمەدی مەحوی"، لە کتێبەکانی "زمان و زانستی زمان"، لە ساڵی ٢٠٠١دا، "فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیدا" ســـاڵی ٢٠٠٨دا، کە لە دوو توێی دوو بەرگدا بڵاوکراوەتەوە، یەکێکە لە هەوڵە گشگیرەکان لە زانستی دەنگسازیدا، کە بە شێوەیەکی چڕ و ئاڵۆز لە وردەکارییەکانی ئەم زانستە دەکۆڵێتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا وابەســـتەی تایبەتی بە هەندێک بیروبۆچوونەوە هەیە، بەتایبەت لەســـەر ناونانی ناوی بەشـــەکانی فۆنەتیک، لە کتێبی "فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی" لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەدا، بەم شێوەیە ناویان هێنراوە.

((١. فۆنەتیکی بیستەنیی Acoustic Phonetic

٢.فۆنەتیکی دەنگیی Auditory Phonetic

٣.فۆنەتیکی ئۆرگانیی Articulatory Phonetic)) (مەحوی،أ،٢٠٠٨: ٧٢).

ئەمە لە کاتێکدا ناونیشـــانە ئینگلیزییەکانی، یان زانســـتییەکان، کە لەناو چەندین ســـەرچاوەدا ئەوە دیـاری دەکـات، کە بۆ فۆنەتیکی فیزیکی، کە توێژەر بە فۆنەتیکی دەنگی نـاوی دەبـات چەمکە ئینگلیزییەکەی"Acoustic Phonetic" بۆدانراوە، هــاوکـات فۆنەتیکی بیســـتنیش " Auditory Phonetics". هـاوکـات لقی فۆنەتیکی ئۆرگـانییش، کە بە درێژایی لێکۆڵینەوەکە بەکـاری دەهێنێت، ناوەکەی لە وەرگێڕانی وشەی "Organ یان Organic" ئینگلیزییەکەیەوە وەرگێڕدراوە، کە دەتوانرا ئەو جیاوازیی دەربڕینە نەکرایە و بە کوردی بنووســـرابا. هاوکات ســـێ لق لە فۆنەتیک باســـی لێوەکراوە، کە لەناو کتێبەکەدا هەردوو لقی (فۆنەتیکی بیستەنی و دەنگیی)، بە دوو لقی هاوشێوەی یەکـدی چووانـدوە و بە جیـاوازییەکی ئەوتۆ لەبـارەیـانەوە نـادوێـت، وەکوو دەڵێـت: ((پۆلکردنی دەنگەکانی زمان لە ڕێگەی بیســـتنەوە باش پێشـــنەکەوتووە، بۆیە دەتوانرێت کارەکی و بەکردەوە بگوترێت، کە فۆنەتیک لە دوو بەشـی سـەرەکیی پێک هاتووە.)) (مەحوی :٢٠٠٨: ٧٣). لە کاتێکدا، کە فۆنەتیک دابەش کراوە، بۆ ســێ بەش و پاشــان بۆ چوار بەش لە زۆربەی ســەرچاوە جیهانییەکان، کە لە ســـاڵەکانی ٢٠٠٠ بەدواوە کراون، زۆر بە چاوێکی ڕوونتر و گەشـــتر لە فۆنەتیک دواون و بەشەکانی فۆنەتیکیان ڕوون کردووەتەوە. لە کتێبی "زمان و زانستی زمان"، لە ساڵی (٢٠٠١)دا، بە درێژایی لێکۆڵینەوەکە وشـــەی <یەکەم> بەم شـــێوەیە نووســـراوە، <یەککەم>، کە لە بەرگی کتێبەکەشـدا ئاماژەی پێداوە. هاوکات چەند سـاڵێک دواتر، لە کتێبی "فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییەکەیدا"، بە درێژایی ئەو کتێبەش بەم شێوەیە، ئاماژەی بە ڕێنووسی وشەی یەکەم داوە <یەکهەم>. ئەمە لە کاتێکدا، کە لە جاری یەکەمدا کە <یەککەم> لێرەدا، دیاردەی دووکەرتبوونی دەنگی کۆنســـنانتی تەقاوەی [ک]، کە تێیدا ئەمدەنگە دابەشدەبێت، بۆ کۆتایی بڕگەی یەکەم و سەرەتای بڕگەی دووەم، زۆرکات زمانەوانەکان ئەم دووکەرتبوونە، بە دووبارەکردنەوەی دەنگەکان لەڕێنووســـی زمانەکەدا بەکار دەهێنن. |یەک|کەم|:|CVC|CVC|، هاوکات زیادکردنی دەنگێکی کۆنســـناتی [ه]، لە جاری دووەمدا، کە دەبێتە <یەکهەم>، کە پێکهاتەی قاڵبی بڕگەی جیاوازە لە وشـــەی <یەکەم> خۆی.

چونکە وشەکە لە بڕگەیەکی کراوە و بڕگەیەکی داخراو دروست بووە، |یە|کەم| - |CV|CVC| لە کاتێکدا زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە بڕگەی کراوەمان زۆرە و زۆر ئاسانە بۆ درکاندن، لە <یەکهەم> |یەک|هەم| دەیکات بە دوو بڕگەی داخراو، سەختە بۆ درکاندنیان لە کاتی ئاخاوتندا. بەڵام لە هەرسێ شێوەکەی نووسین و درکاندنی وشەکاندا گونجاوە و دروستە، چونکە زمانی کوردی قاڵبی بڕگەکانی جێگیر نییە، قاڵبی بڕگە لە ئاخێوەرێکەوە، بۆ ئاخێوەرێکی تر و لە چوارچێوەی مەبەستێکەوە، بۆ مەبەستێکی تر دەگۆڕدرێت، ئەگەر ئەمە پەیوەست بکرێتەوە بەوەی بوترێت، کە بۆ<دووهەم> هەبێت و<یەکهەم>مان نەبێت، کە <دووهەم> پەیوەندیی بە بڕگەسازیی زمانەکەوە هەیە، بۆ چۆنییەتی دروستبوونیان، هاوکات ئەگەر وشەکانی (یەکەم و دووهەم و سێیەم) جیاوازیی فۆڕمیان هەبێت، زۆر ئاساییە وەک ئەو جیاوازییە، زۆرەی زمانەکانی تر، لە ڕێنووسی ئەم ژمارانەدا هەیانە، وەکوو زمانی ئینگلیزی (first,second,third) کە هیچ نزیک نییە، لە فۆڕمی ژمارەکان خۆیانەوە، کە ئەوانیش(one,two,three) یە.

زمانەوان "محەمەد معروف فەتاح"، لە کتێبی "زمانەوانی"دا، لە ساڵی"١٩٩٠"دا، کە لە حەوت بەش پێک هاتووە. بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی زمانەوانی دەدوێت، لە بەشەکانی دووەم و سێیەمدا دەربارەی دەنگسازیی زمانی کوردی دەدوێت، هاوکات لە دیاریکردنی ئاستەکانی زماندا، ئاستی فۆنەتیکی لە دەنگسازیدا و پراگماتیک لە واتاسازیدا، بە دوو ئاستی ناسەرەکی دادەنێت لە کاتێکدا فۆنەتیک، بەشێکی گرنگە لە زانستی دەنگسازیدا، بەڵام لە فۆنۆلۆژیدا بە تایبەت لە فۆنیم و بڕگەکاندا، بە شێوەیەکی ورد دەربارەیان دەدوێت و لە چەندین ڕوانگەوە دەربارەی فۆنیم دەدوێت، وەک یەکەیەکی دەنگسازی، کە خاوەن قەوارەیەکە، کە توانای گۆڕینی هەم فۆڕمی وشە و واتای وشەیان هەیە، لە کاتێکدا خۆیان بەتەنها واتادار نین. هاوکات لە گۆڕانەکاندا و بە تایبەت لە پڕۆسە فۆنۆلۆژییەکاندا، ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودی لەم بیروڕایانە وەرگرتووە، بەکارهێنراون لە بەشی سێیەمدا، بۆ دەرخستنی ئەو فۆنیمانەی زمانی کوردی، کە دەکرێت ئاڵوگۆڕ بکرێن بەبێ گۆڕانی واتا، یاخود واتاگۆڕ بن.

زمانەوان "وریا عومەر ئەمین"، لە کتێبی "ئاسۆیەکی تری زمانەوانی"، لە ساڵی ٢٠٠٤دا، کە پێکهاتووە لە چەند وتارێک بەگشتی، دەربارەی کێشەکانی زمانەوانی، تێیدا چەند وتارێکی پەیوەستە بە دەنگسازیی زمانی کوردییەوە، کە هەندێکیانی ساڵانی پێشووتر لە گۆڤارەکاندا بڵاو کردووەتەوە، هاوکات جیاوازیی وردی دەنگ و پیت و فۆنیم لە زمانی کوردیدا دەخاتە ڕوو، جیاوازیی هەندێک فۆنیم، کە دەکرێت لە زمانێکدا فۆنیم بن و لە زمانێکی تردا دەنگ بن، واتە توانراوە بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی جیا بکرێتەوە، بەوردی دەربارەیان دواوە. هاوکات بە چەند وتارێکی تر دەبارەی ڕۆڵی هێز و ئاواز بە شێوەیەکی ڕوون، نموونەی وردیان لە زمانی کوردیدا دەخاتە ڕوو، هاوکات لەم لیکۆڵینەوەشدا توانراوە، سوود لە نموونەکانی وەربگیرێت و زیاتر ئەرکەکانیان دەربخرێت.

## (٢/١) دەنگسازی و لقەکانی

دەنگســـــازی بۆ دوو لقی ســـــەربەخۆ جیا دەکرێنەوە، ئەوانیش لقە زانســـــتییەکانی "فۆنەتیک Phonetics و فۆنۆلۆژی Phonology". دەنگســـــازی لەژێر تیشـــــکی ئەم دوو لقەوە لێکۆڵینەوە و دیاردە وردودرشـــــتەکانی زمان، هەم بە شـــــێوەیەکی گشـــــتی بۆ زمانەکان و هەمیش بۆ زمانێکی دیاریکراو دیاری دەکات.

## (١-٢/١) فۆنەتیک "Phonetics"

فۆنەتیک پەسـنییەکی وردی ئەندامەکانی ئاخاوتنە، بۆ گەیشـتن بە یەکەم دەنگی هەسـتپێکراو و بیســـتراوی زمانی مرۆڤ. واتە ســـەرەتای دروســـتبوونی زمان، لە دەربڕینەکانی مرۆڤەوە دیاری دەکات، ((فۆنەتیک، زانستی بنەڕەتیترین پێکهاتەکانی زمانە، ئەو پێکهاتانەی سیستمی زمان لەسەری بنیاتنراوە.)) (ولی پور،١٣٩٣:١٢)، یاخود لێکۆڵینەوە لە بچووکترین یەکە دەربڕاوە خواســـتراوەکانی مرۆڤ دەکات. ((فۆنەتیک، لە کەرەســـــتە هەرە خاوەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و شـــــییان دەکاتەوە، کەرەســـــتە خاوەکانی زمان، ئەو تاکە دەنگانەن، کە هێزی ڕەوتی بایی لە ســـــییەکانەوە هاتوون لە ئەنجامی کۆمەڵە جووڵانەوەیەک، کە لە پەردەی ناوپەنچکەوە دەســـــت پێدەکات و ســـــورێنچک و قوڕگ و بەشـــەکانی زار و لووت بەشـــداری دەکەن و دروســـت دەکرێن.)) (ئەمین،٢٠٠٤:٤٧)، یان دەتوانرێت بگوترێت بە شـێوەیەکی زانسـتی بەدواداچوون و پەسـنی دەنگەکانی زمانێک دەکات، کە ئەوەش بە شـــێوەیەکی هەم مادی، وەک بەرکەوتە لەتەک (فۆنیمی کەرتی)، هەم نامادی (بێ فۆرم) وەک بەرکەوتەی لەتەک (فۆنیمە ناکەرتییەکان). "داڤید کریســـــتاڵ" دەڵێت ((ئەو زانســـــتەیە، کە لە تایبەتمەندییەکانی دروســـــتکردنی دەنگی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بە تایبەتی ئەو دەنگانەی لە ئاخاوتندا بەکـاردێن.)) (crystal,2008:363). کەواتە، ئەگەر فۆنەتیـک هەموو دەنگێـک وەرگرێـت و لە زانسـتەکەیدا لێی بکۆڵێتەوە، بەپێی ئەم تێڕوانینە بێت، فۆنەتیک بێسـنوورە لە دەنگ وەرگرتن، بەڵام فۆنەتیک لە ناوچەیەکی سـنووردارادا، کە تایبەتە بەو زمانە، هەندێک لەم توانا گشـتییە بەکار دێنێت، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، (ئەگەر توانای فۆنەتیک بێسنوور بێت؟ ئەوا چۆن فۆنەتیک دەتوانێ لە گشـــت دەنگە جیهانییەکان بکۆڵێتەوە، یان پەســـنی بۆ دەنگی نادروســـت (نا ڕێزمانی/بێ بایەخ) بکات، لە وەڵامدا دەتوانرێ بوترێت، کە فۆنەتیک هەوڵنادات هەریەک لە دەنگەکان بەجیا دەربارەیان بدوێت، بەڵکو هەوڵ دەدات شـــێوازەکان، ســـیســـتمەکان، یاســـاکان و جۆرەکانیان بخاتە ڕوو، کە دەتوانرێت بۆ پەسـنیکردنی هەر دەنگێک بەکار بهێنرێت.) (حق شـناس،١٣٩٣:١٢). ئەمەش وادەکات، کە هەر زمانێک فۆنەتیکی تایبەت بە خۆی و ســـنووری فۆنەتیکی دیاریکراوی خۆی هەبێت. وەک لەم پێناســـەیەدا بە ڕوونتر ئاماژە بۆ فۆنەتیک و سـنووری فۆنەتیک دەکرێت. ((ئەو زانســـتەیە، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگە دەربڕاوەکانی زمانێک لەتەک شـــیکردنەوە و پۆلێنکردن و شـــێوازی دەربڕین و گواسـتنەوەی و تێگەیشـتن لە زمانەکە دەدات.)) (فەرهادی،٢٠١٣:٢٦). گشـت پێناسـەکان پشـــتڕاســـتی ئەوە دەکەنەوە، کە فۆنەتیک کەرەســـتەیەکە بۆ پەســـنیکردنی دەنگە. واتە ئەرکی ئەم

زانسته تەنها دیاریکردن و چۆنیەتیی دروستبوون و ناساندنی دەنگە لە زمانێکدا. کەواتە دەتوانرێت ئەرکی فۆنەتیک بۆ سێ بەش دیاری بکرێت:

١. پەسنیکردن: بریتییە لە چۆنیەتی دەربڕین و گواستنەوەی دەنگەکان.

٢. پۆلێنکردن: بریتییە لە پۆلێنکردنی دەنگەکانی زمان بەپێی: شوێنی گۆکردنیان، سیفەتی دەنگەکان، جۆری دەنگەکان.

٣. ڕێنووسی دەنگی: بریتییە لە نووسین وەک دەربڕین. (دزەیی،١٥:٢٠١٥).

پێشـــێلکردن و تێڕوانینی فۆنەتیک، وەک زانســـتێکی فیزیکی کارێکی چەوتە، وەکوو ئەوەی لە زمانەوانانی پڕاگدا بەدیار دەکەوێت، بەو پێیەی، کە زانســـتەکە دابڕاو نییە، لە بەرهەمهێنانی یەکە زمانییەکاندا، هاوکات "دی سـوێســەر" هەســتی بە گرنگی و پەیوەندی هەردوو لقەکەی بەیەکەوە کردووە، بەڵام بە هۆی نەبوونی هەڵێنجـانـدن و وردبوونەوەی لە کەرەســـتە ڕێزمـانییەکـانـدا، نەتوانراوە پەرەی پێبدرێت. واتە زمانەوانەکان بەشـــێکیان فۆنەتیک بە لقێک لە زمانەوانی دەزانن، بەڵام بەشـێکی تریان بە بەشـێک لەم زانسـتە نازانن، چونکە بابەتی زمانەوانی دیاردەیەکی هزرییە، لە کاتێکدا بابەتی فۆنەتیکی دیاردەیەکی بەرجەستە و ماددییە لە بنچینەدا، هەموو شتێک لە زانستە ســەرەتاییەکاندا بەرجەســتە نییە. هەندێکجار یاســاکانی فیزیا، یان کیمیا پێویســتی بە ئەبســتراکت هەیە. لە کیمیادا، ئەوەی پێی دەگوترێت پێکهاتەی گەردیلە زۆر هەســـتپێکراو نییە، یان لە فیزیادا بیردۆزی ڕێژەیی ئەبســتراکترە لە هەســتپێکراو. هەرچەندە ئەگەری هەیە، فۆنەتیک لەســەر بنەمای یاسا کۆنکرێتییەکانی فیزیک بێت، لە بواری زماننا‌سیدا، کە هەوڵ دەدات، لە زانستە سەرەتاییەکان نزیک ببێتەوە، باشتر وایە بگوترێت، کە زانستی زمانیش لە چەمکە بەرجەستە و ئەبستراکتەکاندا، هاوشـێوەی زانســتەکانی ترە، واتە لەم خاڵەدا لە یەکتر دەچن. (رســول پور،٤٦:١٣٩٦). زۆرێک لە زمانەوانە فۆنەتیکییەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا، بەر لە باســـکردنی بەشـــەکانی فۆنەتیک، بە جیاجیا ڕوونکردنەوەیان لە بارەی دوو چەمکی ســەرەکی فۆنەتیک داوە ، ئەو دوو چەمکە، دەکریت بکرێتە یەکە و پێوەر لە لێکۆڵینەوەکانی فۆنەتیکدا.

## (١-٢/١) أ) دەنگ "phone/ sound"


زنجیرەیەک لە وشـــە درکاوەکان، بریتیە لە کۆمەڵێک دەنگ، کە مرۆڤ لە ڕێگەی ئەندامی بیســـتنەوە، توانای وەرگرتنیان دەبێت. ســـەرەتا دەتوانرێت لە ڕووی فیزیکی و فیزیۆلۆژییەوە بەدەســـت بهێنرێت. ((زاراوەیەکە لە فۆنتیکدا بەکار دێت، بۆ ئاماژەدان بە بچووکترین پارچەی جیاکەرەوەی هەســـتپێکراو، کە تاکە دەنگێکە، لە زنجیرەیەک ئاخاوتندا.)) (crysta,2008:361)، یاخود دەنگ ((وزەیە، یان جموجۆڵێکی دەرەکییە، تەنی مادی پێی هەڵدەســتێ، کاریگەری وا لەگوێ دەکات، کە بیســـتن ڕوو بدات.)) (فەرهادی،٥٧:٢٠١٣). وروژمی هەوا و وزەی درکاندنی دەنگەکان

دەگۆڕێن، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر، تەنانەت هەمان فۆنیم و دەنگیش ناتوانرێت، وەکوو یەک و هاوشێوەی خۆی بەیەکسانی و دەقاودەق بدرکێندرێت. ئەوەی هەیە، هاوشێوەی ئەو دەنگەیە، لە یەکنزیکیی دەنگەکانە لەیەکتری، کە دووبارە هەوڵ دەدرێت، لە درکاندینانداا لەو بچێتەوە. ئەگەر ئاخێوەرێک دەنگی [ب] دەربرێت، چەند جارێک دووبارەی بکاتەوە، تەنها هاوشێوەیەکە، لە وروژمی هەوا و هەمان ئەندام و جووڵەکانیان. ئەگەر نا وەک یەکنین، چونکە دەنگ ((ئەو دەنگە ڕاستەقینەیەی، کە ئاخێوەر لە کاتی ئاخاوتندا دەیدرکێنێت، هاوتای ئەم دەنگە قەد دووبارە نابێتەوە، نە لە ئاخێوەرەکە خۆی، نە لە ئاخێوەرێکی ترەوە.)) (عەلی،١٤٥:٢٠٠٥). ئەمەش بە شێوەیەک دەردەکەوێت، کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەراندا، ئەمە بەدیار ناکەوێت، بەڵام لە زانستی فۆنەتیکی تاقیگەی "Laboratory Phonetics"، کە تێیدا، لە ڕێگەی پرۆگرامی پرات "Praat"، (بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر پرۆگرامەکە لەم سەرچاوەیەوە بەدەست بخرێت. فەرهادی،٢٠١٣)، وێنەی شەپۆلە دەنگێکان دیاری بکرێت و جیاوازییەکانی دەستنیشان بکرێت. ئەگەر بڕوانینە دەنگی گۆرانیبێژێک، جگە لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی دەنگی، کە دەستکاریی دەنگەکانی پێدەکرێت، واتە کاتێک هونەرمەندێک ڕاستەوخۆ گۆرانییەک دەڵێت، لە هەمانکاتدا دووجار دوابەدوای یەکتری، هەمان گۆرانی بڵێتەوە، هەستی پێدەکرێت، کە جیاوازیی زۆر هەیە، زۆر کات دەگوترێت ئەمیان، یاخود ئەوەیان خۆشتر بووە، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە، کە ناتواندرێت هەمان ئاواز وەکوو خۆی دەربرێت، کە ئەمەش پەیوەستە بە دەنگە دەربڕاوەکانەوە، چونکە ئەو شەپۆلە دەنگیانەی، کە بە هۆی ئەندامەکانی ئاخاوتن دروست دەبێت، لە دەمی ئاخێوەرەوە، کە دەگوازرێتەوە بۆ هەوا و بە پرۆسەیەکی فیزیکییانە، پاشان بۆ گوێی گوێگر، ئەم پرۆسانەش تێیاندا گۆڕانکاری ڕوودەدات و ناتواندرێت هەمیشە وەک یەکتری ئەنجام بدرێت، هاوکات لەئەنجامدا، بەم وروژمی شەپۆلە دەنگیانەش لەهەوادا دەوترێ دەنگ.

## (١-٢/١) ب) ئەندامەکانی ئاخاوتن "Organs of Speech"

هەموو ئەو ئەندامانەن، کە بەشدارن لە بەرهەمهێنانی دەنگی زمانی. یاخود (بەرهەمهێنانی دەنگی ئاخاوتن پێویستی بە دروستکردنی جۆرێک لەشەپۆلی دەنگی لە هەوادا هەیە، کە بە جووڵەی هەندێک لە ئەندامەکانی جەستە درووست دەکرێت، کە لە بەرهەمهێنانی دەنگدا بەشدارن. ئەندامە ناوەکییەکانی وەک سییەکان و بۆرییەکانی هەوا، ئەندامە دەرەکییەکان پێک دێن، لە لێو و ددان و مەڵاشووی ڕەق و نەرم و بەشە جۆراوجۆرەکانی زمان.) (Keshavarz,2021:20). ئەو ئەندامانەی بەشدارن لە بەرهەمهێنانی دەنگدا، لە ڕووی زمانییەوە بە ئەندامی ئاخاوتن ناو دەبرێن، بێگومان ئەم ئەندامانە جگە لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتن، پیشەی دیکەیان هەیە، وەک هەناسەدان و بۆنکردن و تامکردن و خواردن، بەڵام ئەرکی سەرەکییان لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە دروستکردنی دەنگە، کە ((بە شێوەیەکی سەرەکی پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەنگ لە ڕێگەی هەناسەدەردانەوە دروست

دەبێت. ئەویش بە هۆی جووڵاندنەوەی ماسـوولکەکانی ناوپەنچک و قەفەسـەی سـنگ، بۆ ئەوەی دواتر سییەکان بەرز و نزم ببن و هەوا لە ڕێگەی بۆریی هەواو، قورقوراگە، قورگ، بۆشایی دەم و لووت بە شـێوەی شـەپۆل بێتە دەرەوە... هەر لێرەشـەوە دەنگەکانی زمانی مرۆڤ بۆ یەکەمجار دروسـت دەبێت. دواتر ئەندامەکانی ئاخاوتن، کە لە بۆشـایی قورگ و بۆشـایی دەم و لووت پێک دێت، کۆنترۆڵی ئەو شـەپۆلی هەوایە دەکات و بە ئەو شـێوەیەی، کە مرۆڤ دەیخوازێت هەواکە لە دەم یان لووت دێتە دەرەوە.)) (خورشـید،٢٠١١:٤٦). دەتواندرێت بە شـێوەیەکی گشـتی ئەندامەکانی ئاخاوتن، لەم وێنەی خوارەوەدا بخرێتە ڕوو.




وێنەی ژمارە (١)، ئەندامەکانی مرۆڤ لە بەرهەمهێنانی دەنگدا (خورشید،٢٠١١:٥٤).

دەربارەی بەشـەکانی فۆنتیک بیروبۆچوونی زمانەوانەکان جیاوازن، زۆرینەیان دەیکەن بە سـێ بەشـی سـەرەکییەوە، واتە (فۆنەتیکی درکاندن و فۆنەتیکی فیزیکی و فۆنەتیکی بیسـتن)، بەڵام فۆنەتیکی تاقیگەیی، چونکە زانسـتێکی زیاتر کۆمپیوتەری و نوێیە بۆ زانسـتی زمان لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا، یان ئاماژەی پێنەدراوە، یان تێکەڵکراوە بە فۆنەتیکی فیزیکی و لەتەک فۆنەتیکی فیزیکیدا بە یەک بابەت تەماشاکراوە، تەنها چاو لە ئەنجامەکانی کراوەوە و چۆنێتیی کارکردنی ئەم لقە لە فۆنەتیک فەرامۆشـکراوە، هاوکات لە چەندین لێکۆڵینەوەشـدا بە تایبەت باس کراوە و توێژینەوەی لەسەر کراوە. لە توێژینەوەکەدا وەکوو لقێک لە زانستی فۆنەتیک هەژمار کراوە. لەبەر هەمان هۆکاریش چوار لقی سەربەخۆ لە فۆنەتیک ڕوون کراوەتەوە.

## (١-١-٢/١) فۆنەتیکی درکاندن "Articulatory Phonetics"

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی فۆنەتیکی درکاندنەوە کراوە، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی، کە ئەم لقە بە دەستپێک و هۆکاری دۆزینەوەی زانستی فۆنەتیک دەزانرێت، چونکە ئەم لقە لە فۆنەتیکدا، زۆر نزیکە لە ئەندامەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ و بەرکەوتەی لەتەک یەکەم هێز و پاڵنەری جووڵەی هەوا بۆ دروستبوونی دەنگ، لەبەر هەمان هۆکاریش پێشتر بەم بەشە لە فۆنەتیک بە فیسۆلۆژی"Physiological" ناو براوە. کەواتە، ((چۆنیەتی کارکردن و جولانەوەی ئەندامەکانی ئاخافتن دەگرێتەوە. ئەم ئەندامانە، هەر یەکە بە شێوەیەکی جیاواز دەجووڵێتەوە لە دروستکردنی هەر دەنگدا و فۆنەتیکی درکاندن باسی جووڵاندنەوەی هەر ئەندامێک دەکات و بەپێی ئەو جووڵانەوەیە دەستنیشانی سنووری هەر دەنگێک ئەکرێ.)) (وەیس،١٩٨٤:٢٦). واتە لێکۆڵینەوەیە لە ئەندامەکانی مرۆڤ، کە کردەی دەربڕینی پێئەنجامدەدەن، کە ئەمەش لەناو مێشک و دەروونی و ئەندامەکانی ئاخاوتنی ئاخێوەران دەگرێتەوە، نەک دوای دەرچوونی دەنگ لە دەمەوە، کە دەرچوونی دەنگ بۆ ناو هەوا و بڵاوبوونەوەی بە ناو گەردیلەکانی هەوادا دەچێتە قۆناغێکی تری فۆنەتیکەوە، ئەویش فۆنەتیکی فیزیکی "ئەکوستیکی"Acoustic Phonetics". کەواتە، لە سەرەتای دروستبوونی دەنگەکان، پێش هەموو شتێک، بەرهەمهێنانی هەر جۆرە دەنگێک پێویستی بە سەرچاوەی وزە هەیە، بۆ ئاخاوتن. ((ئەم سەرچاوەی وزەیە، بریتییە لە لێشاوی هەوا بۆ زۆربەی دەنگەکانی زمانەکانی جیهان، ئەم هەڵچوونە لە لایەن سییەکانەوە دروست دەبێت، هەوا لە سییەکانەوە دەڕژێتە ناو بۆری هەواوە و پاشان بۆ ناو قورگ)) (Jongman,2009:9). زۆربەی زمانەکانی جیهان بەم شێوەیە دەنگ بەرهەمدەهێنن، لە سییەکانەوە بۆ دەرەوە، بەڵام هەندێک زمان هەیە، بە پێچەوانەوە لە دەرەوە بۆ ناوەوەیە، کە هەندێک دەنگی زمانی لێدروستدەکرێت، وەک زمانەوان "غازی فاتیح وەیس" لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بە دەگمەن دەنگ بەو هەوایە دروست ئەبێ کە لە دەرەوە دێتە ناو سییەکانەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە هیچ زمانێک نییە بەو هەوایە دەنگی تێدا دروست نەکرێ کە ئەچێتە ژوورەوە بۆ ناو سییەکان، بۆ نموونە لە زمانی "زوولوو" و "جۆرجیدا"، چەند دەنگێک بەو هەوایە دروست دەکرێن، کە ئەچێتە ژوورەوە بۆ ناو سییەکان و ئەم دەنگانەش پێیان ئەوترێت "Ejective" لە دروستکردنی ئەم دەنگانەدا هەوا بەرەو ژوورەوە ئەچێت لە کاتێکدا قورگ و زمان نزم ئەکرێنەوە.)) (وەیس،١٩٨٤:٢٧-٢٨). کەواتە، ئەم لقە لە فۆنەتیک، ئەندامەکانی ئاخاوتن دەکاتە خاڵێک تا بتوانێت، گشت سەرچاوەکانی دروستبوونی دەنگی پەسنی پێبکات. یاخود ((لێکۆڵینەوەی سازگەی ئەو شوێنە توێکارییانە دەردەخات، کە لە ئاستیانەوە دەنگی زمان پەیدا دەبێ و دەستنیشانکردنی کۆمەڵێ لەو تایبەتمەندتییانەی، کە جیای دەکاتەوە لە دەنگەکانی تر.)) (فەرهادی،٢٠١٣:٣٢). کەواتە، لە ڕێگەی ئەم بەشەی فۆنەتیکەوە، پەسنی ئەوە دەکرێت، کە لە کاتی درکاندندا، دەبێت ئەندامەکان چۆن چۆنی بجووڵێنەوە؟ تا بتواندرێت دەنگە

زمانییەکان دروست بکرێت، وەکوو دەنگە کۆنسنانت و ڤاوڵەکان لە زمانەکەدا. ئەمەش وادەکات، کە لێکۆڵینەوە لە دەنگ لە ئەم بەشەدا، ((بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئەم دوو بنەمایە پۆلێنبکرێن: بنەمای جەستەیی و فیسۆلۆژی، کە خۆی لە شوێنی دەنگ، یان سازگەکانیان دەنوێنێ. پێوەری دەنگی کە خۆی لە سروشتی دەنگەکە، یان ئەو سیفەتەی، کە پێی دەردەکەوێ لە ڕێگای درکاندنەوە دەنوێنێ.)) (فەرهادی،٢٠١٣:٣٣). کەواتە، دووجار لە ڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەتواندرێت، لە دەنگەکان بدوێن و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، یان بە شێوەیەکی ڕوونتر (لە هەر پێناسەیەکدا، کە بۆ دەنگەکان دەکرێت، بە لایەنی کەمەوە دووجار ئاماژە بە ئەندامەکانی ئاخاوتن دەکرێت: جارێک لە پەیوەندیی بە پێگەی بەرهەمهێنانی دەنگ، جاری دووەم لە پەیوەندی لەگەڵ دۆخی ئەندامەکانی ئاخاوتن، لە کاتی بەرهەمهێنانی دەنگدا.) (حق شناس،١٣٩٣:٣٧)، وەک دەنگی [ب] لە یەکەم جاردا دەتوانرێت بگوترێت، کە دەنگێکی لێوییە، لێویش وەک ئەندام بەشدارن لەبەرهەمهێنانیدا، پاشان لە جاری دووەمدا دەتواندرێت بگوترێت، کە لێوەکان چۆنچۆنی بەشدارن، کە ئەویش بە جووڵاندنی لێوی خوارەوە بۆ سەر لێوی سەرەوە و پاشان بە لکاندنی هەردوو لێوەکە و پاش لابردنی لێوەکان لەسەر یەکتری، ئەوکات دەنگی [ب] بە وروژمکردنی هەوا بۆ دەرەوە پەیدا دەبێت. کە بەم جۆرە دەوترێت، دەنگە کۆنسنانتە "تەقاوەکان Plosive". چونکە لە ئەنجامی وروژمی هەوا لە سییەکانەوە بۆ دەرەوە، بەلابردنی ئەو ڕێگرییەی، کە لەبەردەمیدا بووە، دەنگێکی ژێداری (دەنگدار)ی توند پەیدادەبێت. ژێیەکانیش مەبەست لێیان ئەو چینە تەنکەی سەر ئەندامی قوڕگە، کە دەبێتە هۆی لەرانەوەیان لە دروستکردنی دەنگدا. ئەندامی قوڕگیش، ((خاوەن دەریژەیەکی بۆریی ئاسابیە، کە لە لایان دوو ئەندامی پەردەئاساوە، واتە تاڵە دەنگەکان "ژێیەکان" دەتوانێت ببەسترێت. هاوکات تاڵە دەنگییەکان لەوانەیە توند لێک بەستراو بن، کە لەم حاڵەتەدا هەواکە یەکیان لێدەرباز نابێت، یان بە جۆرێکی سست بەیەکداچووبن، کە لێرەدا هەوا دەرچووەکە دەبێتە هۆی لەرانەوەیان. لەرانەوەی تاڵە دەنگەکان دەنگێک دروست دەکات، کە ناسراوە بە دەنگە ژێدارەکان.)) (ئالاتۆ،٢٠١٣:٣٠٤).

ئەم بەشە لە فۆنەتیک، ئەگەر دابەش بکرێت، بەسەر ئەندامەکانی ئاخاوتندا، چەند ئەندامێک دەگرێتەوە، وەک (١- کۆئەندامی هەناسە: قەفەسەی سنگ و ناوپەنچک و بۆریی هەوا و میکانیزمی هەناسە. ٢- کۆئەندامی قوڕگ: ژێیەکان و ماسوولکەکان. ٣- بۆشایی زرنگانەوەکان: بۆشایی گەروو و بۆشایی لووت و بۆشایی زار. پاشان ئەندامەکانی ناو زار کە ددان و زمان مەلاشووی ڕەق و نەرم)، کە ئەم ئەندامانە هەریەکەیان بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆڵ دەبینن لە دروستکردنی ئەو دەنگانەی زمان. وردبوونەوە لەم بابەتە، پەیوەستە بە بەشی دووەم و سێیەمی لێکۆڵینەوەکەوە، کە بۆ هەر دەنگێک، کە لە زمانەکەماندا، بە فۆنیمی (کەرتی و ناکەرتی) هەژمار بکرێت، پەسنی بۆ دەکرێت، تا بتوانرێت لە ڕێگەی ئەم بەشەوە لێکۆڵینەوەکە بەو ئەنجامەی، کە پێویستیەتی بگات.

واته هەر دەنگێک لە بەشـەکانی داهاتوودا پەسـنی فۆنەتیکی درکاندنی بۆ کراوە، هەتاوەکو ڕوونتر و وردتر هۆکاری گۆڕانی واتا و نەگۆڕانی واتای پێ ڕوون بکرێتەوە.

## (٢/١-١-٢) فۆنەتیکی فیزیکی "ئەکوستیکی"Acoustic Phonetics"

هەوا و گەردوون و دەنگ و لەرەلەر مادە و کەرەسـتەکانی ئەم لقەی فۆنەتیکە. پاشـان لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانستەکان، ئەو زانستە سەر هەڵدەدات و لێکۆڵینەوە تێیدا پێشدەکەوێت، کە تا ئەمڕۆش لێکۆڵینەوەی تێیدا بەردەوامە و کە ئەم لقە لەناو زمانەوانیدا ناتوانرێت پشـتگوێ بخرێت، چونکە ئەم بەشـە لە فۆنەتیک ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە دەنگە دەربڕاوەکان پێگە و چۆنیەتیی مانەوەیان لە هەوادا و هێزی و لەرەلەرەی لە هەوادا، تا گەیشـتن بە گوێگر، پلەکانیان چەندە؟ هاوکات کار دەکات، بۆ دیاریکردن و چارەسەرکردنی هەندێک لە نەخۆشییە زمانییەکان لە مرۆڤدا. کەواتە، فۆنەتیکی فیزیکی (یەکێک لە لقەکانی فۆنەتیک، کە لە تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی دەنگەکان دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەم مەبەسـتەش چەمکەکانی زانسـتی فیزیا، بۆ ئەم لقەی فۆنەتیک بەکار دێنن، فۆنەتیکی فیزیکی چاودێریی دەنگەکان دەکات، لە فۆنەتیکی درکاندنەوە بۆ فۆنەتیکی بیستن ئەویش بە بەکارهێنانی ئامرازی ئەلکترۆنی و سۆفتوێری کۆمپیوتەر هەڵدەسەنگێنرێت. هەروەها ئەم لقە لە فۆنۆلۆژیی تاقیگەشـدا بەکار دێت.) (قوامی،١٣٩٤:١٣). واتە کارکردنی فۆنەتیکی فیزیکی لە دوای پرۆسـەی بەرهەمهێنانی دەنگە لە فۆنەتیکی درکاندندا، پاش بڵاوبوونەوەی لە هەوادا. ئەوە بە تەواوی پشـت بە بەکارهێنانی تەکنیکی ئامرازی لێکۆڵینەوە و ئەلەکترۆنی و هەندێک زەمینەسـازی لە فیزیا و بیرکاریدا دەبەسـتێت. ئامێرەکانی لێکۆڵینەوە لە دەنگ، کارکردنیان پەیوەسـتە بە جۆرەکانی ئاخاوتنەوە، وەک زمانەوان "پیتەر ڕۆچ" دەڵێت: (ئەوەی گرنگە لە لێکۆڵینەوەکاندا بۆ ئاخاوتن، ئەوەیە ئەم نیشانە دەنگییانە بە تەواوی شایەنی چاودێرییە، دەتوانین هەموو ئەو دەنگانە چاودێری بکرێت، کە گوێگر دەیبیستێت، لە شێوەی تۆمارکردندا، پاشان پێوانەی هەر لایەنێکی ئەو شەپۆلانە بکەین، کە دەمانەوێت بیزانین، هاوکات بۆ هەریەک لەو پۆلە دەنگییانەی کە ئێمە دیاریمان کردووە، دەتوانین شێوازی دەنگی هاوتایی بدۆزینەوە... کەواتە شـەپۆلی ئەکۆسـتیک هەموو دەنگە بیسـتراوانە پێکدەهێنێت، کە لە ئەنجامی جیاوازییەکانی پەسـتانی هەوا، کە بە لەرزاندن هەوا بەرهەمی دەهێنێت. مەبەسـت لە لەرزانـدن، پەسـتـانێکە لە شـوێنێکی دیـاریکراودا (بۆ نموونە لەناو گوێدا) بە شێوەیەکی جێگیرەوە بەرزتر و نزمتر دەبێت.) (Roach,2010:39). ئەم لقە وەک لقێکی نێوەندگیر لێیدەڕواندرێت، لەنێوان هەردوو لقەکەی فۆنەتیکدا. واتە کارکردنی ئەم لقە پەیوەسـتە بە هەردوو لقەی تری فۆنەتیکەوە، وەک خاڵێکی گەیەنەری نێوانیان کار دەکات، چونکە شـەپۆلی هەوا لەو نێوەندەدا کار دەکات، بۆ گواسـتنەوەی دەنگەکان، کەواتە شـەپۆل بریتییە لە تێکچوونێک، کە بەناو ناوەندێکدا دەڕوات، ناوەندەکە ئەو مادەیەیە، کە شـەپۆلەکە دەیگوازێتەوە. لە کاتی بەرهەمهێنانی دەنگی ئاخاوتندا، کۆئەندامی دەنگی دەبێتە هۆی دروسـتکردنی تێکچوون لە

هەوادا و ئەم تێکچوون و شـــەپۆلانە، لە ڕێگەی نـاوەنـدێکەوە لە هەوادا دەگوازرێتەوە. واتە تەنۆلکەکانی هەوا بەیەکتریدا دەدەن، بۆ گواستنەوەی ئەو وزەیەی، کە شەپۆلەکانی دەنگ بەرهەمی هێناوە، هاوکات ئەم شـــەپۆلە ســـادەترین جۆری شـــەپۆلە، لە کۆمەڵەی شـــەپۆلە لێدانەکان "Pulse Waves". (نوربخش،١٣٩٢: ٢١). کارکردنی ئەم بەشـە زۆر کات، پەیوەسـتە بەزمانەوان و ئامانجی زمانەوان، کە ئایا تا چەند پێویســـتی بەم لقەیە لە فۆنەتیک بۆ پێوانەکردنی دەنگ، واتە ئەرکی فۆنەتیکی فیزیکی ئەو کاتە دەســـت پێدەکات، کە پرۆســـەی درکاندن لە کۆتا خاڵەکانی دەربڕینی دەنگدا بێت.

هەر وەک لە سەرەتای ئەم لقەدا، ئاماژەی بەوەکراوە، لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانست و پەرەپێدانی، بەزانســـتەکان توانراوە، چەندان ئامێر و کەرەســـتە بەرهەم بهێنرێت، بۆ لێکۆڵینەوە لە دەنگ، بە تایبەتی لەم بەشــەدا، ((لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی هەر دەنگێکی زمانی لە ڕووی وزە و فریکوێنســـــییەکانەوە، هتد، چڕی و بەرزی و پەســـــتان و درێژی و پلەی نەزۆکی و لەرزین و ڕوونی و تایبەتمەندییە جەســـتەییەکانی تر، کە ئامێرە مۆدێرنەکان بەکاری دەهێنن، بۆ وەســـتان لەســـەر دەنگ.)) (الجمل،٢٠١٩/٩/٩)، ئەمەش بە جۆرێک لە پێشـــکەوتن هەژمار دەکرێت، کە ئەم پێشـکەوتنانە وایان کردوە، کە ئەم لقە لە دەنگســازی چەندین ســوود بە لێکۆڵەرەوان لەم بوارەدا بگەیەنێت، لەوانەیش:

١. دۆزینەوەی هەندێ ڕاستیی دەنگی، کە پێشتر ناسراو نەبوون.

٢. ڕاسـتکردنەوەی ڕێگا و ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی دەنگی، کە وای کرد، گۆڕانێکی هەسـتپێکراو لە ڕاوبۆچوونی پێشتری زمانەوانان بۆ دەنگ ڕوو بدات.

٣. پاڵپشـتیکردنی هەندێ ڕاسـتی کە زمانەوانان بە ڕێگا کلاسـیکییەکان پێی گەشـتبوون، هەروەها دووپاتکردنەوەی ئەو ڕایانەی پەیوەستبوون بەم ڕاستییانەوە. (فەرهادی،٢٠١٣:٣٧).

٤. دۆزینەوەی جۆری دروسـتبوونی کێشـەی ئاخاوتن و بیسـتن لەلای مرۆڤەکان. واتە دەتواندرێت ((بەکار بهێندرێت لە ڕاهێنانی جۆرەکانی کەڕی و یارمەتیدانیان لە قۆسـتنەوەی ئەوەی ماوەتەوە لە تواناکانی بیسـتن تا ئەوپەڕی توانا، چارەســەرکردنی لاڵی.)) (فەرهادی،٢٠١٣:٣٨). واتە هەوڵدان بۆ چارەســەرکردنی بە هۆی دۆزینەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی لەم لقەدا، بۆ شــیکردنەوەی دەنگەکان هەستی پێکراوە.

## (١/٢-١-٣) فۆنەتیکی بیستن "Auditory Phonetics"

مرۆڤ یەکێک لەو کـارانەی، کە توانـای نییە، کۆنترۆڵی بکـات، ئەوەیە کەی بتوانێت گوێی لە شـــتێک بێت، یان کەی نەیەوێت گوێی لێبێت. واتە وەک کرداری ئاخاوتن نییە، چ کاتێک بیەوێت ئاخافتن بکات و چی کاتێک نەیەوێت ئاخفتن بکات، بۆیە فۆنەتیکی بیسـتن کارکردن تێیدا ئەسـتەم و گران دەبێت، دەکرێت لە ڕێگەی چەند زانســتێکی ترەوە پێی بگەیت، ئەوانیش زانســتی دەروونی و

زانستی فیسۆلۆژییە. زانستی دەروونی بۆ گەیشتنە بە لێکدانەوە و کاردانەوەی مرۆڤ لە وەرگرتنی دەنگەکاندا. هاوکات یەکێکی تر لەو تێڕوانینە نوێیانەی، کە بۆ فۆنەتیک دەکرێت، ئەوەیە لە ڕێگەی دەنگەوە دەکرێت بە هەندێک دیاردە و لایەنی دەروونیی کەســـی ئاخێوەر بگەیت، لەبەر ئەوەی، ((زمانەوانەکان بێجگە لەڕێگەی دەنگەکانەوە ناتوانێت بچێتە ناو ســیســتمی دەروونیی ئاخێوەرانی زمانێکەوە، لە ڕاســتیدا دەنگی زمان وەک ڕێبەر و ڕێنوێنیکردنی گەیشــتن بەم ســیســتمە عەقڵییە، پردێکە بۆ گەیشـــتن بەو زمانە ناوەکییەی، کە لە مێشــکی ئاخێوەرانی زمانەکاندا هەیە.)) (رســـول پور،١٣٩٦:٤٥). فیســـۆلۆژییەکەش بۆ چۆنیەتیی پێکهاتنی گوێ و دروســـتبوونی وەکوو پارچە و بەشـــەکانی، هاوکات چۆنیەتی وەرگرتنی دەنگ لە هەواوە. فۆنەتیکی بیســـتن ((لێکۆڵینەوەکانی لە ئەندامەکانی بیستن و چۆنیەتیی ڕوودانی پرۆسەی بیستن و تایبەتمەندی و ڕادەی بەرزی و نزمیی ئاستی بیستن و لە دیاردەکانی کەمئەندامی و پێوانەکانی بیستن دەکۆڵێتەوە.)) (الجمل،٢٠١٩/٩/٩). لەبەر هەمان هۆکار زۆر کات زمانەوانان فۆنەتیک دەخەنە دەرەوەی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی. کەواتە، دەبێت دەنگی هەســتپێکراو لەگوێدا چیبێت؟(دەنگ لە ڕاســتیدا شــەپۆلی هەوایە، کە خۆیان جۆرێکن لە ماددە. لە گوێدا هەستپێکراوە و ناتوانرێت بە بەشێک لە سیستمی هزری زمان هەژمار بکرێت، لەتەک ئەوەشدا، دەنگ دیاردەیەکی ماددییە، کە سیستەمەکانی زمان تێیدا هێڵکاری دەکرێن، پاشـــان پەیوەندی لەتەک زماندا پەیدا دەکەن. وەکوو هەبوونی پەیوەندی هەموو ماددەکانی تر لەتەک یەکتریدا، کە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بوترێت، ڕێژەی زمان بۆ دەنگ هەمان ڕێژەی ئەو تێبینییانەیە، کە لە ئامێرێکی مۆســـیقیدا بە فۆرمی جێبەجێکراوەوە دانراوە، بە واتایەکی تر، دەنگ هێمایەکی ماددی، هەستپێکراو و قسەپێکراوە، بۆ سیستمەکانی زمان.) (حق شناس،١٣٩٣:١٢)، وەک زۆربەی دیاردەکان و کارلێکەکانی گەردوون، کە لەنێوان ماددەکاندا ڕوو دەدات بەشــێکیان دیار و هەستپێکراون و بەشێکیان نادیارە، پەیوەندیی دەنگ و هەوا و بیستن و تێگەیشتن، لەو کارلێکانەن کە نادیارن لە ڕووی زمانەوانییەوە و بەکاری زمانەوان دانانرێت، کە لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتیی ئەو کارلێکانە بکات. بەڵام ئەوەی هەیە، لە زانســـتی فســـیۆلۆژییەوە بڕواندرێتە پێکهاتەی گوێ و وەرگرتنی دەنگ و شــەپۆلەکانی پرۆســەیەکی وردەکارییە، بە شــێوەیەک، کە ((شــەپۆلی دەنگ بە گوێچکە دەرەکییەکەوە دەگیرســـێتەوە، بۆ ناوەوەی گوێچکەکە دەپەڕێتەوە، واتە بۆ ناو پەردەی گوێ. پەردەی گوێ پەردەیەکی باریکی پێســـتییە، کە وەک ســـەری تەپڵێک لە کۆتایی کاناڵی گوێ درێژ دەبێتەوە. وەک پەردەی ئامێری مایکرۆفۆنێک، پەردەی گوێ لە وەڵامدانەوەیدا بە بەرزبونەوی پەستانی هەوا دەجووڵێت. ئەم جووڵانە بە زنجیرەیەک، لە سێ ئێسکی بچووک لە گوێی ناوەڕاستدا، بۆ گوێچکە ناوەوە بە شـــلە پڕ کراوەتەوە.)) (Johnson, 2012:82)، لێرەشـــەوە ســـیســـتمە جێگیرکراوەکەی ناو مێشک بەو پرۆسەی، کە توانای جیاکردنەوە و ناسینەوەی شەپۆلەکانی دەنگی هەیە، کە لە گوێوە گواســـرایەوە بۆ یەکەی زانیارییەکان ناو مێشـــک. کەواتە فۆنەتیکی بیســـتن

((توێژینەوەیە لە ئەندامەکانی بیستن و چۆنیەتیی کارکردنیان، هاوکات ئەو میکانیزمانەی، کە دەبنە هۆی پێشوازیکردن و تێگەیشتنی دەنگەکان، بابەتی گفتوگۆن لەم لقەدا.)) (ثمره،١٣٩٩: ٢)، مەبەست لە تێگەیشتنی دەنگەکان، بەو واتایەی مرۆڤ دەتوانێت دەنگەکان جیا بکاتەوە لەیەکتری، وەک دەنگی [د] جیا دەکاتەوە لە دەنگی [ت] لەکاتێکدا، کە چۆنیەتیی درکاندنی ئەم دوو دەنگە زۆر نزیکە لەیەکترییەوە و ئەندامەکانی ئاخاوتن جووڵە و چۆنیەتیی دەربڕینیان زۆر نزیکی یەکترین، یان هاوشێوەن، بەڵام لە ڕێگەی فۆنەتیکی بیستنەوە زیاتر هەست بە جیاوازییان دەکرێت.

## (١/٢-١-٤) فۆنەتیکی تاقیگەیی "Laboratory Phonetics"

لێکۆڵینەوەیە لە دەنگ بە شێوەیەک، کە ئەنجامێکی بیرکارییانە، یان فیزیاوییانە بەرهەمدەهێنێت، کار دەکات بۆ دەرخستنی ڕاستیی دەنگ و شەپۆلەکانی، ئەویش بە ڕێگای تاقیکردنەوەوە ئامێری زانستی و پێشکەوتوو. ((ئەو لێکۆڵینەوە دەنگییانەیە، کە پشت بە بەکارهێنانی ئامێر و کەرەستە دەبەستێ.)) (وەیس،٢٦:١٩٨٤) یان لە پەسنییەکی دیدا، بۆ ئەم لقە دەوترێت: ((ئەم لقە لە ڕێگای پشتبەستن بە کۆمەڵێک ئامێر و دەزگای تایبەتەوە، چەندین تاقیکردنەوەی جیاجیا لەسەر دەنگە زمانییەکان دەکات، لەڕێگای ئەم تاقیکردنەوانەشەدا هەوڵ دەدات دەستنیشانی سروشتی پێکهاتە و سیما جیاکەرەوەی هەر دەنگێک لە دەنگەکانی زماندا بکات.)) (دزەیی،٩٢:٢٠١٥). زۆرێک لە زمانەوانان ئەم لقە بەدوور دەزانن لە فۆنەتیک، پێیانوایە، کە ئەم لقە پەیوەست نییە، بە کاری زامانەوانانەوە، بەڵام ناوهێنانی ئەم بەشە بە زانست کارێکی ڕەوایە، چونکە فۆنەتیک زۆربەی تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، وەک چاودێریکردن و تاقیکردنەوە و پێوانە و هاوشێوەکانی بەکار دەهێنێت. بۆ نموونە، بە یارمەتیی ئامێرەکانی "سپێکترۆگ Spectrogra machines" دەنگناسان، کە پێیان دەوترێت، زانای ئاخاوتن، دەتوانن چاودێریی تایبەتمەندیی دەنگەکان بکەن لە فۆنەتیکدا. بە واتایەکی تر، وەک زانایانی تر، دەتوانن چاودێریی نموونەکان و سەلماندنەکان بکەن. زانایانی وەک زیندەوەرزانی و ڕووەکناسان ئامێرەکانی پێوانەکردن بەکاردەهێنن، بۆ پێوانەکردنی گەشەی ئاژەڵ و ڕووەکەکان، بە شێوەیێکی جیاواز لە ناو ژینگەی تاقیگەدا. بە هەمان شێوە، زمانەوانی دەنگسازییش دەتوانن تایبەتمەندییەکانی دەنگەکان (هێزیان، لەرەلەریان، ڕێژەی دەنگداری وکپیان، بەرزی و نزمی و درێژیان) دیاری بکەن، واتە ئەو دەنگانە پێوانە بکەن، کە لە لایەن مرۆڤەوە بەرهەمدەهێنرێت لە تاقیگەی دەنگیدا. (Keshavarz,2021:7). لە بەشەکانی پێشووتردا ڕوون کرایەوە، کە دەکرێت دەنگەکان ڕێژەی لەرەلەر و هێزیان لە درکاندندا بزانرێت، بە شێوەیەکی ژمارەیی دیاریکراو، کە لە ڕێگەی پرۆگرامی کۆمپیوتەر پرات "Praat"، چەندان ئامێری و پرۆگرامی هەیە، کە لە بوارەکانی مۆسیقیدا بەکار دەهێنرێت.

## (٢-٢/١) فۆنۆلۆژی "Phonology"

زمانەکانی گەردوون گەلێک زۆرن، بەڵام لە هەمانکاتدا هیچ کامیان نییە، بە ڕێژەیەکی دیاریکراو وەکوو یەک بن. هەر چەنـدە نزیکـایەتی هەیە، وەک هەبوونی دەســـتوورەکـان و ڕێخســـتنە ڕێزمـانییەکـان و هەروەهـا هەبوونی چەمکی وەکو یەکیش، بەڵام ئەوەی نییە، دوو زمـان کتومـت وەکوو یەک بن، ئەمەش بۆ دەنگەکان بە هەمـان شـــێوەیە، لەنێوان زمانەکاندا، تەنانەت چۆنێتی درکاندنی دوو دەنگی هاودەنگیش، وەکوو یەک نادرکێندرێت. بەڵام هەموو ئەم زمانانە، لێکچوونێکی بەرچاو نیشان دەدەن، بەو شێوەیەی، کە سیستمە دەنگییەکانیان پێکیدەهێنن. ((فۆنۆلۆژی بوارێکی گەشـەپێدراوی توێژینەوەی زمانەوانییە، کە هەوڵ بۆ تێگەیشـتن لە پێکهاتەی پشـت ئەم سـیسـتمانە دەدات، کە چۆن ئەم لێکچوونانە ســـەر هەڵدەدەن؟ یان دووبارە، بۆچی جیاوازیی زۆر هەیە؟ چۆن دەتوانرێت پەســـنی بۆ زمانێک بکرێت؟)) (Gussenhoven, 2017:3). کەواتە، لە فۆنۆلۆژییدا بە شـــێوەیەکی وێنەیی و کارەکی، دەنگ وەک یەکەیەک، لەم لقەی زماندا بوونی خۆی وەردەگرێت، واتە ئەگەر فۆنەتیک چۆنیەتیی دروســـتبوون و پەســـنیکردنی دەنگ بێت، ئەوا لە فۆنۆلۆژیـدا، نرخـدانیەتی بە دەنـگ لە چوارچێوەی یەکە زمـانییەکەیەوە، کە فۆنیمە "phoneme". کەواتە، فۆنۆلۆژی ((ئەو بەشـــەی زانســتی زمانە، کە لەو یاســایانە دەکۆڵێتەوە، کە بە هۆیانەوە دەنگەکانی زمـانێکی تـایبەتی لە یەک دەدرێن، بۆ درووســـتکردنی بڕگە. یەک نرخ دەدا بە کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز، کە هەمان کۆمەڵە دەنگ لەوانەیە لە زمانێکی تردا دەرکەون و تیایا کۆمەڵە نرخێکی جیا پیشـــان بدەن.)) (ئەمین،٢٠٠٤ :١٤)، یاخود لەبارەی فۆنۆلۆژییەوە دەگوترێت، ((زانســـتێکە لەتەک ڕەفتار و ئەرک و پێکهاتە و بنەمای دروســـتبوونی کار دەکات، ئەم زانســـتە خۆی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان لە ڕووی سازگە و شێوەی دەربڕین و جۆری ئاوازەکانی و ڕواڵەتی واتایی لە چوارچێوەی یاســـا دەنگییەکانی زماندا.)) (حەمەد، ٢٠١٤:٣٦). لە ڕوونکردنەوەیەکی تردا، دەگوترێت ئەم زانستە، ((گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو دەدات، بە مەبەستی خســـتنەڕووی ئەرکی ئەو دەنگانەی لەناو ســـیســـتمی پەیوەندیکردندا، واتە فۆنۆلۆژی ئەرکی ئەو دەنگە زمانییانە دەخاتە ڕوو، کە ڕۆڵیان هەیە، لە جیاکردنەوەی وشـــەیەک، لە وشـــەکانی تری زمانێک.)) (دزەیی،٢٠١٥:١١٣). کەواتە، ئەم ڕوانگانە دەمانگەیەنێت بەوەی، فۆنۆلۆژی پەیوەســـتە بە کۆمەڵێک ســـیســـتم و پێڕەو، کە بۆ بنیادنانی یەکەی گەورەتر لە دەنگەکان، وەک بڕگە، پاشـــان بڕگەکان بۆ وشـەکان لە ئاستی سـەروتردا. کەواتە، ((فۆرفۆلۆژی لە نیشـانەکانی بەجێهێنانی ئەرکی واتاگۆڕینی "نییشـانە گۆکەرییەکانی" یەکە دەنگییە شـاراوە و نادیارەکانی (سـەگمێنتەکانی) پێڕەوی زمان دەکۆڵێتەوە. بە شـێوەیەکی سـەرەکی، جیاکردنەوەی واتای یەکە زمانییەکان (واتای وشـەکان) بەجێهێنانی ئەرکی واتا-گۆڕینی فۆنێمەکان ناسـراوە (گۆکردنی جیاکەرەوەیی فۆنێمەکان)... پێڕەوی فۆنۆلۆژی پێکهـاتە و وەچەپێڕوێکی پێڕەوی ڕێزمـانی هەر زمـانێکە.)) (مەحوی،أ،٢٠٠٨: ٦٥-٦٦). بەکورتی شـــێوازبەندی پەیڕەوی دەنگەکان دوو ئاڕاســـتە دەگرنەوە، ((أ/ بۆچۆنیەتیی ڕێخســـتنی نـاوەوەی "ڕێخراوەی Organization" پێکهێنەرەکـانیەتی، کە فۆنیمەکـانن لەتەک یەکتریـدا. ب/ بۆ

پەیوەنـدی لە کـارابوون و کـارکردنن لە بۆ بەجێهێنـانی ئەرک "گۆکردن Function".)) (قـادر، ٦:٢٠٠٨).

دۆزینەوە و دەرخســـتنی دەنگەکان، پاشـــان ڕێخســـتنی بەپێی پێڕەوێک، هەموو ئەمانە وادەکەن فۆنۆلۆژی لە زمـانـدا چەنـد ئـامـانجێکی گرنگی هەبێت، چونکە (ئـامـانجی فۆنۆلۆژی ئەوەیە، کە شـــێوازی دەنگە دیاریکراوەکان کە لە زمانێکدا دۆزراوەتەوە، وەک لێدوانی گشـــتی ســـەبارەت بە ســروشــتی ســیســتمی دەنگ، لە زمانەکانی جیهاندا بەئەنجام بگەیەنێت... لەتەک خســتنەڕووی ئەو یاسایانەی کە دەتوانرێ بنووسرێت، بۆ پیشاندانی جۆرەی ئەو پەیوەندییانەی کە دەنگییەکان لەتەک یەکتریدا پەیدایدەکەن.) (crystal,2008:365). ئەم بەســـیســـتمبوون و ئـامـانجە تایبەتانەی کە فۆنۆلۆژی لە زمانەکاندا دایدەنێت، وادەکات فۆنۆلۆژی تایبەت بێت بە زمانێکی دیاریکراو، واتە لە فۆنۆلۆژییەک زیاتر هەبێت. ((فۆنۆلۆژی مامەڵە لەتەک ئەوە دەکات کە چۆن ئەم دەنگانە بۆ هەر زمـانێکی بەتەنهـا ڕێکخراون، بۆ نموونە: چۆن دەنگەکـان تێکەڵ بەیەکتری دەبن، پەیوەنـدییەکـانی نێوانیان و چۆنیەتیی کاریگەرییان لەســـەر یەکتر.)) (Davenport,2010:2)، وەکوو لە دیاریکردنی فۆنیم و پیت بۆ زمان، فۆنۆلۆژی ئەم جیاوازییە زۆر بە ئاشـــکرایی دەردەخات. ئەوەش لە ڕێگەی دیـاریکردنی ژمـارەی فۆنیم و پیتەکـانی زمـانەکەوە دەبێت. ئەگەر بەراوردێـک بکرێـت، لەنێوان زمـانەکـانـدا دەبینین زمـان هەیە، ژمـارەیەکی زۆر لە فۆنیم لە زمـانەکەیدا هەیە و زمـان هەیە، بە بەراورد بەو زمانە، ژمارەی فۆنیمەکانیان کەمترە. ئەگەر بڕواندرێتە زمانی فارســـی دەبینرێت، لە ٢٣ کۆنسنانت و ٦ ڤاوڵ پێکهاتوون، کە ژمارەیان دەکاتە ٢٩ فۆنیم. زمانی عەرەبی ٢٨ کۆنسنانت و ٣ ڤاوڵە، واتە ژمارەیان ٣١ فۆنیم. زمانی تورکی ٢١ کۆنسنانت و ٨ ڤاوڵە، واتە ژمارەیان ٢٩ فۆنیم. زمانی فەڕەنسی ٢٦ کۆنسنانت و ١٦ ڤاوڵە، واتە ژمارەیان ٤٢ فۆنیم. زمانی ڕوسی ٣٧ کۆنسنانت و ٥ ڤاوڵە، واتە ژمارەیان ٤٢ فۆنیم. (کامبوزیا،١٣٩٧: ٣١–٣٨)، ئەمە ئەو ڕاســتییە دەخاتە ڕوو، کە ســـیســـتمە تایبەتەکان لە زماندا دەتوانرێت تایبەتتر بکرێت، واتە ئەگەر فۆنۆلۆژی بۆ هەر زمانێک جیاواز بێت، دەکرێت لەو زمانێکشدا چەندین فۆنۆلۆژیی تر هەبێت، یاخود کڵێشە و یاسایی زمانەکە بگۆڕێت، ئەوەش لە ڕێگەی هەبوونی زار "Dialectic" لە زمـانەکەدا، ئەمەش وادەکەن هەنـدێـک یاســـای زمانەکە بگۆڕن، فۆنۆلۆژیی تایبەت بە خۆیان بەرهەم بهێنن. ئەگەر بۆ ئەم مەبەســـتە بڕواندرێتە زمـانی کوردی دەبینرێت، لەنێوان زارەکـانـدا، زاری هەورامی چەنـد فۆنیمێکی زیـاتری هەیە، لەچـاو زاری ســـۆرانیـدا، ئەمەش وادەکـات، لە پێکهێنـانی چۆنییەتیی گۆڕانی یـاســـا فۆنۆلۆژییەکانیشـــدا جیاوازی ڕوو بدات. زاری هەورامی لە زمانی کوردیدا، لە٣١ کۆنســـنانت، کە خۆیان لە (ب، پ، ت، ح، خ، چ، ج، د، ذ، ڕ، ر، ز، س، ش، ع، غ، ق، ف، ڤ، ۋ، ک، گ، ڵ، ل، م، ن، نْ، ه)، لەتەک (و، ی) نیمچە کۆنســـنانت، ١٠ ڤاوڵ، کە (ا، ە، و، ۆ، وو، ێ، ی، وٚ، ێ̂، بزرۆکە)، لەتەک ٦ فۆنیمی تێکەڵ، کە (او، او، ای، ای، چو، و)، کە ژمـارەیـان دەگـاتە ٤٧ فۆنیم. (ژاکـاو، ١٣٩٩:٤٠). ئەمەش بە بەراورد بە زاری ســـۆرانی، کە ٢٧ کۆنســـنـات، (ئ ، ب، پ، ت، د، ک، گ، ق، ف، ڤ، س، ش، ز، ڕ، ژ، ڕ، ح، خ، ج، چ، ع، غ، ڵ، ل، م، ن، ه)، لەتەک نیمچەکۆنســـنانتەکانی (و،ی)، لەتەک ٨ لە ڤاوڵەکان (ا، ە، ۆ، وو، ێ، ی، و، بزرۆکە)،واتە ژمارەیان ٣٧ فۆنیمە. ئەمە لە کاتێکدا کە زارەکانی تری ناو زمانی کوردی بە هەمان شێوە جیاوازییان هەیە، وەک زاری کرمانشانی لە، کە ٣١ فۆنیمی

هەیە، هاوکات دوو فۆنیمی هاوشێوە دەربڕاوی"Articulation Secondary" هەیە، کە خۆیان لە ٨ ڤاوڵ و ٢٠ کۆنسـونانت، ٢ نیمچە کۆنسـونانت، هەروەها لە تاکە فۆنیمێکی گەروویی" Glottal Consonant" کە/ئ/ دەگرێتەوە. (رنجبر،أ،١٣٩٤:٩). ئەگەر بشـڕوانینە فۆنیمەکانی زارەکانی "لەکی و لوڕی و کەلهوڕی" ئەوا نزیکایەتییان هەیە، لە چەند فۆنیمێکیان جیاوازییەکی کەم دەبینرێت، هاوکات زاری کورمانجییش لە ٤٢ فۆنیم پێکهاتووە، کە ٢٩ کۆنسـونانتە و ٨ بزوێن و ٥ فۆنیمی تێکەڵ پێکهاتوون. (ژاکاو،١٣٩٩:٤٠).

جگە لەهەژمارکردنی فۆنیمەکانی زمان، چەندان تایبەتمەندی زمانی دەخاتە بەردەسـتی زمانەوان، یەکێک لەو تایبەتمەندیانە، هەندێک زمان فۆنیمەکان دەدەن لە قاڵبی بڕگە و پاشـان لە ئاسـتەکانی تردا پێکهێنانی وشـە دەردەخەن، بەڵام هەندێک زمان لەڕێگەی مۆرا "Mora" پێکهێنانی وشـەیی دەکەن، کە خودی مۆڕا تایبەتە بە هەندێک زمان، واتە پەیوەستە بە سیستمی فۆنۆلۆژییەکەیانەوە، بە تایبەت ژاپۆنی، کە مۆرا"Mora"یە، ((بچووکترین یەکەیە، بۆ پێوانەی درێژی لە سیستمی دەنگە ناکەرتییەکاندا، هەروەها لە بڕگە بچووکترە.)) (عەلی،٢٠٠٥:١٢٣). ئەگەر لە ئاخێوەرێکی ئەڵمانی بپرسیت، کە چەند بڕگە لە وشـەیەکی دیاریکراوی ئەڵمانیدا هەیە، بە شێوەیەکی ئاسایی وەڵامێکی خێرا و دروستت دەستدەکەوێت، بەڵام ئەگەر هەمان پرسیارت بۆ ئاخێوەرێکی ژاپۆنی سەبارەت بە وشـەیەکی ژاپۆنی دروست کرد، لەوانەیە بەباشـی وەڵام نەداتەوە، یان وەڵامی چەوت بداتەوە. ئەمە لەبەر ئەوەیە، کە بڕگەکان بە تایبەتی نەرم نین بۆ دیاریکردنیان، یان توخمێکی تری پێکهاتەیی هەیە، بچووکترە لە بڕگەکە، ئەویش "مۆرایە". کەواتە، ئەگەر تۆ وەڵامێکی خێرات دەوێت، دەبێت بپرسـیت چەند مۆرا هەیە، لە هەندێک وشـەی ژاپۆنیدا، بەڵام بە پێچەوانەوە بۆ زمانی ئەڵمانی، هەرچەندە فۆنۆلۆژیای ئەڵمانی توخمێکی "مۆرا"ی تێدایە، بەڵام لەوانەیە ئاخێوەری ئەڵمانی کۆمەڵەیەکی بەتاڵت پێبدات، ئەگەر پرسیارت کردبێت، دەربارەی هەبوونی چەند مۆرا لەو وشەیەدا. (Gussenhoven,2017:3-2). بەکورتی دەتوانرێت بگوترێت، مۆرا بنچینەی سیستمی دەنگی زمانی ژاپۆنی لەژێر ئەو ڕیتمەدایە، لە ئاخاوتنەکانیاندا. کەواتە، ژاپۆنییەک بۆ ئەوەی بتوانێت ئاخافتن بکات و بیر بکاتەوە وەک ئاخێوەرێکی ڕەسەن، پێویستی بە ناوەندێکی سیستمی مۆرایی هەیە. کە ئەمەش پەیوەستە بەو سیستمە فۆنۆلۆژییەی زمانی ژاپۆنییەوە، هاوکات جۆرێک لە ئاواز و تۆنی مۆسیقاییداوە بە زمانەکە، لە بنەڕەتیشدا چەمکە مۆراکەش سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو چەمکە مۆسـیقاییە (کە لە کێش و ئاوازی دەنگەکاندا بەکار دێن، بەو شـێوە تەقلیدییەی، کە بەکار هێنراوە بۆ کێشـی شـیعری و تاکە دەنگە کێش هەڵگرەکان، بەڵام ئەمڕۆ وەک چەمکێکی زمانەوانی بەکار دێت لە فۆنۆلۆژیی کێش "Metrical phonology" و فۆنۆلۆژیی عروزی"Prosodic phonology". هاوکات دەتواندرێ مۆرایەک دیاری بکرێت، لەسـەر بنەمای کێش و شـوێن. ... واتە چەمکی مۆرا، لەو زمانانەدا کێشـی بڕگەییان هەیە، گرنگە بۆ جیاکردنەوەیان بەکار دێن، واتە بڕگەی ئاسـان دەربڕاو تاکە مورایەکی هەیە، لە بڕگەی قورسدا دوو مورا هەیە، بڕگەی زۆر قورسیش سێ مۆرا هەیە.) (قوامی،١٣٩٤:٢٢٠). ئەم بە ئاواز و مۆسـیقایی بوونەی زمانی ژاپۆنییەکان، تەنها کار ناکاتە

ســەر بڕگەکان و جیاکردنەوەی بڕگە و مۆراکان، بەڵکو لەناو ســیســتمی زمانییەکەیدا، دەبێتە هۆی واتاگۆڕین واتە ئەگەر تۆنی فۆنیمێک یان مۆرفیمێک، بەتەنها بەرز و نزمیی پێبکرێت، واتا دەگۆڕێت ((وەک زمـانی ژاپۆنی مۆرفیمی / li / ئەمە دوو واتـا دەگەیەنێت، یەکەمیـان "هەرمێ" و واتـای دووەمیش "کەســـــتانە/ بەڕووی تەڕ". کاتێک تۆنەکە بەبەرزی بدرکێندرێت، بە واتای یەکەم دێت، ئەگەریش تۆنەکە نزمتر بێت بە واتای دووەمیان دێت.)) (نجفی،١٣٩٩:٥١). لە زمانی کوردیدا، هێز و ئاوازە لە فۆنیمە ناکەرتییەکاندا، ڕۆڵی واتاگۆڕین دەبینن، بەڵام لەناو فۆنیم و مۆرفیمدا بەتەنها ناتوانن، بەڵکو لە قاڵبی وشـــــە و ڕســـــتەدا، توانای گۆڕینی واتایان هەیە. دەتوانرێت بگوترێت، ئەو جۆرە لەناو سیستمی زمانی ژاپۆنیدا چالاکە، لەناو زمانی کوردیدا چالاک نییە.

فۆنۆلۆژی پێمان دەڵێت، کە چ دەنگێک لە زمانێکدا هەیە، ئاخێوەران چی دەکەن بۆ درکاندن، لە کاتی ڕیزکردنی دەنگەکاندا چی ڕوو دەدات، ئایا ڕیزبوون و ڕێکخســـتنی دەنگەکان دەتوانن تێکەڵی وشەکان ببن و ڕوونی بکەنەوە بۆچی تایبەتمەندییە دەنگییە دیاریکراوەکان، گرینگن بۆ ناسینەوەی وشە. واتە ڕیزبوون و شوێنی دەنگەکان لەناو سیستمی بڕگە و پاشان لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بۆ پێکهێنانی وشـــــە لەخۆوە نییە، هەندێک هۆکاری فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکی ڕۆڵیان هەیە، لەســـــەر ڕێکخســـــتنی ئەم دەنگانە، کە ئەمەش وای کردووە، کە فۆنۆلۆژی جیاواز و تایبەت بێت، بۆ هەر زمانێک. ئەگەر ڕواندرێتە ئەم وشەیە، لە نموونەیدا دەردەکەوێت. نموونەی(١):

[tlip] -

زۆربەی ئاخێوەرانی ڕەسەنی ئینگلیزی ڕازین، لەسەر ئەوەی ئەمە بەڕوونی وشەیەکی زمانەکەیان نییە، چونکە بەوشێوەیە لێیدەڕوانن، کە مەحاڵە بۆ دەربڕین. بەڵام ئەگەر گەڕان و بەدواداچوونەکان لەسەر زمانەکان دەریانخست، کە هیچ زمانێکی مرۆڤ بوونی نییە، کە لە وشەکانیاندا لە سەرەتایدا بە [tl] دەســـــت پێبکات، ئەو کات گومانکردن لەوەی هەبوونی ئەم بەدوایەکداهاتنە گونجاو نەبێت، کارێکی دروســـــتە، بەڵام هەندێک زمان هەیە، کە بە شـــێوەیەکی ئاســـایی [tl]، ئەم دوو دەنگە لە ســـــەرەتای وشـــــەکانیاندا هەیە و دەیدرکێنن، وەک زمانەکانی تالینگیت "Tlingit" (لە ئالاســـــکا ئاخاوتنی پێدەکەن)، ناڤاجۆ "Navajo" (لە باشـــووری ڕۆژئاوای ئەمەریکا ئاخاوتنی پێدەکەن) لە ڕاســـــتیدا، ناوی زمانی "Tlingit" خۆی بەم بەدوایەکدا هاتنەدا دەســـــت پێدەکات. کەواتە بۆچی ئینگلیزی ڕێگەی پێ نـادات؟ هۆکـارەکە بەڕوونی پەیوەندیی بە خودی دەنگەکـانەوە نییە. دەبێت دەرئەنجامی شێوازی ڕێکخستنی دەنگی ئاخاوتن لە زمانی ئینگلیزی بێت. کە ڕێگە بە [tl] نادات بۆ ڕوودانیان لە سەرەتای وشەدا. هاوکات ئەم درکاندنە دەتوانێت لە ناوەڕاستی وشەیەکدا ڕوو بدات، وەک "Atlas" 'ئەتڵەس'. کەواتە، هۆکاری ئەوەی کە ئینگلیزی وشەیەکی نییە، کە بە [tl] دەست پێ بکات، هیچ پەیوەندییەکی بە دەنگەکانەوە نییە، چونکە بەیەکەوە درکاندنی ئەو دوو دەنگە بە تەواوی گونجاوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بیدرکێنێت، بەڵام پەیوەندیی بەو ڕێکخراوە سیستماتیکییەی دەنگەکانی ئاخاوتنەوە هەیە، لە زمانی ئینگلیزیدا، کە ئەویش فۆنۆلۆژییە. (Davenport,2010:3). هاوشـــێوەی

ئەم جۆرە لە زمانی کوردیدا، لە دەنگەکانی [ڕ] لە سەرەتای بڕگەدا دێت، بەڵام لە سەرەتای وشەدا نییە، هاوکات دەنگی [ڵ] لە سەرەتای بڕگەدا دێت، بەڵام لە سەرەتای وشەدا دەرناکەوێت.

لەو پێناسەی بۆ فۆنیم و دەنگەکانی زمان دەکرێن، پەسنییەکەی بەشێوەیە بۆ دەکەن، کە بچووکترین یەکەیە، کە بێواتان، بەڵام جیاکەرەوەی واتان لەناو وشەکاندا. ئەمە زۆر جار بۆ زۆرێک لە زمانەکان، لە کاتی شیکردنەوەی وشە بۆ یەکە دەنگییەکانی دروستە، چونکە واتاهەڵگرنیین، بەڵام لە پێکهاتەی هەندێک زماندا، ئەم بیرۆکەیە، ڕووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە، کە تاکە دەنگێک بەتەنیا هەڵگری واتان و دەتوانن واتا لەخۆ بگرن، ((دەنگەکان بەتەنها، یان لەناو خراوەتەکییەکەکاندا دەتوانن واتا هەڵگرن. دەشێت لە زمانێکی دیکەدا [u] واتای نەبێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا مۆرفیمێکی بەندە وەک <من و تۆ> )). (مەحوی،أ،٢٠٠٨:١٤٤). ئەم نموونەیە بۆ دەنگی [ە] دروستە. ئەوەی وادەکات، کە ئەمە ڕوو بدات، پەیوەندییەکی توندوتۆڵە، یان تێکڕژانی نێوان فۆنیم و مۆرفیمە، کە هەندێکجار تاکە دەنگێک کە فۆنیمێک دەنوێنێت، لە هەندێک ژینگەی زمانەوانیدا، ببێتە مۆرفیم، کە ئەمەش لە چوارچێوەی فۆنۆلۆژییەکەی دەردەچێت و دەپەڕێتەوە، بۆ ئاستەکانی تری زمانەکە، لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و لەوێدا دەنوێنرێت، بەکارتێکردنی لەتەک ئەندامە زمانییە هاوسێیەکانی. بۆ نموونە (٢):

فۆنیمی ڤاوڵی کورت /ە/:[ə]، ئەم فۆنیمە بەپێی هەڵکەوتەی شوێنەکانی لەناو مۆرفۆلۆژی وشەکاندا، ئەرکی جیاواز دەبینێت. واتە تاکە فۆنیمێک دەبێتە مۆرفیم، چەند ئەرکێک دەبینێت. لەوانەیش:

- چەمکی بەستنەوە: ئەم مۆرفیمە، دەتوانێت دوو چەمک لەیەک نزیک بخاتەوە و پێکیانەوە ببەستێتەوە. گوڵ + ە + گەنم = گوڵەگەنم.

هاوکات بەستنەوەی دوو ڕستەش ڕۆڵی هەیە:

بەردێکم هاویشت + ە + گۆمەکە = بەردێکم هاویشتە گۆمەکە. (ڕەسووڵ،٢٠١٥: ٥)

- وشەی نوێ بە واتای نوێ بەرهەم دەهێنێت: سەوز + ە = سەوزە.

هاوکات لەناو پرۆسە فۆنۆلۆژییەکاندا، پێکهێنانی بڕگە هەیە، ئەمەش وادەکات، کە ئەم بڕگانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاواز بن، هەرچەند نزیکایەتییش لەنێوان زمانەکاندا هەبێت، بەڵام بڕگەکان جیاوازن، هۆکاریی جیاوازییەکەشیان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو ڕێگەپێدانەی، کە فۆنۆلۆژیی زمانەکە پەسەندی دەکات و بە گونجاوی دادەنێت. ئەگەر بڕواندرێتە نزیکایەتیی زمانی کوردی و فارسی دەبینرێت، کە لە بڕگەکانی زمانی کوردیدا دەتوانرێت، لە چوار کۆنسنانت و ڤاوڵێک پێک بێت، لە بەرزترین ئاستی بڕگەی زمانەکەدا، بەڵام لە بڕگەی زمانی فارسیدا، لە سێ کۆنسنانت و

ڤاوڵێک دەگاتە ئاســـتی بەرز و لەوە زیاتری نییە، هاوکات دەتواندرێت بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی جیاوازییەکان، وێنەی پێکهاتنی بڕگەکانیان دیاری بکرێت.

بڕگەی زمانی کوردی، نموونەی (٣):

١. چا |cv|

٢. چیا |ccv|

٣. دۆڵ |cvc|

٤. دەست |cvcc|

٥. شوان |ccvc|

٦. بروسک |ccvcc|

٧. گەیشت |cvccc|

بڕگەکان لە زمانی فارسی: نموونەی (٤)

١. با | cv |

٢. پرُ |cvc|


٣. تاخت |cvcc|

هاوکات لە زمانی فارســیدا نواندنی ئەم ســێ بڕگەیە، بە هەمان شــێوە خۆیان دووبارە دەکەنەوە، بەپێی یاسـا فۆنۆلۆژییەکەیان وادانراوە، کە جیاوازی بکەن، لەنێوان ڤاوڵە کورت و ڤاوڵە درێژەکان، ئەوکات بۆ هەر دانەیەک لەم سێ بڕگەیە، دوو وێنەی هاوشـێوە هەیە. بەڵام هەمان لەوچووی ئەم ســیانەن. (وفایی،١٣٩٢:٢٦٣). زمانی عەرەبی و فارســی لەوەدا هاوبەشــی دەکەن، بۆ نووســینی ڤاوڵەکان زۆر کات بە نیشانەکانی/ الفتحة، الضمة، الکسرة/ بەکار دەهێنن، واتە لە ڕێنووسیاندا نییە، هەر چەندە لە فارسیدا سێدانە لە ڤاوڵەکانیان ڕێنووسی بۆ دەکەن و سیانیشیان دەیکەن بە نیشانە. ئەم جیاوازییانە لە زمانەکانی تردا زۆرتر بەدیار دەکەوێت، وەکوو لە زمانی ڕوســـیدا CV وVC هەیە، بە تایبەت CV تا ڕادەیەک ســنووردارترە، لەچاو زمانی کوردیدا، هەروەها درێژترین ئاســتی بڕگەی، لە زمانی ڕوسـیدا پێکهاتەی بڕگەکانیان، ((ڕێگە بە بوونی کۆمەڵێک کۆنسـنانت، کە تا چوار کۆنسـنانتە لە سـەرەتا و کۆتا خانەکانی بڕگەکانی دەدات، هاوکات جۆرەکانی بڕگەی ڕێگەپێدراو بە ڕوســـی بەم شـــێوەیە وێنەدەکرێت، |CCCCVCCCC|، یەکێکی تر لەو تایبەتمەندییانەی، کە دەدۆزرێتەوە لەم ســـازانی بڕگەیەی زمانی ڕووســـی ئەوەیە، کە بڕگەکان لەم زمانەدا بەبێ دیاریکردنی خاڵی دەستپێک ڕێگە پێدراوە.)) (کامبوزیا، ١٣٩٧: ٣٨).

ئەگەر پرســـیاری ئەوە بێتە ئاراوە، کە یەک فۆنۆلۆژی بۆ هەموو زمانەکان ئایە دەگونجێت؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر، چونکە وەکو ئەوە دەبوو، کە هەموو زمانەکانی مرۆڤ، یەک پێکهاتەی دەنگییان هەبووبێـت، ئەوکـات فۆنۆلۆژییەکی جیهـانی دەبوو، هەروەهـا هەموو مرۆڤەکـان لە یەکتری تێدەگەیشتن، چونکە زۆربەی دەنگە دەربڕاوەکانی جیهان لە یەکترییەوە نزیکن و ئەو جیهانیبوونەی فۆنەتیک، یان بەگشـــتیکردنەی فۆنەتیک، بۆ زۆربەی زمانەکان بەڵگەی ئەو ڕاســـتییەن، (کەواتە هۆکاری ئەوەی کە تاکە فۆنۆلۆژییەک بۆ هەموو زمانەکان زۆر ناگونجێت، ئەوەیە کە فۆنۆلۆژی زمانەکان بە درێژایی کات دەگۆڕێت، هەر وەک "مۆرفۆســـینتاکسMorphosyntax"، کە یەکێکە لە فاکتەرە گشتییەکانی گۆڕانکارییەکان لەڕستەسازیدا.) (Gussenhoven,2017:12) کەواتە، ئەمە بۆ ئەوەش دروســـتە، ئەگەر هاتوو فۆنۆلۆژی نەبوایە، جیهانێک بەبێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژی چی دەبوو؟ لە ڕاســـتیدا وەڵامی ئەم پرســـیارە پەیوەســـتە بەو زانیارییانەی، کە دەربارەی فۆنۆلۆژی خراوەتە ڕوو، وەک ئەوەی لە پێناســـەکان و تایبەتمەندییەکانی ئەم زانســـتە خرانە ڕوو، بەبێ ئەم زانســـتە، زانســـــتی زمان چۆن دەبوو؟ بە دڵنیاییەوە کەلێنێکی گەورە و بێئاگابوون دەبوو، لە پێچوپەناکانی زانستی زمان، هاوکات چەندان پرسیار بێ وەڵام دەمانەوە.

## (٣-٢/١) هاوبەشی و جیاوازیی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی

لە بابەتەکانی فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکدا، لەبارەی هەردوو لقەکە، بەجیابەجیا ڕوون کراوەتەوە، هاوکات ئەم دوو لقە پەیوەســـتن پێکیشـــەوە و لە هەمانکاتدا جیاوازیشـــن، لە وێنەی دوو بازنەیی بەیەکچوودا دەچن، کە لە هەندێک کاتدا لەناو یەکدا توابێتنەوە، لە هەندێک کاتی تردا جیاواز بن لەیەکتری.




وێنەی ژمارە (٢) پەیوەندیی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی

ئەم پەیوەســـتبوونە هۆکاری ئەوەیە، کە ئەم دوو لقە زانســـتە لەیەک ئاســـتی زمانەوانیدا دادەنێن، ئەگەر بڕواندرێت، لە سادەترین پێناسەکانیان، کە بۆیان کراوە، ئەوە بەدی دەکرێت، کە تەواوکەری یەکترین و هەنگاو دوای هەنگاو بەدیار دەکەون، ((دەتوانین بڵێین فۆنەتیک ئەکەوێتە دوا هەنگاوی گۆڕینی بیر بە دەنگ و درکاندنی و وەرگرتنی لە لایەن بیســـــەرەوە.)) (وەیس،١٩٨٤:١٩). هاوکات تەواوکەری ئەم پرۆســـەیەش فۆنۆلۆژییە، ((کە کارکردنیان چاودێریکردنی دەنگە، بەو ناونیشـــانەی بچووکترین دانەی زمانەوانییە، کە بە هۆی ڕێکخســـتنی ئەوانەوە وشـــە و دەربڕینەکانی لێوە پەیدا دەبێت.)) (باقری،١٣٩٩ :١٠٢). بابەتەکانی فۆنەتیک جەســـــتەیی و هەســـــتپێکراوە. واتە دەنگەکان بوونێکی فیزیکی و هەســـتپێکراون، بەڵام بابەتەکانی فۆنۆلۆژی ئەبســـتراکت و ئاوەزییە، دەتوانێت بوترێت، (کە لێکۆڵینەوەی فۆنەتیک وەک پێشـــەکییەک، یان دەســـتپێکێک وایە، بۆ گەیشـــتن بە فۆنیم

زمانەوانەکان، بۆ ئاگابوون و دۆزینەوەی زیاتر لە سیستم و گۆڕانکارییەکانی فۆنیم، لەناو لێکۆڵینەوەی فۆنۆلۆژییەکانیاندا، پێویستیان بە کەرەستەوە و بابەتەکانی فۆنەتیک هەیە، لەوانەش ئەندامەکانی ئاخاوتن و دەنگەکانی زمان و پرۆسە دەنگییەکان دەبێت بەئاگا بن.) (رسول پور،١٣٩٦:٧٢). فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی جگە لەوەی گرێدراوە بە زانستی دەنگسازییەوە، بەڵام هاوکات بەستراوەتەوە بە دوا خاڵەکانی زانستی زمانەوە، کە واتا و واتالێکدانەوەیە، کە لقی فۆنەتیکی درکاندن لەتەک فۆنۆلۆژی زمانەکەشدا، تێهەڵکێش دەبێت و توانای گۆڕینی وشە و فرێز و ڕستە و واتاشیان هەیە. لە ((وەکیەکی و لەیەکچوون و بوونی جیاوازیی دوو دەنگ، یان دیاریکردنی ژمارەی دەنگەکانی زمانێک بۆ زمانەوان وابەستەی ئەوەیە، ئایا پرسیارەکە فۆرم، یان کەرەستە و بنەما و مەبەستیەتی. واتە (أ) دەنگەکان وەک یەکەی فیزیکی سەیر دەکرێن و ڕەچاو دەکرێن، کە دەتوانرێن پەسەن بکرێن بەبێ ئەوەی بزانرێت، دەنگەکانی کام زمانەی مرۆڤن. (ب) وەک لە یەکچوون و جیاوازی دەنگەکان دەبینرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە لە زمانێکدا ئەرکی بەجێهێنانی واتایان (گۆکردن) هەیە. بەجێهێنانی ئەم ئەرکە و گۆکردنەی دەنگ، کە واتاگۆڕینە، لە لەیەکگەیشتنی گفتوگۆکردندا گرنگە. لە حاڵەتی (أ)دا پەسەنکردنی فۆنەتیکی ئەوە دەدرکێت، کە دەبیسترێت و بە یاریدەی ئامراز و ئامێر شی دەکرێتەوە. لە حاڵەتی دووهەمدا پەسەنکردنێکی فۆنۆلۆژی و فۆنۆژییانە پێشکەش دەکرێت.)) (مەحوی،أ،٢٠٠٨: ٦١-٦٢). کەواتە، دەکرێت بوترێت، کە فۆنەتیکە لەپێش فۆنۆلۆژییەوە، دەنگەکان دەناسێنێت و بەپێی لقەکانی پەسنی بۆ دەنگەکان دەکات، تا لە فۆنۆلۆژیدا لەنێوان پرۆسەکاندا بەدیار بکەوێت، تایبەتمەندییەکانی دەنگەکان بۆ پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان دەربخات.

هاوکات لەتەک ئەوەی، کە ئەم دوولقە زۆر پەیوەستن پێکەوە، بەڵام جیاوازیی ئەرکیان زۆرە و هەریەکەیان پێگەیەکی تایبەتی لە پرۆسەی زمانەکەدا پڕ دەکەنەوە. کەواتە، ئەم دوو لقە لە دەنگسازیدا، دوو لقی جیان و کار دەکەن بۆ دوو مەبەستی جیاواز، واتە ((فۆنەتیک پێمان دەڵێ [ر]، [س]، [ ص]، [ل]، و[ڵ] چۆن دروست دەکرێن و بۆ جیاوازن بێ ئەوەی بایەخ بدات بەوەی ئەم دەنگانە سەر بە چ زمانێکن. کەچی لە لقێکی فۆنۆلۆژیدا /ر/ و /ڕ/ لە زمانی کوردیدا، دوو نرخیان دەدرێتێ و لە زمانی عەرەبیدا یەک. [س] و [ ص] لە زمانی کوردیدا، یەک نرخیان دەدرێتێ و لە زمانی عەرەبیدا دوو... هتد)). (ئەمین،٢٠٠٤ :١٤). ئەمەش پەیوەندی بە سیستمی فۆنۆلۆژی زمانەکەوە هەیە، کە [س] و [ص]، چونکە واتاگۆڕنین، لە پەیوەندی جێنشینیان، یان هەمبەرییەکەیاندا بە ئەلۆفۆن "Allophone" دادەنێت، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا هەردوو دەنگەکە لە پەیوەندی هەمبەریدا واتا دەگۆڕن، لەبەر هەمان هۆکار لەو زمانەدا بە فۆنیمی جودا دادەنرێن. ((دەرکەوتەکانی ئەلۆفۆن و چۆنیەتیی بەرجەستەکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن کاری ئەو لقەی زمانەوانییە، کە پێی دەڵێن دەنگسازی "Phonetic"، بەڵام لێکۆڵینەوە لە فۆنیم و پەیوەندییەکانی بەسیستمی دەنگەوە کاری فۆنۆلۆژییە، بەڵام ئەم دوو بوارە "فۆنەتیک وفۆنۆلۆژی" دەبێ وەک دوو بواری تێکڕژاو و پێکەوە گرێدراو تەماشا بکرێت، چونکە تەجریداتەکان تەنها لە دەنگە ڕاستەقینەکانەوە دەکرێ

هەڵبهێنجرێت.)) (ویدۆوســــن،٢٠٠٨:٦٤)، چونکە هەموو دەنگێک بۆ لێکۆڵینەوە دەســـت نادات، واتە دەنگەکانیش دابەش دەبن، بۆ بەبـایەخ و کەمبـایەخەکـان، هەنـدێک دەنـگ هەیە، کە هیچ واتـا و زانیارییەکیان لەخۆدا هەڵناگرن، ناچێتە ناو ســـیســـتمی لێکۆڵینەوەکان، وەکوو دەنگەکانی کۆکە و پژمین.

## (٤-٢/١) ئەلفوبێی فۆنەتیکی (IPA) "International Phonetic Alphabet"

زانســتی فۆنەتیک، وەک لەپێشــتر ڕوون کرایەوە، کە زانســتێکە بۆ زمانەکانی جیهانی دەســت دەدات، واتە زانســتێکی زمانیی گشــتییە، هاوکات لێکۆڵینەوە دەربارەی دەنگی زمانی مرۆڤ دەکات. بۆ ئەوەی، کە ئەم گشـــتیبوونەی زیاتر دەربکەوێت، زاناکانی ئەم بوارە بیریان لە دروســـتکردنی ڕێنووســێک کردەوە، تا ئاســانکاری بکرێت، بۆ دیاریکردنی دەنگەکانی مرۆڤ لە جیهاندا، هەروەها بۆ هەموو زمـانەکـانی جیهـانیش بگونجێت، هـاوکـات هێمـا بۆ هەموو دەنگەکـان دابنێن. ئەمە جگە لەوەی، کە زمانی هەرچی نەتەوەیەک گرافیم/ پیتی خۆیان هەیە. پاشـــانیش ئەلفوبێ فۆنیمێکەش "phonemic Alphabet"، لەتەک ئەوەشـدا ئەم ڕێنووسـە هاوکاری دەبێت، بۆ سـەلماندنی ئەوەی، کە ئەم دەنگە لە زمـانەکەدا هەیە، دەنگێکی جیهـانییە و دەتوانێـت بەم ئەلفوبێیە فۆنەتیکییەش بسـەلمێندرێت. زمانەوانی دانیمارکی "ئۆتۆیێسـپرسـن O.JESPERSEN" بۆ یەکەمجار لە (١٨٨٦) پێشــنیاریی کرد، کە ئەنجومەنێکی نێودەوڵەتیی دەنگی "International Phonetic Association" دروسـت بکرێت، بۆ ڕێککەوتن لەسـەر دروسـتکردنی دەسـتووری نووسـین/ ئەلفوبێیەکی فۆنەتیکی جیهانی "International Phonetic Alphabet" ئەم کۆمەڵەیە، پێیان وابوو دەبێت، کە ئەم زمانە داهێنراوە لەناو پەروەردەدا پەرەی پێبدرێت. هاوکات ئەم زانستە وەکوو هەموو زانستەکانی تر، لە سـەرەتاوە بیروڕای ناڕازیی دەربارەی هەبوو، بەڵام لە سـاڵی (١٨٨٧) تەنها ١١ مامۆسـتا لایەنگری بوون، پاشان لە ساڵی(١٨٨٩) لە ١٢ وڵاتی کیشوەری ئەوروپایدا، تەنها ٥٨ ئەندامی هەبوو. چەندین جـار گۆڕانکـارییـان بە نـاوی ئەم ئەلفوبێیە کردووە، تـا ســـاڵی(١٩١٤)، کە بە ئەلفوبێی فۆنەتیکی جیهـانی (IPA) جێگیر کرا، ئەو کـاتە ١٧٥١ ئەنـدامی پەیـدا کردبوو، لە ٤٠ وڵاتی جیهـانیـدا. (قوامی،١٣٩٤:٣١). لە بەرئەوەی ئەم ئەلفوبێیە هەوڵی دراوە، کە ئەلفوبێیەکی جیهـانی بێـت و بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان بگونجێت، ئەمەش وای کردووە، کە کۆمەڵێ دەســـتوور و یاســـا لەخۆ بگریت، کە دەتواندرێت لە چەند خاڵێکدا کورت بکرێتەوە.

١. هەر نیشانەیەک، یان هێمایەک لە ئەم ئەلفوبێیەدا، بەرامبەر بە یەک دەنگ بەکار دێت.

٢. لەبەر ئەوەی، کە یەک هێما بۆ یەک دەنگ دەگونجێت، بەڵام هەندێک کات دوو هێما بۆ دەنگێک دانراوە، پێویستە زمانەوانی ئەو زمانە یەکلایی بکاتەوە، کە کامە هێما بۆ ئەو دەنگە گونجاوە.

٣. تا ئەندازەی پێویست هەوڵ دەدرێت، کە هێماکان شـێوەی ئاشـنا و ئاسـان بەرانبەر هەر دەنگێک دابنرێت. واتە تـا ئەندازەی پێویســـــت هەوڵ دەدرێت، کە هێمـای تێکەڵ ((ئاڵۆز)) بۆ یەک دەنـگ دانەنرێت.


٤.کاتێک هێمایەکی نوێ دەناسێنرێت، دەبێت تایبەتمەندییەکانی دەنگەکەش دیاری بکرێن، بۆ نموونە ئەگەر بە زاراوەیەکی زمانی ڕووبەڕووی دەنگێکی نوێ ببنەوە و هێمای نوێی بۆ بەکار بهێنن، پێویستە بەوردی پەسنی تایبەتمەندییەکانی دەنگەکە بکرێت، بە واتایەکی تر پێویستە بەوردی بەهای دەنگەکە دیاری بکرێت. لە ڕێگەی زانستی فۆنەتیکەوە چۆنیەتیی دروستبوونی دەنگەکان لە ڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە. وەکوو ئەوەی، کە دەنگەکە سازگەکانیان لێوییە، یان گەرووییە، یاخود جۆری دەنگەکە، خشۆکە، یان تەقاوە. (رسول پور،١٣٩٦:٥٢). هاوکات بۆ هەر تاکێک لە دەنگەکانی ئەم ئەلفوبێیە، لەناو قاڵبی [ ] تۆمار دەکرێت و هەروەها ئەلفوبێی فۆنیمییەکانیش لەناو قاڵبی/ / تۆمار دەکرێت. لەم توێژینەوەیەشدا هەمان پێڕەو بەکار هێنراوە. دەتواندرێت گشت هێما جیهانییە کۆنسنانتێکان و ڤاوڵەکان و نیمچەکۆنسنانتەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە دەربخرێت.

**International Phonetic Alphabet (IPA)** ˌɪntəˈnæʃn̩l fəˈnɛtɪk ˈælfəˌbɛt

Consonants (pulmonic)

| | Bilabial | Labio-dental | Dental | Alveolar | Post-alveolar | Retroflex | Palatal | Velar | Uvular | Pharyngeal | Glottal |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Plosive | p b | | | t d | | ʈ ɖ | c ɟ | k g | q ɢ | | ʔ |
| Nasal | m | ɱ | | n | | ɳ | ɲ | ŋ | ɴ | | |
| Trill | ʙ | | | r | | | | | ʀ | | |
| Tap or flap | | ⱱ | | ɾ | | ɽ | | | | | |
| Fricative | ɸ β | f v | θ ð | s z | ʃ ʒ | ʂ ʐ | ç ʝ | x ɣ | χ ʁ | ħ ʕ | h ɦ |
| Lateral fricative | | | | ɬ ɮ | | | | | | | |
| Approximant | | ʋ | | ɹ | | ɻ | j | ɰ | | | |
| Lateral approximant | | | | l | | ɭ | ʎ | ʟ | | | |

خشتەی ژمارە (١) کونسنانتەکان لە ئەلفوبێی فۆنەتیکی جیهانی (IPA)دا.




خشتەی ژمارە (٢) ڤاوڵەکان لە ئەلفوبێی فۆنەتیکی جیهانی (IPA)دا. (Keshavarz, 2021:134)

ئەلفوبێی فۆنەتیکی جیهانی (IPA)، بەمشـــێوازەی خوارەوە، لەتەک فۆنیمەکانی زمانی کوردیدا دەگونجێت.

## کۆنسنانتەکان

| | |
|---|---|
| [p] | /پ/ |
| [b] | /ب/ |
| [t] | /ت/ |
| [d] | /د/ |
| [k] | /ک/ |
| [g] | /گ/ |
| [q] | /ق/ |
| [ʔ] | / ئ / |
| [f] | /ف/ |
| [v] | /ڤ/ |
| [s] | /س/ |
| [z] | / ز / |
| [ʃ] | /ش/ |
| [ʒ] | /ژ/ |
| [x] | /خ/ |
| [ɣ] | /غ/ |
| [ɦ] | /ح/ |
| [ʕ] | /ع/ |
| [h] | /هـ/ |
| [tʃ] | /چ/ |
| [dʃ] | /ج/ |
| [m] | /م/ |
| [n] | /ن/ |
| [ɫ] | /ڵ/ |
| [l] | /ل/ |
| [r] | /ر/ |
| [R] | /ڕ/ |

خشتەی ژمارە (٣)، کۆنسنانتەکانی زمانی کوردی لە(IPA)دا.

## ڤاوڵەکان

| | |
|---|---|
| [a] | /ا/ |
| [ə] | / ە / |
| [e] | / ێ / |
| [i] | /ی/ |
| [uː] | /وو/ |
| [oː] | /ۆ/ |
| [u] | /و/ |
| [ɨ] | بزرۆکە |

خشتەی ژمارە (٤)، ڤاوڵەکانی زمانی کوردی لە (IPA)دا.

## نیمچەکۆنسنانتەکان

| | |
|---|---|
| [w] | / و/ |
| [y] | / ی/ |

خشتەی ژمارە (٥)، نیمچەکۆنسنانتەکان زمانی کوردی لە(IPA)دا.

## (٣/١) فۆنیم "Phoneme"

ئەو نرخە زمانەوانییەی وادەکات، فۆنۆلۆژی بە زانســـتی زمانەوە ببســـتێتەوە و دەربارەی بدوێت فۆنیمە، وەک یەکەیەکی زمانەوانی پەیوەست بە زانستی فۆنۆلۆژییەوە، ئەم یەکەیە بوونێکی فیزیکیی هۆشەکی دەنوێنێت کە لە مێشکی قسەپێکەرانی زمانەکەدا چەسپاوە. توانای گۆڕینی واتای هەیە، بەبێ ئەوەی خودی خۆی وەک تاک واتای هەبێت. یان دەگوترێت ((بچووکترین دانەی زمانە کە خۆی واتای نییە، بەڵام هۆکاری گۆڕانی واتایە.)) (یوسف راد،١٣٩٨:٢٩). واتە واتای وشەکان لە بنجەوە دەگۆڕێت، لەبەکارهێنانیاندا واتای جیاواز دەبەخشن، یاخود ((فۆنیم بە واتای ئەو دەنگانەی کە جیاوازیی واتـایی پێک دێنن، یـان دوو وشـــە لە ڕووی واتـاوە لەیەکتری جیـا دەکـاتەوە.)) (فەتاح،٢٠١١:٦١). ئەم جیاکردنەوەی وشـــانە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە بتوانرێت دەنگێک لە زماندا دیـاری بکرێـت و بکرێـت بە فۆنیم بۆ ئەو زمـانە، ئەوەش لە ڕێگەی فۆنۆلۆژیی هەمبەرێتیـدا "contrast"/ پەیوەندیی جێنیشـینی "Desaussure". کە دەنگەکان لەم پەیوەندییەدا، بە شـێوەیەکی سـتوونی دەگۆڕدرێن، بۆ دروسـتکردنی واتای نوێ لە وشـەکاندا، واتە ((دوو یەکە لە هەمبەرێتیدا فۆنۆلۆژیدا دەوەسـتنەوە، ئەگەر لە پەیوەندیی جێنشـینییەکانیاندا لە هەمان شـوێنی ناو دروسـتە بچووکە تەکنشـینەکەدا لەبریی یەکتری دەربڕاوێکی نوێ بە واتایەکی دیکەوە بەدەسـتەوە بدەن.)) (مەحوی،أ،٢٠٠٨:١٦١). ئەگەر لە زمانی ئینگلیزی بۆ فۆرمی وشـــەکان. لە وشـــەی پیاودا /men/، دەنگەکـان لەیەکتری جودا بکەینەوە دەبینین [m] و [e] و [n] هیچ مـانـایەکیـان نییە بۆ خۆیـان و تەنها ئەگەر بەشـــێک لە وشـــەیەک پێک بهێنن، واتادار دەبن. لە هەموو زمانەکاندا بە هەندێک جیاوازییەوە ئەمە دروســـتە، هـاوکات لە دەنگەکاندا بە تـایبەت ئەو دەنگانەی کە گرنگن، چونکە دەتوانن ماناکانی وشەکان بگۆڕن. بۆ نموونە(٥):

- پیاو/men/


ئەگەر ئەم وشەیە وەربگیرێت، یەکەم دەنگی بۆ [f] بگۆڕدرێت، کە دەبێت /fen/ (باوەشێن)، وشەی نوێ بەرهەم دێت، دوو وشـــەی لەم جۆرە، بە یەک دەنگ جیا بکرێنەوە، پێی دەڵێن بچووکترین جووتی هاوشـــێوە/ جووتێکی کەم جیاواز "Minimal Pair" (M.Mees,2013:12)، کە بە هەمان شێوەش لە زمانی کوردیدا فۆنیمی پێدیاری دەکرێت، بۆ نموونە(٦):

شار-زار-مار-پار

هەریەک لە دەنگەکانی [ش، ز، م، پ] بەم کردەیە دیاری دەکرێت، کە فۆنیمی زمانەکەن و /ش، ز، م، پ/ ئەمـانە و چەنـدان نموونەی تر، کە دەتوانرێت فۆنیمەکانی تری زمـانکە بەم کردەیە دیـاری بکرێت.

بەو تێڕوانینانەی بۆ فۆنیم دەکرێت، زیاتر نیشـــاندانی ئەرکی فۆنیم بوو لە زماندا، بەڵام خودی فۆنیم چییە؟ جێگای هەڵوەســـتە لەســـەرکردنە، کە فۆنیم ((بچووکترین یەکەی زمانە، کەرت ناکرێت بۆ یەکەی بچووکتر. یاخود دەنگێکی نابەرجەســـتەیە، کە لەمیانەی چالاکیی ئاخاوتندا بوونی نییە.)) (عەلی،٢٠١٥:٥٠). ئایا فۆنیم وەکوو بوونێکی فیزیکی جێگەی خۆی دەگرێت؟ یاخود هەستپێکراونین؟

((دەبێ بزانین کە بیری فۆنیم خەیاڵێکی زانیارییە و لە ڕاســـتیدا فۆنیم بوونێکی ماددی نییە.)) (فەتاح،٢٠١١:٦٢) یاخود، لە تێڕوانینێکی نزیکترەوە بۆ فۆنیم، (ئەندامێکە لە کۆمەڵێک یەکەی ئەبستراکت، کە پێکەوە سیستمی دەنگی زمانێکی دیاریکراو پێکدەهێنن و لە ڕێگەیەوە جیاوازیی مانا بەرهەم دەهێنرێت.) (M.Mees,2013:13). ئەم پێناســـانە و لە یەکتر نزیکی بابەتی دەنگ و فۆنیم وادەکات، کە زۆرجار وەک یەک، یاخود بە یەک ئامانج تەماشـــا بکرێن، بەڵام ((ئەمانە دوو شـــتی جیاوازن. دەنگ کەرەستەیەکی "فیزیاوی"یە و "بوون"ی هەیە، فۆنیم شتێکی پەنامەگییە "موجرەد Abstract" چەند دەنگێکی جیاواز دەنوێنێ، کە هۆی جیاوازیی نێوانیان دەخرێتە پاڵ ئەو ژینگە جیاوازانەی تیایاندا دەردەکەوێ.)) (ئەمین،٢٠١١:٥٩). کەواتە، هەموو فۆنیمەکان دەنگن، دەنگ وێنەیەکی هۆشەکی لە ئاوەزی قسەپێکەردا دروست دەکات و دەیچەسپێنێت، بە شێوەی ئەبستراک، لە فەرهەنگی مێشـــکی ئاخێوەرانیدا هەڵدەگیرێت، بە هەموو تایبەتمەندییە دەنگییەکانەوە، کە خودی ((دەنگە زمانییەکە یەکەیەکی دەنگی بە فۆنەتیکی دیارە، یان بەرجەستە و جەستەییە و لە شێوەی دەنگدا دەبیسترێت. کەواتە هەریەکەیەکی دەنگییە- بە فۆنێم و ئەلۆفۆنەکانییشەوە-، کە ئۆرگانەکانی زمان / قســـەکردن بەرهەمیان دەهێنن.)) (مەحوی،أ،٢٠٠٨:٦٧)، بەڵام ئەم یەکە دەنگییە، بە شـــێوەی فۆنیمیک وێنەکراوە یەکە گرافێم "Grapheme" دەگرنەوە، کە ئەم یەکانە ســـیســـتمیکی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەویش ڕێســـای فۆنیمییە "Phonemic Principle". هەنگاوەکان دەمانبەن بۆ ئەوەی، کە پیت/تیپ "Letter" دەکەوێتە کوێی ئەم هاوکێشەیەی زمانەوە؟ ((لە سەرەتادا زاراوەی فۆنێم و گرافێم دێن: هێماکانی نووســـین دەگرێتەوە بۆ دەنگەکانی زمانی قســـەکردن، کە هەیە و لەبەردەســـتدان، کەواتە ئەم کارەمان لەســـەر دروســـتەی فۆنێمی وشـــە و ئاســـتی گرافێمییە، واتە دەربارەی دانانی پیت – فۆنێمە.)) (مەحوی،٢٠١٦:٨٠). ناتوانین لەو ڕاســـتییە لا بدەین، کە زمانی ئاخاوتن لە قیژە و هاوارەوە پاشـــان بۆ ئاخاوتن پەرەی ســـەندووە. کەواتە، مرۆڤ دەنگ و فۆنیمی هەبووە، پاشـــان هەنگاوی گەورەی بەرەو دروســـتکردنی ئەو دەنگ و فۆنیمانەی ناو ئاخاوتن بردووە. کەواتە، پیت لە نەخشـــەسازیی زماندا جێگای دوای فۆنیمە، وەک لەم پێناســـەیەدا بۆ فۆنیم بە کورتی کراوە، ((بچووکترین یەکەی زمانە، کە جیاوازیی واتایی دروســـت دەکات، هاوکات جیاوازیی نێوان فۆنیم و دەنگ (پیت) ئەوەیە، کە فۆنیم یەکەی دەنگی زمانە، بەڵام پیتەکان یەکەی نووســـراوە.)) (وفایی،١٣٩٢:٧٧). پەیوەندی نێوان دەنگ و فۆنیم و پیت لە ئەم هێڵکارییەدا ڕوون کراوەتەوە.




وەکوو فۆنینمی /س/ لە زمانی کوردیدا

س

/س/

[س] [س] هێڵکاریی ژمارە (١)،جیاوازیی پیت و فۆنیم (ئەمین،٢٠٠٤: ١٠٨).

لە هێڵکارییەکەی ژمارە (١)دا، ئەوە بەباشـــی دەردەکەوێت، کە زمانی کوردی هەوڵ دەدات، کە هەرچی دەدرکێندرێت وێنای بۆ بکات وێنەی بەرجەســتەیی، کە ئەمەش خاسـێتێکی زمانی کوردییە و ئەم خاســێتە لە زمانەکانی تری جیا دەکاتەوە، بەتایبەت لە نووســیندا، چونکە زمانی عەرەبی و فارســـی هەندێک لە فۆنیمە ڤاوڵەکانیان بە شـــێوازی هێما و نیشـــانە زمانی عەرەبی/"الحركات الإعرابية" ناســراون، لەو هێمایانەش /الفتحة، الضــمة، الكســرة والســكون/ لە گرافیمی نووســینی عەرەبیدا بەدەر دەکەوێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا لە گرافیمی نووسینی زمانەکەشدا زۆر بەدەگمەن دادەنرێت، ئاوەزی ئاخێوەرانی زمانەکە، بە شـێوەیەکی خۆڕسکانە دەری دەبڕن، واتە وەک فۆنیمی وێنەیی نە پیت و نە هێمای بۆ نەکراوە، وەکوو <یخ> بەمانای (سەهۆڵ/ زۆر سارد) – [یَخ]/[yəx]، ئەگەر لەم وشـــەیە بڕواندرێت دەبینرێت، کە ئەو هێمایە دەرنەکەوتەوە لە نووســیندا ڤاوڵە، هەموو تایبەتمەندییەکانی ڤاوڵی تێدایە و لە بڕگەشـدا شـوێنی خۆی گرتۆتەوە و ڤاوڵەکەی کە لە پێشـــەوە هاتووە گۆڕیویەتی بۆ نیمچە کۆنســـنانت، زمانەوانی فارس "کورش صــفوی" لەم بارەیەوە دەڵێت ((ئێمە لە دەسـتووری نووسـینماندا، بۆ هەندێک لە دەنگەکان نووسـینمان نییە. لەبەر هەمان هۆکارە کە نازانین <مرد> بە چی شـێوەیەک بڵێین، ئایا بە [mərd](بەواتای پیاو) یان بە [mord]( بەواتای مردن).(واتە هەردوو خوێندنەوەکە واتای جیاوازیان هەیە) لەوە گرنگتر ئەوەیە کە ئێمە ئەم هێمایانە /َ-،ِ-،ُ-/ لە پرۆگرامی خوێندنی سەرەتایماندا دەخوێنرێن، بەڵام دواتر هەوڵ دەدەین کە منداڵەکانمان ئەمانە بەکار نەهێنن و نەینووســـن و ئەزبەری بکەن.)) (صـــفوی، ١٤٠٠: ٩٣)، ئەمەش وادەکات، فێرخوازانی ئەم زمانە بە شـێوەیەکی گرانتر بتوانن، درکاندنی دەنگەکان و بڕگەکانی ئەم زمانە فام بکەن. هاوکات زمانی عەرەبییش، کە قورئانی پێنووســـراوەتەوە، زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ درکاندنی وشـــە و پیتەکانیان، یەکێک لە شـێوازەکانیان "التجوید"، ئەمە جگە لەوەی، کە قورئان بە شێوەیەکی زۆر چڕ و ورد نووسراوەتەوە، ئاماژە بە بچووکترین دەنگەکان کراوە. (لێکۆڵینەوەکانی فۆنەتیکی هاوچەرخ لەو باوەڕەدان، کە پیتەکانی قورگ سنووردارن، بە دەنگی [ع،ح]، ئەگەر ئەمە بە شـــیکردنەوەی جەســـتەیی و چۆنیەتی ســـەلمێنرا، ئەوا هیچ لاریی نابێت لەوەی، ئەگەر دەنگە قورگییەکانی تر، ناوی تریان لێبنێین، یان دەرچەی تازەیان بۆ دابنێین (پەســـنی نوێ بۆ درکاندنیان بکرێت.) بە تیۆری. بەڵام لە هەمانکاتدا کاتێک باسەکە دێتە سەر بابەتی "التجويد" سیستمەکە وەک ئەوەی هەیە نامێنێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی قبوڵکردن نییە، ئەوەیە بڕیار لە دەرکەوتنی /هەمزە، هـاء، غ، خ/، ئەگەر هـاتوو لە دوای (نون الســـاكنة أو التنوين)، بڕیـاری گۆڕینیـان بـدرێت، وەک دەرنەکەوتنیـان.) (الجمـل،٢٠١٩/٩/٩). ئەمە ئەوە ڕوون دەکـاتەوە، ئەگەر زمـانی عەرەبی توانـای گۆڕانکارییشـــی هەبێت، لە دەنگەکانی زمانەکەیدا، بەڵام بۆ قورئان و خوێندنەوەی ئایەتی قورئانی،

که پەیوەستە بە "التجويد" گۆڕان تێدا ئەستەمە، چونکە "التجويد" جۆرە خوێندنەوەیەکی جێگیرە، لە تاکە سەرچاوەیەکەیەوە هاتووە، کە ئەویش پەیامهێنەرە (د.خ).

فۆنیم و دەنگەکان کارگەردەبن لەسەر وشە پیکهاتووەکان لە هەندێک لەزمانەکەندا، واتە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی تری فۆنیم و پیت و دەنگ دروست دەبن لەجوارچێوەی وشەکاندا، کە ئەمەش لە زمانەکانی تردا بەرچاو دەکەون وەک زمانی ئینگلیزی، کە ئەوانیش هۆمۆفۆن "Homophones" و هۆمۆگرافی"Homographs" ناسراون. لە زمانی یۆنانیدا هۆمۆفۆن واتە هەمان دەنگ، هۆمۆگراف واتە هەمان نووسین. واتە دەکرێت بیر لە هۆمۆفۆن بکرێتەوە، وەکوو دەنگێک و هۆمۆگرافی وەکوو تەماشاکردن.

هۆمۆفۆنەکان" Homophones": ئەو وشانەن، کە هەمان دەنگن، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز نووسراون. ئەمەش نموونەی بێشومار هەیە، لە ئینگلیزی، بۆ نموونە (٧):

meat – meet; some – sum; sent – scent

هەروەها هۆمۆفۆنەکان بە زمانەکانی تر بوونیان هەیە وەک زمانی فەڕەنسی، بەڵام ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا کەمە، هاوکات ئەم دیاردەیە یەکێکن لە هۆکارە باوەکانی هەڵەی پیت بە پیتکردنی زمانی ئینگلیزی.

هۆمۆگرافەکان"Homographs": ئەو وشانەن، کە بە شێوەیەکی جیاواز دەدرکێندرێن، بەڵام بە تەواوی هەمان پیتیان هەیە. ئینگلیزی هۆمۆگرافی کەمتری هەیە، بە بەراورد بە هۆمۆفۆنەکان. لێرەدا دوو جووتی باو، بە ڕێنووسێکی دەنگییەوە دەخەێنە ڕوو. بۆ نموونە (٨) :

(1) lead /led/ ‘metal’

lead /liid/ ‘to go first’

(2) wind /wxnd/ ‘current of air’

wind /waxnd/ ‘to turn roun’ (M.Mees,2013:18-19)

ئەم تایبەتمەندییانە، کە فۆنیم و پیت و دەنگ دروستی دەکەن، لە پێکهێنانی برگە و پاشان لەناو ئاستەکانی تری زماندا بە تایبەت لەناو واتاسازیدا لێکدانەوەی زیاتری بۆ دەکرێت، هەڵوەستەی زیاتر بۆ پێکهێنانی واتای هاواتای و هاوبێژەکان دەخرێتە ڕوو.

ئەو تێڕوانینانەی، کە زیاتر فۆنیمیان بەرەو هۆشەکی و دەروونی بردووە، لەو باوەڕەدابوون، کە دەنگەکان لە زماندا هاوشێوەی لەوچوون، نەک خودی دەنگەکە خۆی بە هەمان شێوەی یەکتری بن. وەک بەشێوەیەکی ئاشکرا دەدەکەوێت، کە دەنگ تەنها نواندنی دەکرێت، لە ڕێی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە لە فۆنەتیکدا و هاوکات فۆنەتیکی تاقیگەیی بە شێوەیەکی زانستییانە سەلماندوویەتی، کە ئەو دەنگەی لە هەمان ژینگەدا و لە هەمان چوارچێوەشدا دەدرکێندرێت، جیاوازیی لەرەلەر و دروستبوونی شەپۆلی دەنگییان لە هەوادا جیاوازە، هاوکات بۆ هەر ئاخێوەرێکیش جیاواز بووە، لایەنگرانی ئەم تێڕوانینە وەک "دی کورتنێ" نزیک بوون لەوەی، کە دەنگەکان هاوشێوەی یەکتری دەردەبڕن، کتومت لەیەک ناچن، چونکە لە لای ئەوان ((فۆنیم ئەو دەنگانەیە، کە ئاخێوەر نیازی وایە

دەری بێنێ، نەک ئەو دەنگەی کە لە ڕاســـتیدا لە ئەنجامی هەوڵەکەیەوە دێتە ئاراوە. یاخود، فۆنیم بریتییە لەو دەنگە نموونەییەی، کە ئاخێوەر دەیەوێت دەری بهێنێ، بەڵام هەرگیز کتومت بۆی نایەنە بەرهەم، لەبەر دوو هۆ: ١- دوو دەنگی دووپات کراو هەرگیز کتومت لە یەکتری ناچن. ٢- هەموو دەنگێک لەژێر کاری دەنگەکانی دەوروبەردا دەگۆڕێت.)) (فەتاح، ٢٠١١:٦٤) .

لە تاقیکردنەوەی هەمبەریدا "Minimal Pair Test"، کە لە زمانی ئینگلیزیدا لە هەندێک فۆنیمدا بە تایبەت ئەوانەی لە دەربڕیندا لەیەکترییەوە نزیکن/ســـازگەی درکاندنیان هاوشـــێوەیە، وەکوو /th/ [θ] و [s] /s/ لە بچووکترین گۆڕانی هەسـپێکراوی دەنگیدا، واتای وشـەکان دەگۆڕێت. بۆ نموونە (٩):

- < Think بیرکردنەوە> وشەکە دەگۆڕێت بۆ < sink نقوومبوون> لە کاتێکدا، لە زمانی ئەڵمانیدا، ئەم دوو دەنگە فۆنیمن، بەڵام کـاتێـک لە تـاقیکردنەوەی هەمبەریـدا دەردەکەون. بەم شـــێوەیە دەرناکەوێت، وەکوو گۆڕینی فۆنیمی /s/ بۆ /th/ لە وشـــەی ئەڵمانی <Lust خواســـتن>، چونکە واتای وشەکان لە زمانەکەدا ناگۆڕێت، بەڵکو ئاخێوەرانی زمانەکە بەو شێوەیە هەستی پێدەکەن، کە زمانت فسە "lisp". (Gut،2009:51). هاوکات لە زمانی کوردیشدا ئەم گۆڕانکارییانە هەن و ناشبنە هۆی واتاگۆڕینی وشەکە. بۆ نموونە (١٠):

-<بەرانبەر> بە [ بەرامبەر] دەری دەبڕێت، یاخود <پشـــدەر> دەنووســـین و [پژدەر] دەردەبڕین واتای وشەکانیش ناگۆڕدرێت.

ئەم تێڕوانینە هۆشـەکییانە، بۆ دەنگەکان وادەڕوانن، کە لە ناو مێشکی ئاخێوەری زمانەکەدا دەنگێک هەیە، کە هەموو دەربڕاوەکانی تری ئەو دەنگە لاسـاییکەرەوەی ئەم دەنگە نموونەییەن، بە واتایەکی تر، ((ئەم تێڕوانینە تـا ڕادەیەک لە تیۆری "مثل"ی ئەفلاتوون دەچێـت، کە دەنگـانەی دەردەبڕێنن وێنەی ڕاســـتەقینەی دەنگەکە خۆی نییە، کە لە مێشـــکـدا وێنەی بۆ گیراوە، هەمووپـان هەر لاســاییکەرەوەی ئەم دەنگەن.)) (ئیسـماعیل،٢٠١٣:٢٦). ئەفلاتوون ئەمەی بە شــاعیران دەگوت، کە ئەوان لاســاییکەرەوەی لاســاییکراوەن. واتە پێی وابوو، کە ئەگەر کورســـی وەک کەرەســـتەیەک وەربگرین، وێنە یەکەمەکەی خەیاڵێکە، لە مێشکی وەستای کورسییەکەدا و دروستکردنی کورسێکە وەکوو لاســـایکردنەوەی ئەو وێنەکەیە، بەڵام ئەگەر شـــاعیرێکیش بێت، هۆنراوە بۆ کورســـییەکە بهۆنێتەوە، وەک لاسـاییکردنەوەی لاسـاییکراوەی وێنە خەیاڵێکەی وەسـتای کورسـییەکەیە. کەواتە، مرۆڤ دەکرێت جاری یەکەم وەک وەســـتاکە بێت، لە دەربڕینی دەنگێکدا، جاری دووەم لە هەمان دەنگدا وەک شاعیرەکە بێت.

زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکانی زمانی کوردی لەســـەر دیاردەی هەبوونی دوو دەنگی، یاخود دیفتۆنگ دەدوێن. زمانەوانەکان بە دیدگای جیاواز لەم دیاردەیە دەڕوانن، هەندێک پێیان وایە، کە بوونی هەیە، هەندێکی تر لەســـەر ئەو ڕایەن، کە بوونی نییە، بەڵام دیاردەی دوو دەنگی لە ڤاوڵەکان و نیمچە کۆنســـنانتەکانی زماندا خۆی دەردەخات، بە تایبەت لە کۆتاییەکانی بڕگە و ســـەرەتای

دەسـتپێکی بڕگەدا، ئەگەر لێکۆڵینەوەکان لە ڕوانگەی بڕگەوە، بۆ دوو دەنگی زمانی کوردی بکرێت، ئەوەی دەردەکەوێت، کە ئەم دوو دەنگییانە چەند حاڵەتێکی کاتی و هەسـتپێکراوی گشـتی نین، واتە سیفاتی دوو دەنگییان لەدەست دەدەن، زۆر کات ئەم دوو دەنگییانە دابەش دەبن بۆ ڤاوڵ و نیمچە کۆنســـنانت، واتە دەنگێکیان دەبێتە ڤاوڵ و دەنگێکی تریان دەبێتە نیمچە کۆنســـنانت لە وشـــە و بڕگەکاندا، بۆ نموونە (١١):

- چایی + ەکە = چاییەکە، دەبێت بە، چای + یە + کە = CVC+CV+CV
  بەڵام ئەگەر نەشینووسین هەر کاریگەریی نییە، واتە بەم شێوازەی لێدێت
- چای + ەکە + چایەکە، دەبێت بە، چا + یە + کە = CV+CV+CV.

هاوکات ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە لە دەربڕیندا هەســـت بەمە نەکرێت، واتە کاتێک دەڵێن /بوون/ هەست بەوە دەکرێت کە دەنگی [و] بە تەنها گۆ نەکراوە، دەنگێکی نیمچەیی هەیە، کە تا نیوەی دێت و دەگەڕێتەوە، کە ئەمەیش واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕاستەوخۆ لە ڕێنووسدا بە دووبارەکردنەوەی فۆنیمەکە بۆ ئەو دەنگە بنووســـرێت، کە ئەمە گرفتێکی ڕێزمانیی نووســـینی کوردییە. ئەم دوو دەنگییانە لە ئاخاوتندا هەسـتی پێدەکرێت، هاوکات زۆر کات پەیوەسـتە بە هەبوونی هێز لە کۆتایی بڕگەکە، یان لەسـەر ئەو تاکە فۆنیمە، واتە زمانی کوردی پێویسـتی بە هەبوونی هێمایە لەسـەر ئەو دەنگانە، کە ئەمە تا ئێسـتا کاری لەسـەر نەکراوە، لێکۆڵەرانی ئەلفوبێی کوردی، ئەم پرۆسـەیەیان بە دانـانەوەی هەمـان فۆنیم چـارەســـەر کردووە، وەک (بوون، چوون، نووســـەر...). بۆ دەنگە کۆنسنانتەکانیش هەندێک حاڵەت دەبینرێت، وەک (نگ، نک)، کە ئەمانیش لە ڕوانگەی بڕگەسازییەوە کاتێک دەلکێن بە پاشگرێک، یان وشەیەکی ترەوە هەڵەوەشێتەوە، نموونە(١٢):

- هەنگ + ەکە = هەنگەکە دەبێت بە |هەن| + |گە| + |کە| = |cvc|+|cv|+|cv|.

هاوکات ئەم دوو دەنگە، چونکە بەهێزن و دەنگی [گ] کاریگەریی لەســـەر دەنگی [ن] دروســـت دەکات، تێکەڵبوونێک دروســت دەبێت، گوێگرانی ئەم جۆرە دەنگانە، زۆرکات بەو شـێوەیە هەسـت دەکەن، کە یەک دەنگیان گوێ لێبووبێت.

فۆنیم، وەک یەکەیەکی زمـانی خـاوەنی گەلێک پێنـاســـەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانین، مەبەستانەی، کە زمانەوانەکان خواستوویانە. واتە زمانەوانێک خواستوویەتی، لایەنی ئەرکی فۆنیم، کە واتاگۆڕینە لە وشـــەدا بخاتە ڕوو. هاوکات زمانەوانێکی تر خواســـتوویەتی لایەنی فیزیکیی فۆنیمەکان دەربخات، لەبەر ئەوە تێڕوانینەکانی لەو چوارچێوەیەدا پەیوەستە کردوە. ئەمە بۆ هەموو تێڕوانینەکانی تر، کە بۆ فۆنیم کراوە دروستە. توێژینەوەکە پێویستی سەرەکیی بە تێڕوانینی ئەرکی فۆنیمە، کە واتـاگۆڕینە لە زمـانەکەدا، هـاوکـات بە شـــێوەیەکی پراکتیکی، لە بەشـــی ســـێیەمی توێژینەوەکەدا، پرۆســەکانی فۆنۆلۆژی، کە گۆڕانی فۆنیمەکانە، بە ڕێزبوونیان لە چوارچێوەی بڕگە و وشەکاندا دەخرێتە ڕوو.

### (١-٣/١) جۆرەکانی فۆنیم

دوو جۆر دەگرنەوە ئەوانیش فۆنیمی کەرتی "Segmental phonemes" و فۆنیمی ناکەرتی "Supra Segmental phonemes".

### (٢-٣/١) فۆنیمی کەرتی "Segmental phonemes"

سیستمی فۆنێمی وادەکات، کە دەنگەکانی ئاخاوتن دابەش بکرێن، بۆ دوو جۆری سەرەکی لە فۆنیمە کەرتییەکاندا، ئەوانیش ڤاوڵ "vowel" و کۆنسونانتەکان "consonants"، بەڵام لە زۆرێک لە زمانەکاندا نیمچە کۆنسونانتەکان "Quasi-consonants"یش هەیە، چونکە هۆکاری فۆنۆلۆژیی هەیە. ڤاوڵەکان و کۆنسنانتەکان بە شێوەیەکی جیاواز دابەش دەکرێن. سیستمی فۆنیمی لە زۆربەی فۆنۆلۆژی زمانەکاندا بەو ڕێبازەوە پەیوەستە، کە هەندێک شوێن لە بڕگە "syllable"دا، تەنها بە ڤاوڵەکان دەتوانرێت پڕ بکرێتەوە، هاوکات هەندێک شوێنیتر بۆ هەمیشە لە لایەن کۆنسنانتەکانەوە جێنشین دەبن، وەک لە نموونەی ڤاوڵ و کۆنسونانتەکان لە زمانی ئینگیلیزیدا، بەڵام ئەگەر لەو جیاوازییانە بڕواندرێت، کە فۆنۆلۆژی دیاری دەکات. وەک فۆنیمی /ɪ/ لە زمانی ئینگلیزیدا کۆنسنانت دەردەکەون، بەڵام ئەم فۆنیمە لە زمانی چینیدا بە ڤاوڵ دەردەکەوێت. (Gut،2009:52). دەنگە ڤاوڵ و کۆنسناتەکان، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی زمانی لەخۆدەگرن، کە تەنها و تەنها پەیوەستە بەو زمانانەوە. کە ئاخاوتنی پێدەکرێت، ئەم تایبەتمەندییانە زۆر کات فۆنەتیکین، هاوکات لە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانیشدا ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر دەربڕاوەکانی تری پێش خۆیان بەدیار دەخەن. زۆر جار ئەم تایبەتمەندییانە وادەکەن، کە زمان ئەو جۆرە لە تایبەتمەندییەی هەبێت، کە پێی دەوترێت ناسکبێژی. ئەگەر بێین و بڕوانین لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی شێوەزاری هەولێر و سلێمانی بڕواندرێت، دەبینرێت شیوەزاری هەولێری زۆر کات خۆی قوتار دەکات لە دوو دەنگی.

بۆ نموونە (١٣) :

- < خوێ> [xwe] لە شێوەزاری سلێمانی، بەڵام لە شێوەزاری هەولێریدا <خێ> [xe]

لە شێوەزاری هەولێریدا، بە کرتاندنی نیمچە کۆنسنانتی [w]، بەم شێوەیە بە دەرنەبڕینی فۆنیمی نیمچەکۆنسونانتەکان لەو بڕگەیەدا خۆیان دەرباز کردووە، لەدیاردەی دوو دەنگی، هاوکات بۆ نموونەکانی <خوێندن-خیندن، کوا-کا، کەوت-کەت> بە هەمان شێوەیە.

لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا، دەنگە بیستراوەکان (کۆنسونانت و ڤاوڵەکان) بەپێی شوێنی دروستبوونیان، لە ئەندامەکانی ئاخاوتندا و شێوازی زانستیی فۆنەتیک و نیشانە جیاکرەوەکانیانەوە پەسنییان بۆ دەکریت و جیا دەکرێنەوە لەیەکتری.

## (١-٢-٣/١) ئەلۆفۆن "Allophone"

ئەو زمانەی مرۆڤ دەربڕینی پێدەکات، لە ڕێگای ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە بەرهەم دەهێنرێت، وەک لە پێشـــووتردا ڕوون کراوەتەوە، بەڵام ئەندامەکان لە ئەرکیاندا پاش و پێشـــخســـتنیان هەیە، دواکەوتن و وەستان و خلیسکاندن و بەرکەوتنیان هەیە، کە هەموو ئەمانە لەناو مرۆڤدا شتێک نییە بتواندرێت، هاوسـەنگ بکرێت، کە ئەو کردەیە ڕێک و ڕاست بە هەمان شێوە وەک خۆی بکرێتەوە. واتە کاتێک ئەو وزەیەی لە درکاندندا لە ســــییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت، نەک لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر بگرە لەناو خودی کەســــەکەدا، لە هەموو بارێکیدا جیاوازە، ئەندامەکانی ئاخاوتنیش بە هەمان شــــێوە لە جووڵەیاندا جیاوازن بۆ هەر دووبارەکردنەوەی دەنگێک، ئەگەر هەمان ئەندام و هەمان جووڵەشــــیان هەبێت، واتە ئەگەر مرۆڤێک لە ماوەی چەند خولەکێکدا بەتەنها دەنگی [ب] بدرکێنێت، بە دڵنیاییەوە چەندان دەنگی جیاواز دەربڕاو، لە هاوشـێوەی ئەو دەنگە پەیدادەبێت، ئەمە لە کاتێکدا بە تەنهایە، بەڵام ئەگەر هات و خرانە ناو چوارچێوەی بڕگە و پاشـان وشـەوە، ئەو کات کاریگەریی دەنگەکانی دراوسـێی لەسـەر دەبێت، بە دڵنیاییەوە ئەو کاتیش جیاوازیان دەبێت. کەواتە، ئەم هەموو دەنگە جیـاوازە کە بەرهەم دێـت، دەکرێـت بۆ نوانـدنی چەنـد فۆنیمێـک بێـت. کەواتە، فۆنیمێـک دەکرێـت چەنـدان دەربڕاوی هـاوشـــــێوەی هەبێت. ((واتـا فۆنیمێـک دیـاری دەکەن و ئەلۆفۆنەکان وەک جۆری فۆنەتیکی جیاوازیی ئەو فۆنیمە جیا دەکرێنەوە، کە بە چەند شــــوێنێکی دیاریکراوەوە بەســــتراون، کەواتە لە شــــوێنە تایبەتییەکاندا ئەلۆفۆنی فۆنیمەکان دەردەکەون... ئەلۆفۆنەکان وەچەفۆنیمن و لە فۆنیمەکان کەوتوونەتەوە.)) (مەحویی،٢٠٠١:١١٧). کەواتە، دەکرێت ئەلۆفۆن بارێکی تایبەتی بێت لە فۆنەتیکدا، بەڵام جۆرە ئەرکێک لە فۆنۆلۆژیدا دەبینێت، کە ڕۆڵەکەی تەسـکدەبێتەوە بۆ پڕکرنەوەی ئەو بۆشـاییە درکاندنەی، کە ئاخێوەری زمانەکە هەسـتی پێدەکات. هەرچەنـدە هەر فۆنیمێک کۆمەڵێـک تـایبەتمەنـدی جیـاواز لەخۆ دەگرێـت، بەڵام ئەلۆفۆنەکـان هەر فۆنیمێـک بە گشـــتی، لە ڕوانگەی هەردوو لقەکەی فۆنەتیکی فیزیکی و فۆنەتیکی درکـانـدنەوە، لێکچوونێکی فۆنەتیکی "Similarity Phonetic" بەرچاویان هەیە، واتە ئەلۆفۆنەکان هەر فۆنیمێک بە دوو شێوە دراوە:

أ) زۆربەی کات بە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە دەنگدا لەیەکتر دەچن.

ب) زۆربەی کات (هەر چەندە بە شــێوەیەکی ناتەواوە) بە جۆرێکی هاوشــێوەی یەک دەدرکێنرێت (لەڕوانگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە). (M.Mees،2013:13) هەندێک تایبەتمەندیی لە دەنگەکانی زمانێکدا هەیە، کە ئەویش بە هەناســـاویبوونی/فووداربوون "Aspirated" دەنگەکانە، واتە هەندێک دەنگ هەناســەیین و هەندێک دەنگ ناهەناســەیین، کە ئەمەش جۆرێکی جیاواز لە دەربڕینی هەمان فۆنیم لە زمانەکەدا دروست دەکات، بۆ نموونە ژمارە (١٤):

- کۆنستانتی /P /

کاتێک ئەم کۆنسـونانتە لە سـەرەتای وشـەوە بێت، درکاندنەکەی کەمێک فودار دەبێت، بەڵام کاتێک دەکەوێتە دوای دەنگی [s] کە کپ و فیکەییە "Sibilant" هەر وەک لە /spot/ ئەوا فوودار نابێت، ئەمەش ڕاسـتییەکی فۆنەتیکییە، لە بارەی ڕێگاکانی درکاندنی ئەم دەنگە لە شـوێنە جیاوازەکانەدا.) (ویدۆوسـون، ٦٥:٢٠٠٨)، چونکە ئەم دیاردەیە، هیچ گۆڕانێک نە لە واتای وشـەکە، نە لە بڕگە و کاریگەریی بەسـەر دەنگەکانەوە نابینرێت، ئەوەی هەیە، گۆڕانێکی درکاندنییە و زیاتر بابەتێکی فۆنەتیکییە و بایەخێکی ئەوتۆی فۆنۆلۆژیدا نییە. هاوکات ئەلۆفۆنەکان لە سـێ چەشـنی گۆڕدراو پێک هاتوون.

١. دابەشبوونی تەواوکەرانە "Complementary Distribution".

٢. جۆرە گۆڕدراوە ئازادەکان"Free Variation".

٣. بێلایەنبوون و ئارخیفۆنیم "Archiphoneme" & "Neutralization"

## (١-١-٢-٣/١) دابەشبوونی تەواوکەرانە "Complementary Distribution"

لەم جۆرە دابەشبوونەدا، درکاندنی هاوشێوەی ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەبینێت، چونکە دەنگەکان بۆ فۆنیمێک نە بە گۆڕینی ئەندامێکی ئاخاوتن، نە بە واتاگۆڕینە، بەڵکو پەیوەندیی هەستیاریان هەیە، بە شـوێنی پەیدابوونی دەنگەکە لەناو چوارچێوەی بڕگە و وشـەکەدا، ئەمەش هەندێکجار گۆڕانکارییەکان دەکرێت، تەنها بە شڵەژانێکی بچووک لە هەوای دروستکەری ئەو دەنگەدا ڕوودات. کەواتە، ئەمانە درککردن و درکپێنەکردنیان وەک یەکترییە، لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە کارێکی ئەوتۆ نییە، چونکە هیچ پێگەیەک، یان نرخێکی نییە، ((ئەو ئەلۆفۆنانەی فۆنیمێک دابەشـبوونی تەواوکەرانەیان هەیە، کە هەرگیز لە هەمان دەوروبەی دەنگیدا/لە هەمان دەقدا بەکار نەهێندرێن و دەرناکەون. کەواتە، هەرگیز لە هەمبەریدا نیین و هیچ گچکەترین یەکەیەکی جیاکەرەوە دروسـت ناکەن.)) (قادر،١٨:٢٠٠٨) هاوکات دەتوانریت، پێناسەیەک بۆ ئەم جۆرە دابەشبوونە بکرێت. ((بریتییە لە دابەشـبوونی شـێوە جیاکانی هەمان کەرەسـەی زمانی بەسـەر ئەو شـوێنانەی، کە تێیدا دەردەکەون، بە مەرجێک هیچ یەکێک لەو شـێوە جیایانە، لە شـوێنی ئەوی تریاندا دەرنەکەوێت.)) (عەلی،٣٣:٢٠٠٥). واتە ژینگە و شـوێنی هەڵکەوتەی فۆنیمەکان وادەکەن، کە چەند دەنگێکی جیاواز بۆ هەر تاکە فۆنیمێک پەیدا ببێت، وەکوو لە پێشـتر لە دیاردەی هەناسـاویبوون ڕوون کرایەوە، بە هەمان شـێوەش لە زمانی فارسـیدا دەتوانرێت، بۆ فۆنیمی /ر/ دابەشـبوونی تەواوکارانە ئەنجام بدرێت. کە ئەم فۆنیمە بە سـێ دەنگی جیاواز لە سـێ ناوچەی جیاواز بەدەر دەکەون، کە بەم شێوەیە دەنوێنرێن [r̥]،[r]، [ɾ] وەک لەم نموونەیەدا. نموونەی(١٥):

| [ɾ] | ،[r] | ،[r̥] |
|---|---|---|
| شیرینی [širini] | ڕەنگ [rə $\frac{ng}{ŋ}$ ] | عەسر [ʔæsr̥] |

ئەگەر بڕواندرێتە شوێنیی دەنگەکانی ئەم فۆنیمە دەردەکەوێت، کە هەرسێکیان [r̥]،[r]، [ɾ] ئەلۆفۆنی یەک فۆنیمن، دەنگی [ɾ]، شـــەکاوە دەنگدارەکە، لەنێوان دەنگە ڤاوڵەکاندا دەردەکەوێت، دەنگە [r̥]، لەراوە کپەکە، لە کۆتایی وشـــەکەدا دەردەکەوێت، هاوکات دەنگە [r]، لەراوە دەنگدارەکان، لەپێش نەبزوێنەکـانەوەیە، لە هەمـانکـاتـدا لە هەموو ژینگەیەکی تردا دووبـارە دەبنەوە، جگە لەو دوو ژینگەیەی تر. (جەمیل،٢٠١٥:١٢). هاوکات هاوشـــێوەی زمانی فارســـی، بۆ فۆنیمی/ r / لە زمانی کوردیدا، فۆنیمی /ت/ [t]، لە ســـێ ژینگەی جیاواز لە زمانەکەدا دەردەکەون، ســـێ دەنگی جیاواز دەردەخەن. وەک لەم نموونەیەدا، نموونەی ژمارە (١٦):

- /ت/ [t]

١. [$t^h$] هەناساوییە نموونەکانی: تەم [$t^h$əm]، تەڕ [$t^h$əʀ]

٢. [t] ناهەناساوی: لە دوای فۆنیمی/س/ [s] دێت. وەک ستوون [stuːn]، دەستوور [dəst]

٣. [t̄] بە شـــێوەیەکی وروژمی خێرای دەربڕاو دێت و دەتەقێندرێت: هات [hat̄]، ڕۆشـــت [ʀoʃt̄] (عەلی،٢٠٠٥:٣٣).

هاوکات ئەم نموونانە، دەقاودەق ناگەڕێنەوە سـەر هاوشـێوەی یەکتری لە شـوێنی دروسـتبوونیاندا، ئەگەر بەوردی لێیان بڕواندرێت، بەڵام بەگشـــتی هەردووکیان لە دابەشـــکردنێکی تەواوکەرانەی یەکتریدان، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم دابەشـــکردنە تەواوکارانەیە، لە زمانێکدا دوو فۆنیم دەقاودەق وەک یەکتری بوون، بێ جیـاوازیی شـــوێن، یـان ئەو ژینگەیەی تێـدا هەڵکەوتبوون، ئەوا ئەم دابەشـکردنە تەواوکارانە لەنێوان هەر دوو فۆنیمەکەدا، شـێوە هاوبەشـییەکی هاوشـێوەی یەکتری هەیە، بەمەش دەوترێـت شـــێوە جووتبوون "Pattern Congruity"، کە ئەمەش دەتوانین لە نموونەکانی زمانەنی ئینگلیزیدا بەدیار بکەوێت.

نموونەی (١٧):

- فۆنیمی /p/ و/k/ دەردەکەوێت. کە ((ئەو هاوتەریبیوونەی، لە بڵاوبوونەوەکانی دەنگی /p/ و /k/ دەبینرێت پێی دەوترێت شـــێوە جووتبوون. دوو پۆلە دەنگمان هەیە، کە هەردووکیان دەنگی وەستاوی کپ لەخۆ دەگرن.

پۆلی دەنگی [پ]، هەردوو دەنگی هەناسەداری و ناهەناسەدار لەخۆ دەگرن. [$p^h$]،[p] =/p/

پۆلی دەنگی [ک]، هەردوو دەنگی هەناســـەداری و ناهەناســـەدار لەخۆدەگرن. [$k^h$]،[k] =/k/.)) (جەمیل،٢٠١٥:١٢)، بەڵام ئەم دابەشبوونە بۆ زمانەکانی تر لە ڕووداونی ڕێکەوت دەچێت، یان نزیکیی خێزانە زمانییەکان بێت لەیەکەوە. واتە کاتێک فۆنیمی [$p^h$]،[p] =/p/، کە لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، هاوشـانی ئەمەش دەکرێت، لە زمانی هیندیدا بەدەر کەوێت، یاخود لە زمانی کوردییشـدا دەرکەوێت وەک لە وشەکانی /پاچ/ [$p^h$atʃ] و /سپی/ [spi]، ئەگەر لەم نموونانە بەرامبەر بە هەردوو زمانەکە بڕواندرێت دەبینرێت، لە هەندێک تایبەتمەندیی هەناسـاویبوون، ناهەناسـاویبووندا هاوبەشـن، بەڵام دەقاودەق وەک یەکتری نین، لە ژینگەکانی دەرکەوتنیاندا، لەبەر هەمان هۆکار ئەم تایبەتمەندیی

زمانییانە ناو دەبرێت، دابەشـــبوونی بەڕێکەوت "coincident distribution". زمانەکان لە هەبوونی ئەم دیاردانەی ئەلۆفۆنەکاندا یەکنین، وەک دەبینرێت ژینگە دیاریکراوەکان، بۆ دەنگەکان لە زمانی ئیســـپانیدا جێگۆڕکێی پێدەکرێت، واتە ئەگەر ئەو نموونانەی، کە لە زمانی فارســـیدا هێنرایەوە، نموونەی ژمارە (١٥)، بۆ جێگەی ئەو دەنگانەی ،کە بۆ تاکە فۆنیمێک دیاریکراون /r/ = [r̥]،[r]، [ɾ]، لە زمانی ئیســـپانیدا لێکنزیکییەک هەیە، لە ژینگەی دروســـتبوونی دەنگەکاندا، لە زۆر کاتدا هاوشـــێوەیی و هاوشـــوێنن و لەم خاڵە هاوبەشـــەدا هەردوو زمانەکە، هەڵگری هەمان تایبەتمەندین، بەڵام لە هەمانکاتدا لە هەندێک شـــوێندا لە زمانێکیاندا، پەیوەســـت بەو ســـیســـتم و مەرجانەوە نین، کە هاوشێوەی ژینگەی زمانەکەی دیکە بێت لەو پێگەیەدا، واتە مەرجنییە بە هەمان دەنگ و دەربڕین دروســـت ببن، بەم شـــێوازە، کە لەنێوان چەند زمانێکدا بەدی دەکرێت، دەوترێت، دابەشـــبوونێکی بەیەکداچوو "overlapping distribution" بۆ نموونەی ئەلۆفۆنەکانی فۆنیمی /ر/ بگەڕێینەوە، کە بەم هێڵکارییە بخەینە ڕوو.

هێڵکاریی ژمارە (٢) ئەلۆفۆنەکانی دەنگی [ر].

/ r /
[ɾ]   [r̥]   [r]

بەڵام لە زمانی کوردیدا، فۆنیمی/ ڕ/[r] دروســـتبوونی ئەم ســـێ دەنگە تێیدا ئەگەرە، چونکە لە زمانەکەدا دەنگێکی تری لەراوە، وەک فۆنیم هەڵبژێردراوە و پەیوەســـتە بەوەوە ئەویش / ڕ/ [ʀ]، ((لە فۆنۆلۆژیی زمانێکی تایبەتیدا یەک نرخ دەدات، بە کۆمەڵە دەنگی جیاواز، کە هەمان ئەو کۆمەڵە دەنگە لەوانەیە، لە زمانێکی تردا دەرکەون و تیایدا کۆمەڵە نرخی جیا پێشـــان بدەن.)) (ئەمین،٢٠٠٤: ١٤). هەر وەک ئەو نرخدانەی هەردوو زمانی کوردی و فارســـی، کە لە پێشـــتر ئاماژەی بۆ کراوە زمانی کوردی دوو نرخی جیای واتاگۆڕ دەدات، بە فۆنیمەکانی/ ر/ [r] و/ ڕ/ [ʀ]، هاوکات لە زمانی فارســـیدا، یەک نرخ دەداتێ و بۆ زمانی عەرەبییش بە هەمان شـــێوەیە. بەڵام دابەشـــبوونە بەیەکداچووەکە لەو خاڵەدایە، کە هەردوو زمانی کوردی و فارســـی ئەلۆفۆنەکانی فۆنیمی /ر/ هاوژینگە بەکار دەهێنن، هاوکات پێگە و ژینگەی هەر فۆنیمێکیان پەیوەســـتە بەو تایبەتمەندییە تایبەتییەی خۆیانەوە، کە هەیانە، لە سیستمی فۆنۆتاکتیکی زمانەکەدا، وەک دەرنەکەوتنی فۆنیمی/ر/ لە سەرەتای وشەدا و دەرکەوتنی فۆنیمی /ڕ/ لە سەرەتای وشەدا.

## (٣/١-٢-١-٢) جۆرەگۆڕدراوە ئازادەکان "Free Variation"

هەندێک جار ڕوو دەدات، دوو فۆنیم، کە لە بچووکترین جووتۆکە/هەمبەریدا لە هەمبەرێتیی یەکتریدان، هاوکات هەمیشە مەرج نییە، ئەم دوو فۆنیمە لە هەمبەرێتیی یەکتریبن. بۆ نموونە(١٨):

لە زمانی ئینگلیزیدا / i / و/ ɛ / لەناو وشـــەکانی /beet/ و /bet/ دا، بەم شـــێوەیە (IPA) بۆ کراوە، [bit] و [bɛt]، بەڵام هەندێک لە ئاخێوەرانی ئابووریکەران "Economics" بە یەک / i / دەیدرکێنن، هەندێکی تریان بە یەک دانە / ɛ / دەیدرکێنن، هەر جارێک ئەم حاڵەتە ڕوو بدات، پێی دەوترێت جۆرە گۆڕدراوە ئازادەکان. (دانســـی،١٣٩٧:٧٢). ئەم جۆرە لە ئاخێوەران، ســـەربەســـتانە و لەپێناو

مەبەســـتێکدا، یاخود وەک ئابووریکردنێک لە دەربڕین ئەنجامی دەدەن، کە لە ڕوانگەی گوێگرەوە، کەم بایەخی پێدەدرێت، چونکە کاریگەری لە گوێگر ناکات و بە یەک واتا لە فەرهەنگی مێشـــکی کەســـی گوێگردا لێکدەدرێتەوە. ئەگەر بڕوانینە ئاخێوەران لە کاتی درکاندنی فۆنیمەکاندا حاڵەتێک دەبینرێت، کە هاوشێوەی نموونەی، نووسینی پیتی 'A'ی گەورە و 'a'ی بچووکە، کە یەکێکیان تەنیا لەو شوێنانەدا، لەو ژینگە زمانییەدا دەتوانێت واتا ببەخشێت، کە ئەوی دیکەیان توانای ئەوەی نییە، جێگەی بگرێتەوە. لە کاتێکدا هەردوو دەنگەکە یەک فۆنیمن، واتە ئازادانە ناتوانن جێگای یەکتری بگرنەوە بێ گۆڕانی واتا، ئەمە دابەشـــبوونێکی تەواوکارانە دەگرێتەوە، بەڵام ئەلۆفۆنە ئازادەکان بە شێوەیەکی ئازادانە، ئەو ئاڵوگۆڕە ئەنجام دەدەن. بۆنموونە (١٩):

[س] مەڵاشوویێنراو ____ سەهۆڵ، سەگ

[س] ئاسایی _____ سەر، سیر

[س] کاریگەربوو بە دەنگەی دراوسێکانی ___ سڕ، سڵ... (ئیسماعیل،٢٠١٣: ٤٦).

ئەوەی لە نموونەی (١٩)دا، بە ئازادانە دەتواندرێت دەنگەکان ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت، پەیوەندیی بەو سـیسـتمە فۆنۆلۆژییەی زمانی کوردییەوە هەیە، کە لە ئاوەزی ئاخێوەردا زانیاریەکانیان دانراوە، کە دەتوانێت دەنگەکان بە شـــێوەیەکی جیاجیا و تەنانەت گۆڕانە نزیکەکانیش لەیەکتری جیا بکاتەوە، چونکە مرۆڤ دەتوانێت دەنگێکی زۆر زیاتر لەمانە دروســـت بکات، واتە بەرانبەر هەر فۆنیمێک چەندین دەنگی نزیک و هاوشـــێوە بدرکێنێت، زمانەوانانی دەنگناســـیش ئەوکات کۆمەڵە هێمایەکی زۆرتر بەکاردەهێنن، لەو کاتەی کە هەوڵ دەدەن، دەنگەکان بەوردی بناســـێنن، یان لە کاتی دیاریکردنیان لە ژینگەی ڕێزمانییەکاندا. لە ڕێگای هێما ئەلفوبێی کۆمەڵەی فۆنێتیکی جیهانی (IPA). (Roach,2009:34). ئەم دیاردەیە جگە لە ئابووریکردنی زمان، هاوکات هەندێک دیاردە و حاڵەتی تریش دەگرێتەوە لە زماندا، بۆ نموونەی (٢٠):

- ((ڤاوڵەکانی کەسێک لەگەڵ یەکێکدا بەراورد بکە، کە هەڵامەتی قورسی هەیە و بە منگەمنگ قسە دەکات و دەربڕینەکانی بە لووتی دەردەبڕێت یان جۆری ئازاد لە دەربڕینەکانی کەســێکدا ببینە، کە لە بارەی دەروونی نائاســاییدایە.)) (مەحوی،٢٠٠٩:٢٠٨). ئەم دیاردانە زیاتر کاتین و پەیوەســتە بە تاکە کەسەوە یان ئەم کردارانە یەکجار ڕوو دەدەن، لە کردەی دەربڕیندا.

## (٣/١-٢-١-٣) بێلایەنبوون و ئارخیفۆنیم "Neutralization" & "Archiphoneme"

ئەم جۆرە لە ئەلۆفۆنەکان، وەک لە ناوەکەیەوە ڕوونە بێلایەنن، لە ڕووی هەڵبژاردنی گۆڕانە دەنگییەکانەوە، چونکە دەنگە بێلایەنەکان ســـەر بە گۆڕانە ئەلۆفۆنییەکانە "Allophonic"، گۆڕانە ئەلۆفۆنییەکان ((گۆڕانی درکاندنی فۆنەتیکین بێ ئەوەی کار لە واتای وشەکە بکات. وەکو درکاندنی دەنگی /س/ لە وشـــەی (ســـەوزە)ی کوردیدا، چ بە [س] یان بە [ص] گۆ بکرێت واتای وشـــەکە ناگۆڕێت.)) (عەلی،٢٠٠٥: ١٢)، ئەم گۆڕانکارییانەی بێلایەنبوون وادەکەن، کە دابەشـــکردنێکی تەواوکارانەیان هەبێت، هەمیشـــە دەنگەکان لە بێلایەنی تەواودان لەگەڵ یەکتر، بەڵام ئەو دەنگانەی، کە لە هەندێک ژینگەی فۆنۆلۆژیدا هەمبەری فۆنیمیان هەیە، واتە دوو شێوازی وشەیی لە یەک جیا

دەکەنەوە، یەکەمیان ئەگەر تەنیا یەکێکیان لە هەمان ژینگەی فۆنۆلۆژیدا دەربکەوێت، بە هۆی یەکێک لە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانی زمانەکەوە، دووەمیان هەموو دەنگەکان دەبنە دەنگێکی تری هاوشێوە، ئەو کات هەمبەری لەو ژینگەیەدا بێلایەنبوونە و پەیوەندییەکی بێلایەنی ناوخۆیی لەگەڵ یەکتردا پەیدادەکەن. (بی جن خان،١٣٩٨: ١٩١). یاخود بە شێوەیەکی ڕوونتر بێلایەنبوون ((ئەو دیاردەیەیە، کە دەتوانرێت دیاری بکرێت و لەبارە بۆ دیاریکردن، کە بریتییە لە بێلایەنبوونی جیاوازیی فۆنێم لە جێکەوتە دیاریکراوەکاندا... لە زمانی کوردیدا لە زۆربەی جێکەوتەکانی ناو وشەدا "word positione"جیاوازییەکی فۆنیمی لە دەنگداری (دەنگداری وکپی) کۆنسنانتە گیراوەکاندا (تەقاوەکان) ڕوو دەدات.)) (مەحوی،ب،٢٠٠٨: ٢٢٥). وەکوو لەم نموونانەدا دەردەکەوێت. نموونەی(٢١):

- کرد ← کرت
- کورد ← کورت
- حەب ← حەپ
- گورگ ← گورک

ئەگەر لەو ژینگانە نموونەکانی (٢١) بڕوانین، کە تێدا بێلایەنی تێدا ڕوو دەدات، بە شێوەیەک دیار دەبێت، کە دەنگە تەقاوەکان دەنگداری خۆیان لەدەست دەدەن و کپ دەبن، یان لە شێوەی کپ دەدرکێندێت. دیاردەی **ئارخیفۆنیم** "Archiphonem" پەیوەستە بە ژینگەیەکی دیاریکراوەوە، کە لە کۆتایی بڕگەکاندا، یاخود وشەکاندا ڕوو دەدەن، وەک لە پێناسەکانی دەردەکەوێت، کە سەرەتای ئەم بیرۆکەیە بۆ (زاراوەیەکە کە قوتابخانەی پراگ، لەنێویاندا ترۆبێتسکۆی، لە باسکردنی بێلایەنکردندا بەکاری دەهێنێت. کاتێک هەمبەری نێوان دوو فۆنیم لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بێلایەن دەکرێت، ئەوکات دەبێت ڕەچاوی بوونی ئارخیفۆنیم لەو پێگەیەدا بکرێت، کە هەموو تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی نێوان ئەو دوو فۆنیمە لەخۆ بگرێت.) (قوامی،١٣٩: ٢٤٦)، مەبەست لە وەرگرتنی تایبەتمەندیی یەکتری، واتە کاتێک دەنگێک تایبەتمەندییە دەنگدارییەکەی، یان کپەکەی لەدەست دەدات، لە ژینگەیەکی زمانەوانیدا، دەگۆڕێت بەپێی ئەو ژینگەیەی، کە پێویستیەتی وەک لەم نموونەدا دەردەکەوێت. نموونەی(٢٢):

- سەد ← سەت
- مەهاباد ← مەهابات

وەک لە نموونەی (٢٢) دەبینرێت، کە ژینگەی گۆڕانەکان کۆتایی وشەکەیە و گۆڕانی دەنگی [د] تەقاوی دەنگدارە بۆ دەنگی [ت] تەقاوی کپ. چونکە ((لە کۆتایی وشەدا "دەنگداری" بەرجەستە نابێت و دەرناکەوێت، ئیتر گرنگ نییە، ئەگەر بەیەک گیراو، یان بە زرنگدرەوەیەک و کۆنسنانتێک کۆتایی هاتبێت.)) (مەحوی،ب،٢٠٠٨: ٢٢٥) واتە هۆکاری ئەم گۆڕانانە سیستمی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردییە، کە تێیدا دەنگی (تەقاوەکان و خشۆکەکان و ئەفریکاتەکان) دەنگە دەنگدارەکانیان لە کۆتایی وشە و بڕگەکاندا دەنگداری خۆیان لەدەست دەدەن، وەک کپ دەدرکێندرێن. واتە ئەو دەنگانە، کە لە ئارخیفۆنیمدان، هەڵگری نیشانەی [±] واتە نە دەنگدارێکی تەواوە، نە کپێکی تەواوە.

## (٣-٣/١) فۆنیمی ناکەرتی "Supra Segmental phonemes"

پێکهاتە نادیارەکانی ناو گەردوون، کاتێک لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، هەمیشە ڕووبەڕووی گەلێک کۆسپ و تەگەرە دەبێتەوە. لە زمانیشدا ئەو یەکانەی، کە توانای وێنەبۆکردنیان نییە و شکڵ و شـــێوەیان لە نووســـیندا دیاری نەکراوە، ئەوانیش لەو ئەنجامەی دەیدەن بەدەســـتەوە لێڵی و ناڕوونی دەخەنە ڕوو، ئەمەش وای کردوە، کە لەســـەرەتای دۆزینەوەیانەوە تا ئێشـتاش لێکۆڵینەوە کارێکی گران و نادیار بێت. فۆنیمە ناکەرتییەکان لە زماندا فۆرمێکی بۆ دانەنراوە و هەستپێکراوە لە دەربڕیندا و نادیارە لە نووســـیندا، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە وادەکات مرۆڤ بەئاســـانی نەتوانێت فێری زمانی دووەم ببێت و نەتوانیت درک بەو گۆڕانە واتاییانەی، کە لە ئەنجامی فۆنیمە ناکەرتیەکانی زمانەوە دێتە ئاراوە بکات. ئەم فۆنیمانە کارەکانیان لەدوای ڕێکخســـتنی فۆنیمە کەرتێکانەوە دێت، بۆ پێکهێنانی مۆرفیم و بڕگە و وشـــەکان. واتا ڕۆڵ و کاریگەرییەکانیان لەســـەر وشـەکان و بڕگەکان و ڕستەکان دەردەکەوێت، نەک تاکە دەنگێک بەتەنها، هەر چەندە تاکە دەنگێک بەتەنها، هەڵگری جۆرێک لە ئاواز و لەرە و هێزە، بەڵام لەناو دروســـتە بڕگەی و وشـــەکاندا زیاتر ڕۆڵی فۆنیمە ناکەرتییکان دەردەکەوێت.. هاوکات لەبەر هەمان هۆکاریشـــە بەم جۆرە لە فۆنیمەکان دەگوترێت "نیشـــانەی ســـەروو ســـەگمێنتییەکان Suprasegmental Feature" ((ئەو نیشـــانانە دەگرنەوە، کە بەســـەر سـەگمێنتەکاندا "بەسـەر بڕگە و وشـە و ڕسـتەدا" دەکێشـن، کەواتە دەوری نیشـانەی سـەروو سـەگمێنتەکان دەدەن... بەهای نیشـانە سـەروو سـەگمێنتەکان تەنها لە ڕێگەی پەیوەنـدییـانەوە بە دەقە دەنگییەکەی دەوروبەریـانەوە دیـاری دەکرێـت.)) (مەحوی،أ،٢٠٠٨: ٢٦٦). بڕوانینە ئاوازی ئاخاوتنی زمان، کاتێک ڕسـتەیەکی پێدەدرکێندرێت، هەڵوێسـتی ئاخێوەران لە کاتی درکاندنەکەدا دەردەکەوێت، بە جۆری ئاوازەکەیدا دەزانین ڕســـتەکە پرســـیارییە، یان هەواڵێکمان پێڕادەگەیەنێت. واتە بەگشـتی کاتێک لە سـەرەتای درکاندنەکەوە ئاوازی دەنگی ئاخێوەر لە نزمەوە دەسـتیکرد بە دەربڕین، پاشـان وردەوردە لە ناوەڕاسـتی دەربڕینەکەدا بەرز بۆیەوە و گەیشـت بە خاڵی ترۆپک، پاشـــان هەســـت بە کەمبوونەوە و دامرکانەوە کرا لە کۆتایی دەربڕینەکەدا، ئەوا ئەو ڕستەیە ڕستەیەکی هەواڵی دەبێت، بەڵام ئەگەر لە سەرەتای درکاندنەکەوە، لە نزمەوە دەستی کرد بە بەرزبوونەوەی ئاوازەکە و هەر لەو خاڵەدا، کە لە ترۆپکی بەرزیدا کۆتایی پێهات، واتە ئاوازەکەی هەر بە بەرزی کۆتایی بە ڕســـتەکە هێنرا، ئەم ڕســـتەیە پرســـیارییە. وەک لە هێڵکارییەکانی (٣،٤) خراوەتە ڕوو. هێڵکاریی (٣).

١. ڕستەی هەواڵی

خاڵی ترۆپک

خاڵی دەستپێک فەرهاد بۆ بازاڕ ڕۆشت. خاڵی کۆتایی هێڵکاریی (٣)، ئاوازی ڕستەی هەواڵی.

٢. ڕستەی پرسیاری

خاڵی ترۆپک وکۆتایی هێڵکاری(٤)، ئاوازی ڕستەی پرسیاری.

دەستپێک فەرهاد بۆ بازاڕ ڕۆشت؟ (باقری،١٣٧:١٣٩٩).

هاوکات لە بەشـــی دووهەمی لێکۆڵینەوەکاندا، لە دیاریکردنی جۆرەکانی فۆنیمە ناکەرتییەکاندا و لە بەشـی ئاوازەدا، ئەوە دەردەکەوێت، کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەشـێت جیاوازیی زۆر هەبێت لە دیاریکردنی ئاوازی زمانییەکاندا، هاوکات دەکرێت، وشـــەیەک لە ڕســـتەیەکدا بکرێتە ئامانج و جۆری ڕســـتەکانی پێدیاری بکرێت. کەواتە، جۆرەکانی فۆنیمی ناکەرتییەکان بریتین لە (هێز stress و ئاواز Intonation و نێوانەکان Juncture، کە ئەمانیش بۆ وەستاوە Stop و هەڵوەسـتە Pause دابەش دەبن.) هاوکات جۆری تری فۆنیمی ناکەرتی هەیە، بەڵام زۆربەیان پەیوەســـتن بە زانســـتی کێشـــناســـییەوە Metrics" فۆنیمە ناکەرتییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، هاوکات دەکرێت لە زمانێکدا جۆرە فۆنیمێکی کەرتی هەبێت لە زمانەکانی تردا بوونی نەبێت، وەک هەبوونی "تۆن Tone" کە لە هەندێک زماندا، وەک چینی ماندارینی باکوور،"Northern Mandarin Chinese" تۆنێکی تایبەتمەندی فۆنۆلۆژیی گرنگی بە خۆی هەیە، چونکە ئەم تۆنانە هەڵگری واتان و بە گۆڕینی تۆنەکە واتاکەی دەگۆڕێت. بۆ نموونە (٢٣):

بڕگەی [ma] دەتوانێت مانای جیاوازی هەبێت، لەسەر بنەمای تۆنە جیاوازەکانیان واتە.

کاتێک ئاساییە [ma] (–) بەواتای (دایک) دێت.

کاتێک لە خاڵی نزم بۆ بەرزی دەچێت [ma](↑)، بە واتای گەنم دێت.

کاتێک لە خاڵی بەرزەوە بۆ نزم دەچێت [ma] (↓)، بە واتای سەرزەنشتکردن دێت.

کاتێک لەنێوان نزم و بەرزدا یاری دەکات [ma] (↕)، بە واتای ئەســـپ دێت. (دانســـی،٨١:١٣٩٧). هاوکات زمانی کوردی بەو شـــێوەیە نییە، کە تۆنی نەبێت، لە گۆرانی و شـــیعرەکاندا هەیە، بەکار دەهێنرێت، بەڵام وەک ئەوەی لە قســـەکردنی ڕۆژانەدا و لە نووســـیندا بەکار بهێنرێت و ببێتە هۆی گۆڕانی واتا بوونی نییە.

# بەشی دووەم

## دەنگەبیستراوەکان و بڕگەکانی زمانی کوردی

## (١/٢) دەنگە بیستراوەکان

ئەو دەنگە زمانیانەی لە ناو زمانی کوردی دەبیسترێن، دەتوانین پۆلێنبەندی، یاخود دەستنیشان بکرێن، بۆ فۆنیمە کەرتییەکـان"Segmental phonemes و فۆنیمە نـاکەرتییەکـان Supra Segmental phonemes"، هاوکات فۆنیمە کەرتییەکان پێکهاتوون لە (کۆنسنانتەکان و ڤاوڵەکان و نیمچە کۆنسنانتەکان)، هەروەها فۆنیمە ناکەرتییەکان پێکهاتوون لە (هێز stress و ئاوازIntonation و نێوانەکان Juncture)، کە نێوانەکان دابەش دەبن بۆ (وەسـتاوە Stop و هەڵوەسـتە Pause). لەتەک خستنەڕووی دەنگە بیستراوکاندا، ڕۆڵی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەخرێتە ڕوو، لە بەرهەمهێنانی دەنگی زمانیەکاندا.

### (١/٢-١) فۆنیمە کەرتییەکان:

### (١/٢-٢) کۆنسنانتەکان "Consonants"

کۆنسـنانتەکان ئەو دەنگانەن، کە لە کاتی بەرهەمهێنانیاندا، هەوای ناو سـییەکان لە بەربەسـتێک دەدات و بەربەسـتێکی تەواو، یان ناتەواو لە پەڕینەوەی هەوادا دروسـت دەکات، یان بۆ ماوەیەکی کورت بۆری هەوا دادەخات، یان تەسـکی دەکاتەوە لە کاتی بەرهامهاتنیاندا، ئەگەر پێناسـەیەکیتری لەڕوانگەی بڕگەوە بۆ بکرێت، دەوترێت ئەو فۆنیمانەن لە بڕگەکاندا، کە جێکەوتەیان لە سەرەتا، یان لە کۆتا خانەی بڕگەکاندا دەبێت. (رنجبر،ب،١٣٩٤: ١٨). لەسـەر بنەمای بەربەسـتەکان و لەرانەوەی دەنگە ژێیەکان، دەنگە کۆنسـنانتەکان ئاوازی جیاواز پەیدادەکەن، کە دەنگەکانیان لە یەکتری جیایان دەکاتەوە، ئەم ئاوازانەیش کەپەیدادەبن، چەند جۆرێکن، هەندێکجار وەک خاسـیەتێکی دەنگەکان دەردەکەون.

### (٢/-١-٢-١) تەقیوەکان"plosive "

لە ناوەکەیەوە ڕوونە و ئەگەریش بڕواندرێتە، شـێوازی بەرهەمهێنانی دەنگە کۆنسـنانتەکان، کە بە داخسـتنی تەواوەتی ڕێڕەوی هەوای دەنگ دروسـتکەرەکە بۆ ماوەیەکی کورت، هاوکات لە ناکاو کردنەوەی بەربەسـتەکە بە جۆرێـک، کە هەوای گیریخواردوو بە تەقینەوەیەک لە دەمەوە دێتە دەرەوە، ئەوکات دەنگەکە بەرهەم دێت. لە بەرهەمهێنانی دەنگە تەقیوەکان قۆناغی داخستنی تەواوی پێ دەوترێت. واتە سـەرەتا دەبێت ئەندامەکانی ئاخاوتن بۆ بەرهەمهێنانی دەنگەکە بەرەو ئاڕاسـتەی یەکتر بجوڵێن، ئەم قۆناغە پێی دەوترێت ئاراستەکردن. دوورکەوتنەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتن دوای کرانەوەی بەربەسـتەکە پێی دەوترێت ئازادکردن. (قوامی،١٣٩٤: ٣٥). نموونەکانی ژمارە(٢٤تا٣٢) دەنگە تەقیوەکانی زمانی کوردین، بە ئەلفوبێی فۆنەتیکی (IPA)وە.

١.[پ]: یەکێکە لەدەنگە تەقیوەکان، لێوەکان بەربەســت لەبەردەم، ئەو هەوایەی کە لە ســییەکانەوە دەردەچێت دروستدەکەن، بەڵام ژێیەکان نالەرنەوە و هەواکە بەشێوەیەکی تەقیوی کپ دەردەچێت، لەکاتی لابردنی لێوەکان لەسەر یەکتری، واتە دەنگێکی لێوییە.

نموونە (٢٤):

| شوێنیان لە وشەدا | ئەلفوبێی فۆنیمی | ئەلفوبێی فۆنەتیکی (IPA) |
|---|---|---|
| c--- ,---c--- ,---c | / / | [ ] |
| – | /پ/ | [p] |
| ١. ---- c | /پیاو/ | [pyaw] |
| ٢. ---c--- | /داپیرە/ | [dapirə] |
| ٣. c ---- | /تۆپ/ | [top] |

٢. -[ب]: یەکێکە لە دەنگە تەقیوەکان، لێوەکان بەربەســـــت لە هەوا دەگرن و ژێیەکان دەلەرنەوە هەواکە بەشـــێوەیەکی تەقیو دەردەچێت، کە دەنگێکی ژێدارە (دەنگدار) پەیدادەبێت، واتە دەنگیکی لێوییە. بۆ نموونە(٢٥):

| | | |
|---|---|---|
| – | /ب/ | [b] |
| ١. ---- c | /بەهار/ | [bəhar] |
| ٢. ---c--- | /کتێبخانە/ | [ktebxanə] |
| ٣. c ---- | /کتێب/ | [kteb] |

٣- [ت] یەکێکە لە دەنگە تەقیوەکان، کە نووکی زمان دەلکێت بە بەشی پشتەوەی ڕیزی سەرەوەی ددانەکان و بەشـی پێشـەوەی پووکەوە، واتە دەنووسـێت بە خاڵی نێوان پووک و ددانەوە، پاشـان هەوا وروژم دەکات و بەربەسـتەکە بە شـێوەیەکی تەقیو لادەچێت، هاوکات ژێیەکان نالەرنەوە و دەنگێکی کپ پەیدادەبێت، واتە دەنگێکی پووکییە. بۆ نموونە (٢٦):

| | | |
|---|---|---|
| – | /ت/ | [t] |
| ١. ---- c | /ترێ/ | [tre] |
| ٢. ---c--- | /سەرتیپ/ | [sərtip] |
| ٣. c ---- | /دەست/ | [dəst] |

٤- [د] یەکێکە لەدەنگە تەقیوەکان، کە نووکی زمان دەلکێت بە بەشی پشتەوەی ڕیزی سەرەوەی ددانەکان و بەشی پێشەوەی پووکەوە، واتە دەنووسێت بە خاڵی نێوان پووک و ددانەوە پاشان هەوا وروژم دەکات و بەربەستەکە بەشێوەیەکی تەقیو لادەچێت، ژێیەکان دەلەرنەوە و دەنگێکی (دەنگدار) پەیدا دەبێت، واتە دەنگێکی پووکییە. بۆ نموونە (٢٧):

| | | |
|---|---|---|
| – | /د/ | [ d ] |
| ١. c ---- | /دەریا/ | [dərya] |
| ٢. ---c--- | /دیدار/ | [didar] |
| ٣. ---- c | /بەرد/ | [bərd] |

٥- [ ک] یەکێکە لەدەنگە تەقیوەکان، کاتێک بەشی دواوەی زمان دەلکێت بە مەڵاشووی نەرمەوە بەربەستێک لە هەوا دروست دەبێت، واتە دەنگێکی تەقیوی بێ ژێداری (کپ) دروست دەبێت، واتە دەنگێکی مەڵاشووی و مەڵاشووی نەرمەیە. بۆ نموونە (٢٨):

| | | |
|---|---|---|
| – | /ک/ | [k] |
| ١. c ---- | /کڵاو/ | [kɫaw] |
| ٢. ---c--- | /کەرکوک/ | [kərkuk] |
| ٣. ---- c | /ڕووناک/ | [ʀuːnak] |

٦- [ گ] یەکێکە لە دەنگە تەقیوەکان، کاتێک بەشی دواوەی زمان دەلکێت بە مەڵاشووی نەرمەوە بەربەستێک لە هەوا دروست دەبێت، دەنگێکی تەقیوی ژێداری (دەنگدار) دروست دەبێت، واتە دەنگێکی مەڵاشوی و مەڵاشوی نەرمەیە. بۆ نموونە (٢٩):

| | | |
|---|---|---|
| – | /گ/ | [g] |
| ١. c ---- | /گوڵان/ | [guɫan] |
| ٢. ---c--- | /یادگار/ | [yadgar] |
| ٣. ---- c | /سەگ/ | [ səg ] |

٧-[ق] یەکێکە لەدەنگە تەقیوەکان، کە نەرمەگۆشتی دواوەی مەڵاشوو لە تەک مەڵاشووی نەرم و دواوەی زمان دەتوانن، ئەم دەنگە دروست بکەن. کە لە ئەنجامی پیالکانی دواوەی زمان بە

نەرمەگۆشـــتی دواوەی مەڵاشـــوو، کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دەنگێکی تەقیوی بێ ژێیی کپ. واتە دەنگێکی نەرمە گۆشتی دواوەی مەڵاشووە. بۆ نموونە (٣٠):

| | | |
|---|---|---|
| - | /ق/ | [q] |
| ١. c ---- | /قاچ/ | [qatʒ] |
| ٢. ---c--- | /خانەقین/ | [xanəqin] |
| ٣. ---- c | /ڕەق/ | [ʀəq] |

٨- [ئ] یەکێکە لە دەنگە تەقیوەکان، گەروو بە هاوکاری لە تەک ڕەگی زماندا، دەنگەکە دروســــت دەکات، واتە دەنگێکی گەروویيە، بۆ نموونە(٣١):

| | | |
|---|---|---|
| - | /ئ/ | [ʔ] |
| ١. c ---- | /ئاو/ | [ʔaw] |
| ٢. ---c--- | /قورئان/ | [quːrʔan] |
| ٣. ---- c | /نەء/ | [nəʔ] |

٩- [ع] یەکێکە لە دەنگە تەقیوەکان، گەروو بە هاوکاری لە تەک ڕەگی زماندا، دەنگەکە دروســــت دەکات، واتە دەنگێکی گەروویيە، بۆ نموونە (٣٢):

| | | |
|---|---|---|
| - | /ع/ | [ʕ] |
| ١. c ---- | /عەزیز/ | [ʕəziz] |
| ٢. ---c--- | /عەرعەر/ | [ʕərʕər] |
| ٣. ---- c | /قانیع/ | [qaniʕ] |

## (٢-٢-١/٢) خشۆکەکان"fricatives"

ئەمجۆرە لە دەنگەکـان ژمـارەیەکی زۆری دەنـگ بەرهەمـدەهێنن. دەنگە خشـــۆکەکـان بە پێچەوانەوەی دەنگە تەقیوەکانەوە، هەوای لە ســـی هاتوو بەربەســـتی بۆ دروســـت نابێت، بەڵکو لێخشاندن دروست دەکات، یان دەنگە خشۆکەکان (دروست دەبن بە شێوەیەک، کە تەسکبوونەوەی هەوایە لە دەرەوەی سییەکان و لە شوێنێک لە شوێنەکانی بۆری هەوادا پەیدا دەبێت، پاشان هەواکە تیـدەپەڕێت بە ڕێڕەوێکی تەســـکدا، لە کـاتی دەرچوونیـدا دەنێگێکی خشـــۆک پەیـدا دەکـات.)

(بشـــــر،٢٠٠٠:٢٩٧)، هـاوكـات بە هۆی تەســـــكبوونەوەكەوە، ئەندامەكانی ئاخـاوتنیش لە یەكتری نزیكدەببنەوە و لە كاتێكدا ئەم هەوایە تێدەپەڕێت، لە ئەنجامدا چەند جۆرێكی دەنگە خشـــۆكەكان پەیدا دەبێت. وەک لە نموونەكانی (٣٣بۆ٤٢) دەردەكەون.

**(أ)**

لەم بەشەدا، دەنگە خشۆكەكانی [ف] و [ڤ] دروست دەكرێن. كاتێک لێوی خوارەوە بەرز دەبێتەوە تـا ئەنـدازەی بەركەوتنی بە لێواری خوارووی ڕیزی ســــەرەوەیی ددانەكـان دەكەوێـت، ئەوكـات بەربەسـتی هەوا تەسـكەبێتەوە، كەواتە دەنگێكی خشـۆک دەردەچێت، بەڵام لە دەنگی [ڤ] ژێیەكانی ناو قورگ دەلەرنەوەوە، دەنگێكی دەنگدار دەبێت، هەروەها دەنگی [ف] لە كاتی دروســـت بوونیاندا ژێیەكان نالەرنەوە، دەنگی كپ پەیدادەبێت.

نموونەی (٣٣):

| | | |
|---|---|---|
| – | /ف/ | [f] |
| ١. c –––– | /فەرهەنگ/ | [fərhəng] |
| ٢. –––c––– | /بەفر/ | [bəfr] |
| ٣. –––– c | /ماف/ | [maf] |

نموونەی (٣٤):

| | | |
|---|---|---|
| – | /ڤ/ | [v] |
| ١. c –––– | /ڤینۆس/ | [vinos] |
| ٢. –––c––– | /هەڤاڵ/ | [həvaɫ] |
| ٣. –––– c | /مرۆڤ/ | [mrov] |

**(ب)**

لەم بەشـــەدا، دەنگی خشـــۆكی[س] دروســـت دەبێت. كاتێک نووكی زمان لە پووک نزیک دەبێتەوە، هاوكات بۆشـایی دەرچوون لە بەردەم هەوای دەرچوو تەسـكدەبێتەوە و هەواكە بە ناچاری لەو لە ئەندامەكان دەخشێت، هاوكات ژێیەكان نالەرنەوە و دەنگێكی كپ دروست دەكەن.

نموونەی(٣٥):

| | | |
|---|---|---|
| – | /س/ | [s] |

١. c ---- /سارا/ [sara]

٢. ---c--- /ماست/ [mast]

٣. ---- c /داس/ [das]

دەنگی خشۆکی [ز] دروست دەبێت، کاتێک نووکی زمان لە پووک نزیک دەبێتەوە، هاوکات بۆشایی دەرچوون لە بەردەم هەوای دەرچوو تەسکدەبێتەوە، هەواکە بە ناچاری لەو ئەندامەکان دەخشێت، هاوکات ژێیەکان دەلەرنەوە و دەنگێکی دەنگدار دروست دەکەن.

نموونەی (٣٦):

- /ز/ [z]

١. c ---- /زانا/ [zana]

٢. ---c--- /ئازاد/ [ʔazad]

٣. ---- c /ئازیز/ [ʔaziz]

دەنگی خشۆکی [ ش] دروست دەکرێت، کاتێک بەشی ناوەڕاستی زمان بەرز دەبێتەوە بۆ دواوەیی پووک سەرەتایی مەڵاشووە ڕەقە، لە ئەنجامی وروژمیی هەوادا، ژێییەکان نالەرنەوە و دەنگێکی خشۆکی کپ دروست دەبێت.

نموونەی(٣٧):

- /ش/ [ʃ]

١. c ---- /شەن/ [ʃən]

٢. ---c--- /چێشتخانە/ [tʃeʃtxanə]

٣. ---- c /دارتاش/ [dartaʃ]

دەنگی خشۆکی [ژ] دروست دەکرێت، کاتێک بەشی ناوەڕاستی زمان بەرزدەبێتەوە بۆ دواوەی پووک سەرەتایی مڵاشووە ڕەقە، لە ئەنجامی وروژمیی هەوادا، ژێییەکان دەلەرنەوە و دەنگێکی خشۆکی دەنگدار دروست دەبێت.

نموونەی(٣٨):

- /ژ/ [ʒ]

| | | |
|---|---|---|
| ١. c ---- | /ژوان/ | [ʒwan] |
| ٢. ---c--- | /کەژاڵ/ | [kəʒaɫ] |
| ٣. ---- c | /مێوژ/ | [mewʒ] |

**(پ)**

لەم بەشەدا، دەنگی خشۆکی [ خ] دروست دەبێت، کاتێک بەشی دواوەی زمان بەرانبەر مەڵاشووی نەرم دەوەستێت، ڕێڕەوی هەواکە تەسک دەبێتەوە، هەوای لە قوڕگەوە دەرچوو بەناو بەندی هەردوو بەشی دواوەی زمان و مەڵاشووی نەرمدا تێدەپەڕێت و دەنگێکی خشۆکی بێ ژێیی (کپ) دەردەچێت. چونکە ژێییەکان نالەرنەوە.

نموونەی(٣٩):

| | | |
|---|---|---|
| – | /خ/ | [x] |
| ١. c ---- | /خەرمان/ | [xərman] |
| ٢. ---c--- | /بەختیار/ | [bəxtyar] |
| ٣. ---- c | /شاخ/ | [ʃax] |

دەنگی خشۆکی [ غ] دروست دەبێت، کاتێک بەشی دواوەی زمان بەرانبەر مەڵاشووی نەرم دەوەستێت، ڕێڕەوی هەواکە تەسک دەبێتەوە، هەوای لە قوڕگەوە دەرچوو بە ناو بەندی هەردوو بەشەی دواوەی زمان و مەڵاشووی نەرمدا تێدەپەڕێت و دەنگێکی مەڵاشووی نەرمە و خشۆکی ژێداری (دەنگدار) دەردەچێت.

نموونەی(٤٠):

| | | |
|---|---|---|
| – | /غ/ | [ɣ] |
| ١. c ---- | /غەزەل/ | [ɣəzəl] |
| ٢. ---c--- | /بەغداد/ | [bəɣdad] |
| ٣. ---- c | /قەرەداغ/ | [qərədaɣ] |

–دەنگی خشۆکی [ح] دروست دەکرێت، کاتێک لە ڕێگەی ئەندامی گەروو بە هاوکاریی لەتەک ڕەگی زمان دەنگەکە دروست دەکات، واتە دەنگێکی گەروویییە.

نموونە (٤١):

| | | |
|---|---|---|
| – | /ح/ | [ɦ] |
| ١. c ---- | /حەسەن/ | [ɦəsən] |
| ٢. ---c--- | /موحسین/ | [muɦsin] |
| ٣. ---- c | /فەتاح/ | [fətaɦ] |

دەنگی خشۆکی [هـ] دروست دەبێت، بە هۆی بۆشایی گەروو و زمانە بچکۆلەوە.

نموونەی (٤٢):

| | | |
|---|---|---|
| – | /هـ/ | [h] |
| ١. c ---- | /هەنار/ | [hənar] |
| ٢. ---c--- | /بەهرە/ | [bəhrə] |
| ٣. ---- c | /گوناهـ/ | [gunah] |

## (٢/١-٢-٣) ئەفریکاتەکان "Affricate"

کاتێک دەگوترێت دەنگە وەستاوەکان بەرانبەری دەنگێکی خشۆک هەیە، واتە لە ڕووی دروستبوونیانەوە، لە دەنگە خشۆکەکاندا، کە هەوایەکی بەردەوام هاتووە، بە بەرکەوتەیان بە ئەندامەکانی ئاخاوتن پەیدادەبن، ئەندامەکانی زمان و مەلاشوو لەم ڕۆڵەدا، تەنها هەوڵی نزیکبوونەوە لەیەکتری دەدەن، هاوکات دەنگە تەقیوەکان بەپێچەوانەی ئەم پرۆسەییە هەوا بەشێوەی بەردەوام نییە و بەڵکو وەستاوە و لەشێوەی تەقینەوەدا دەردەچێت، بەڵام دەنگی ئەفریکات لە نێوان دروستبوونی ئەم دوو دەنگەدان پەیدا دەبێت، واتە کاتێک دوو ئەندامەکە مەلاشوو و زمان بەیەکدا دەنوسێن، ئەگەر هاتوو ئەم دوو ئەندامە بە بەهێزی بەربەستەکە لادەبرێت دەنگێکی تەقیوە، بەڵام ئەگەر ئەم جیابوونەوەیە بە شێوەیەکی هێواش ڕوو بدات، دەنگێکی خشۆکی هاوڕێ لە تەک دەنگە تەقاوەکەدا پەیدا دەکات، ئەو دەنگەی کە بەم شێوەیە دروست دەبێت پێی دەڵێن ئەفریکاتەکان. (بشر، ٢٠٠٠: ٣١٠). کەواتە، دەنگە ئەفریکاتەکان لەنێوان هەردوو دەنگی تەقیوەکان و خشۆکەکاندا پەیدادەبن، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا زۆرکات دەنگە ئەفریکاتەکان دەگۆڕێن، واتە لەنێوان ئەفریکاتەکانی [ج] و [چ]دا، لەتی دەکەن و دەنگێکی خشۆک هەڵدەبژێرن لەبری ئەمان دەیدرکێنن، وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت.

نموونە (٤٣):

<چارلی> ← [شارلی]   [ʃarli]

واتە دەنگی [چ] بە [ش] دەدرکێنن، هاوکات لە ناو شێوەزارەکانی سوری و لوبنانیدا گۆڕانکاری تر بەرچاودەکەوێت، وەک گۆڕینی دەنگی [ج] بە [ ژ]، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. نموونە(٤٤):

١- <جۆک> ← [ژۆک]  [ʒok]

٢- <جمال> ← [ژمال]  [ʒmal]

هاوکات کاریگەری ئەم گۆڕانکاریانەش بەسەر هەندێک لەوشەکانی زمانی کوردیشدا دەردەکەوێت، واتە لەجیاتی ئەفریکاتی [ج] بدرکێندرێت دەیگۆڕن بۆ دەنگێکی خشۆکی دەنگداری [ژ]، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

نموونەی (٤٥):

١- <کۆلێج> ← کۆلێژ

٢-<مرفۆلۆجی> ← مۆرفۆلۆژی

٣- <فۆنۆلۆجی> ← فۆنۆلۆژی

٤- <لیجنە> ← لیژنە

دەنگە ئەفریکاتەکان دوو جۆری لە زمانی کوردیدا هەیە، وەک نموونەکانی (٤٦ و٤٧ ) دەردەکەون.

دەنگی ئەفریکاتی [چ] دروست دەبێت، کاتێک بەشی ناوەڕاستی زمان بە دواوەی پووک و سەرەتای مەڵاشوودا دەلکێت بەربەستی هەوا دروست دەکات، پاشان کە ناوەڕاستی زمان کەمێک بەربەستەکە ناهێڵێت هەوا وروژم دەکات و لەو کاتەدا دەنگێکی بێ ژێیی کپ دروست دەبێت، کە نزیکایەتیی هەیە، لە نێوان هەردوو دەنگی [ت، ش].

نموونەی(٤٦):

| | | |
|---|---|---|
| – | /چ/ | [tʃ] |
| ١. c ---- | /چەکوش/ | [tʃəkuʃ] |
| ٢. ---c--- | /سەرچڵ/ | [sərtʃɫ] |
| ٣. ---- c | /کۆچ/ | [kotʃ] |

دەنگی ئەفریکاتی [ج] دروست دەبێت، کاتێک بەشی ناوەڕاستی زمان بە دواوەی پووک و سەرەتای مەڵاشـــوودا دەلکێت، بەربەســـتی هەوا دروســـت دەکات، پاشـــان کە ناوەڕاســـتی زمان کەمێک بەربەســـتەکە ناهێڵێت هەوا وروژم دەکات و لەو کاتەدا دەنگێکی ژێداری کپ دروســـت دەبێت، کە نزیکایەتیی هەیە لە نێوان هەردوو دەنگی [د، ژ].

نموونەی(٤٧)

| | | |
|---|---|---|
| - | /ج/ | [dʒ] |
| ١. c ---- | /جوان/ | [dʒwan] |
| ٢. ---c--- | /جاڵجاڵۆکە/ | [dʒaɫdʒaɫokə] |
| ٣. ---- c | /ئامانج/ | [ʔamandʒ] |

## (٤-٢-١/٢) لووتییەکان "Nasals sounds"

چۆنێتی دروســـتبوونی، ئەم جۆرە دەنگانە لە زمانەکاندا، بە شـــێوەی تێپەڕبوونی هەوایە بۆ دەرەوە، بە بێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ بەربەســـتێک ببێتەوە، بەڵام هەواکە لە ڕێگەی ڕێڕەوەکانی لووتەوە دەردەکرێنە دەرەوە. جیاواز لە دەنگەکانیتر، کە لە لەڕێگەی دەمەوەیە. کەواتە، بۆشاییەکانی لووت لە بەرهەمهێنانی ئەم دەنگانەدا ڕۆڵی سـەرەکی دەگێڕن، چونکە (بۆشـایی لووت لە سـەرووی قوڕگەوە هەڵکەوتووە. هاوکات بۆشـای لووت پەیوەندییان بە کونەکانی لووتەوە لە پێشـەوە هەیە و بە قوڕگەوە لە دواوە، نەرمە مەڵاشـوویش لەو ناوچەیەدا وەک دەرگایەک وایە، بۆ بۆشـایی لووت، ئەمەش بەو واتایەی، کە بەهاتنە خوارەوی نەرمە مەڵاشـــوو، ڕاڕەوێک بۆ گەیشـــتنی گەروو بۆ بۆشـای لووت پەیدا دەکات، کاتێکیش نەرمە مەڵاشـوو بەرز دەبێتەوە، بەربەسـتێک بۆ تێپەڕبوونی هەوا بۆ بۆشـــاییەکانی لووت پەیدادەکات.) (ثمرە،١٣٩٩: ١٧). کەواتە لە کاتی دروســـتکردنی دەنگەکاندا، وروژمی هەواکە، لە دەمەوە بۆ درکاندن دادەخرێت، لە ڕێگەی بۆشـــایی لووتەوە بێبەربەســـتی نەرمە مەڵاشـــوو دەردەچێت، دەنگێکی لووتی بەرهەم دەهێنرێت، وەک دەنگەکانی نموونەکانی (٤٨ تا٤٩) دەردەکەوێت.

دەنگی لووتی [م] پەیدا دەبێت، کاتێک هەوا لە قوڕگەوە بەرز دەبێتەوە، ژێیەکان لە یەکتری نزیک دەبنەوە، پاشـــان دەلەرنەوە، هاوکات نەرمەمەڵاشـــوو بەیارمەتی نەرمەگۆشـــتی دوای مەڵاشـــوو دادەبەزێت و لەتەک بەشـــی دواوەی زماندا، ڕێگە لە هەواکە دەگرن، کە بچێتە ناو بۆشـــایی دەم لەبەر هەمان هۆکار، ئاڕاســـتەی هەوا بەرە و بۆشـــایی لووت دەچێت و لە وێشـــوە بۆ دەرەوەی

لووت، هاوكات ليوەكانيش كرانەوە و داخرانەوەيەك، لەشـــيوەى پانبوونەوەى ليوەكان، ئەنجامى دەدەن. كەواتە سازگەى دروستبوونيان ليوييە، واتە دەنگيكى ليويى دەنگدارە.

نموونە (٤٨):

| | | |
|---|---|---|
| - | /م/ | [m] |
| ١. c ---- | /مەريوان/ | [məriwan] |
| ٢. ---c--- | /نەرمين/ | [nərmin] |
| ٣. ---- c | /ئارام/ | [ʔaram] |

دەنگى لووتى[ن] پەيدا دەبيت، كاتيك هەوا لە قورگەوە بەرز دەبيتەوە، ژييەكان لە يەكترى نزيك دەبنەوە، پاشـــان دەلەرنەوە، هاوكات نەرمەمەلاشـــوو بە يارمەتيى نەرمەگۆشـــتى دواى مەلاشـــوو دادەبەزيت و لەتەك بەشـــى دواوەى زماندا ريگە لە هەواكە دەگرن، كە بچيتە ناو بۆشـــايى دەم، لەبەر هەمان هۆكار، ئاراســـتەى هەوا بەرە و بۆشـــايى لووت دەچيت و لەويشـــەوە بۆ دەرەوەى لووت، هاوكات ليوەكانيش كرانەوە و داخرانەوەيەك، بە شـــيوەى خڕبوونەوەى ليوەكان، ئەنجامى دەدەن. كەواتە سازگەى دروستبوونيان پووكييە، واتە دەنگيكى پووكى دەنگدارە.

بۆ نموونە (٤٩):

| | | |
|---|---|---|
| - | /ن/ | [n] |
| ١. c ---- | /نارين/ | [narin] |
| ٢. ---c--- | /هەنسك/ | [hənsk] |
| ٣. ---- c | /نەريمان/ | [nəriman] |

## (٥-٢-١/٢) لاييەكان "lateral sounds"

ئەم جۆرە لە كۆنسنانتەكاندا، كاتيك هەوا لە سييەوە هاتوو، بۆ ناو بۆشايى دەم تيدەپەريت، لە ئەنجامى بەرزبوونەوەى نووكى زمان و نوسـانى بە مەلاشـوودا، هەوا هاتووەكە بەناچارى بەم لاو ئەولاى زماندا تيدەپەريتە دەرەوە. ((لە بەرهەمهينانى ئەم دەنگانەدا، لە ناوەراســـتى بۆشـــايى ناو دەمدا، داخســـتنيك دروســـتدەبيت و لە ئەنجاميدا وروژمى بايەكە بەم لاو ئەولاى زماندا تيدەپەريتە دەرەوە.)) (قادر،٢٠٠٨: ٤١)، ئەمەش وادەكات دەنگەكان بە شيوەيەكى خشۆك هەستى پيبكريت، لە بەر هەمان هۆكاريش، دووجۆرى ليدەبيتەوە: ((يەكەم دەنگە لاييە خشـــۆكەكان، لە زمانى كورديدا

دەنگی [ڵ] لەم جۆرە دەنگانەیە، دووەم دەنگە لاییە ناخشۆکەکان، لە زمانی کوردیدا دەنگی [ل] لەم جۆرە دەنگانەیە.)) (دزەیی،٢٠١٥: ٤٧). نموونەی ئەم جۆرە دەنگانە، لە نموونەکانی (٥٠ تا ٥١) دەردەکەوێت.

دەنگە لاییەکانی [ ل] لە کاتی دروستبوونیدا، بەربەستێک لە بەردەم هەوا دروست دەبێت، بە هۆی بە یەکگەشتنی سەری زمان و بەشی پشتەوەی ددانەکانی سەرەوە، یان پووک، کە ڕێگە بەچوونە دەرەوەی هەوا نادەن، بەڵام لایەکی یاخود هەردوو لاکانی زمان دادابەزێت و ناوەڕاستی زمان بەرز دەبێتەوە، کە بە هۆیەوە هەوای هاتوو دەتوانێت وروژم بکات، بۆ دەروەی دەم، کە لە ڕێگەیەوە دەنگێکی ژێداری (دەنگدار) دروست دەبێت، بە هەمان شێوەش بۆ دەنگی [ڵ] دروستە.

نموونەی (٥٠)

| | | |
|---|---|---|
| – | /ل/ | [l] |
| ١. c ---- | /لیره/ | [lirə] |
| ٢. ---c--- | /مەیلی/ | [məyli] |
| ٣. c ---- | /مەل/ | [məl] |

نموونەی (٥١)

| | | |
|---|---|---|
| – | /ڵ/ | [ ɫ ] |
| ١. . ---c--- | /کاڵەک/ | [kaɫək] |
| ٢ c ---- | /دڵ/ | [ diɫ ] |

## (٦-٢-١/٢) لەراوەکان "Vibrants sounds"

ڕێگەی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە لە دەنگە کۆنسنانتەکان بە شێوەیەکە، کە ئەندامەکانی ئاخاوتنی هەریەکە لە (زمانی بچووک، یان نووکی زمان) بەربەستی زۆر کورت، یاخود کەمخایەن دروست دەکەن، لە درکاندنیاندا بە جۆرێک دەردەکەون، وەک ئەوەی لەناو لەرە لەرێکی بەردەوامدابن، کە بە هۆی لێدانە بەردەوامەکانی نووکی زمان لە مەڵاشووەوە دەبێت، یاخود (ئەم جۆرە کۆنسنانتانە لە ڕووی ئەندامەکانی بەرهەمهێنانی دەنگەوە، دوو جۆری هەیە: پێشەوە واتە لە ڕێگەی نووکی زمان (لە زمانی کوردیدا دەنگی[ڕ] دەگرێتەوە)، دواوەش لە ڕێگەی زمانە بچکۆلەوە، یان نەرمەمەڵاشووەوە (لە زمانی کوردیدا دەنگی [ر] دەگرێتەوە). هاوکات لە ڕێگەی نووکی زمانەوە

کە، دەنگی [ڕ] بە شـــێوەیەک بەرهەم دێت، کە نووکی زمان بەرکەوتەی هەیە، لە تەک پووکدا، ئەمەش بە هۆی ئەو پەســـتانی ڕۆیشـــتنی هەوایەوە دەکرێت، کە پاڵ بە زمانەوە دەنێت بەرەو پێشەوە، بە هۆی بە لاستیکیبوونی زمانەوە، زمان دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی سەرەتای خۆی و هەمان جووڵە تا چوار یان پێنج جار دووبارە دەبێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو هێزە کە بەشـــدارە لە بەرهەمهێنانی دەنگەکەدا.) (مالمبرگ،١٣٨٨: ٥٧-٥٨)، هاوکات ئەم بەرکەوتنە زۆرە، بە جۆرێکە کە بە هەندێک پەســـتانی هەوا، نووکی زمان لە پووک جیا دەبێتەوە واتە بۆشـــاییەک پەیدا دەکات، لە هەمانکاتدا پشتی زمان کەمێک بەرز دەبێتەوە، بە جۆرێک چەماوەیەکی کەم لە بەشی ناوەڕاستی زماندا دروســـت دەبێت، هەردوو لای زمان بە دیواری ددانەکانی ســـەرەوەدا، جۆرە لکانێک پەیدا دەکەن. نەرمەمەڵشـــوو لە دۆخێکی بەرز بوونە وەدایە و ڕێگەرە لە تێپەڕبوونی هەوا لە ڕێگەی لووتەوە، هاوکات لێوەکان لە دۆخێکدا دەبن، کە خۆیان بۆ بەرهەمهێنانی دەنگی داهاتوو ئامادە بکەن، ئەگەر بەدوایدا ڤاوڵەکانی / u , o / بێت، لێوەکان بۆ پێشەوە دێن و دەڕۆن. لە کاتی جووڵە یەک لە دوای یەکەکانی نووکی زماندا، هەوا لە سەر بەشی سەرەوەی پووک دەڕژێتە دەرەوە. ئەم پێکدادانە خێرا و بەردەوامانە لە شێوەی لەراوە یان لەرزینی نووکی زماندا دەردەکەوێت، هەر بۆیە بەم جۆرانەی دەنگ دەوترێت دەنگە لەراوەکان. (ثمره،١٣٩٩: ٦٧). کاتێک ئەم درکاندنانە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، هەندێک زمان هەیە، کە ئەم دەنگە بە هەر جۆرە درکاندنێکیان، یان بەکارهێنانی هەر کام لە ئەلۆفۆنەکانی ئەم فۆنیمە، کاریگەریی لە واتای وشەکانیان ناکات، واتە بە یەک فۆنیم لێی دەڕوانن، وەک لە زمانی عەرەبی و فارســـی و ئینگلیزیدا دەردەکەوێت، بەڵام لە هەندێک زماندا تەنها بە لاوازکردنی ئەم دەنگە واتا دەگۆڕێت، واتە لاوازی بێژەکردنی ئەم جۆرە کۆنسـنانتانە، لە هەندێک زمان و زاراوەدا جیاوازە، کە ئەمەش جۆری دووەمی بەرهەم هێنانەکەیە، ((لە ڕێگەی لەرینەوەی زمانە چکۆلەوە، بە جۆرێک کە لەرەلەرە زۆرەکە نامێنێت، نووکی زمان لەبریی دروستکردنی لێدان و دروستکردنی بەربەست، بەڵکو بە شێوەیەکی تەواوەتی ڕێگری لە تێپەڕبوونی هەواکە ناکات، دەنگێکی لەراوەی نەرم بەرهەم دەهێنێت. ئەم کۆنسنانتانە کۆنسنانتێکی لەراوەی تۆخ یان قەڵەو نییە، بەڵکو نزیکن لە دەنگە خشـــۆکەکانەوە زۆرکات بەو جۆرە لێیان دەڕوانردرێت.)) ( مالمبرگ،١٣٨٨: ٥٧-٥٨)، ئەم دەنگەش، دەنگی [ر] لە زمانی کوردیدا، فۆنیمێکی سەربەخۆیە و واتاگۆڕە. نموونەکانی دەنگە لەراوەکان، لە نموونەکانی (٥٢ تا ٥٣) دەردەکەوێت.

نموونەی (٥٢)

| | | |
|---|---|---|
| - | /ر/ | [r] |
| ١. ---c--- | /بەرد/ | [bərd] |
| ٢. c ---- | /مار/ | [mar] |

نموونەی (٥٣)

| | | |
|---|---|---|
| - | /ڕ/ | [ʀ] |
| ١. c ---- | /ڕوانگە/ | [ʀwangə] |
| ٢. ---c--- | /دواڕۆژ/ | [dwaʀoʒ] |
| ٣. ---- c | /زێڕ/ | [ zeʀ ] |

## (٣-١/٢) نیمچە کۆنسنانتەکان "Semi-Consonant"

ئەم جۆرە دەنگانە، لە زماندا ئەرکێکی جیاوازیان هەیە، جیاواز لە هەموو دەنگەکانی تری زمان، ئەویش پڕکردنەوەی هەندێک بۆشـــایی دەنگییە، لە هەندێک زماندا، ئەم بۆشـــاییانە زیاتر لە دروســـتکردنی بڕگە و پێکهاتەی بڕگەدا دەردەکەون، واتە ڕۆڵ و کاریگەریی هەبوونی ئەم دەنگانە لە پێکهاتەی بڕگەکاندا دەردەکەوێت، ئەمەش پەیوەستە بەو خاڵەوەی، کە زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی، کە ڕێگە بە دروســـتبوونی دوو دەنگی ڤاوڵ نادات، کە بەدوای یەکتریدا بێن، ئەگەر لە تایبەتمەندییەکانی نیمچە کۆنســـنانتەکان لەناو بڕگەی زمانی کوردیدا لێی بڕواندرێت، کە ((مژاری فۆنیمی (نیمچە کۆنسناتەکان) جیاوازە لە فۆنیمە ئاساییەکان، چونکە هەردوو جەمسەری چالاکە لە کارلێکی دەنگســـازیدا. واتە ســـەری چالاکە وەک ســـەری (ڤاوڵەکان) و کلکی چالاکە وەک کلکی (کۆنســـنانتەکان). واتە فۆنیمێکی گونجێنەرە لە نێوان (ڤاوڵ و کۆنســـناتەکان)دا.)) (بابان،٢٠١٨: ٦٢). کەواتە، ئەگەر لە ڕوانگەی فۆنەتیکییەوە، لەم دەنگانە بڕواندرێت، چۆنیەتیی درکاندنی دەنگەکانی نیمچە کۆنســنانت هەمان پەســنی و درکاندنیان هەیە، هاوکات لە ڕووی فۆرمیشــەوە، هەمان پیتی ڤاوڵەکانن، بەڵام لە ئەرکیاندا دەوری کۆنســـنانتەکان دەگێڕن لە چوارچێوەی بڕگەدا. نیمچە کۆنسنانتەکان لە نموونەکانی (٥٤ تا ٥٥) دەخرێتە ڕوو.

کاتێک پێشەوەی زمان بەر ڕەقە مەڵاشوو دەکەوێت، دەنگی نیمچە کۆنسنانتی [ی] دروست دەبێت، تاڵەژێییەکان دەلەرنەوە، دەنگێکی دەنگدار دەردەچێت.

نموونەی (٥٤):

| | | |
|---|---|---|
| - | /ی/ | [y] |
| ١. c ---- | /یار/ | [yar] |
| ٢. ---c--- | /ژیان/ | [ʒyan] |

| | | |
|---|---|---|
| ٣. ---- c | /نەی/ | [nəy] |

هاوکات بە خڕکردنەوەی هەردوو لێوەکان، پاشان بە هاوکاریی مەڵاشووی نەرم و بەشی دواوەی زمان، دەنگی نیمچە کۆنسنانتی [ و] بەرهەم دێت، کە دەنگێکی ژێداری دەنگدارە.

نموونەی (٥٥):

| | | |
|---|---|---|
| - | /و/ | [w] |
| ١. c ---- | /وەرز/ | [wərz] |
| ٢. ---c--- | /کاوە/ | [kawə] |
| ٣. ---- c | /دێراو/ | [deraw] |

## (٤-١/٢) ڤاوڵەکان "Vowels"

ئەم جۆرە دەنگانە، لە کاتی بەرهەمهێنانیدا، هەوای لە سییەوە هاتوو هیچ بەر بەستێکیان بۆ دروست نابێت، ڕێڕەوی هەوا کراوە دەبێت. یان(ئەو دەنگانەن کە لە گەرووداو، بە یارمەتیی لەرینەوەی ژێیەکان دروست دەبن، ڕووبەڕووی هیچ ئاستەنگێک نەبێتەوە، لە گواستنەوەیاندا، لە بۆشایی دەم و ئەندامەکانی قسەکردندا، بە واتایەکی تر ڤاوڵەکان ئەو دەنگانەن، کە لە لەرزینەکانی تاڵەژێکانی دەنگەوە سەر هەڵدەدەن و بەناو بۆشایی دەمدا تێدەپەڕن بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ ئاستەنگێک ببنەوە. شوێنی دەم و لێو و زمان کاریگەریی هەیە، لەسەر چۆنیەتیی دەنگی ڤاوڵەکان.) (باقری،١٣٩٩: ١٠٤). هاوکات لە کاتی دروستبوونی ئەم دەنگانەدا، ڕێڕەوی هەوای لووت بە هۆی نەرمەمەڵاشووە دەگیرێت و بەو هۆیەوە تێپەڕبوونی هەوا تەنها لە ڕێگەی دەمەوە ڕوو دەدات.

ڤاوڵەکان پەیوەستن بە چەند کردەیەکی بچووکی ئەندامەکانی ئاخاوتن لە بەرهەمهێنانیاندا، چونکە لە تێپەرینی هەوادا بەربەستیان بۆ دروست نابێت، هاوکات بە هۆی چەند کردەیەکی کەمی ئەندامەکانەوە، دەنگە ڤاوڵەکان دەگۆڕێت و دەنگی جیاواز بەرهەم دەهێنن، لە بەر هەمان هۆکاریش سێ بنەما دانراوە، بۆ پەیدابوونی جۆراوجۆری دەنگە ڤاوڵەکان.

١. ئەو بەشانەی زمان کە بەشدارن لە بەرهەمهێنانی ڤاوڵەکاندا: لە ڕاستیدا زمان گرنگترین ئەندامی ئاخاوتنە بۆ بەرهەمهێنانی دەنگە ڤاوڵەکان، چونکە زمان دوو تایبەتمەندیی گرنگ بۆ جیاکردنەوەی ڤاوڵەکان دەخاتە ڕوو، یەکێکیان تایبەتمەندیی (پێشەوە و ناوەڕاست و دواوەی) زمانە، ئەوی دیکەیان تایبەتمەندیی (کراوە و داخراوە)ی ڤاوڵەکانە. ئەو بەشەی زمان، کە لە بەرهەمهێنانی بزوێنەکاندا بەشدارە، بنەمای تایبەتمەندی یەکەمە، هاوکات بەرزی زمان، یان دووری و مەودای

زمان له دەمدا، سـەر بە بنەمای تایبەتمەندی دووەمە. لە تایبەتمەندی یەکەم دا، ئەگەر پێشـەوەی زمان و ڕەقە مەلاشـوو ئەندامەکانی بەرهەمهێنانی ڤاوڵەکانبن، ئەوا بەم ڤاولانە دەوترێت پێشـەوەی زمانی، (کە لە زمانی کوردیدا [ی،ێ] لەم جۆرانەن)، ئەگەر پشـتی زمان و نەرمە مەلاشـوو لەو ئەندامە بەشـدارانە بن، کە ڤاوڵەکان بەرهەم دەهێنن، پیان دەوترێت ڤاوڵەکانی بەشـی پشـتەوەی زمان(کە لە زمانی کوردیدا [وو،ۆ] لەم جۆرانەن). (ثمره،١٣٩٩: ٨٢-٨٣). هاوکات بەشی ناوەڕاستی زمان بەشدارن لە دروستکردنی دەنگەکانی [و، ە، ا، بزرۆکە] لە زمانی کوردیدا.

٢. مەودای دووریی زمان لە مەلاشـوو، یان مەودای بۆشـایی ناو دەمدا، یان پلەی بەرزبوونەوەی زمان لە دەمدا: شێوە جیاوازەکانی بۆشایی دەم دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سیفەتی فۆنێتیکی جیاواز بۆ ڤاوڵەکان، یان بە واتایەکی تر، دەنگی ڤاوڵی جیاواز بەرهەم دەهێنێت. قەبارە و شـێوەی دەم بە هۆی شـەویلگە خوارەوە و لێو و زمانەوە دەگۆڕێت. شـەویلگەی خوارەوە بە جووڵەی ڕاسـت و چەپی قەبـارەی بۆشـــایی دەم زیـاد و کەم دەکـات. ئەگەر بڕوانـدرێتە جووڵەکـانی زمـان لە بەرهەمهێنـانی ڤـاوڵەکـاندا، تێبینیی ئەوە دەکرێت، کە پلەی بەرزی و نزمی زمـان، جۆری جیـاواز بەرهەم دەهێنێت، واتە زمـان بەرزدەبێتەوە، هـاوکـات نیمچە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەش، یـان دابەزینیشـی هەیە، کاتێک زمان بەرز دەبێتەوە وردەوردە بەرەو ڕەقە مەلاشـوو دەچێت، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بۆشایی دەم و گەورەبوونی ئەڵقەی قوڕگ. لە ئەنجامدا دەنگێکی بەرزی بەهێز پەیدا دەبێت. (مالمبرگ،١٣٨٨: ٤٤)، کە بەم دەنگانە دەوترێت دەنگە ڤاوڵە داخراوەکان، وەک [ی، و، وو، بزرۆکە] لە زمـانی کوردیـدا، (داخراوی ڤاوڵەکە بەو واتەیەی، کە بۆشـــایی دەم کراوە نییە، لەکاتی بەرهەمهێنانـدا، چونکە هیچ ڤاوڵێک نییە کە داخراوبێت و خاوەنی بەربەسـت بێت، بەڵکو مەبەسـت تەنها لە شـێوەی بۆشـایی دەمە)، هاوکات دەنگە نیمچە داخراوەکان وەک [ۆ،ێ] لە زمانی کوردیدا هەیە، دەنگە ڤاوڵە کراوەکانیش کە کردەی بەرهەمهێنانەکەیان تا ڕادەیەک پێچەوانەی دەنگە ڤاوڵە داخراوەکانە، چونکە شـەویلگە بە شـێوەیەکی زۆر دادەبەزێت، بۆ ئەوەی زمان پتر دابەزێتە ناو دەمە و دەم بەشـێوەیەکی کراوەی تەواو دەردەکەوێت، لە زمانی کوردیدا دەنگی ڤاوڵی [ا] لەم جۆرەن، هاوکات نیمچەکراوەکانیش دەنگی ڤاوڵی [ە] بەرهەم دەهێنن، کە تێیدا شـەویلگە کەمتر لە چاو ڤاوڵە کراوەکاندا دادەبەزێت.

٣. شـێوەی لێوەکان لە کاتی بەرهەمهێنانی ڤاوڵەکاندا: لێوەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ گۆڕینی دەنگە ڤاوڵەکان، چونکە گۆڕانی شـێوەی لێوەکان، دەنگەکان لە بۆشـایی دەمدا دەگۆڕێت. گۆڕینی قەبارەی دەم دەتوانرێت بە دوو شـێوە ئەنجام بدرێت: یەکێکیـان خڕکردنەوەی لێوەکـان ئەوەی تریـان پانکردنەوەی لێوەکانە. یەکەمیان کاتێک لێوەکان خڕ دەکرێنەوە، درێژیی بۆشـایی دەم زیاد دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕوومەتەکان بۆ پێشـەوە ڕادەکێشرێن و لە ئەنجامدا دیواری ناوەوەی ڕوومەت بە ددانەکانەوە دەلکێت. ئەم حاڵەتەی وادەکات کە، پانایی بۆشایی دەم کەم دەکاتەوە. ئەو بزوێنانەی

بەم شێوەی لێو بەرهەمدەهێنرێن، پێیان دەوترێت خڕبوونەوی لێوەکان، وەک لە زمانی کوردیدا دەنگەکانی [و، وو، ۆ] دەگرێتەوە. بێگومان خڕکردنەوەی لێوەکان پلەی جیاوازی هەیە، کە دەتوانرێت دابەش بکرێت بەسەر شێوزای داخراو و نیمچە کراوە و کراوە. جۆری دووەمی شێوەی لێوەکان، کاتێک لێوەکان پان دەبنەوە پانایی بۆشایی دەم زیاد دەکات، لە ئەنجامدا دیواری ناوەوەی لێوەکان لە ددانەکان جیا دەبێتەوە، لە کاتێکدا بەشی پێشەوەی لێوەکان لە ددانی سەرەوە و خوارەوە نزیک دەبنەوە، یان پێوەیان دەلکێت، بەو هۆیەوە درێژیی بۆشایی دەم کەمتر دەبێتەوە وەک لە پێشوو. ئەو بزوێنانەی کە بەم شێوەیە بەرهەم دەهێنرێن پێیان دەوترێت، پانبوونەوەی لێوەکان (وەک دەنگەکانی [ی،ێ،ا] لە زمانی کوردیدا)، هاوکات پانبوونی لێوەکان پلەی هەیە، کە دەتوانرێت دابەشی بکرێت بەسەر پانبوونەوەی داخراو، یان نیمچە پانبوونەوە و پانبوونەوەی تەواو کراوە. (ثمرە،١٣٩٩: ٨٢-٨٣). هاوکات دەنگە ڤاوڵەکان لە نموونەکانی (٥٦ تا ٦٢) خراوەتەڕوو.

نموونەی (٥٦):

| | | |
|---|---|---|
| - | /ی/ | [i] |
| ١. ---v--- | /شیر/ | [ʃir] |
| ٢. ---- v | /ئاری/ | [ʔari] |

نموونەی (٥٧):

| | | |
|---|---|---|
| - | بزرۆکە | [ɨ] |
| ١. ---v--- | /پڕ/ | [pɨʀ] |
| ٢. ---- v | /ژن/ | [ʒɨn] |

نموونەی (٥٨):

| | | |
|---|---|---|
| - | /وو/ | [uː] |
| ١. ---v--- | /کووڕ/ | [kuːʀ] |
| ٢. ---- v | /موو/ | [muː] |

نموونەی (٥٩)

| | | |
|---|---|---|
| – | /ێ/ | [e] |
| ١. ---v--- | /شێنێ/ | [ʃene] |
| ٢. ---- v | /هەرمێ/ | [hərme] |

نموونەی (٦٠)

| | | |
|---|---|---|
| – | /ۆ/ | [o] |
| ١. ---v--- | /مۆر/ | [mor] |
| ٢. ---- v | /هەڵۆ/ | [həɫo] |

نموونەی (٦١)

| | | |
|---|---|---|
| – | / ە / | [ə] |
| ١. ---v--- | /سەوسەن/ | [səwsən] |
| ٢. ---- v | /نامە/ | [namə] |

نموونەی(٦٢)

| | | |
|---|---|---|
| – | / ا / | [a] |
| ١. ---v--- | /باڵ/ | [baɫ] |
| ٢. ---- v | /با/ | [ba] |

## (٥-١/٢) ئەو دەنگە عەرەبییانەی، کە لە زمانی کوردیدا دەبیسترێت

ئەم دەنگانە لە زمانی کوردیدا وەک ئەلۆفۆنی یەکتری وێنە دەکرێت، بەڵام هاوکات هەمان دەنگە کە لە زمانی عەرەبیدا بە فۆنیم، یان بە پیتەکانی ([ظ]، [ط]، [ص]) وێنا کراون و بەرجەستەن لەو زمانەدا. هاوکات لە زمانی کوردیدا ئەم دەنگانە تەنها دەبیســـترێن، بەڵام بە پیتی کوردی جێگەیان بۆ پڕکراوەتەوە، بە فۆنیمەکانی (/ز/،/ت/، /س/)، بێ ئەوەی واتا بگۆڕن. کە لە نموونەکانی (٦٢ تا٦٥) خراوەتە ڕوو.

نموونەی (٦٣)

| | | | |
|---|---|---|---|
| - | [ظ] | /ز/ | [z] |
| ١. c ---- | [ظاڵم] | /زاڵم/ | [załm] |
| ٢. ---c--- | [کاظم] | /کازم/ | [kazm] |
| ٣. ---- c | [حافظ] | /حافز/ | [ɦafz] |

نموونەی (٦٤)

| | | | |
|---|---|---|---|
| - | [ط] | /ت/ | [t] |
| ١. c ---- | [طەها] | /تەها/ | [təha] |
| ٢. ---c--- | [مەطبەخ] | /مەتبغ/ | [mətbəx] |
| ٣. ---- c | [غەڵەط] | /غەڵەت/ | [ɣəłət] |

نموونەی (٦٥)

| | | | |
|---|---|---|---|
| - | [ص] | /س/ | [s] |
| ١. c ---- | [صەگ] | /سەگ/ | [səg] |
| ٢. ---c--- | [مەصبەح] | /مەسبەح/ | [məsbəɦ] |
| ٣. ---- c | [طاوص] | /تاوس/ | [taws] |

## (٢/٢) ڕۆڵی سازگەی دەنگەکان و نیشانە جیاکەرەوەکان، لە سیستمی هەمبەرییەکاندا.

ئەندامەکانی ئاخاوتن شـــوێنێکن، یان ســـازگەن بۆ دروســـتکردنی دەنگەکانی زمانێک، بەڵام لە دروستکردنی دەنگەکاندا چۆنیەتیی لەرینەوە و نەلەرینەوەی ژێیەکان تایبەتمەندیی دیاریکراو دەدات بە دەنگەکان، وەک ڤاوڵەکان، کە دەنگەکانیان هەمیشە دەنگدارن و نیشانەکانیان (+)ی بۆ دادەنرێت، بەڵام کۆنســـنانتەکان دەکرێن بە دەنگدارەکان و کپەکان، کە بۆ دەنگدارەکان نیشـــانەی (+) و بۆ کپەکان (–) دادەنرێت، هاوکات نیشـانە جیاکەرەوەکان "Distinctive Features" لەناو ســیســتمی فۆنۆلۆژیی زمانەکاندا، دوو جۆری ســـەرەکییان هەیە و کاری پێدەکرێت، ئەوانیش نیشـــانەی دووپەلکی و نیشانەی پلەیی، کە یەکەمیان ((نیشانەی دووپەلکی "Binary Feature" ئەگەری تەنها دوو بەهای هەیە: "+" یان "-". نیشـــانەی فۆنۆلۆژییە جیاکەرەوەکانی دووپەلکین. دووەم یان نیشـــانەی پلەییەکان/پلەدارەکان"Gradual Features" دەتوانرێت چەند بەهایەکیان لەســـەر پلە پێوەرێک بۆ دیاری و دەســتنیشــان بکرێت.)) (قادر،٢٠٠٨: ٢١-٢٢). ئەم بیرۆکەیەش زۆر زمانەوان بۆ قوتابخانەی پراگ و زمانەوان ترۆبســـکی دەیگەڕێننەوە، بەڵام ئەوە بخرێتە ڕوو کە ((پێش ترۆبسکی، سۆسێر باسی گرنگیی نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنیمەکانی کردووە، بەوەی کەوا فۆنیمی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤی لە زماندا خســتۆتە ڕوو، ئەوەش خۆی لە خۆیدا دیاریکردنی و نیشــانەکردنی جیاکردنەوەی فۆنیمەکانی زمانە.)) (ســـاڵەح،٢٠١٥:٢٠). ئەم دەنگداری و کپانە کاریگەری دەکەنە سـەر دەنگەکانی پێش خۆیان، زۆرکات دەیانگۆڕن بۆ هاوشـێوەکانی خۆیان لە نیشـانەکانیاندا، واتە شـــوێنی بەرهەمهێنـانی"place" کۆنســـنـانتەکـان و ڤـاوڵەکـان، پەیوەنـدیی ســـەربەخۆی بە تایبەتمەندییەکانی هەر فۆنیمێکەوە هەیە، ئەمەش کاریگەریی لەســـەر ســـازگەی بەرهەمهێنانی کۆنســـنانتەکان و ڤاوڵەکان هەیە. بۆیە ســـازگەی بەرهەمهێنان یەکەیەکی خودییە بەپێی ئەندازەی تایبەتمەندییەکانیان کاریگەرییان دەگۆڕێت. (بی جن خان،١١:١٣٩٨). هاوکات گۆڕانکارییەکان، کە ڕوودەدەن لە جێگەوتەی دەنگەکان لەناو قاڵبی بڕگە و وشـــەکاندایە، هاوکات ڕۆڵ و کاریگەریی دەنگەکان بەســـەر دەنگەکانی پێش خۆیان، کە ئەمەش لە ڕێگەی نیشـــانە جیاکەرەوەکانی زمانەوە چۆنیەتیی گۆڕانکارییەکان دیاری دەکرێت. زۆرکات گۆڕانکارییەکانیش پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە سازگەی بەرهەمهێنانی دەنگەکانی زمانەوە هەیە، واتە لێکنزیکی ئەو ئەندامانەی کە دەنگە هاوشێوە و نزیکەکان بەرهەمدەهێنن، بۆ ئەم مەبەستە ئەندامەکان و ئەو دەنگانەی پێکیدەهێنن دەخرێتە ڕوو.

بۆ نموونە (٦٦):

**١- لێوەکان: [م، ب، پ]**

**٢- لێوی و ددانی: [ ف، ڤ]**

**٣-لێوی و مەڵاشووی نەرم: [ و]**

**٤- پووکی: [ ز ، س ، ل ، ڵ، ت، د ،ن ، ر، ڕ ]**

**٥ -پووکی و مەڵاشووی: [ ش ، ژ، ج، چ]**

**٦ -مەڵاشووی: سێ بەش لە خۆ دەگرێت.**

**آ -مەڵاشووی نەرم: [ ک ، گ، غ، خ]**

**ب -مەڵاشووی ڕەق: [ ی].**

**د -نەرمەگۆشتی دواوەی مەڵاشوو: [ق]**

**٧ -زمانە بچکۆلە: [ هـ ، ک، ئ]**

**٨ -گەروویی [ح، ع]**

گۆڕانکارییەکان دەکرێت زۆرجار هۆکاری چەوتی درکاندن بن، یان بێ هۆکار، بەڵام ئەمە ((ئاماژە و نیشـــانەیەکە بۆ خزمایەتی و نزیکیی ئەو فۆنیمانە لەیەکەوە. ڕەنگە لە تەلەفونکردندا لەبریی /p/ بەهەڵە گوێمـان لە /t/ بێـت، بەڵام ڕێی تێنـاچێـت لەبریی /p/ ، /s/ یـان /e/ ببیســـتین.)) (مەحوی،٢٠٠٩:٢٢٢). کەواتە،+ هۆکارەکان و دیاردەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە گۆڕانکارییەکان لەو دەنگانەدا ڕوو دەدەن، کە یەک سازگەی دروستکردنیان هەیە، بۆ نموونەی (٦٧):

أ- سەگ ← [سەک]

ب-چی بکەم ← [چی پکەم] (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، محێددین،٢٠١٣: ٩٠-٩٢).

لە نموونەی (٦٧- أ) دەردەکەوێـت، کە دەنگی [گ] کە دەنگێکی تەقیوی دەنگـدارە، بە ئەنـدامی مەڵاشـووی نەرم گۆڕاوە، بۆ دەنگێکی تەقاوی کپ، کە ئەویش بە مەڵاشـوی نەرمە دروست بووە، واتە سازگەی دروست بوونی ئەم دەنگانە یەکێکە. هاوکات ئەم گۆڕانە هۆکارێکی تر لە خۆدەگرێت، ئەویش دەنگە تەقیوەکـان لە کۆتـایی وشـــەکـانـدا دەنگدارییی خۆیـان ون دەکەن و بە دەنگێکی هاوشـێوەی کپ دەدرکێندرێت. لە نموونەی ( ٦٧- ب)دا ئەوەی دەردەکەوێت، دەنگێکی [ب] تەقاوی دەنگداری لێوییە، گۆڕاوە بۆ دەنگی [پ] تەقاوی کپی لێووی، بە هەمان شـێوە سـازگەی هەردوو دەنگەکە لێوین، هاوکات گۆڕانەکە بە هۆی کاری گەری دەنگی [ک] ڕوودەدا، چونکە کاتێک هەدوو بڕگەکە لەیەکتری دەدەن بۆ دروستکردنی، ئەوکات گۆڕانکارییەکان ڕوودەدات، واتە لەم پڕۆسەیەدا دەنگە کپەکە هەوڵ دەدات، دەنگی کۆتایی بڕگەی یەکەم بگۆڕێت، بۆ دەنگێکی کپ و هاونیشـــانەی خۆی. هـاوکـات لە زمـانی کوردیدا لە نێوان شـــێوەزارەکـانی زمـانەکەدا ڕۆڵی ئەم ســـازگـانە دەردەکەوێت، وەک (ش. س) و (ش، هـ). بۆ نموونە (٦٨):

أ- محەمەد (ش.س) ← معەمەد (ش،هـ)

ب-مەعکەرۆنی (ش.س) ← مەحکەرۆنی (ش،هـ)

له نموونەی ( ٦٨- أ) دەردەکەوێت، کە لە (ش.س)دا لەو شـــوێنە پێگەیەی وشـــەکەدا، دەنگی گەروویی [ح] دەردەبڕن، بەڵام لە (ش،ه)دا ئەم دەنگە دەگۆڕن، بۆ دەنگێکی تری گەروویی، کە لەو وشـــەیەدا بە [ع] دەیدرکێنن. بەڵام لە نموونەی (٦٨ – ب) دەردەکەوێت، کە ئەم گۆڕانکارییە، پێچەوانە دەبێتەوە، واتە ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە پێگەی دەنگەکان لە ناو وشـــەکاندا گۆڕانکارییەکان دروســـت دەکەن، نەک ئەوەی، کە ئاخێوەرانی (ش،ه) هەموو دەنگێکی [ح] بە [ع] دەربڕن، بەڵکو بە پێچوانەکەشیەوە دەیدرکێنن.

ســیســتمی هەمبەری وەک لە پێشــووتردا، لە بابەتی فۆنیمەکاندا ئاماژەی پێکرا، بۆ دیاریکردنی فۆنیمەکانی زمانە، لە فۆنۆلۆژی ئەو زمانەدا، هاوکات دەکرێت گۆڕانکارییەکان، چ ئەو گۆڕانانەی واتاگۆڕبن، یاخود واتای نەگۆڕبن بەشدار دەبن، لە دروستەی هەمبەرییەکاندا، وەک ئەلۆفۆنەکان و جۆرەکانیان. بەم مانایە دەتوانرێت هەمبەری فۆنۆلۆژی بە باشی لە سەر بنەمای پێکهاتەی تایبەتی فۆنیمەکان ڕوون بکرێتەوە. کەواتە، هەمبەری لە فۆنۆلۆژیدا تەنها لەسەر ئەو بنەمایە ناخرێتە ڕوو، کە هەر فۆنێمێک ڕۆڵێکی جیاکەرەوەی هەیە، بەڵکو بەوردی لەســـەر بنەمای تایبەتمەندییە تایبەتەکانی هەریەکە لە فۆنیمەکانە، هاوکات بەراوردکردنیانە بە فۆنیمەکانیتری زمانەکە ئەنجام دەدەرێت. بە واتایەکی تر تایبەتمەندییە فۆنێتیکیەکان شێواز و جۆری هەمبەری دیاری دەکەن. بەم شێوەیە سیستمی فۆنۆلۆژیی هەر زمانێک دەبێ وەک کۆمەڵێک هەمبەری فۆنۆلۆژی سەیر بکرێت. (مشــکوەالدینی،١٣٩٣: ٦٥). کەواتە، ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ ســیســتمی هەمبەری فۆنۆلۆژییەکانی هەر زمانێک، کە تەنیا لەناو ســیســتمی فۆنێمیکی هەمان زماندا دەتوانرێت لێکۆڵینەوەی لەســەر بکرێت. کەواتە، هەمبەری فۆنۆلۆژی پەیوەستە بە نیشانە جیاکەرەوەکانیانەوە، هاوکات فۆنیمەکان و نیشانە جیاکەرەوکانیش، لە قوتابخانەی پراگ و تروبسکی "Trubetskoy"دا، بەم شێوەیە خراونەتە ڕوو، ((فۆنیم دەتوانرێت بۆ نیشـــانە جیاکەرەوەکانی شـــیبکرێتەوە/شـــیتەڵ بکرێت. بەم جۆرە فۆنیم گچکەترین پێکهێنەری زمان نییە.)) (قادر،٢٠٠٨: ٢١). ئەمەش پێگەی گرنگی نیشـــانە جیاکەرەوەکان دەردەخات، کە لە فۆنۆلۆژی زمانەکاندا ڕۆڵ دەبینێت، هاوکات تروبســکی بە گشــتی ســیســتمی هەمبەری فۆنێتیکییەکان دەکات بە دوو جۆری سەرەکییەوە:

هەمبەری دوو-لایی "Bilateral Opposition"

هەمبەری فرە –دوو لایی "Multilateral Opposition"

## (١-٢/٢) هەمبەری دوو-لایی "Bilateral Opposition"

یەکێک لە جۆرەکانی هەمبەری لە قوتابخانەی فۆنۆلۆژیی پراگدا، هەمبەریی دوولایەنەیە. لەم جۆرەی هەمبەرییەدا، پەیوەندیی بە بەراوردکردنی تەنهـا دوو فۆنیمەوە هەیە، کە لە هەموو

تایبەتمەندییەکاندا هاوبەشـن و تەنیا لە یەک تایبەتمەندیدا لە یەکتر جیاوازن، (قوامی،١٣٩٤: ٧٤). بۆ نموونە (٦٩):

- / ب /[b] و / پ / [p]

هەمبەری دوو فۆنیمی لە زمـانی کوردی، یـان ئینگلیزیـدا. ئەو دوو فۆنێمە ئـامـاژەیـان پێکراوە، لە نموونەی(٦٩)دا، لە تایبەتمەندییەکانی سـازگەی دروسـتکردنیاندا، کە "لێوی"یە وەک یەکن، واتە سازگەیان یەکێکە، بەڵام لە تایبەتمەندیی دەنگداری و کپیدا جیاوازن. / ب/ [b] دەنگدارە و / پ/ [p] کپە. بە هەمان شـێوە فۆنیمەکانی /گ/[g]:/ک/[k] و /ت/[t] :/د/[d] هەندێکی دیکەشـدا، لە هەمبەری دوو لایەنەدان لەتەک یەکتردا.

## (٢-٢/٢) هەمبەری فرە –دوو لایی "Multilateral Opposition"

یەکێک لە جۆرەکانی هەمبەری لە قوتابخانەی فۆنۆلۆژیی پراگدا، هەمبەریی فرە- دوو لایەنەیە. لەم جۆرە هەمبەرییەدا، هەر ڕیزێک، یان لە دوو فۆنیم زیاتر بێت، کە لە هەموو تایبەتمەندییەکاندا هـاوبەش بن و تەنهـا لە یەک تـایبەتمەنـدیـدا جیـاوازبن. لە هەمبەریی فرە- دوولایەنەدان لەتەک یەکتردا، (شکوەالدین،١٣٩٣: ٦٦) بۆ نموونە (٧٠):

- /پ/ [p] و/ت/ [t] و/ک/ [k]
- /ب/[b] و/د/ [d]و /گ/ [g].

وەک لە نموونەی (٧٠)دا دیـارە ئەم سـێ فۆنیمە /پ/ [p] و/ت/ [t] و/ک/ [k] لە نیشـانە جیاکەرەوەکاندا، لە دەنگە کپەکاندا هەرسـێکیان هاوبەشـن، بەڵام لە سـازگەی بەرهەمهێنانیاندا لە سێ سازگەی جیاواز بەرهەم دێن. هەروەها /ب/[b] و/د/ [d]و /گ/ [g]. لە کوردی، یان ئینگلیزیدا. سـێ فۆنیمی لە نیشـانەجیاکەرەوەکاندا، هەرسـێکیان لە دەنگدارییاندا هاوبەشـن، بەڵام لە سـازگەی بەرهەمهێنانیاندا لە سێ سازگەی جیاوازدا بەرهەم دێن.

هاوکات لە چوارچێوەی ئەو دوو جۆرە سـەرەکییەی کە لە سـەرەوە خراوەتە ڕوو، ترووبێسـکۆی چەند وەچەپاری تری دانەوە، کە وابەستەی هەم دوو لایەنەن و هەم فرە دوولایەنەن، وەک لەمانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

١- هەمبەریی بەکۆمەڵ (پارچەیی) "Proportional Opposition"

٢- هەمبەریی تاکوتەنها "Isolated Opposition"

٣- هەمبەریی تایبەت بە خۆ "Privative Oppositions"

٤- هەمبەریی پلەدار "Gradual Opposition"

٥- هەمبەریی هەمان نرخی/ هەمان ئەنجامیی "Equipollent Oppositions"(قادر،٢٠٠٨: ٢١).

## (٣-٢/٢) هەمبەریی بەکۆمەڵ (پارچەیی) "Proportional Opposition"

یەکێک لە جۆرەکانی هەمبەری لە قوتابخانەی فۆنۆلۆژیی پراگدا، لەم جۆرەدا کۆمەڵێک جووتە فۆنێم، کە تیایدا هەر جووتێک لە هەمبەریەکەدا، لە هەموو تایبەتمەندییەکاندا هاوبەشـــبن و تەنیا لە یەک تایبەتمەندیدا جیاوازن، تایبەتمەندییە جیاوازەکە لە هەموو جووتەکاندا وەک یەکترین، هاوکات هەبوونی هەمبەریی بە کۆمەڵ ((ئاماژەیەکە بۆ ســـوودبینینی زمانێک لە دەرهێنانی نیشـــانەیەکی تایبەتی و بەگوێرەی زاراوەکەی قوتابخانەی پراگ، دەرهێنانی ئەنجامی گۆکەرانەی ئەو نیشـــانەیە دەگرێتەوە. ئەمە بەواتایەکی دیکە ئەوە دەبەخشێت، تا چەند نیشانەکە کاردەکات.)) (مەحوی،أ،٢٠٠٨: ٢٣٣). نموونەش بۆ ئەم جۆرە لە هەمبەری، نموونەی (٧١):

/ز/ و /س/ :: /گ/ و /ک/

هەر یەکێک لەم جوتانە جیاوازن و خاوەنی دەنگی دەنگدار و کپن، هاوکات شـــوێنی ســـازکردنی هەردوو جووتەکان مەڵاشـــوو تێدا هاوبەشـــە. هاوکات ئەم هەمبەرییە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرانبەر بە هەمبەری تاکوتەنهاکان دەوەستنەوە.

## (٤-٢/٢) هەمبەریی تاکوتەنها "Isolated Opposition"

یەکێک لە جۆرەکانی هەمبەری لە قوتابخانەی فۆنۆلۆژیی پراگدا، لەم جۆرەدا هەمبەری تەنیا لە یەک جووتە فۆنیم لەنێو ســـیســـتمی فۆنۆلۆژیی زمانکەدا، کە لەســـەر بنەمای تایبەتمەندییەکی تـــایـــبەتـــی لە تەک یەکـــدی جـــیـــاوازن، ئەمەش پـــێـــی دەوتـــرێـــت هەمـــبەریـــی تـــاکـــوتەنـــهـــا. (مشـــکوەالدینی،١٣٩٣:٦٦). بە واتایەکی تر ئەم جۆرانە لە فۆنیم، جووتی نموونەیین، لە زمانەکەدا و تاکوتەنهان. واتە جیاکردنەوەکە کەمترین بەرهەمی کارایی هەیە. نموونەی(٧٢):

((لە زمـانـی ســـویـدیـدا ڤـاوڵەکـانی /ʉ/:/ø/ بەم شـــێوەیە جیـا دەکرێنەوە .vs [outrounded] [inrounded] لە کـاتێکـدا هەموو جووتەکـانی تر بە [unrounded] .vs [outrounded] جیـا دەکرێنەوە.

i y

e ø ʉ

a

کەواتە، بە لە بەرچاوگرتنی سیستمی بزوێنی پێشەوە هەمبەریی بەکۆمەڵ /ø/ :/e/ :: /y/ :/i/ هەیە و هەمبەریی تاکوتەنهای لەم جووتەدا /ʉ/:/ø/ هەیە)). (Lass,1984:44-45) هاوکات ئەم هەمبەرییە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێچەوانەیە لەتەک هەمبەریی بەکۆمەڵدا. هاوکات لەزمانی کوردیدا هەریەکە

له کۆنســـــنانتەکانی / ڕ/ و /ر/ جووتە فۆنیمەکانن، کە لەســـــەر بنەمای لەرەلەرکردن پێکەوە جیا دەکرێنەوە، لە کاتێکدا کۆنســـنانتەکانی دیکە لەســـــەر ئەم بنەمایە جیا ناکرێنەوە، بەڵکو ئەم تایبەتمەندییەکی نموونەی ئەم جووتەیە، لە سیستمی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیدا.

## (٥-٢/٢) هەمبەریی تایبەت بە خۆ "Privative Oppositions"

یەکێک لە جۆرەکانی هەمبەری لە قوتابخانەی فۆنۆلۆژیی پراگدا، لەم جۆرەدا هەمبەری ئەندامێک بە هەبوونی هەندێک تایبەتمەندی، ئەندامەکەی دیکەیان بە نەبوونی ئەوتایبەتمەندییە، لەیەکتری جیا دەکرێنەوە. ئەم هەمبەریە بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕووبەڕووی هەمبەریی بە کۆمەڵ و هەمبەری پلەدار هەڵوەستە وەردەگرێت. (قوامی، ١٣٩٤: ٧٥). بۆ نموونە (٧٣):

ئەم کۆنسنانتانە /م/: /ب/، /ن/: /د/، هتد سازگەیان تایبەتن بە [لووتی] هەمبەرێتی [نا-لووتی]یەکان دەکەن، هاوکات کۆنسناتەکانی /ب/:/پ/ هتد [دەنگدەر] هەمبەرێتی [کپ]ەکان دەکەن.

ئەو تایبەتمەندییەی کە لە قوتابخانەی پراگدا پێی دەوترێت نیشـــــانە، یان مارکە (Merkmal)، پێدەوترێت، ئەو فۆنیمانەی خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە بن، مارکەکراون"Marked". بەڵام چۆن بڕیار بدەین، کە کام بەش لە جووتێکی هەمبەریدا، تایبەت بە خۆ وەک نیشـانە وەربگیرێت؟ ئاخر [دەمی] بەرانبەر [نا-دەمی] لە ڕووی لۆژیکییەوە، هاوتایە لەتەک [لووتی] بەرانبەر [نا-لووتی]. هەروەها ئەگەر وابێت، کۆنســـــنانتەکانی /n/:/d/ دەتوانێت بە هەر ئاراســــتەیەک تایبەت دابنرێن. بەگشــــتی بڕیارەکان لەســـەر دوو بنەما دەدرێن: یەکەم تایبەتمەندییە گشــتییەکانی ســیســتمی فۆنۆلۆژی لە ســـەرانســـەری زمانەکاندا، دووەمیش ڕەفتاری "بێلایەنبوون Neutralization". لە حاڵەتی یەکەمدا، ڕەنگە بگوترێت، کە هیچ زمانێک نییە، تەنها فۆنێمە لووتییەکانی هەبێت، بەڵام زمانێک هەیە، (ئەگەر بەدەگمەنیش بێت)، تەنها فۆنێمی دەمییان هەیە، فۆنیمی لووتییان نییە، ئەوا لەبەر هەمان هۆکار بۆی هەیە، لەوزمانەدا بگوترێت، کە [لووتی] دۆخێکی مارکەلێدراوی هەیە. (Lass,1984:45).

## (٦-٢/٢) هەمبەریی پلەدار "Gradual Opposition"

یەکێکە لە جۆرەکانی هەمبەری لە قوتابخانەی فۆنۆلۆژیی پراگدا، لەم جۆرە هەمبەریـدا، ئەنـدامـانی هەمبەرییەکە پلەی جیاوازی هەمـان تـایبەتمەنـدییـان هەیە. واتە دەنگە درێژەکـان تایبەتمەندیی پلەییان چەندە، دەنگە کورتەکان تایبەتمەندیی پلەییان چەند دەبێت، هاوکات بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئەم هەمبەرییە بەرانبەر بە هەمبەرییەکانی تایبەت بە خۆ و بە دژایەتیی هەمان نرخی دادەنرێت. (قوامی،١٣٩٤: ٧٤)، یاخود لەم پێناســـــەیەدا، کە زیاتر ڕوون دەبێتەوە دەوترێت، ((ئەم جۆرە لە هەمبەری پشـــت بە بوونی و نەبوونی تایبەتمەندییەک نابەســـتن لە هەمبەرییەکدا، بەڵکو پشـت بە پلە یان پلەبەندیی هەندێک تایبەتمەندەکانی دەبەسـتن. نموونەیەکی بەرزی ڤاوڵەکان، وەک لەم شەش ڤاوڵەدا دیاری دەکرێت: نموونەی (٧٤):

i u

e o

.( Lass,1984:45)(( a ɑ

هەمان نموونە بۆ ڤاوڵەکانی زمانی کوردی دەگونجێت، واتە /ە،ۆ،و/ لە هەمبەری پلەداریدان بە ڕێژەیەک لەتەک /ا، ێ، ی/دا. کە دەتوانێت بە ڕێژەی بەرزی و نزمیی پلەکانیان دیاری بکرێت و زیاتر ئەم جۆرە هەمبەرییە پێویستی بە تاقیکردنەوەی زۆر ورد هەیە.

## (٧-٢/٢) هەمبەریی هەمان نرخی/ هەمان ئەنجامی "Equipollent Oppositions"

یەکێکە لە جۆرەکانی هەمبەری لە قوتابخانەی فۆنۆلۆژیی پراگدا، لەم جۆرە هەمبەرییەدا بە ڕێژەیەکی یەکســـان، تا ئەندازەیەک لەیەکتریەوە ئەنجام دەدرێت، واتە دوو فۆنیم نە لە هەمبەریی تایبەت بە خۆدا هەیە و نە هەمبەریی پلەداریان هەیە، بەڵکو هەمبەرییەکی یەکســـانیان لە تەک یەکتردا هەیە. چونکە جیاوازییەکی تایبەت لە نێوانیاندا نییە. بۆیە ڕوونە کە لە سیستمی فۆنۆلۆژیی هەموو زمانەکاندا، لە نێوان گشـــت جۆرەکانی هەمبەرییەکاندا، هەمبەری هاونرخی ژمارەیەکی فراونتر لەخۆ دەگرێت. (مشکوەالدینی،١٣٩٣: ٦٨) هاوکات ئەم جۆرە نیشانانە، یان تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان لە تەک یەکتری نییە. بۆ نموونە (٧٥):

- /پ/ و /ت/

ئەم دوو کۆنســـنانتە لە پەیوەندییەکی هەمبەریی یەکســـاندان، چونکە هیچ نیشـــانەیەکیان، یان تایبەتمەندییەکیان لەیەکتری ناچێت، تا بتوانرێت هەڵســـەنگاندنیی پلەدار، یاخود تایبەت بە خۆی هەبێت. واتە کاتێک /پ/ بە لێوەکان سـازگەی بەرهەمهێنانی بێت، /ت/ لە سـازگەکەی پووکی بێت، کەواتە ئەمـانە لە هەمـبەریـی هـاونـرخـیـدان بەرانـبەر بەیەکـتـری. واتە ئەگەر بـڕوانـدرێـتە کۆنســنانتانەتەکانی تر، ((کە لەم کۆمەڵە هەمبەریدا دەردەکەوێت، کە /ب/: /پ/ هەمبەریی تایبەت بە خۆن، بەڵام بەشـێکیشـن لە کۆمەڵێکی هەمبەریی بەکۆمەڵ /ب/:/پ/::/ت/: /د/، بەڵام ئەگەر بڕوانرێتە /خ/ : /پ/ یان / ک/: /ف/ ئەمانە ناتوانرێت، لە ڕووی هیچ پێوەرێکی کەمترینەوە پێناســـەیان بکەین: چونکە ئەمانە لە ســـیســـتمەکەدا، وەک جووتێکی "کەمترین/ گچکەترین هەمان نرخی "Minimally Equipollent هەڵسوکەوتدەکەن)) (Lass,1984:46)

ناســینەوە و دیاریکردنی ســیســتمی هەمبەری فۆنۆلۆژی، یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک پرۆسەی فۆنۆلۆژی ئەمەش بەو مانایەیە، کە هەندێک پرۆسەی فۆنۆلۆژیی تەنیا لەسەر هەندێک، لە هەمبەرییەکان کار دەکەن.

## (٣/٢) بڕگە "Syllable"

دەنگەکانی زمان چوارچێوەیەکی دروســـــتەییان هەیە، ئەم چوارچێوەیە ئەو هەوڵەیە، کە هەموو ئاخێوەران لە سەرەتای دەربڕینەکاندا، هەوڵی بنیاتنانی دەدەن. واتە دوابەدوای بەرهەمهێنانی دەنگ لە لایان ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە، یەکەم کۆمەڵە ڕیزبوونی دەنگەکان بۆ بنیاتنانی یەکەی گەورەتر لە تاکە دەنگ، ئەویش ڕێکخستن و دروستکردنی بڕگە "Syllable"یە. بڕگە ((بچووکترین کۆمەڵەی فۆنیمە، کە لە ئەنجامی تێکەڵبوون و ڕیزبوونی چەند فۆنیمێکەوە دەســت دەکەوێت و دەتوانرێت بە درکاندنێکی ڕاســـــتەوخۆیی و بێوەســـــتان و پچڕان بدرکێندرێت، بە ئەم بیرە بێت، هەر کۆمەڵە دەربڕینێک لە زنجیرەیەک، بڕگەی یەک لە دوای یەک پێک دێت.)) (باقری، ١٣٩٩: ١١٧). زمان وەک زۆربەی دیاردەکانی تر، هەڵگری کۆمەڵێک چوارچێوەی ســـــیســـــتەمییە، یەکێک لەو چوارچێوانە بڕگەیە، کە هەڵگری کۆمەڵی تایبەتمەندیی تایبەت بە خودی خۆیەتی، بۆ هەر زمانێک. جیاوازییە ســـــەرەتاییەکانی زمانەکانیتر، لە بەشـــــی یەکەم و لە نموونەکانی (٣،٤)دا خرانە ڕوو، بەبەراورد بە زمانی کوردی. وەکو چۆن بڕگە لە زمانەکانی تر جیاوازە، هاوکات لە زمانی کوردیشـــــدا لە زار و شێوە زارەکانیشدا، جیاوازی لە چوارچێوە و پەیکەری بڕگەدا ڕوو دەدەن. هاوکات بڕگە هەر وەک کە تایبەتمەندییەکی نووســـــینە بۆ زمانەکە. هاوکات لە دەربڕیندا، چوارچێوەکەی لە کەســـــێکەوە بۆ کەســێکیتر، یان لە درکاندێکەوە بۆ درکاندێکی تر دەگۆڕێت، یان زۆرجار شـاعیران و هونەرمەندان لە هەڵبەسـت و گۆرانییەکاندا، بە شـێوەیەکی ئازاد و خواسـتراوانە لە لایان خۆیانەوە گۆڕانکاری لە چێوەی بڕگەکاندا دەکەن.

نموونە (٧٦):

لە چیا

١. لە + چیا: |C C V O| : |C V O|

٢. لە چ + یا: |C V O| : |C V C|

٣. لە + چ + یا: |C V O| : |C V O|:|C V O| (بابان،٢٠٠٥: ٧٠)

وەک دەبینین لە نموونەی (٧٦)دا دەردەکەوێت، ســـــێ جۆر لە درکاندنی ئەم فرێزەدا هەیە، ئەمەش وادەکات، کە سنوور و چوارچێوەی بڕگەکان بگۆڕێت. ئەگەر نموونەی لە وشە وەربگرێت.

نموونە (٧٧):

- کوردستان

١. کورد + ستان: |C V C C| : |C C V C|

٢. کور+ د(بزرۆکە)س+ تان: |C V C| : |C V C| : |C V C|

ئەم گۆڕان و جیاوازییانە، بڕگە بەر و دیاردەیەکی ئاڵۆز دەبەن و پێناســـــەکردنی بڕگە ئەســـــتەم دەبێت، لەبەر هەمان هۆکار، لە پێناسـەکردنی بڕگەدا چەندین تیۆری هەیە. لە پێناسـە ڕەسـەنەکانی

بڕگەکاندا، کە بە شـــێوەیەکی ســـــەرەکی بەرهەمدار بوون، بڕگەکان بە دەرئەنجامی گرژبوونی ماسوولکەکانی سنگ دادەنران، واتە بڕگەکان ڕیزێکە لە ژمارەیەک دەنگی زمانی، کە بە گرژبوونی ماســـوولکەکانی هەناســــەدان دەدرکێن، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی دواتر دەریان خســــت، کە هیچ پەیوەندییەکی یەک بە یەک لە نێوان چالاکیی ماسوولکەکان و ژمارەی بڕگەکاندا نەبووە، هەندێکجار وشەیەکی دوو بڕگەیی بە یەک گرژبوونی ماسوولکەکانی سنگ بەرهەم دێت، هەندێکجار وشەیەکی یەک بڕگەیی پەیوەســـتە بە دووجار گرژبوونی ماســـوولکەوە. (قوامی،١٣٩٤:٢٦٧). دەتوانرێ بڕگە بەو شـــێوەیە لە زماندا وێنای بۆ بکرێت، کە وەک یەکەیەکی گەورەتر لە فۆنیم، بەڵام لە وشــــە بچووکترە. فۆنیمەکــان دەکرێ، وەک توخمە بنەڕەتییەکــانی فونۆلۆژی ڕەچــاو بکرێن، واتە لە ســــەرووی فۆنیمەوە، دەتوانرێت تا ئەندازەیەک بە یەکەیەکی گەورەتری بزانین، ئەویش بڕگەیە و پاشــانیش بۆ مۆرفیم و وشــە. (M.Mees,2013:16). هاوکات زمانەوانەکان دەربارەی هەبوون و نەبوونی بڕگە دواون، تێڕوانینەکانیان جیاوازن، بەڵام ئەوەی هەیە، کە بڕگە لەناو زمانەکاندا بوونێکی هەستپێکراویی هەیە، واتە ((هەمووکەسێک، یان ئاخێوەرێکی زمانێکی دیاریکراو هەست بەوە دەکات کە لە زمانەکەدا بڕگە هەیە، هەندێکجار بێئاگایانە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ، بۆ نموونە کە هەڵە دەکــات، جێگەی بڕگەکــان دەگۆڕێــت، هۆنراوە بەڵگەی تەواوی ئەم بەئــاگــابوونەیە.)) (فەتاح،٢٠١١:٧٦)، ئەمە لە کاتێکدا ئاخێوەرانی ڕەسەنی زمانێک بە شێوەیەکی خۆڕسکانە هەست بە بوونی بڕگە دەکەن. هاوکات بۆ لێکدانەوە و جیاکاریی بڕگەکان ســــنووری بڕگەکان و ژمارەی بڕگەکان لە دەربڕینەکانیاندا هەســـتی پێکراوە، توانای ئەوەیان هەیە، کە چەند بڕگە لە وشـــەیەکی تایبەتدا هەیە، وەک لە ئاخێوەرانی ڕەســـــەنی ئینگلیزی بپرســـــریت، کە چەند بڕگە لە وشـــــەی <potato> (پەتــاتە)دا هەیە؟ کەمینەیــان هەیە، لەوەی بە گومــان بن، کە ســــێ بڕگەی نەبێت. (M.Mees,2013: 16). ئەگەر زیاتر لە بڕگە بڕواندرێت، لە ڕێگەی چەند پێناســـەیەکەوە، دەوترێت ((بڕگە ڕیزێکی دەنگی بەردەوامە، کە دەدرکێندرێت بەبێ پچڕان، یان پارچەکانی دەنگە لە وشەیەکدا، کە دەدرکێندرێت، هەر پارچەیەکیان بە یەک هەناســـــە و بێ دواکەوتن ئەنجام دەدرێت.)) (وفایی، ١٣٩٢:٢٦٤)، واتە پێکهاتەکانی بڕگە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، بەبێ وەستان بەرهەمدەهێنرێن. ئەم پێناســـەیە نزیکمان دەکاتەوە لەو پرســـیارەی، ئایا مەرجە بڕگە خاوەنی واتا بێت؟ وەک یەکەیەکی بەرهەمهاتووی نێو فۆنۆلۆژی. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە مەرج نییە، بڕگە بە هیچ شـێوەیەک مانادار بێت. بە واتایەکی تر، ڕەنگە بڕگەیەک مانایەکی هەبێت، لەم جۆرانەدا وشـــەکە لە تاکە بڕگەیەک پێک هاتووە، وەک <بوون>. هاوکات ئەگەر بڕوانرێتە ئەوەی، کە تاکە ڤاوڵێک توانای بەرهەمهێنانی واتای هەیە، لە بڕگەکاندا، واتە  وەک ئەوەی لە نموونەکانی زمانی ئینگلیزیدا ڕوودەدات، کە هەندێکجار بڕگەکە لە تەنها ڤاوڵێک پیکهاتووە، وەک وشـــەکانی /I/و /eye/ (ویدۆوســــن،٢٠٠٨ :٦٥). ئەگەر ڤاوڵێک بەتەنها بڕگە بێت و واتای هەبێت، کەواتە هەموو دەنگە زمانییەکان بەتەنها توانای درکاندنیان ئەســـتەمە دەبێت، جگە لە ڕێگای بڕگەوە نەبێت. کەواتە، هیچ

دەنگێکی زمانی بە تەنها نایەن، واتە ئەگەر ڤاوڵەکان کاتێک بەتەنهان پێویستیان بە هیچ ڤاوڵێک، یان کۆنسنانتێکی تر نەبێت بۆ دروستکردنی بڕگە، ئەوا مانای ئەوە نییە، کە دەنگە کۆنسنانتەکان کاتێک بە تەنهـا دەدرکێنرێـت پێویســــتیـان بەڤـاوڵ نەبێـت، هـاوکـات "ســــتێنســــیش Stenson" لەو بیرکردنەوەیەدایە، کە ((دابەشــــبوونی پێکبەســــتراوەکان (بڕگەکان) بۆ دەنگەکان ڕەت دەکاتەوە، چونکە پێیوایە، دەنگەکان بوونی ســــەربەخۆیان نییە لە گوتندا.)) (ئیســــماعیل،٢٠١٣:٥٢). کەواتە، مرۆڤ بڕگە دەردەبڕێت و هەنگاوی گەورەتر لە بڕگەوە دەنێت، جا ئەوکات ئەو بڕگەیە بێواتا بێت، یاخود مانادار وەک یەکن، چونکە ((هیچ فۆنیمێک چی ڤاوڵ بێت، یان کۆنســــنانت، بە تەنها گۆ ناکرێت، مەگەر بخرێتە نێو قالّبی بڕگەی دەنگســــازییەوە. دەتوانین بڵێین کە کۆئەندامی ئاخاوتن لە مرۆڤدا نـاتوانێت لە بڕگە کەمتر گۆ بکـات.)) (بـابـان،٢٠٠٥:٣٥)، وەک لەم نموونـانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. نموونەی (٧٨):

١.ک : ک + بزرۆکە / |c v|

٢. ژ : ژ + بزرۆکە / |c v|

٣. ل : ل + بزرۆکە / |c v|

پێناســەکردنی بڕگە لە هەر زمانێکدا جیاوازە. بڕگە بۆ زمانی کوردی بە تێکەڵکردنی ڤاوڵێک لەتەک، یەک یان چەند کۆنسنانتێکدا دروست دەبێت. بۆیە ژمارەی بڕگەکان، لە هەر دەستەواژەیەکدا چەند ڤاوڵ هەبێت، ئەوا هامان ژمارەیە بۆ بڕگەکانی ئەو وشــــەیە و لەوەندە بڕگە پێک هاتووە. بڕگە لە دوو ڕوانگەوە لێی دەکۆڵدرێتەوە، کە بە بڕگەی فۆنەتیکی و بڕگەی فۆنۆلۆژی زۆرکات ناودەبرێت.

## (١-٣/٢) بڕگەی فۆنەتیکی

ئەو هاوبەشـیکردنەی لە نێوانیان زمانەکاندا هەیە، یان خاڵە هاوبەشـەکانی نێوان زمانەکان لەم لقانەی دەنگســــازیدا فۆنەتیک دەنوێنن، واتە وەک لە پێشــــتر دەربارەی فۆنەتیک باســــکراوە، کە زانســــتێکی گشــتییە و زیاتر ئەو دیاردە گشــتییانەی نێو زمانەکان دەخاتە ڕوو، کە لە زمانەکاندا هاوبەشن، بە هەمان شێوە بۆ بڕگەی فۆنەتیکییش ڕاستە، چونکە بڕگە لە ڕووی فۆنەتیکەوە، ((بەو کۆمەڵە دەنگە ئەوترێ، کە لەناو وشــەدا درکاندنێکی بەرزی هەبێ و بیســەر بەئاشــکرا هەســت بەو درکاندنە بەرزە بکات، بتوانێ بەگوێرەی ئەو ســــنوورەی کە لە وشــــەدا هەیەتی، لە بڕگەکانی تری جیا بکاتەوە.)) (وەیس،١٩٨٤:٨٣) واتە مرۆڤ کاتێک درکاندن دەکات و کاتێک کەســــێکی تر کە گوێگریەتی بەر ئەو وشـەیە دەکەوێت، بتوانێت بە شـێوەیەکی سـەرەتایی بڕگەکان هەسـت پێبکات. بڕگە کورتترین زنجیرەی فۆنیمی یەکپارچەیی یەکگرتووە، کە لە ڕوانگەی فۆنەتیکییەوە دەتوانرێت لە ڕێگەی پچڕانی درکاندنەکانەوە، لەناو زنجیرەی فۆنیمەکانی وشــــەدا دەتواندرێت بە دیاریکراوی،

دیاری بکرێت، ئەویش بە تایبەت لە ڕێگەی هەندێک لە فۆنیمی جیاوازەکان یان دەنگە دیارەکانەوە دەستنیشان بکرێت، کە یەکێکیان بە پێویست دەزانرێت، کە ئەرکی تایبەتمەندیی ناوەکی بڕگەی هەبێت. (مشکوەالدینی،١٣٩٣: ١٠٦). کەواتە، پچڕانی درکاندنەکان پەیوەستن بە ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە، واتە ئەندامەکان چۆنچۆنی بە شێوەیەکی هاوبەشییانە بەشدارن لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی بڕگە، چونکە بڕگەی فۆنەتیکی ((ئەم جۆرە گشتییە هەموو زمانانی جیهان تیایدا بەشدارن پەیوەندیی بە فیسیۆلۆژییەتی هەناسەوەرگرتن و چۆنیەتەی کارکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە هەیە.)) (ئەمین، ٢٠٠٤ :٥٦). لە ڕووی فۆنێتیکییەوە، واتە لە پەیوەندی لە تەک شێوازی بەرهەمهێنانیان و شێوازی دەنگیان، وەک ئەو پێناسانەی کە بۆ تایبەتمەندییەکانی دروستبوونی ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان کران، لە ڕووی فۆنەتیکەوە، چونکە بڕگە پێکهاتەکەی لە ڤاوڵ و کۆنسنانتەکانە، ئەوانیش پەیوەستن بە دروستبوونی بەربەستی هەواوە، کە ئەم بەربەستە لە دروستبوونی ڤاوڵەکاندا نییە، لە کۆنسنانتەکاندا بوونیان هەیە. ئەمەش وادەکات بە زۆری بڕگەکان بەو شێوەیە پەسنییان بۆ بکردرێت، کە لە ناوەندێک پێک هاتوون، کە ڕێگرییەکی کەم، یان هیچ ڕێگرییەکی لە ڕۆیشتنی هەوایدا نییە، لە کۆی گشتی دەنگێکی بەرزی هەیە، کە پێش و دوای ئەم ناوەندە (واتە لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەکەدا)، ڕێگری زیاتر لە ڕۆیشتنی هەوا پەیدا دەبێت، یان دەنگێکی کەمتر بەرز دەبێتەوە. (Roach,2009:56)، واتە دەنگە کۆنسنانتەکانی بڕگە دەوروپشتی ڤاوڵە کرۆکەکە دەدەن، کە ئەمەش وادەکات دەنگی کپ، یان نزم بکەنەوە و چواردەوریان بە شێوەیەکی گشتی گرتووە، بەڵام بۆ بڕگەی کراوە، تەنها لایەکیان دەگیرێت و دواوەی ڤاوڵەکە چۆڵە. لە پێشتردا لە بڕگەدا ڕوون کرایەوە، کە بۆ هەر زمانێک جۆر و پێگەی بڕگەکان و قاڵبی بڕگەکان لە گۆڕاندان.

## (٢-٣/٢) بڕگەی فۆنۆلۆژی

ئاخێوەرانی زمان دەتوانن، ژمارەی بڕگەکان لەناو وشەیەک دیاری بکەن و لە سەرەتادا منداڵان بە زۆری دەتوانن، بڕگەکان بناسنەوە پێش ئەوەی دەنگەکان، یان فۆنیمەکان بناسنەوە. هاوکات درکاندنە سەرەتاییەکانیان لەو بڕگە سووک و کراوانە دەگرنەوە، کە لە سەرەتادا بە شێوەی ((دەردووی منداڵ کاتێک، کە دەنگێکی کۆنسنانت و دەنگیکی تر ڕیز دەکات، وەک ( دا، با، ما) لەجیاتیی (دایە و بابە و مامە)...)) (بابان،٢٠٠٥:٣٧). کەواتە، بڕگە ئاسان دەربڕاو، و هەوڵی ئاساندەربڕینی وشە و ڕستەکان دەدات. تا ئێستا زمانناسان چەند پێناسەیەکیان بۆ بڕگەی فۆنۆلۆژی کردووە. هۆکاری سەرەکیی ئەم جیاوازییانە لە پێناسەکاندا، جیاوازی پێکهاتەیی بڕگەکان بێت، لە زمانە جیاوازەکاندا و جۆراوجۆری شێوازەکانی پەرەپێدانی بڕگەکان لە زمانە

جیاوازەکاندا بێت، بەڵام بەشــبەشــکردنی دەنگەکان لەناو زۆربەی وشــەکاندا، کارێکی کردەییە. ئەمەش بەو واتایەی، کە زنجیرەی کورتی دەنگی لە زۆربەی وشــەکاندا هەســتپێکراوە و هەیە، کە پەیوەندییان بە ڕۆڵی واتا و ڕێزمانییەوە نییە، لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە، واتە مەرج نییە، کە هەڵگری واتای تایبەت بە خۆیان بن. هاوکات ((هەندێک بەش لە زنجیرە دەنگەکان، کە لە ڕووی بێژەکردنەوە، لە هەر بەشێکدا، مرۆڤ دەتوانێت، بە ئەنقەست هەناسەی خۆی ڕابگرێت و وەستان بۆ ماوەیەکی کورت دەرکەون. بەم شێوەیە کورتترین زنجیرەی یەکە فۆنۆلۆژییەکان، کە پێیان دەوترێت بڕگەکان دەســتنیشــان دەکرێت.)) (مشــکوەالدینی،١٣٩٣:١٠٥). پێویســتە ئاماژە بەوە بکرێت، کە ئەو دەنگە بەرزانە، یان ڤاوڵەکان، کە تایبەتمەندیی ناوکی بڕگەیان هەیە، پێی دەوترێت لووتکەی/ناوکی بڕگەکە "Syllabic Peak"، ئەو بەشــەی بڕگەیە، کە ئامادەیە بۆ بەلکاندی بە کۆنســنانتەکانەوە چی لە پێشــیەوە، یاخود لە دوایەوە بێت، لە بەشــەکانی تری بڕگەکە باشــتر دەبیســترێت و زاڵترە. ئەگەر ڤاوڵەکان بە ناوکی بڕگە دانەنرێن، بۆ پرۆسەی ئابووریکردنی زمان گرفت دروست دەکەن، چونکە ((بنەمای ئابووری لە شــیکردنەوەدا، پێویســتی بەوەیە، کە ڤاوڵەکە ناوەندی بڕگەکە بێت، چونکە ئەگەر کۆنسنانتەکان وەک ناوەندی بڕگەکە لەبەرچاو بگیرێت، لەم حاڵەتەدا، وشەی /برف/ [barf] (بەفر)، پێویستە بە سێ بڕگە هەژمار بکرێت، نەک بڕگەیەک، چونکە سێ کۆنسنانت هەیە، ئەمەش پێچەوانەی بنەمای بە ئابووریکردنی زمانە)) (مدرّســی،١٣٨٥:٤٥٥). هاوکات ئەم دیاردەیە لە زمانەکاندا هەندێکجار ڕوو دەدات، کە تاکە کۆنســنانتێک ڕۆڵی ناوکی بڕگە ببینێت، پێی دەوترێت "Syllabic consonant" ((ئەو کۆنسنانتانەن، کە دەبنە ناوکی بڕگە، وەکوو /n/ لە بڕگەی دووەمی وەک وشەی <Button> ، کە ئەمەش بە پێچەوانەی ئەوەی هەیە ڕوو دەدات، چونکە هەمیشە ڤاوڵ دەبێتە ناوکی بڕگە.)) (عەلی،٢٠٠٥: ١٩٨). کەواتە، بڕگە لە وشــەی زمانی کوردیدا یەکســانە بە ژمارەی ڤاوڵەکان، واتە چەند ڤاوڵ هەبێت ئەوەندە بڕگە لەو دەربڕاوەدا هەیە، ئەمەش بە هۆی ئەو تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییەی زمانی کوردی هەیەتی و هەموو ڤاوڵەکان دەبنە ناوکی بڕگەکان. وەک لەم نموونانەدا دەردەکەون. بۆ نموونە(٧٩):

١. دار |cvc| : یەک بڕگەیی، یەک ڤاوڵ

٢. ئێمە: ئێ + مە : |cv|+|cv| : دوو بڕگەیی، دوو ڤاوڵ

٣. جاڵجاڵۆکە: جاڵ+جا+ڵۆ+کە: |cv|+|cv|+|cv|+|cvc|: چوار بڕگەیی، چوار ڤاوڵ

بڕگەکان هەندێک دیاردەی و لێکچوونی هاوبەشــییانە هەیە، لە نێوان زمانەکاندا، کە دەتوانرێت، لەم خاڵانەی خوارەودا بەدیار بخرێن.

١. زۆربەی ئەو زمانانەی، کە بڕگە لە زمانەکانیاندا هەســتپێکراوە، ڤاوڵەکان ڕۆڵی ســەرەکیی دەگێڕن، لە دیاریکردنی بڕگەکانییاندا، واتە دیاریکردنی ڤاوڵ بۆ بڕگە گرنگیی خۆی هەیە، ڤاوڵ

کرۆکی بڕگەیە. لە هەموو زمانەکاندا، ڤاوڵێک لە بڕگەدا، بە زۆری لووتکەی بڕگەکە پێک دەهێنێت، ((بەڵام لە هەندێک زماندا، لەو حاڵەتانەی، کە ڤاوڵەکە لە بڕگەکەدا دەرناکەوێت، یەکێک لە کۆنسنانتە لووتییەکان [م]، [ن] و یان کۆنســناتە لاییەکان [ل] تایبەتمەندیی ڤاوڵ وەردەگرن، لووتکەی بڕگەکە پێک دەهێنن. بۆ نموونە (٨٠):

- لە زمــانی چیکیــدا /vlk/(گورگ)، لە ئینگلیزییشــــدا /ketl/ [kettle] ، /kotn/ [cotton].)) (مشکوەالدینی،١٣٩٣:١٠٧). (هێڵ بەژێرداهاتووەکان ئاماژەن بۆ ناوکی بڕگەکە، لەم نموونانەدا).

٢. بڕگەکان لە زمانەکاندا، مەرج نییە، هەڵگری واتا بن، بەڵام ڕۆڵ دەبینن لە گۆڕینی واتادا، هاوکات تاکە بڕگەیەکیش دەکرێت، هەڵگری مانای تایبەتی خۆی بێت.

٣. بڕگە لە زۆرینەی زمانەکاندا ژمارەیان بۆ هەر وشــــەیەک دیاری کردووە. واتە وشــــەی دوو بڕگەیی و سێ بڕگەیی هەیە. واتە هەستکردن بە بڕگە لە لایان ئاخێوەرانەوە کارێکە، کە ((بەئاسانی هەستی پێدەکەن و دەتوانن نەک هەر ژمارەی بڕگەی گوتنێک دیاری بکەن، بەڵکو لەناو خۆیشیاندا لەسەر ژمارەکە ڕێک بکەون.)) (فەتاح،٢٠١١:٧٥).

٤. دیاریکردنی قاڵبی بڕگە، کارێکی ئاســان نییە، بۆ هەر زمانێک، چونکە گۆڕانی زمانی ڕوودەدات، لە کەمترین گۆڕاندا چێوە و قەبارەی بڕگە بگۆڕدرێت. هاوکات بۆ هەر دەربڕینێک چێوە و قەبارەی بڕگە دەگۆڕێت و لە گۆڕاندایە. وەک لە نموونەکانی (٧٢،٧١)دا دەرکەوتن.

٥. پێکەوەلکانی ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، لەناو قاڵبی بڕگەکاندا، زۆرکات دەبیســترێت، کە هەموو کۆنســنانتەکان بە ڤاوڵەکان، یان بە کۆنســنانتێکی ترەوە دەلکێن، بەڵام ئەمە دروســــت نییە، چونکە دەنگەکانی زمان هەڵگری نیشــــانە جیاکەرەوەکانن و بەپێی نیشــــانەکانیان و جێکەوتەیان لە گۆڕاندان، هاوکات ئەگەری پێکەوەهاتنیشــــیان دەکرێت، تەنها لە نووســــیندا خۆیان بنوێن، نەک لە دەربڕیندا. وەکوو دەنگی [ئ]، کاتێک لە ســــەرەتای بڕگەوە دێت، تایبەتمەندیی ئەوەی هەیە، کە هەمیشە بە ڤاوڵەوە دەلکێت و بە کۆنسنانتەوە نالکێت.

نموونە (٨١):

ئاو = ئ + ا + و

ئومێد = ئ + و + م + ێ + د

٦. ژمارەی کۆنسـنانتەکان، کە لە سـەرەتای بڕگەدادێن، لە هەر زمانێکدا جیاوازە، هاوکات ژمارەی کۆنسنانتەکانیش لە کۆتاییدا جیاوازن، وەکوو لە زمانی کوردیدا، تەنها ڕێگە بە دوو کۆنسنانت و لە سەرەتادا دەدرێت، لە کۆتاییشدا تەنها ڕێگە بە دوو کۆنسنانت دەدرێت، بەڵام لە بەرانبەر وشەیەکی

/گەیشت/دا، دەکرێت ئەمە بە نموونەیەکی تاکوتەرا لە زمانەکەدا دابنرێت، کە بە سێ کۆنسنانت کۆتایی هاتبێت.

بۆ نموونە (٨٢):

- گەیشت|cvccc|

ئەم جۆرە لە دەربڕیندا، زۆرکات ئابووری دەکرێت و دەیکەن بە [گەشت] |cvcc|.

## (٣/٢-٣) قاڵبی بڕگە

قاڵبی بڕگەکانی زمانی کوردی پێک دێت لە سێ بەش، یەکەمیان پێشەوەیە، کە هەمیشە بە کۆنسنانت پڕ کراوەتەوە، کە بە شێوەیەکی بەخورتییە، دوومیان ناوک، یان لووتکەیە بە ڤاوڵێک پڕ کراوەتەوە، سێهەمیان خانەی کۆتاییە، کە هەمیشە بە کۆنسنانت یان نیمچە کۆنسنانتێک پڕ دەبێتەوە و مەرج نییە، لە هەموو بڕگەیەکدا بوونیان هەبێت، بەڵام ((لە زمانی ئینگلیزیدا سێ زاراوەی تری بۆ دانراوە Onset بە واتای پێش، Nucleus بە واتای لووتکە، Coda بە واتای پاشەوەی هاتوون.)) (ئیسماعیل،٢٠١٣: ٦٥)، تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی، ئەوەی دەرخستووە، کە خانەکانی پێشەوەی بڕگە، هەمیشە کۆنسنانتە، توانای ئەوەی نییە، کە خانەی پێشەوەی بە ڤاوڵ بدرکێندرێت، هاوکات گەلێک لە زمانەوانەکان پێیانوایە، کە دەکرێت ڤاوڵ لە سەرەتادا هەبێت، بەڵام ئەمە بەکاریگەربوونە بە زمانی ئینگلیزی، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا بڕگە هەیە، بە ڤاوڵ دەست پێدەکات، واتە خانەی پێشەوەی ڤاوڵە. بەڵام لە زمانی کوردیدا، بوونی کەمە و هەمیشە بە نیمچە ڤاوڵەکان، یان [ئ] هەمزە، هاوکارن و هەوڵیان داوە، کە وابکەن هەمیشە سەرەتای بڕگەکان بە کۆنسنانتی بمێننەوە، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

نموونەی (٨٣):

١. نیمچە ڤاوڵ

ا. یار : |cvc| نیمچە ڤاوڵی (ی) [yar]

ب. وەرە: وە + رە: |cv|+|cv| : نیمچە ڤاوڵی (و) [wə . rə]

٢. (ئ) هەمزە

ئارد: |cvcc| : [ʔard]

خانەی پێشـــــەوەی بڕگەی زمانی کوردی، توانای هەڵگرتنی دوو کۆنســــنانتی هەیە، بەو مەرجەی کۆنسـنانتی دووەم نیمچە کۆنسـنانت بێت، بەڵام توانای وەرگرتنی سـێ کۆنسـنانتی نییە، وەک ئەو نموونانەی لە زمانی ئینگلیزدا هەیە.

بۆ نموونە (٨٤):

|cccvcc| :spring , |cccvcccc|: strengths -

لە نموونەکانی (٨٤)دا ئەوەی دەردەکەوێت، خـانەی ســــەرەتـای بڕگەی زمـانی ئینگلیزی، توانـای هەڵگرتنی سـێ کۆنسـناتی هەیە، هاوکات خانەی کۆتاییش چوار کۆنسـنانتی لە خۆ گرتووە، هاوکات بە کۆی گشـتی حەوت کۆنسـنانت لە بڕگەکەدا هەیە.(نجفی، ١٣٩٩:٦٧)، بەڵام زمانی کوردی توانای تەنها چوار کۆنســنانتی لە بڕگەیەکدا هەیە، دوودانەی لە پێش و دوودانەی لە خانەی کۆتایی، بەڵام لکاندنی کۆنســنانتەکان لە پێش و لە پاشــی خانەکانی بڕگەی زمانی کوردی، بە هۆی فۆنەتاکتیکی زمانی کوردییەوە، لکاندنەکانیان جیاوازییان هەیە، لە ئەگەری نزیکبوونەوەی بڕگەی تر، لە هەردوو لاکەوە، کۆنســـنانتە یەکەمییەکانیان بگوازرێتەوە، بۆ ســــەرەتای بڕگەی دواتر، یاخود ســــەرەتای بڕگەیەکی تر.

بۆ نموونە (٨٥):

١. سەرچنار

أ. سەر + چنار : |cvc|+|ccvc|

ب. سەر + چ(بزرۆکە) + نار: |cvc|+|cv|+|cvc|

٢. بردنەوە


أ. بردن + ەوە : cvcc+ vcv *

ب برد + نە+ وە: |cvc|+|cv|+|cv|

لە نموونەی (٨٥)خاڵی یەکەمدا دەردەکەوێت، کە بڕگەی (چنار) لە خانەی دەستپێکی دوو کۆنسنانتە و خانەی کۆتایی یەک کۆنسـنانتە، بەڵام ئەم هێشـووە کۆنسـنانتەی خانەی سـەرەتایی لە دەربڕاوی لقی (ب)دا، گواستراوەتەوە بۆ سەرەتای خانەیەکی نوێ و دروستکردنی بڕگەیەکی نوێ، کە ئەمەش ســــەلمێنەری ئەوەیە، زمانی کوردی فۆنەتاکتیکی هەوڵ بۆ بە دەربڕینی بڕگەی ســــووک و کراوە دەدات. هاوکات لە نموونەی (٨٥)خاڵی دووەمدا دەردەکەوێت، کە لە بڕگەی |بردن| خانەی کۆتایی دوو کۆنسـناتی تێدایە، لە کاتێکدا دەخشـێت لە ڤاوڵێک، بە ئاسـانترین شـێوە ڤاوڵەکە دەیگوازێتەوە، بۆ دروستکردنی بڕگەیەکی نوێ. لە نموونەی(٨٥) خاڵی دووەم لقی (أ)دا، شـێوازی نووسـینی قاڵبی

بڕگەکە، بۆ زمانی کوردی گونجاو نییە، هاوکات لەلێکۆڵینەوەکانی (شـــێرکۆ بابان،٢٠٠٥: ٦٥-٨٠)، ئەم حاڵەتە ناودەنێت بڕگەی ناتەواو. واتە (ەوە: VCV) نموونەکانی تری هاوشـێوەی ئەمانەشـی بە هەمان شــــێوە، پەســـــنی بۆ کردووە (اند، ەکە، ان)، ئەمانە هەموویان کەرەســـــتەی تەواوکەر و یاریدەدەرن، بۆ تەواوکردنی وشـــە و فرێز، لە قاڵبی بڕگەدا نەخشـــەی بۆ کێشــراون، بەڵام ئەمانە کەرەسـتەن کاتێک بەتەنهان، تەنها هەڵگری ناون، واتە کاتێک بەتنها دەدرکێندرێت واتابەخش نین و بەشێک نین لە هیچ دەستەواژەیەک، لەبەر هەمان هۆکار قاڵبی بڕگە بۆ دانانرێت، ئەمە هاوشێوەی وێناکردنی کەرەســـتەکانی ئۆتۆمبێلێکە، کاتێک بەتەنها ناونیشـــانیان هەیە، بەڵام بێکار و بێواتان لە بـازاڕەکـانـدا، هەڵگیراون و چـاوەڕێی ئۆتۆمبێلێـک دەکەن، تـا بێـت بیـانگرێتە خۆی و بلکێن بە ئۆتۆمبێلەکەوە و تا بتوانن ئەرکێک بکەن و واتایەک تەواو بکەن، کە ئەویش ئوتۆمبێلە. لەبەر هەمان هۆکار، ئەم کەرەستانە هەرچەندە هەڵگری ناو و نیشانە بن لە زمانەکەدا، بەڵام بە تەنهایی، بڕگەی دروسـتی نابێت، ناوی بڕگەی لێنادرێت، شـێوە و قاڵبی بۆ نانەخشـێندرێت. وەک لە نموونەی (٨٥) خاڵی دووەمدا دەرکەوت، کاتێک دەخشێن بە بڕگەیەکەوە بە شێوەیەک تێکەڵی دەبن، وەک بەشێک بن لەوان، بڕگە یەکدانەییەکە لەجیاتیی بکرێت، بە لێکدانی دوو بڕگە، دەبێت بە ســـێ بڕگە، لەبەر هەمان هۆکار تەنانەت چێوەی بڕگەشی بۆ ناگونجێت، تا بە تاکە بڕگەیەک هەژمار بکرێت. کاتێکیش لە ســـەرەتای وشـــەکانەوە، وەک پێشـــگر دەربکەون، هاوکات ئەگەر یەکەم بڕگەیی وشـــەکە، بە بڕگەیەک بێ کە بە ڤاوڵ دەســت پێ بکات،(ئەگەری ڕوودانی ئەم جۆرە لەزمانی کوردیدا دەگمەنە)، بەم جۆرە بڕگانە دەوترێت، کە سـەرەتای سـفری"zero onset" هەیە.(Roach,2009:57). هاوکات ئەم جۆرە لە بڕگەکان، لە نێوانیاندا لێکدانی پتەو و بەهێز دروســـت دەبێت. مەبەســـت لە لێکدانی بەهێز ئەوەیە، هەر فۆنیمێ لە زمانەکەدا لە سەر و کلکێک پێکهاتووە، کە ((هەر فۆنیمێکی کۆنسنانت ســـەری ســـســـتە لە لکاندا و بە هیچ جۆرێک نالکێت، بەڵام کلکەکەی چالاکە لە لکاندا. لە بەرانبەردا ســـەری هەر فۆنیمێکی ڤاوڵ چالاکە بۆ لکاندن، بەڵام کلکەکەی ســـســـتە.)) (بابان،٢٠١٠:٢٩). کەواتە، کاتێک کلکی کۆنســـنانت، کە چالاکە لەتەک ســـەرێکی ڤاوکدا، کە ئەویش چالاک بێت، کاتێک دەلکێن زۆر بەهێزن و ناکرێت هەڵبوەشـێنرێتەوە، چونکە بڕگەکەی لەسـەر بونیاد نراوە. کەواتە، دەتوانرێت لە پەســـــنییەکی تردا، بۆ ڤاوڵەکان و کۆنســـــنانتەکاندا بگوترێت، ((فۆنیمی ڤاوڵەکان بریتییە لە بڕگەداڕێژەرێکی زرنگ و زەبردار لە پرۆســـــەی بڕگەڕێژکردنی گوفتاری گۆکراودا، بەڵام فۆنیمی کۆنســـــنانتەکان بریتییە لە کۆلکەیەکی بڕگەڕێژکراو بە زەبری ڤاوڵەکان،)) (بابان،٢٠١٨: ١٨)، یاخود ڤاوڵ و کۆنسـنانتەکان وێنایی بکرێت، بە دوو ئاڕاسـتەی بەناویەکداچوو یان تێکڕژاو، کە بۆ فونیمە ڤاوڵەکان بریتی بێت، لە تیرێکی نووکتیژ و هاوکات کۆنســـــنانتەکانیش تیرێکی کلکچاڵ، واتە نووکی ڤاوڵەکان هێرشبەر بێت و کلکی کۆنسنانتەکانیش هێرش بۆبراوە؛ وەک لەم هێڵکارییانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

هێڵکاریی ژماره (٥) هێڵکاریی کۆنسنانت و ڤاوڵ و نیمچه کۆنسنانتەکان.




هێڵکاریی (٦) لێکدانی بەهێزی ڤاوڵ و کۆنسنانت له بڕگەدا




هێڵکاریی نێوان ڤاوڵ و نیمچه کۆنسنانتەکان و کۆنسنانتەکان له بڕگەدا.




(بابان،٢٠١٠: ٣٧،٣٢،٣١).

## (٢/٣-٤) جۆرەکانی بڕگه

بڕگەی زمانی کوردی به هۆی پڕکردنەوەی خانەکانی قاڵبی بڕگەکانەوه دیاری دەکرێت، که ئایه بڕگەکه بڕگەیەکی کراویه، یاخود داخراوه، واته دابەش دەکرێت، بۆ دوو جۆر بڕگەی کراوه "Syllable Open" و بڕگەی داخراو "Closed Syllable" .

## (٢/٣-٤-١) بڕگەی کراوه "Open Syllable"

له بەشـــەکانی پێشـــووتردا، ڕۆڵی ڤاوڵەکان ڕوون کرایەوه، له دروســـتکردنی بڕگەدا، هاوکات ڤاوڵەکان لەم جۆره بڕگانەدا کۆتاییهێنەرن، ((هەر کاتێک بڕگەیەک به ڤاوڵێک کۆتایی هات، ئەوا بەو بڕگەیه دەوترێت بڕگەی کراوه.)) (باقری،١٣٩٩:١١٧). واته جێکەوتەیان له خانەی کۆتایی بڕگەکاندان هەرچەنده، که بڕگەی داخراو به زیادکردنی کۆنســـــنانتێک پەیدا دەبێت، واته بڕگەی کراوه هەیه، ئەوکات بڕگەی داخراو پەیدادەبێت. هـاوکات ((ئەم جۆره بڕگانه له زۆربەی زمانەکاندا، به بڕگەی پەســـــەند دادەنرێت، هەر وەک هەندێیک، پێیان وایه، که بڕگەی کراوه له هەموو زمانێکدا هەیه،

پێیــانوایە هیچ زمــانێــک نییە، بڕگەی داخراوی هەبێ بێ ئەوەی بڕگەی کراوەی هەبێ.)) (ئیسـماعیل،٢٠١٣: ٧١). بڕگەی کراوە ئاسـانە بۆ دەربڕین، چونکە بە ڤاوڵێک کۆتاییان دێت، ئەمەش بۆ چۆنیەتیی دروســــتبوونی ڤاوڵەکان دەگەڕێتەوە، چونکە ڤاوڵەکان بەربەســــت نییە، لە کاتی درکاندنیاندا، هەوای بە وروژم هاتوو بە شــــێوەیەکی ئاســــان و بێگرفت تێپەڕ دەبێت، ئەمەش وادەکات، ئە بڕگانەی بە ڤاوڵ کۆتاییان دێت، ئاســان بێت بۆ دەربڕێن. هاوکات ((لە بەشــی زۆری زمانە گێتیدا بڕگە، لە جۆری (کۆنســــنانت + ڤاوڵ)دا، شــــوێنی تایبەتی هەیە، بەواتای ئەوەی لەو جۆرەیە کە پەسەندە. گۆڕانی بڕگەیی بەو مەبەستەیە، کە وا ئەم جۆرە لە زماندا زۆربێت، دیسانەوە ئەم جۆرە بڕگەیە، لە زمانی کوردیشــــدا زۆر بڵاوە و پەســــەندە.)) (فەتاح،٢٠١١: ٨١)، واتە کاتێک شیکردنەوە بۆ بڕگەکانی وشە دەکرێت، زۆرترین ئەنجام بڕگەی کراوەن، بەڵام یان هەوڵدەدرێت لە لێکدانی وشـەکاندا بڕگەکان بۆ خۆگەنجاندنیان چەند گۆڕانکارییان بەسـەردا دێت، بەڵام لە ئەنجامی لکاندنەکاندا و زۆرترین بڕگەی پەیدابوەکان بریتین لە بڕگەی کراوە. بۆ نموونە(٨٦):

١. مەڕ + ەکە = مەڕەکە ← |مە| ڕە| کە| ؛ |CV|CV|CV|

٢. خول + ان+ەوە = خولانەوە ← |خو|لا|نە|وە| ؛ |CV|CV|CV|CV|

لە نموونەی (٨٦) دەردەکەوێت، کە بڕگەی داخراون، بەڵام لە ئەنجامی لێخشــــاندن بە بڕگەی تردا، بڕگەی داخراویان نامێنێت و دەبن بە بڕگەی کراوە. واتە هەوڵدانە بۆ ئاســــاندەربڕین لە زمانی کوردیدا. جگە لەم نموونانە بڕگەی کراوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە وشــــە فرەبڕگەییەکانی زمانی کوردیدا دەردەکەوێت کە تەواوی بڕگەکانی کراوە دەبن. بۆ نموونە (٨٧):

تەشەنە ← |تە| شە| نە| ؛ |CV|CV|CV|

سەبەتە ← |سە|بە|تە| ؛ |CV|CV|CV|

باوەشینە ← |با|وە|شی|نە| ؛ |CV|CV|CV|CV|

گوڵەبەڕۆژە ← |گو| ڵە| بە|ڕۆ| ژە| ؛ |CV|CV|CV|CV|CV|. (ئیسماعیل،٢٠١٣: ٧٢).

هاوکات بڕگەی کراوە، هێندە زۆرە لە زمانی کوردیدا، کە بە بڕگەی کراوە دەتوانرێت، ڕســـتەیەکی پێدروست بکرێت. بۆ نموونە (٨٨):

سەبەتەکە دەکەمەوە.

سە|بە|تە|کە |دە|کە|مە|وە|. ؛ |CV|CV|CV|CV| |CV|CV|CV|CV|

لە نموونەی (٨٥) دەردەکەوێت، کە ٨ بڕگە دروســت بوون، هەموویان بڕگەی کراوەن، بەڵام ئەگەر وردبوونەوە بۆ ئەو بڕگانە بکرێت، تێبینی ئەوە دەکرێت، هیچ کامیان بە تەنها واتایان نییە، هاوکات

هەریەکە لە دەنگەکانی ڤاوڵ و کۆنسـنانت، لەم جۆرەدا جێگیرن و لێکدانێکی بەهێزیان هەیە، کە گۆڕانکارییەکان تێیدا قەوارەی بڕگەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە گیروگرفتەکانی ئەم جۆرە بڕگانە ئەوەیە، کە لە هەر ڕیزێکدا، کە بە ئەم جۆرە بڕگەیە ڕۆنرابێت، گشت دەنگەکان پێگیرن و ئازاد نین، تا بتوانن چالاکیی دەنگسازی بنوێنن. (بابان،٢٠٠٩: ٨٠). زمانی کوردی بە هۆی هەبوونی ژمارەیەک زۆر لە بڕگەی کراوە، یەکێکە لە و زمانە ئاوازدار و مۆسیقاییەکان، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە کێش و سەروای شیعرە کلاسیکییەکان، لەسەر بڕگەی کراوەکان بونیاد نراوە.

## (٣/٢-٤-٢) بڕگەی داخراو "Closed Syllable"

کاتێک خانەی کۆتایی بڕگە، بە کۆنسنانتێک پڕ دەکرێتەوە، ئەو کات ئەو بڕگانە بڕگەی داخراون، چونکە پێش و دواوەوەی ڤاوڵەکە، بە کۆنسـنانت دەورە دراوە و داخراوە، یان لە پەسـنییەکی تردا بۆ ڤاوڵەکان دەوترێت: ((لە ڕەگیشـەوە، دەنگی ڤاوڵەکان نەخشـەیەکی ئەندازیاریی هەیە، بۆ ئەوەی بە شـێوازێکی نەخشـەدار و پلان بۆ داڕێژراو، فۆنیمە کۆنسـنانتەکان ببەخشـن، بەسـەر هەردوو خانەکەی و هەردوو گیرفانەکەی چێوەی بڕگە.)) (بابان،٢٠١٨: ١٨)، واتە ڤاوڵەکان ئەم کۆنسنانتانە دابەش دەکەن، هاوکات وەک لە نموونەکانی (٨٥،٧٧،٧٦)دا دەرکەوتن، کە لە ئەنجامی لێخشاندنەکاندا، ئەم کۆنسـنانتانە بەپێی پێویسـتی و زەبری ڤاوڵەکاندا دەگۆڕێن، بەپێی ئارەزووی ڤاوڵەکان جێگۆڕکێ دەکەن، هاوکات بڕگەی داخراو یەکێکە لەو بڕگانەی، کە چێوەی بڕگەی بە تەواوی پڕ کردۆتەوە، بەڵام وەک لە گۆڕانکارییەکـانـدا دەرکەوتن، کە زمـانی کوردی زیـاتر هەوڵ بۆ دروستکردنی بڕگەی کراوە دەدات، لەبەر ئاساندەربڕینیان. هاوکات زمانی کوردی بڕگەی داخراوی هەیە، کە دوو کۆنسنانت لە خانەی کۆتاییدایە، کە پێشی دەوترێت بڕگەی گران، ((ئەو بڕگەیەیە، کە لە هەردوو خانە نەگۆڕەکەی خانەی بەرایی و خانەی ناوەند، پڕن و بەڵام خانەی دواییشـی هەر پڕە، بەڵام دوو دەنگی کۆنسـنانتی تێدایە.)) (ئیسـماعیل،٢٠١٣: ٧٣). دروسـتبوونی ئەم چەپکە کۆنسـنانتانەی خانەی کۆتایی بڕگەکان، لەزمانی کوردیدا زۆربەی کات بەبزرۆکە جێگەی ڤاوڵەکە پڕدەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر دەنگی دوومی خانەی کۆتای بڕگەکە، کە دەنگێکی کۆنسـنانتە، پێکهاتبێت لە دەنگێکی کۆنسنانتەکانی تەقیوەکان، ئەوکات چەپکە کۆنسنانت دروست دەبێت، بەڵام پەیوەندیی لێکدانیان زۆر لاوازە، دەکرێت بە بچووکترین لێخشاندن بگوازرێتەوە بۆ بڕگە تازەپەیدابوو. نموونە (٨٩):

بەرد |cvcc| + ەکە = بەردەکە ← بەر|دە|کە ؛ cvc|cv|cv

کورد |cvcc| +ەکان = کوردەکان←کور|دە|کان ؛ cvc|cv|cvc.

## (٤/٢) فۆنیمی ناکەرتییەکان

### (٤/٢-١) هێز "stress"

مرۆڤەکان کاتێک ئاخاوتن بەرهەمدەهێنن، هەر لە تاکە دەنگێکەوە بۆ گەورەتری یەکەی ڕێزمانی، کە ڕستە و چەند ڕستەیەکە، هەمیشە هەموویان بە یەک چڕی، یان یەک جۆر نادرکێنن. واتە لەناو سیستمی درکاندنەکەدا، هەست بە هەندێک بەش دەکرێت، کە لاوازترن یان هێزدار نین لە درکاندنەکەدا، هەندێکی تریان بەهێزترن، یان هێزدارن. "ئەورەحمانی حاجی مارف" بەم شێوەیە لە هێز دەدوێت: ((هێز بە دەرخستنی دەنگێک، یان بڕگەیەک، یان وشەیەک دەوترێ، کە لە ڕێگەی تیندان بە گرژبوونی ماسوولکە و تەوژمی لووزەوی هەواوە، یان گۆڕینی ڕادەی بەرزیی دەنگەوە ئەنجام دەدری.)) (مارف،٢٠٠٤: ٤١٢)، یاخود لە پەسنییەکی تردا بۆ هێز دەگوترێت: ((هێز، زیادە وزەیەکی دەنگییە و لەسەر یەکێک لە بڕگەکانی وشە سەر هەڵدەدات.)) (ئەمین،٢٠١١: ١٤٦). کەواتە، هێز لەسەر تاکە بڕگە پەیدا دەبێت، ئەو کات هێز پەیوەستە بە کرداری هەناسەدانەوە، چونکە هێز یەکەیەکە، کە بە یارمەتیی هێزی هەناسەدان دروست دەبێت، چونکە بە تەنها لە درکاندنی تاکە بڕگەیەکی ئاسایدا، پێویستی بە وزەیەکی دیاریکراوە دەبێت بۆ درکاندنی، ئەگەر هاتوو بڕگەکە هێزدار بوو، ئەوکات وزە و هەڵوێستەی زیاتریشیان پێویستە. هاوبیری ئەم ڕایەش، "ئوکونەر" دەڵێت: ((هێز ناوێکە دراوەتە پاڵ شەکەتی ماسوولکەیی بەهێزتر، لە دوولایەنی هەناسەیی و درکاندنەوە، کە دەتوانین هەستی پێبکەین لەتەک هەندێ بڕگەدا، لە بەرانبەر بڕگەی تر.)) (کانەبی،١٩٩٨: ٦٣). هاوکات لە پەسنییەکی تردا بۆ هێز دوەترێت؛ هێز بریتییە لە تایبەتمەندییەکی فیزیکیی دەنگەکان، بۆ جیاکردنەوەی دوو وشەی کەڵکی لێوەردەگیرێت، کە لە ڕووی ژمارە و جۆر و ڕێزبەندیی دەنگ و فۆنیمەکانەوە، لە وشەیەکدا وەک یەک بن، (باطنی،١٣٩٨: ٢٧)، بەڵام جێگۆڕکێی هێزەکان لەسەر بڕگەکان، لە وشەیەکی فرەبڕگەیدا، واتای جیاوازە دروست دەکەن، وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت. نموونە (٩٠):

- پاشان (دوو واتای هەیە)

١.پاشان:/پا`شان/ هێز لەسەر بڕگەی یەکەمە، بە واتای (لە دواییدا).

٢.پاشان: /پاشان`/ هێز لەسەر بڕگەی دووەمە، بە واتای (ئەوان پاشان). (ئیسماعیل،٢٠١٣: ٧٨).

هەندێک لە زمانەوانەکان پێیانوایە، کاتێک هێز دەچێتە سەر هەندێک لە ڤاوڵەکان بە تایبەت (و، ی) ئەوا پێویستە نووسینی شوێنی هێزەکان دیاری بکرێت، ئەو دەنگە دووبارە بکرێتەوە (وو، یی) بنوسرێت، تا شوێنی هێزەکە دیاری بکرێت لە وشەکەدا، بۆ نموونە (٩١):

١. وشەی /شیرین/ کاتێک هێز لە کۆتا بڕگەیدا بێت بەم شێوەیەیە بکرێت بە /شیریین/

کاتێک پاشگرێکی بۆ زیاد بکرێت، وەک (ی) ئەو کات هێزەکە بخرێتە سەر پاشگرەکە، بەم شێوەیەی لێدێت. /شیرینیی/...

٢. ((/نووسیین/ <نووسیین> : /نووسیین_ەوَە/ <نووسینەوە> .

٣. /چووَن/ <چوون> : /چوون_ەوَە/ <چونەوە>')) (مەحوی،٢٠١٦: ١٤٣،١٦٣).

بەڵام ئەمە کارێکە، کە لەتەک زمانی کوردیدا ناگونجێت، چونکە نووسین پرۆسەیەکی زمانە و درکاندن پرۆسەیەکی ترە لە زماندا، واتە کاتێک بەو چاوەوە بڕوانینە نووسین، کە کولتووری زمان بێت، زمانی درکاندن ئەو زمانە بێت، هەمیشە لە گۆڕاندا بێت، ناکرێت کولتوور بگۆڕدرێت لەپێناو دیاردەکانی درکاندندا. وەکوو نموونانەی ئەو وشانەی، کە لە زمانی فەرەنسیدا ڕوویان داوە، کە چەندان پیت دەنووسرێت، تەنها دوان یان دانەیەکیان دەدرکێندرێت. بە واتایەکی تر دیاردەی دووبارەکردنەوەی پیت لە زمانەکاندا، لەپێناو دیاریکردنی هێزدا نییە، هێز بەدوورە لە هێما، واتە هێز هێمای بۆ دانەنراوە، بەڵکو دیاردەیەکی خۆڕسکانەیە، کە لە لایەن ئاخێوەرانەوە بەکار دەهێنرێت، هێز تایبەتە بە درکاندن، لە درکاندندا هەستی پێدەکرێت، وەک دەوترێت ((لە زماندا هێز هیچ وێنەیەکی تایبەتی بۆ دانەنراوە، بەڵام خاوەنی زمان بەئاسانی و بێ تەنگوچەڵەمە بەکاری ئەهێنێت و لەو شوێنەدا بەکاری دەهێنێت، کە پێویستە بەکار بهێنری و بێهەڵەکردن. ئەم دیاردەیەش ئەوە ئەگەیەنێت، کە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە فێری چونیەتی بە کارهێنانی هێز ئەبێ و ئەبێتە بەشێک لەو دەستوورانەی، کە مرۆڤ فێریان ئەبێ و لە دواییدا بە کاریان ئەهێنێ، وەک دەستورەکانی لێدانی دەنگ و واتا و بەستنەوەیستراکچەری سەرەوە و ستراکچەری ژێرەوە.)) (وەیس،١٩٨٤: ٨٢-٨٤). کاتێک ئەم دووبارەکردنەوەی پیتانە لە نووسیندا، کە نووسین پەیەوستە بە بڕگەی زمانەکەوە، ئەم جۆرانە وەک لە فۆنیمدا و لە نموونەکانی (١٢،١١) دەرکەوت، کە کاتێک دەلکێن بە بڕگەی ترەوە، خاسیێتی یەک دەنگیان لە دەست دەدەن دابەش دەبن بۆ دوو دەنگی جیاواز. هاوکات لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەدا لە نووسیندا خوێنەری دەق، توشی سەرلێشێوان دەبێت. هەر بۆیە لە زۆربەی زمانەکاندا نە توانراوە وێنەی هێز پیشان بدرێت، چونکە ئەوکات پیشەی نووسین دەبێتە کارێکی گرانتر، هەم بۆ نووسەری دەق و هەم بۆ خوێنەری دەقەکە.

## (٢/٤-١-١) هێز و بڕگە

لەئاخاوتندا بە زۆری ئەو بڕگانەی کە هێزدارن، زیاتر دەردەکەوێت، کاتێک بە پاڵنانی هەوای زیاتر لە سییەکانەوە هاوتوو، بڕگەیەک بە بەراورد بە بڕگەکانی دیکە لە وشەیەکدا بەرهەمدەهێنرێت، بەم پێیە بڕگەی هێزدارەکان وزەی هەناسەدانی زیاتری دەوێت، لە چاو بڕگە بێهێزەکانی دراوسێیدا. هاوکات ڤاوڵەکان خاوەن هێزەکەن لە بڕگەکەدا، ((بڕگەی بێ هێزەکان، بە بەرێژەیەکی بەرچاو کورتترن لە بڕگە هێزدارەکان، بە تایبەت لەو بڕگانەی، کە دەکەونە کۆتایی

وشـــەكانەوە.)) (Gussenhoven,2017:215). هاوكات چالاكييەكانی قورگ زياتر دەبێت، ئەمەش وادەكات كەسی بەرانبەر ئەم بەرز و نزمييە ببيستێت و هەست بەو گۆڕاننانە بكات، بەڵام هەندێک لە زمانەوانان پيانوايە، هێز لەســــەر هەندێک لە ڤاوڵەكانی پێكهێنەری بڕگەكان بەتايبەت ڤاوڵە درێژەكان هێز زياترە، لە چاو ئەو بڕگانەی كە خاوەنی ڤاوڵە كورتەكانن، بەڵام كارێكی گرانە لە ڕوانگەی گوێگرەوە پێناســـەی هێز بكرێت، چونكە زۆرجار بڕگەيەكی بێهێز لە ئاخاوتندا ديارترە، يان بەرزترە لە چاو بڕگەيەكی هێزدار، لەوانەيە پەيوەندی بە كورتی و درێژيی ڤاوڵەكانی ناو بڕگەكەوە هەبێت، واتە مەرج نييە، هەموو دەنگێكی بيستراوی بەرز واتای نيشانەكردنی هێز بێت، يان مەبەستێكی لە پشتەوە بێت. كەواتە، بەو واتايەش نايەت، كە ئەو بڕگانەی خاوەنی ڤاوڵی درێژ، يان بەرزيان هەيە، واتای ئەوە بێت، كە بڕگەی هێزدار بن، هاوكات بە هەمان شـــێوەشـــە بۆ ئەو بڕگانەشی، كە ڤاوڵی كورتيان هەيە، بوترێت هەموويان بڕگەی بێهێزن. (Ladefoged,2011:111). نموونەش بۆ ئەم جۆرە لە زمانی كورديدا بەباشی دەردەكەوێت، بۆ نموونەی (٩٢):

- باران

ئەم وشەيە دوو بڕگەيە، لە بڕگەكانی |با|+|ران| پێكهاتووە، كە هەدوو بڕگەكە ڤاوڵە پێكهێنەرەكانيان دەنگی درێژ و وەک يەكن ئەويش ڤاوڵی [ا]يە. لە بڕگەی دووەم |ران| درێژتر و بە هێزتر و توندتر دەدركێندرێت، وەک لە بڕگەی يەكەم |با|. ئەم توندتر دركاندنەی بڕگەيەک لە فۆنەتيكدا بەهێز ناسراوە. بەم جۆرەيش لە بڕگەكان دەوتری بڕگەی هێزدار "Stressed syllable" (مارف،١٩٧٦:٦٩). هەميشە دەتوانرێت، هێز لە ڕووی شتێكەوە پێناسە بكرێت، كە ئاخێوەر لە بەشێكی دەربڕينەكانيدا، بە بەراورد بە بەشـــێكی ديكە جياوازە، خودی ئاخێوەر بە مەبەســـت دەســـتی لەم كارەدايە. ئەم دەســـتوەردانەش مەرجی هەيە، پەيوەســـتە بە جۆری زمانەكان و پێگەی هێزەكان لەزمانەكەدا، كە پێگەی هێزی بڕگەكان لە وشـــەكانی زمانێكدا دەتوانرێت، كە جێگير(ســـنوردار) "Fixed Stress"، يان ئازاد(بێســـنور)"Free Stress"بێت. كەواتە، دووجۆری هێز لە زمانەكاندا دەتوانرێت دياری بكرێت، كە يەكێكيان دەزانرێت و دياريكراوە، كە هێزی بڕگەيان لەكوێی وشـــەكاندايە، بەڵام جۆرەكەی تريان شـــوێنی هێزەكانيان دياريكراو نييە، بەپێی مەبەســـت و ويســـتی ئاخێوەر دەگۆڕدرێت، واتە هێزی جێگير بەو مانايەيە، كە هێزەكە بەردەوام لەسەر هەمان بڕگەيە، لە هەموو وشەيەكی زمانەكەدا دەردەكەوێت، بەبێ گوێدانە درێژيی وشەكە. هێزەكەش دەكرێت بڕگەی يەكەم بێت، ياخود بڕگەی دووەم، ياخود كۆتا بڕگە بێت، (لەم جۆرە زمانانەدا شوێنی هێز پێشبينی كراوە. واتە بە شـــێوەيەک لەو پێگەيەدا جێگيرە. وەک زمانەكانی فينلاندی، يان هەنگاری، هێز هەميشـــە لەســـەر يەكەم بڕگەی وشـــەكانی ئەم زمانانە ڕوو دەدات، واتە هەر جارێک كە گوێت لە هێزێک دەبێت، دەزانيت كە وشـــەيەكی نوێ دەســـتی پێكردوو، بە ئەنجامدانی ڕاهێنان، دەتواندرێت ئەمە ببيستت يان هەستی پێبكرێت، تەنانەت ئەگەر زمانەكەش نەزانيت. پۆڵەندی و وێڵزی دوو زمانن، كە

به شـێوەیەکی گشـتی هێز لەسـەر بڕگەی پێش کۆتاییان هەیە. بۆیە بەئاشـکرا دەزانرێت کە تەنها یەک بڕگەی دواتر هەیە، دوای ئەویش وشـەیەکی نوێ دەسـت پێدەکات، بەبێ گوێدانە درێژیی وشـەکان.) (Ashby,2017:161). لە جۆری زمانی هێز ئازادەکاندا، ئەوکات پێگەی هێز بە تەواوی پێشبینی نەکراوە. زۆرجار هەندێک لە زمانەکان، بۆ ئاسـان دەسـتنیشـانکردنی بڕگەکان، (لە ڕێگەی پۆلی ڕێزمانی وشـەکە، یان فۆڕمی تایبەتی سـەردەمەکە، دەتوانرێت پێشـبینیی بڕگە هێزدارەکان بکرێت. بە واتایەکی تر، لەم جۆرە زمانانەدا، شـوێنی بڕگەی هێزدار لە هەر وشـەیەکدا ڕوونتر کراوەتەوە، لە ڕێگەی پۆلە ڕەگەزەکانی ڕێزمانەوە، وەک زمانی فارسـی.) (مشـکوەالدینی،١٣٩٣: ١١٧). هەروەها زمانی کوردییش. (مەبەسـت لە پۆلە ڕەگەزە ڕێزمان بە واتای ناو، ئاوەڵناو، کردار، ڕستە). بۆ نموونە (٩٣):

کاتێک هێزەکە لەسـەر بڕگەی یەکەم بێت دەبێت بە ناو و کاتێک هێزەکە لەسـەر بڕگەی کۆتاییە دەبێت بە کردار.

١-خەوتن (چاوگ)

<u>خە'و</u>تن ئارامی بە جەستە دەدات. (ناو)

منداڵەکان زوو خەو<u>ت'ن</u>. (کردار)

٢- سەرکەوتن

<u>سە'ر</u>کەوتن بەسەر شاخدا وەرزشێکی باشە بۆ جەستە. (ناو)

منداڵەکان بە شاخاکەدا سەرکەو<u>ت'ن.</u> (کردار)

هاوکات هەر لەم جۆرەدا، هەندێک لە زمانەکان بە تەواوەتی پێگەی هێزەکەیان بۆ دیاری ناکرێت، هەمیشـە بەپێی مەبەسـتی ئـاخێوەرانیـان دەگۆڕدرێـت، ئەم نـاڕوونییە، بۆ ئەو فێرخوازانەی ئارەزومەندی فێربوونی ئەم جۆرە لە زمانانەن، دەبێت شـوێنی بڕگە هێزدارەکان لە هەر وشـەیەکدا فێر بن، چونکە لە زۆربەی کاتەکاندا ناتواندرێت پێشـبینیی ئەوە بکرێت، کە کام بڕگە هەڵگری هێزەکە دەبێت، چونکە هێزەکە تەواو ئازادە لە دروسـتبوونیان لەسـەر هەر بڕگەیەک بێت، لە وشـەکاندا دەکرێت مەبەسـتێکی لەپشـتەوە هەبێت. یاخود ((دەبێت کەسـی ئاخێوەر بڕێکی زۆر لە بـارەی ئیتیمۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی "Etymology And Morphology" زمـانەکە بزانین. لەم جۆرانەی زمانەکانیش، زمانەکانی ئینگلیزی، یان ڕووسـی، یان تا ڕادەیەک ئیسـپانی و ئیتاڵی، ناتوانیت پێشـبینیی پێگەی هێزەکە بکرێت. چونکە هێزەکە بەشـێک دەبێت لە پێکهاتەی فۆنێتیکی وشـەکە، لەتەک فۆنیمە کەرتییەکاندا تێکەڵ دەبن، وەک بەشـێک لەوان هەڵسـوکەوت دەکەن.)) (Ashby,2017:161)، مەبەسـت لەوەی وەک ئەوان هەڵسـوکەوت دەکەن ئەوەیە، کە دەبنە هۆی

گۆڕانی واتا وشـەکە، ئەویش بە گۆڕینی جێگای هێزەکەیە، بۆ سـەر بڕگەکان. وەک لەنموونەی(٩٣) دەرکەوتن، کە گۆڕینی شوێنی هێز، بووە هۆی گۆڕینی واتا، یان گۆڕانی پۆلە ڕەگەزە ڕێزمانییەکان، یان باشـتر وەهایە بوترێت، کە ((گۆڕینی واتا بووە هۆی گۆڕینی شـوێنی هێز، چونکە هیچ دەنگێک زیاد و کەم نەکردووە، بۆیە ئەگەر هێز بە فۆنیمیش دابنرێ، ناکرێ بە فۆنیمیکی ئاسـاییی (کەرتی) دابنرێ، بەڵکو دەبێ بە فۆنیمیکی نائاسـاییی (ناکەرتی) دابنرێ، ئەم یەکانە لەسـەرووی ئاسـتی یەکە کەرتییەکان دادەنرێن.)) (موسا،٢٠٠٩: ٢٤-٢٥). لەبەر ئەم هۆکارانەیە، کە زمانەکانی هێز ئازادەکان، چەنـد جۆرێـک لە هێزەکـان دروسـت دەکەن، یـان هێزەکـانیـان خـاوەنی پلەن، یـان پلەدارن "Variations Stress"، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕەی، کە بە بەردەوامی بەسـەر پێگەی هێزەکـان لە وشـەکـانی زمـانەکەدا ڕوو دەدەن، بە تـایبەت لە زمـانی ئینگلیزیـدا، ئەم جۆرانە دەردەکەوێت: هێزی سـەرەکی/هێزی یەکەم "Primany Stress"، هێزی مامناوەند/هێزی دووەم "Secondary Stress"، هێزی لاواز/هێزی سـێیەم "Tertiary Stress" (قوامی،١٣٩٤: ٧٨،٧٩). هاوکات لە زمانی کوردیدا، زیاتر هێزە سەرەکییەکە باوە و لیکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت. لەبەر هەمان هۆکار، زۆرجار هێز وەک چارەسـەرێکی گیروگرفتە ڕێزمانییەکان تەماشـاکراوە، واتە کلیلێک، یان دەروازەیەک بووە، بۆ چارەسـەرکردنی کەمیی وشـە و واتا لە زمانەکاندا، یان بۆ بەئابووریکردنە، کە ئاخێوەر لە درکاندندا سوودی لێدەبینێت.

### (٤/٢-١-٢) هێز لە وشەدا

هێز کاریگەریی خۆی لە زمانەکاندا دەردەخات، کاریگەرییان بەپێی ئەو سـیسـتمی ڕێزمانییە کە هەیانە، لە زمانەکاندا دەگۆڕێت. هێز لە وشـەکاندا بەپێی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی وشـەکان دەگۆڕێت، واتە هێز لەو وشـانەی، کە یەک بڕگەن و لەتەک ئەو وشـەکانی، کە فرە بڕگەن شـوێن و پێگە و ڕۆڵیان دەگۆڕێت، چونکە خودی هێز لەوشەکاندا ((بریتییە لە ڕوونیی زیاتری بەشێک لە بەشەکانی وشـەکە لە بیسـتندا، لە چاو باقیی بەشـەکانی دەوروبەری.)) (حسـن،٢٠١٨:١٤٩). کەواتە، هێز لە وشەدا بەکار دەهێنرێت، بۆ گۆڕینی واتا. یاخود دەرخستنی واتای نوێی وشەکەیە، ئەمەش بەشێکە لە ڕۆڵی هێز لە وشەکاندا. ئەمەش وادەکات وشەکان لە ڕووی پێکهاتەوە وەک وشەی سادە، یاخود وشـەی داڕێژراو و وشـەی لێکدراو، گۆڕانکارییەکانی هێز تێیاندا، بە ڕادەیەکی بەرچاو دەربکەوێت، هـاوکـات ئەرکێکی سـەرەکیی هێزەکـان لە زمـانـدا بریتییە لە ئـامـاژەدان بە دیـاریکردنی پۆلە ڕەگەزەکانی وشەکە. ((واتە هێز لەناودا دەچێتە سەر بڕگەی یەکەم، لە کردارەکانیشدا دەچێتە سەر بڕگەی کۆتـایی، لەزمـانی ئینگلیزیـدا. کەواتە، جێگیرکردنی هێزەکە، ئـامـاژەیە بۆ جیاکرنەوەی پۆلە ڕەگەزی وشەکان.)) (Ladefoged,2011:112)، بەڵام لە زمانی کوردیدا، هێز لە وشە سادەکاندا لە کۆتا بڕگەدا دەردەکەوێت، ئەمیش زۆرکات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە درکاندنی وشـە بە تەنها وا دەری دەخات، کە هێز لەسـەر بڕگەکانی کۆتایی بێت، هاوکات درکاندنی یەک وشـە لە چەند

حاڵەتێکی کەمدا، یان ((چونکە وشـــە بەتەنها دەرنابڕین لەم هەڵوێســـتانەدا نەبێ وەک: وشـــەی پرسـەکان: کێ؟، کوو؟، چی؟... یان ئەم دەسـتەواژانەش ڕەنگە، لەوانەیە، بەیارمەتیت، فەرموو، بەڵێ، باشـــە، نە، نەخێر...)) (کانەبی،١٩٩٨: ٧٩)، یاخود لە دیاردەی مۆرفۆســـینتاکس "Morfossintax"دا ڕوو دەدات، کە لەجیاتیی بوترێت (من ئەوانم گەیاند) دەکرێت، بە (گەیاندمن)، جگە لەم حاڵەتانە زۆربەی درکاندنەکان، لە چوارچێوەی فرێز و ڕســتەدان بەبەردەوامی، مەبەســت لە درکاندنێکە کە واتابەخش بێت. هێزەکان نابنە واتاگۆڕ، یان ئەرکیان نابێت لە وشـەکاندا، کاتێک بێ مەبەسـت و بێ هۆکار لەســـەر هەندێک بڕگە دابنرێت، کە زۆرجار ئەم جۆرە حاڵەتانە لە کاتی بەرزکردنەوەی دەنگدا، یان بانگکردندا، یان هاوارکردندا ڕوو دەدەن، کە ئەمانە هیچ مەبەســـتێک و ئامانجێکی لەپشـــتەوە نییە، بەڵام ئەگەر هاتوو کەســـی ئاخێوەر ئاشـــنا نەبێت، بە جێکەوتەی هێز لە زمانێکدا، لەکاتی درکاندنی وشـــەکانی زمانێکی هێز جێگیر و ناجێگیرشـــدا، وادەکات گوێگر بێزار بکات، یان ((کاتێک ئەگەر شـوێنی هێز گۆڕدرا وشـەکان دەشـێوێن و تێک دەچن، بە ڕادەیەک لەوانەیە، خاوەن زمانەکە نەیانناسـێتەوە بە وشـەی بیانییان تێبگات. لەبەرئەم هۆیە هەر زمانێک دەسـتەیەک یاسـای فۆنۆلۆژیی تایبەت بە خۆوەی هەیە، بە هۆیانەوە شـوێنی هێزی سـەرەکی و هێزی دووەم و سـێیەم لەســـەر وشـــەکاندا دەســـتنیشـــان دەکات.)) (ئەمین،٢٠٠٤: ٢٨٥). هاوکات دەتواندرێت نموونەکان، بۆ وشــە لە تاک بڕگەوە، بۆ فرە بڕگە ڕیزبەند بکرێت. کە تێیدا کە وشـەکانی زمانی کوردی، بەتایبەت وشە سادەکان، کە فرە بڕگەکانیان لە چوار بڕگە پێکهاتووە، کە هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی.

بۆ نموونە (٩٤):

١- وشەی سادەی یەک بڕگە : بڕگەی کراوە : با← |با'| |CV'|

بڕگەی داخراو: مەڕ ←|مە'ڕ| |CV'C|

٢- وشەی دوو بڕگە: بڕگەی کراوە: زانا← |دا|نا'| |CV|CV'|

بڕگەی داخراو: گڕکان← |گڕ| کا'ن| |CVC|CV'C|

٣- وشەی سێ بڕگە : بڕگەی کراوە: سمۆرە ← |سɨ|مۆ|رە'| |CV|CV|CV'|

بڕگەی داخراو: کامەران← |کا|مە|را'ن| |CV|CV|CV'C|

٤- وشەی چوار بڕگە: بڕگەی کراوە: سولێمانی← |سو|لێ|ما|نی'| |CV|CV|CV|CV'|

بڕگە داخراو: سوپاسالار← |سو|پا|سا|لا'ر |CV|CV|CV|CV'C| (موسا،٢٠٠٩: ٦٠-٦٥).

هێز لە نموونەکانی (٩٤)دا، دەکەوێتە کۆتا بڕگەوە، بەڵام هەندێک وشــەی سـادە هەیە، کە دەکەوێتە ســـەر بڕگەی یەکەم، ئەویش ئەم وشـــانە خۆیان شـــاز و نامۆن و کەمینەن لە زمانەکەدا، هاوکات

هەندێکیان لەو وشـــانە بەهۆی ئەوەی، کە بڕگەی کۆتاییان ڤاوڵەکەیان ڤاوڵی (بزرۆکەیە) و لە دوو کۆنســـــنانت پێک هاتوون، ئەوکات دەگوازرێتەوە بۆ بڕگەی یەکەم، کە بە بڕگەکەی بە ڤاوڵێکی ئاسایی دروست بووە. بۆ نموونە (٩٥):

١. ئاگر ← |ئا'|گر|  |CV'|CVC| ، تەخت ← |تە'|خت|  |CV'|CVC|

٢. (بەڵام، چونکە، هێشـــتا) ئەم وشـــانە، هەرچەندە بڕگەی کۆتاییشـــیان بە ڤاوڵی(بزرۆکە) کۆتایی نەهاتووە، بەڵام وەکوو نموونەی شازی لەناو زمانی کوردی دەردەکەوێت. هێزەکە دەکەوێتە سـەر بڕگەی یەکەم. واتە بەم شێوەیە دەبێت،|بە'|ڵام| - |چو'ن|کە|.(ئەمین،٢٠١١: ١٤٦)،(موسا،٢٠٠٩: ٦٤).

هاوکات هێز لە وشـە داڕێژراو و لێکدراوەکانیشـدا، کە لە بەرهەمهێنانی وشـەدا لە جۆری داڕشتنن، لە زانســـتی مۆرفۆلۆجی "Morphology"دا، هێز ئەرکی خۆی دەبینێت، ئەمـانیش وەک وشـــــە ســـادەکان، هێز لە بڕگەی کۆتایی وشـــەکاندا دەردەکەوێت، چونکە ڕێگەی داڕشـــتن پەیوەســـتە بە مۆرفیمە وشە داڕێژەکانەوە، کە مۆرفیمی وشەداڕێژ (پێشگر و پاشگر)، ئەو مۆرفیمانەن، کە دەچنە سـەر مۆرفیمی تر، یان وشـە، کە لە ڕێگەیەوە وشـەی تر بە واتای نوێ دادەڕێژن، هەندێکجار پۆلی وشــــەیش دەگۆڕن، کە بەبێ بوونی هێز واتای وشــــەکان دەگۆڕن، وشــــەی نوێ بە فۆرمی نوێ بەرهەم دەهێنن، چونکە بەتایبەت پاشگرەکان خۆیان هەڵگری هێزن و کاتێک دەکەونە سەر وشەکە، هێزەکە لە ســەریان ســەرەکی دەبێت. دەتوانرێت هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆرفیمی وشـەداڕێژ لە ڕێگای داڕشتندا بخرێتە ڕوو.

**١.** پۆلی وشــــە دەگۆڕێت، واتا ئەگەر وشـــەیەک پێش وەرگرتنی مۆرفیمەکە ناو بوو، دەیگۆڕێت بۆ ئاوەڵناو، یان بە پێچەوانەوە. بۆ نموونە (٩٦):

- پاشگر

أ. (ئاوەڵناو) + (مۆرفیمی وشەداڕێژ) = (ناو)

جوان + ی' = جوانی  |جوا|نی'|

زەرد + ێنە' = زەردێنە   |زەر|دێ|نە'|

ب. (ڕەگی کردار) + (مۆرفیمی وشەداڕێژ) = (ناو)

فرۆش + یار' = فرۆشیار |فرۆش|یا'ر|

فڕۆ + کە = فڕۆکە   |فڕۆ|کە'|

ج. (ئاوەڵکردار) + (مۆرفیمی وشەداڕێژ) = (ناو)

بن + ار = بنار |بɨ|نا'ر|

پێش + ەوا = پێشەوا |پێ|شە|وا'|

د. (ناو) + (مۆرفێمی وشەداڕێژ) = (ئاوەڵناو)

بەخت + ەوەر = بەختەوەر |بەخ|تە|وە'ر|

بەفر+ ین = بەفرین |بەف|ری'ن|

ح. (ڕەگی کردار) + (مۆرفێمی وشەداڕێژ) = (ئاوەڵناو)

لەرز + ۆک = لەرزۆک |لەر|زۆ'ک|

مرد + وو = مردوو |مɨر| دوو'|

هـ . (ئاوەڵکردار) + (مۆرفێمی وشەداڕێژ) = (ئاوەڵناو)

پێش + ەکی = پێشەکی |پێ|شە|کی'|

خوار + وو = خواروو |خوا|روو'|

– پێشگر

هێزەکان دەکەونە سەر بڕگەی کۆتایی وشەکان. لەم کاتانەدا، واتە لە کۆتایی بڕگەی وشەکەدایە، نەک لەسەر پێشگرەکان.

ا. (مۆرفێمی وشەداڕێژ) + ( ڕەگی کردار) = (ناو)

پێ + خۆر = پێخۆر |پێ|خۆ'ر|

وەر + گێڕ = وەرگێڕ |وەر|گێ'ڕ|

ب. (مۆرفێمی وشەداڕێژ) + ( ناو) = (ئاوەڵناو)

بێ + هۆش = بێهۆش |بێ|هۆ'ش|

بێ + کار = بێکار |بێ|ک'ار|

چ. (مۆرفێمی وشەداڕێژ) + ( ڕەگی کردار) = (ئاوەڵناو)

لێ + زان = لێزان |لێ|زا'ن|

نە + بەز= نەبەز |نە|بە'ز| (مارف،أ، ٢٠١٧: ٨٨ –١٠٢) (مارف، ب،٢٠١٧: ٨٤– ٩٠).

**٢.** ڕێگای دارِشــتن فۆرمی نوێ بە وشــە دەبەخشــێت، وادەکەن ئەم وشــانە بچێتە فەرهەنگەوە. بۆ نموونە (٩٧):

بەهار + ی = بەهاری

**٣.** دەتوانن وشە بچووک بکەنەوە، بە پێی ئارەزوومەندیی قسەکەر. بۆ نموونە (٩٨):

باخ ←——— باخچە

**٤.** کاتێ دەلکێن بە ڕەگ یان بناغەوە، وشە و واتای نوێ بەرهەم دەهێنن، بۆ نموونە (٩٩):

(وەرگر + هەڵگر) دوو واتای نوێ.

**٥.** ســیمایەکی تریان لە پاشــگرەکاندا ئەوەیە، کە وشــە داناخەن و بناغە بە کراوەیی دەهێڵنەوە بۆ وەرگرتنی مۆرفێمی تر. بۆ نموونە(١٠٠):

وشە / بناغە + پاشگردارِشتن + پاشگری سینتاکسی

نووسەرەکان

بناغە م. دارِشتن م. سینتاکسی (حەمەئەمین، ٢٠٠٢:٢٤-٣٠).

هاوکات خۆیان ڕاستەوخۆ دوای لێکدانیان، ئەم پۆلە ڕەگەزانە دروست دەبن. لەوانە (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار)، کە هەریەکە لەم پۆلە ڕەگەزانە، وشــــەی نوێ بە واتای نوێ پێک دەهێنێت، بۆ نموونە: ناو دەکاتە ناوی دارِێژراو و ناوی دارِێژراویش دەبێت بە (ناوی واتایی، ناوی شــــوێنی، ناوی پیشەیی، ناوی بچووککراو)، بەڵام ئەمانە هەمووی پەیوەستن بە جۆری دروستکردنەکانیانەوە، لەناو پرۆســەی مۆرفۆلۆژییەکاندا، بەڵام خودی هێز کاتێک گۆڕدرا و لە کۆتا بڕگەوە، گواســترایەوە بۆ بڕگەکانی تر، دەکرێت گۆڕانکاری ڕوو بدات، کە بە مەبەســــتی واتاگۆڕین، یاخود بە تایبەت دیاریکردنی پۆلە ڕەگەزەکانی وشە ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە (١٠١):

- بەفرین

١. کاتێک هێز لە کۆتا بڕگەدایە، دەبێت بە (ئاوەڵناو): شاخەکە بەفری'ن و جوانە.

٢. کاتێک هێزەکە لەسەر بڕگەی یەکەمە، دەبێت بە (ناو): بە'فرین بۆ بازار ڕۆیشت.

لە نموونەی (١٠١)دا دەردەکەوێت، لە ئەنجامی جێگاگۆڕینی هێزەکانی بڕگەیە، کە واتا گۆڕینەکە ڕوویداوە، بەڵام زۆرجار هەســت دەکرێت، کە هێزەکە لەســەر تاکە وشــەکە دەبێتە هۆی گۆڕان لە

واتای ڕستەکەدا، بەڵام ئەم وشانە تەنها لە چوارچێوەی ڕستە و فرێزدا ڕۆڵەکانیان دەردەکەوێت، بە تەنها درکاندنیان، هێز هەر لەسەر بڕگەی کۆتایانە و ئەو ئەرکە دەبینن، هاوکات لە نموونەی (٩٣)دا، هەمان گۆڕانکاری لە نێوان پۆلە ڕەگەزەکانی (ناو و کردار) بەدەردەکەون. بە هەمان شێوە هێزەکان بۆ وشە لێکدراوەکان لە زمانی کوردیدا دەکەوێتەوە، بڕگەی کۆتایی، یان دوابڕگەی وشەی دووەم لە لێکدانەکەدا، بەڵام کاتێک هێز بە ئامانجەوە، بۆ مەبەستی تر بەکار هێنرا، ئەوکات واتاکانیان دەگۆڕێت. واتە کاتێک ئاوەڵناوەکان لە تەک ناوێکدا یەکیان گرت و وشەیەکیان دروست کرد، ئەوکات ئاخێوەر جگە لە درکاندنی هێزی کۆتایی لە وشە لێکدراوەکەدا، هاوکات بە مەبەست بۆ دروستکردنی واتای نوێ هێزەکە دەگوێزنەوە، بۆ سەر بڕگەی کۆتایی لە وشەی یەکەمدا، یاخود بۆ سەر بڕگەکانی وشەی یەکەم. بۆ نموونە (١٠٢):

- سەرگەورە

١. کاتێک هێزەکە، لەسەر کۆتا بڕگەی وشەی دووەمە: سەرگەورە' بە واتای سەرێکی گەورە دێت، وەک ئاوەڵناوی سەر بەکار دێت.

٢. کاتێک هێزەکە. دەکەوێتە سەر بڕگەیەک لە وشەی یەکەم: سە'رگەورە بە واتای سەرۆک هێزێک، یان سەرۆکی وڵاتێک دێت. واتە وەک ناوێک واتا دەبەخشێت. (مەحوی، ٢٠١٦: ٢٢٠).

## (٤/٢-١-٣) هێز لە ڕستەدا

هێز لە زماندا چەندین ئەرکی جیاوازی هەیە، کە دەتوانرێت لە ڕستەکاندا بەکار بهێنرێت، بۆ ئەوەی جەخت بە تایبەت لە وشەیەک بکرێت، یاخود بۆ ئەوەی وشەیەک لە تەک وشەیەکی تردا بەراورد بکرێت. ((هێزی سەرەکیی وشەیەک لە وشەکانی ڕستە وەری دەگرێت، بەوەی کە ڕستە دانەیەکی ئاخاوتنە و بە وەستان دەست پێ دەکات و بە وەستانیش کۆتایی دێت، ئاسایی هێزەکەش دەکەوێتە سەر دواوشەی ڕستەکە، یان ئەو وشەیەی کە گرنگیی پی دەدرێت.)) (عەلی،أ،٢٠١٤: ٥٧)، مەبەست لەوەی، کە وشەیەک گرنگیی پێ دەدرێت ئەوەیە، کە کەسی ئاخێوەر مەبەستی لە درکاندنی ئەو ڕستەیە و زانینی، یان گەیاندنی ئەو ئامانجەیە، کە لەسەر ئەو وشەیە هەڵیچنیوە، هاوکات ڕستەکان ئەندامەکانیان و دەنگ و فۆنیمەکانیشیان وەک یەکن، بەڵام هێز لەسەر وشەکان ئامانجدارە، کاریگەری درووست دەکەن، کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی واتایی وشەکان، واتە: هێزی ڕستە کاریگەریی هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕستە لێڵەکان، واتە لێڵی، کە یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە زانستی واتاسازی "Semantic" لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت، هاوکات فۆنیمە ناکەرتییەکان ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکییان هەیە، بۆ خستنەڕووی واتا جیاوازەکانی وشە و ڕستە لێڵەکان، لەبەر نادیاریی واتاکان، بۆیە ناویان لەم جۆرەی واتا ناوە (لێڵی)، یاخود زۆرجار لە سەرچاوەکاندا هاتووە، بۆ لێڵی لە ڕستەدا (تەمومژ)ی پێ وتراوە. ((کەواتە لێڵی لە زماندا بریتییە لەوەی دانە و

دەربڕینێکی زمانی لە واتایەک زیاتر بگەیەنێت. واتە هەموو دەربڕینێکی لێڵ لە زماندا یەک سیمای هەیە، بەڵام لە بنجێک زیاتری هەیە؛ یان ڕۆنانی ژێرەوەی هەموو کەرەستەیەکی لێڵ لە زماندا لە یەک ڕۆنان زیاترە. بۆ نموونە (١٠٣):

١- پێتان هەڵگرن ← پەلە بکەن.
← پێتان بەرز بکەنەوە.)) (محمد، ٢٠١٠ :١٣٨).

٢- کانییەکە پڕ' بوو. (واتە: پێشتر پڕ نەبوو، ئێستا پڕە.)

٣- کانییەکە پڕ بوو'. (واتە: کانییەکە پێشتر پڕ بوو، ئێستا پڕ نییە.)

جێگەی سەنجە ڕێژی بوونی لێڵیی واتایی بە هۆی کەرەستە ناکەرتییەکان لە دیالێکتی سەرووی زمانی کوردیدا، تا ڕادەیەک کەمترە، لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردی، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانەیش:

١. دەستەی جێناوە کەسیەکانی خاوەنی (من، تە ، وی/ وێ، مە، وە، وان) سەربەخۆن و لکاو نین.

٢. بوونی چەند مورفێمێکی تایبەت، بە هەریەک لە ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ.

٣. ڕاناوە کەسییەکانی ڕێککەوتن ڕۆڵی ئاشکراتر دەبینن، چونکە ڕاناوی کەسیی لکاوی تر نین، تاکو لێڵواتایان لە تەکدا دروست بکات. (قادر،٢٠٢١/١/٨)

وەک لە نموونەی (١٠٤)دا دەردەکەوێت.

کرمانجی ناوەڕاست:

- پێم دەشکێ. (واتە: قاچم دەشکێ.)

- پێم دەشکێ. واتە: (من دەتوانم ئەو شتە بشکێنم.)

کرمانجی سەروو:

- پێ من دەشکێت.

- ئەز دشێم بشکینم.

وشە لە باری ئاساییدا هێزیان لە کۆتا برگەدایە، بۆ ڕستەیش بە هەمان شێوە هێزەکان دەکەونە کۆتا وشەوە، لەو وشەیەشدا بەپێی پێکهاتنی مۆرفۆلۆژییانەیان زۆربەی کات دەکەوێتە کۆتا برگەیان، یان ((هێز لە ڕستەی سادەی یەک وشەییدا دەکەوێتە سەر یەکەم مۆرفیمی بنەڕەتیی

پێکهاتەکە، کە بە زۆری یەکەم مۆرفێمی بنەڕەتیی ڕەگی کارەکە دەگرێتەوە، لە تەک ڕەچاوکردنی ئەو مۆرفێمە گیرەکانەی (پێشــگر و پاشــگر)، کە هێزڕاکێشــن.)) (دزەیی، ٢٠١٥: ١٤٤). هێزەکان لە ڕستەدا، بە شێوەیەکی زۆر زیاتر هەستپێکراوترن، تا لە وشە و بڕگەکاندا، چونکە کەسی ئاخێوەر کاردانەوەی خێرای دەبێت کاتێک هێز بە شێوەیەکی گشتی لەسەر وشەیەکی بە مەبەست درکێندراو دەبیســتێت، هاوکات هێز لە وشــەکانی ڕســتەدا دەچنەوە ســەر بڕگەکان و لەســەر بڕگەکانی وشــەکەیش ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێت، بەپێی مەبەســتی ئاخێوەر، ئەوکات چی واتا بگۆڕن، یان واتا نەگۆڕن، بەڵام هێزی لە ڕستە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت مەبەستی ئاخێوەر ڕوونتر بخرێتە ڕوو. لەم نموونانەدا دەربکەوێت. نموونەی (١٠٥):

- <u>ئارام</u> <u>ئۆتۆمبێلێکی</u> <u>گەورەی</u> لە <u>قەڵادزێ</u> بە <u>نرخێکی گران</u> <u>کڕی</u>.

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦

کاتێک ئەم ڕســتەیە، بە تەنها دەدرکێندرێت، دەکرێت ٦ مەبەســتی ســەرەکیی هەبێت، کە بەپێی هێز لەسەر هەریەکە، لە وشەکان واتا و مەبەستی ڕستەکە بگۆڕدرێت، واتە کاتێ هێز لەسەر ژمارە(١)، مەبەســتی لە ئارامە، دەیەوێت ئارام دیاری بکات، ئەو کەســەیە کارەکەی کردووە، کاتێکیش هێز لەســەر ژمارە (٢) دادەنرێت، تەنها مەبەســتی لە ئوتۆمبێلەکەیە، ئەوەی بە لاوە گرنگە، هاوکات کــاتێکیش هێزدەخــاتە ســەر ژمــارە (٣)، پەســنییەکە بۆ ئۆتۆمبێلەکەیــە، کە ئەویش گەورەیی قەبارەکەیەتی و بە لایەوە گرنگە، کاتێکیش هێزەکە دەکەوێتە ســەر ژمارە (٤)، مەبەســتێتی ئەو ناوچە جوگرافیایە دەربخات، کە کردارەکە تێیدا ڕووی داوە، جا ئەو ناوچەیە چی دوور بێت، یان نزیک دەگەڕێتەوە، بۆ چوارچێوەی شــوێنی ئاخاوتنەکە، کاتێکیش هێز دەخاتە ســەر ژمارە (٥)، مەبەستی دەر خستنی بەهای ئۆتۆمبێلەکەیە، واتە تەنها نرخە گرانەکەی لەلا مەبەستە، واتە هەرزان نەبووە، کاتێکیش هێز دەخرێتە سەر ژمارە (٦)، کۆتایی، ئەوا وەک ڕستەیەک کە هەواڵی کڕینی ئەو ئۆتۆمبێلەی لا مەبەستە و گرنگە کە بیگەیەنێت.

هاوکات هێز لە ڕســتەدا زۆرجار بەکار دێت، بۆ بەراوردکردنی دوو وشــە، یان دوو کردار، یان زیاتر بەرانبەر بە یەکتری. وەک لە نموونەی (١٠٣) دەرکەوت، بەڵام هێز لە ڕستەدا بەکار دێت، (بۆ لێکجیاکردنەوەی واتایەک، کە پێشبینی بکرێت و لە تەک واتایەکی تردا بەراورد بکرێت، کە دابڕاوە، یان بە شاراوەیی وتراوە. لەم حاڵەتەدا هێزەکە، لە تەک پلــەی ئاوازی بــەرزدا پێکەوە کار لە یەکتر دەکەن.) (عەلی،أ،٢٠١٤: ٥٨) واتە هێز و ئاوازە پێکەوە لە ڕســتەیەکدا یەک دەگرن بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستی نوێ. بۆ نموونە (١٠٦):

١- (هەر چواریان هاتن. ئەم دوو واتایەی هەیە:

أ. هەموو چوار بوون و هەموو هاتن. بۆ ئەم واتایە وزەی زیاد دەخرێتە سەر (هەر).

ب. زیاتر بوون لە چوار و تەنیا چواریان لێهاتن. بۆ ئەم واتایە وزەی زیاد دەخرێتە سەر (چوار). (ئەمین، ٢٩٦:٢٠٠٤)

٢- جاران ئێمە بۆ گەشت دەچووین.

(واتە ئێستا ناچین، لە ڕابردوودا چووین.)

٣- ئازاد بە منداڵی هاروهاج بوو.

(واتە ئێستای باشترە و لەسەرخۆترە، بە بەراورد بە سەردەمی منداڵی).


## (٢-٤/٢) ئاواز "Intonation"

کاتێک ئاخێوەرانی زمانێک ڕستەیەک، یان چەند ڕستەیەک پێکەوە دەردەبڕن. بۆت دەردەکەوێت، کە دەنگەکان لە بەرزونزمیی بەردەوامدان لە تەک یەکتریدا. هاوکات ئەو جیاوازییانەی لە نێوان ئاخاوتن و هۆنراوەکانی گۆرانیدا هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە لە گۆرانی گوتندا چەند تۆن و ئاوازێکی دیاریکراو و ئامادەت لە بەردەستدا هەیە، کە تۆن لە دوای تۆن و ئاوازی ڕستە لە دوای ئاواز، وەک زنجیرەیەک بە دوای یەکدا دەڕۆن، ئەمەش وادەکات لە جۆرێک لە هارمۆنی لە مێشکی گۆرانیبێژدا پەیدا بکات، بەڵام کاتێک مرۆڤەکان ئاخاوتنی ڕۆژانەیان دەکەن، هیچ پێڕەوێک و تۆن و ئاوازی بۆ دانەنراوە جێگیر نییە. واتە ئاوازدارن، بەڵام ئەم ئاوازانە بێ دەستکاریکردن و جوانکاریکردن ئاڵوگۆڕکردنی دەنگەکانە وەک ئەوە نییە، کە بۆ هۆنراوە دەکرێت، چونکە بە درێژایی هەموو بڕگەکان لە درکاندنی ئاساییدان لە گفتوگۆدا، بەڵام ئاواز (پێی دەوترێت دەنگی بەرز و نزم، یاخود ڕوخساری جیاوازی ڕستەیە، لە کاتی بێژەکردنیدا، هەروەها بۆ ئاماژەدانە بە واتا مەبەستدارەکان، وەک پرسیار، داواکاری، فەرمان، تووڕەیی، ڕازیبوون، خۆشی، سەرسوڕمان، تامەزرۆیی و حەسرەت.) (حسن،١٤٩:٢٠١٨)، یان دەوترێت ئاوازەکان ((بە گۆڕینی ڕادەی خێرایی لەرینەوەی ژێکان دێتە ئەنجام، کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاوازی جیاجیا بە هەمان ڕستە و دەربڕین ببەخشێ. هەر ئاوازێکیش واتایەکی تایبەتیی جیا بە ڕیزە دەنگەکە دەبەخشێ.)) (ئەمین،٢٠١١: ١٤٩). کەواتە، ئاواز بەشداری دەکات لە هەموو جۆرە گۆڕینێکی ئاوازی درکاندن لە ڕستەکاندا، کە ئەم پرۆسەیە لەلایان خودی فۆنیمەکانەوە ئەنجام نادرێت، ئەمان وەک چەترێک بەسەر فۆنیمەکاندا هەڵدەدرێن، تا گۆڕان لە واتادا دروست بکەن، واتە ئاواز گۆڕانێکە، کە فۆنیمە ئاساییەکان توانای بەرهەمهێنانی ئەو گۆڕانکارییانەیان نییە، یاخود ((ئاوازە ئاماژەکردن و بەرجەستەکردنی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی فۆنیمە ناکەرتییەکانە، کە لە گواستنەوەی واتا نافەرهەنگەکان/ ئەو واتایانەی، کە لە وشەکانەوە بەرجەستە نەبووە "Postlexical" یان واتا پراگماتیکەکان لە ئاستی ڕستەدا دەخاتە ڕوو، بە شێوەیەکی سیستماتیک لە ڕووی زانیارییە زمانەوانییەکانەوە.)) (اسلامی،١٣٩٢: ٩). بۆ نموونە (١٠٧):

- نەڕۆی دەتکوژم.

ئەم دوو واتا دژیەکەی هەیە:

١.ئەگەر نەڕۆی دەتکوژم. : واتە ئاوازی ڕستەکە لە بەرزەوە بەرەو نزمبوون دەڕوات، وەستانیش لە دوای وشەی (نەڕۆی)دا نییە.



- نەڕۆی دەتکوژم.

٢. نەڕۆی ئەگینا دەتکوژم. : واتە (نەڕۆی) لەپڕ دەوترێ و ئاوازی ڕستەکە لە نزمەوە بۆ بەرز دەڕوات و وەستانیش لە دوای وشەکەدا هەیە، هەروەها لە وشەی (دەتکوژم) بەرز دەبێتەوە و لە کۆتاییدا دێتە خوارەوە.

- // نەڕۆی // // دەتکوژم //. ( عەلی، ٢٠١٤:٦٩).

مرۆڤ لە کاتێکی ئاخاوتندا، لە زۆربەی بارەکاندا، هەوڵی درکاندنی هەستەکانی دەدات، چی بە ئاگایانە یاخود بێئاگایانە، ئەم هەستەیش کاریگەریی دەبێت، لەسەر شێوازی دەربڕین، هاوکات شێوازی دەربڕینیش پەیوەستە بە ئاوازی ڕستەکانەوە، کە دەکرێت ئاوازی زمانەکان لە خاڵێکدا، بۆ هەموو زمانەکان هاوبەش بن، ئەویش ئەوەیە، کە هەستەکانیان لە ڕێگەی ئاوازەکانیانەوە لە ئاخاوتنەکاندا دەردەبڕن، کە ئەمەش زۆربەی مرۆڤە ئاساییەکان هەستی پێ دەکەن، زۆ جار پێی دەڵێن "تۆنی دەنگ". وەک لەم پێناسەیە، کە کراوە بۆ ئاوازە دەگوترێت: ((لە هەموو زمانێکدا، ئاوازە بەستراوە بە نەغمەی قسەی قسەکەرەوە. ئەم نەغمەیە جۆر و حاڵەی قسەکەری تێدا دەرئەکەوێ، وەکو توورەیی و نەرمی و سەرسوڕمان.)) (وەیس،١٩٨٤: ٩٣). کارێکی ئاسان نییە، ئاخێوەر هەوڵبدات، کە ڕیشەیەکی هەست و بارودۆخی ژیانی نەخاتە ناو ئاوازی درکاندنەکانیەوە، وەک ئەو کاتانەی خۆشبەختی، یان خەمباربوون، یان خۆشگوزەرانی، یان خەمۆکی، یان خۆشویستن، یان بێزاری. بە دڵنیاییەوە ئەتەکێتی کۆمەڵایەتی زۆرجار وادەکات، کە ئەو شتە بشاردرێتەوە، کە بە ڕاستی کێشەیەک، یان بارودۆخێکی نەخوازراو هەیە، بەڵام ئاشکرایە، کە مرۆڤ زوو دەتوانێت لە ڕێگەی ئاوازی ئاخێوەرەکەوە بۆی دەرکەوێت، لە چی بارێکدایە، کە ئاوازی خۆش و دڵخۆشی چۆنە و پێچەوانەکەیشی چۆنە. کەواتە بەشێکی هاوبەش لە سەرانسەری هەموو زمانەکاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە ئاواز دەتوانێت هەڵوێستی هەستەکان بگەیەنێت. (Ashby,2017:179). هاوکات جگە لەم ئەرکە، ئەرکی ڕوونکردنەوەی ڕستەکانیشیان هەیە، کە هەندێک ڕستە هەمان فۆڕمن، بەڵام مەبەست و ئامانجی ئاخێوەر ناڕوونە بەبێ ئاوازەکەی، چی لە لایەنی گۆڕانی واتای ڕستەکەوە بێت، یاخود لایەنی ڕێزمانییەکەی بێت. بۆ نموونە (١٠٨):

- پارەت پێیە.

ئەم ڕستەیە چەندین واتە دەگەیەنێت لەوانەش:

١. پارەت پێیە. (هەواڵگەیاندن)

واتە: ئاخێوەر ئاگاداری ئەوەیە، کە کەسەکە پارەی پێیە، وەک هەواڵ و زانیارییەک خراوەتە ڕوو.

٢. پارەت پێیە. (فەرماندان)

ئاخێوەر وەک ئاماژەیەک دەری دەبڕێت، دەڵێ: (خۆ پارەت پێیە دە بیکڕە؟) وەک فەرمانکردنە.

٣. پارەت پێیە؟ (پرسیار و داواکردن)

واتە لەم جۆرەدا دەکرێت ئەم واتایانەی هەبێت، کە: (ئایا پارەت هێناوە؟)، (تکایە پارەت پێیە پێم بدەیت؟) ئاوازی ڕستەکە لە بەرزبوونەوەدایە، تا دواخاڵەکانی درکاندنەکە.

٤. پارەت پێیە! (سەرسوڕمان)

سەرسوڕمان بۆیە پەیدا دەبێت، دەکرێت کەسەکە قەت خاوەنی پارەی باش نەبووبێت، یاخود لە شێوەی کتوپڕدا بیدرکێنێت پارەی پێیە. کە بەم شێوەیە ببێت بە: (تۆ بەڕاستی پارەت پێیە ئێستا!) یان (شۆک بووم، پارەت پێیە!). (عەلی، ب،٢٠١٤: ٢٤٥-٢٤٧). کەواتە ئاواز ڕۆڵی بەرچاوی هەیە، لە ڕوونکردنەوەی لێڵی ڕستە و مەبەستی نەزانراوی ئاخێوەران، نەبوونی ئاوز کاردەکەتە سەر ڕستەکان و چەندان مەبەست دەخاتە بەردەم کەسی بەرامبەر، ئەوکات دیارنییە، کە مەبەستەکان چین وئاخاوتنەکە لەپێناو چیدا کراوە.

## (٣-٤/٢) نێوانەکان "Juncture"

ئەندامەکانی ئاخاوتن، وەک هەر ئەندامێکی تر جەستە، لە کاتی دەربڕیندا سوکە هەڵوێستەیەک، یان وەستانێکی کەم خایەن پەیدادەکەن، کە ئەم بۆشاییانە زۆرجار بێ مەبەستە و کەسی ئاخێوەر ناتوانێت دەستی هەبێت لە پەیدابوونیدا، واتا و مەبەست ناگۆڕن، بەڵام هەندێکجار نێوانەکان بە مەبەست و ئامانج دروست دەکرێت. نێوانەکان واتە بۆشی دروستکردن لە کاتی دەربڕین، لە بچووکترین یەکەی دەربڕاوەوە، کە دەنگەکانن و بڕگەکانن، تا دەگاتە ڕستەکان، بۆشایی یان وەستان دروست دەبن، بەڵام ڕۆڵ و کاریگەریی لە هەر شوێنێکدا دەگۆڕێت، نێوان ((بریتییە لە لێدانێکی سووک (وەستانێکی کەم) لە نێوان وشە، یان بڕگەکاندا لە ئاخاوتندا، کە مەبەست لێی ئاماژەکردنە بەوەی لە کوێ وشەیەک، یان بڕگەیەک کۆتایی پێدێت، یاخود بڕگەی وشەیەکەی دیکە لە کوێوە دەست پێدەکات و کۆتاییان دێت، لە ئاخاوتنەکاندا.)) (حسن،٢٠١٨: ١٤٩). ئەگەر لەو بۆشاییە و سووکە وەستانانە بڕواندرێت، کە لە سەرەتاوە لە دروستکردنی دەنگەکاندا، وەک لە کۆنسنانە تەقیوەکاندا هەستی پێدەکرێت، کە وەستانێک هەیە، لە کاتی درکاندنیاندا هەمیشە ئاخێور دەبێت سووکە وەستانێک بکات لە دوای درکاندیان. ئەمیش ڤاوڵەکان لە کاتی دروستکردنی بڕگەدا

نایەڵن لە درکاندیاندا زۆر هەســـت بەم وەســـتانە بکرێت، واتە ڤاوڵەکان وەک تێکرژانێک تێکەڵ بە کۆنســـناتەکان دەبن و پەیوەندییان پەیوەندییەکی پتەوە لە برگەدا، وەک لە هێڵکاریی ژمارە (٦) دەرکەوتن. هاوکات نێوانەکان دوو جۆری ســـەرەکیی هەیە، کە ئەوانیش، وەســـتاوە "Stop" و هەڵوەستە"Pause".

## (٢/٤-٣-١) وەستان "Stop"

زیاتر لێکۆڵینەوەکان لە نێوانەدا، گرنگی بە رۆڵی وەســـتانەکان دەدەن، چونکە وەســـتان بەکارهێنانی لە لایەن ئاخێوەرەوە بۆ مەبەســـتێک ئەنجام دەدرێت، یاخود بەو پێیەی هەموو زمانەکان "بوون" لە بەرانبەر "نەبوون"ی شـــتێکدا، وەک دژیەکێکی مانادار بەکاردەهێنن، بۆیە بێدەنگی(وەســـتان)، واتە نەبوونی دەنگەکان لە بەرانبەر هەبوونیدا، دەتوانێت مانادار بێت و رۆڵێکی جیاکارییش بگێرێت. (باطنی،١٣٩٨:٢٨) واتە شـوێنی وەسـتانەکە، دەبێتە هۆی دەرخسـتنی ئەو دوو واتا جیاوازەی، کە لە هەر رستەیەکدا دەردەکەوێت، هاوکات وەستان لە نێوان وشەکانیش هەیە، کە بێدەنگییەکی کورتە، دەتوانێت لە نێوان دوو وشەدا دەربکەوێت، بەڵام ئەم جۆرە وەستانە، بە زۆری لە قسەکردنی ئاساییدا بەدی ناکرێت، بۆیە وەستان لەوشەدا تێکەڵ دەبێت بە وەستانی رستەی، کە ئەمەش لە رستەکاندا دوو جۆرن، یەکەمیان ئەوەیە، کە لەناو خودی وشەکاندا گۆڕان دروستدەبێت، کە پیوەوەندی بە مۆرفۆلۆژی وەشـەکانەوەیە، واتە بە چۆنیەتیی دروسـتکردنی وشـەکانەوەیە، یان چۆنیەتیی نووسـینیان لە رسـتەدا، یاخود لە جۆری دووەمیان، کە لەناو فرێز و رسـتەکان خۆیاندا دروســـت دەبێت. وەک لەم نموونەی خوارەوەدا، کە وەســـتان لەناو وشـــەکاندا دروســـت دەبن، نموونەی (١٠٩):

- خوشکەکەتان ژنی کامیانە.

دوو واتای جیا دەبەخشن بەپێی ئەو وەستانەی لە نێوان وشەکاندا هەیە.

١.ئەگەر وەستانەکە لە نێوان (خوشکە)و(کەتان) دا بوو، ئەو بە واتای ئەو دێت:

ئەو ژنەی ناوی (کەتانە) ژنی کامیانە.

لە نووسیندا دوو وشەکە بەجیا بنوسرێت بەم شێوەیە:

خوشکە/ کەتان....

٢.ئەگەر وەستانەکە کەوتە کۆتایی وشەی (خوشکەکەتان)، لێرەدا بە واتای ئەوە دێت:

-خوشکەکەی ئێوە ژنی کامیانە.

بۆ واتای دووەم دەبێ لە نووســـیندا وشـــەی (خوشـــک) لەتەک نیشـــانەی ناســـیاوی و خۆیەتیدا بەسەریەکەوە بنووسرێن:

-خوشکەکەتان ژنی... (عەلی،أ،٢٠١٤: ٧٠).

واتە جۆری نووسـینەکانیش زۆرجار دەبنە، هۆی ناسـینەوەی وەسـتان و جیاکردنەوەی واتاکانیان لەیەکتری، وەک لە نموونەی (١١٠):

- دەموچاو (بە واتای هەموو ڕوخساری مرۆڤ دێت.)
- دەم و چاو (تەنها بەواتای هەردوو ئەندامەکە دێت، دەم لەتەک چاو.)

هاوکات وەسـتاوەکان لە نێوان ڕسـتەکانیشـدا خۆیان دەرەخەن، کاریگەریی زۆریان هەیە، لە ڕوونکردنەوەی هەندێک واتای جیاوازی ڕسـتەکان، یاخود مەبەسـتی ئاخێوەرەکان، وەسـتان لە نێوان فریزەکاندا، یاخود وەستان لە کۆتایی ڕستەکەدا، وەک لە نموونەی (١١١):

- لەم نەخۆشخانەیەدا کوڕ و کچی نەخۆش هەیە (دوو واتای هەیە.)
١. لەم نەخۆشخانەیەدا کوڕ و|| کچی نەخۆش هەیە. (واتە تەنها کچەکە نەخۆشە.)
٢. لەم نەخۆشخانەیەدا || کوڕ و کچی نەخۆش هەیە (واتە هەردووکیان نەخۆشن.)

## (٢-٣-٤/٢) هەڵوەستە "Pause"

لە کاتی بیسـتنی کۆمەڵێک ئاخاوتندا، هەمیشـە هەسـت بە کۆمەڵێک وەسـتان دەکرێت، یاخود پشـوودانێکی کەمی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەبیسـترێت، کە ئەم پشـوودانەش، زۆر کات بۆ بەردانی هەناسـەیە و تا بتوانێ هێز و گوڕێکی تر بداتەوە بە ئاخێوەر، بەمەش دەوترێت هەڵوەسـتە، کە ئەمیش ((گۆڕانی زنجیرەی گۆکردن، یـان ڕەوتی دەربڕینە، بە گۆڕنی ئـاوازەکەی و سـووکە ئاگادارکردنەوەیەکە، کە ئاخاوتنی دواتر، یان داهاتوو پەیوەندییەکی توندی بە ئاخاوتنی پێشـترەوە، یان ڕابردووەوە هەیە، کە دەگوترێت هاوشـێوەیە لەتەک بەرزبوونەوەی ئاواز "Rising Tone" کە نیشـانەیە بۆ کۆتـایینەهـاتنی ئـاخـاوتنەکە.)) (موسـا،٢٠٠٩: ٣٧)، بەڵام ئەم جۆرە لە نێوانەکان کاریگەریان لەسەر واتاکان نییە، واتە نابنە هۆکاری واتاگۆڕین، لەبەر هەمان هۆکاریش لێکۆڵینەوەی زۆر تێدا نەکراوە. هاوکات هەڵوەسـتە نیشـانەیەکی ناسـاندنەوەی هەیە، ئەویش [،] کۆمایە، ڕۆڵی گرنگی هەیە، بۆ پرۆسەی نووسین، وەک چۆن ئاخێوەران، هەڵوێستە دەکەن لە ئاخاوتندا، دەکرێت و واباشترە بۆ پرۆسەی نووسینیش دابنرێت، لە نێوان ڕستە تەواونەبووەکاندا تا خوێنەر بتوانێت هەناسـە وەربگرێت، هاوکات بۆ بژاردنی کەرەسـتەکانی شـتێک دادەنرێت، یاخود ئەم جۆرە لە شارستە و پاڕستەدا، نموونەی بەرچاوی لە زمانی کوردیدا هەیە. بۆ نموونە (١١٢):

- ئاشکرایە، کە هەرێم دەردەچێت.
- نەوزاد نەهات بۆ سەیران، چونکە نەخۆش بوو.

# بەشی سێیەم

## گۆڕانی فۆنیمە کەرتی و ناکەرتییەکان

## (١/٣) پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان

لە بەشـــەکانی پێشـــووتردا ئەوە خرایە ڕوو، دەنگەکانی زمان دەشـــێ بگۆڕێن، ئەویش بەو هۆکارانەی، کە لە ڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە بەرهەمدەهێنرێن، ئەندامەکانی ئاخاوتنیش لەلایەن مێشـــکی مرۆڤەوە کاریان پێدەکرێت، چالاکییەکانیان لەژێر چاودێری مێشـــکدان، هاوکات هەندێکجار دواکەوتن و خلیســـکان و تەگەرە دروســـت دەبێت، لە کاتی درکاندنییاندا، ئەمەش وادەکات، کە هەســـت گۆڕانکاری بکرێ لە ئاخاوتندا، گۆڕانەکارییەکان لە وشـــەکان و بڕگەکان، پاشـان بۆ فۆنیمەکان، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ((ئاسـتی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی زیاتر لە ئاسـتەکانی تر دەگۆڕێت و زۆرتر هەستی پێ دەکرێت، ڕێزمان هەر وەک دەنگ بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت، هەرچەندە ئەم گۆڕانە کەمتر هەســـتی پێ دەکرێت و کەرەســـتەی ڕێزمانیش جێگیرترە و کەمتر خۆی بەدەســـت گۆڕانەوە دەدات و لە ئاســـتی ســـینتاکســـیدا گۆڕان کەمتر ڕوودەدات.)) (فەتاح،٢٠١١:١١٩). هاوکات هەر گۆڕانکارییەکیش لە ئاخاوتندا ڕوو‌بدات، پەیوەســـتە بە ســـازگەی دەنگەکانەوە، چونکە سازگەی دەنگەکان ڕێگەخۆشکەرە، بۆ ئەوەی بەئاسانی گۆڕانکارییەکانی تێدا ڕوو‌بدات. ئەم گۆڕانکارییانەش لە زمانەکاندا بەســـەر دوو جۆردا دابەش دەبن، ئەوانیش فۆنیمە کەرتییەکان و فۆنیمە ناکەرتییەکانە لە زمانەکەدا.

### (١/٣-١) پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە فۆنیمە کەرتییەکاندا

فۆنیمە کەرتییەکانی زمانی کوردی، وەک لە بەشـــی یەکەم و دووەمدا، بۆ هەر فۆنیمێک لەزمانی کوردیدا، بە ســـازگەی دەنگەکانیان و نیشـــانە جیاکەرەوەکانیشـــیان لە ســـیســـتمی هەمبەرییەکاندا بەنموونەکانیانەوە خرانە ڕوو، پرۆســـە فۆنۆلۆژییەکانی زمانیش چەند جۆرێک دەگرنەوە، بەڵام ئەوەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە جێیگای گرنگی پێدانبوون، ئەمانەن: (ئاڵوگۆڕکردنی دەنگەکان، کرتاندندن و کلۆکردنی دەنگ، زیادکردنی دەنگ و جێگۆڕکێکردنی شـوێنی دەنگەکان لە وشـەکاندا.)، کە ئەم جۆرانە فۆنیمە کەرتییەکانی زمانی کوردی، پرۆسـەکانی تێدا ئەنجام دەدەن و ئەم پرۆسانە، نەک بەتەنها لە زارێکدا، بەڵکو لە شێوەزارەکانیشدا خۆی دەبینێتەوە.

#### (١/٣-١-١) ئاڵوگۆڕکردنی دەنگەکان

لە ئاڵوگۆڕپێکردنی دەنگەگاندا، کە لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕپێکردنی تاکە فۆنیمێک واتای وشـــەکان دەگۆڕێن، لە هەمـان کـاتـدا دەکرێت واتـای وشـــەکـان نەگۆڕێن، ئەوانەی واتـا دەگۆڕن، وەکوو سەلمێنەری فۆنیمی زمانەکە خۆیان دەردەخەن، بەڵام دەنگەکان لە زماندا دەکرێت شتێک بوترێت، بەڵام وێنە دەنگییەکەی شتێکی دیکە بێت، لە هەمانکاتیشدا واتای وشەکان نەگۆڕن، ((دیاردەیەکی

ئاسایی و بڵاوە و لە هەموو زمانێکی سروشتیدا هەر وەک زۆرجار نیشانە لە شتێک دەگرینەوە و شتێکی دیکە دەپێکین.)) (فەتاح،٢٠١١: ٦٥). ئەگەر ئەمە پەیوەست بکرێت بە ئاستەکانەوە، ئەو گۆڕانانەی، کە واتای وشەکان دەگۆڕن لە ڕێگەی هەمبەرێتی زمانەوە، ئەچێتە ئاستێکی قووڵی زمانەکە و بەرهەمهێنانی فۆنیم دەگرێتەوە، واتە ئاستی ستوونی لەنێوان فۆنیمەکانی زمانەکەدا پەیدا دەبێت، بەرەو قووڵایی وشەکان هەنگاو دەنێن و دەستێوەردان لە واتای وشەکان دەکەن، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی دەگۆڕن، وەکوو لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێکراوە، کە لە پرۆسەی هەمبەریدا دەنگ و فۆنیمەکانی زمان جیادەکرێتەوە، بۆ هەر زمانێک، وەک لە نموونەکانی (٥، ٦) بەشی یەکەمدا دەرکەوتن، بەڵام ئەگەر ئەم گۆڕانکارییانە نەبوونە هۆی گۆڕانی واتا، لە ئاستێکی ئاسۆییدا و ڕووکەشییانە بوو گۆڕانکارییەکان، واتە دەتوانرێت بوترێت لە پەسنی فۆنەتیکییدا دەگۆڕێن، واتە ڕووکەشانە ئاڵوگۆڕی فۆنیمەکان ئەکرێت، دەنگێک لەبری دەنگێکی تر دەدرکێندرێت، بەبێ ئەوەی مەبەست و ئامانجێکی لە پشتەوە بێت و واتاش بگۆڕێت. (محێددین، ٢٠١٣: ٨٣-٨٦). واتە دەنگەکان لە ئاستی قووڵدا هەر یەکێکیان سیمای جیاکەرەوەی تایبەت بە خۆی هەیە، کە جیایان دەکاتەوە لەتەک دەنگێکی تر، کە هاوشوێنە لە دروستبوونیاندا، بەڵام لە ئاستی ڕووکەشدا، کە دەکەونە پاڵ یەکتری بۆ پێکهێنانی بڕگە و وشە و فرێز و...هتد، گۆڕانیان بە سەردا دێت سیما سەرەکییەکانیان دەگۆڕێت، یان کاڵ دەبێتەوە، واتە لە ئاستی ستوونییدا دەتواندرێت فۆنیمەکانی زمانیان پێ دیاری بکرێت و واتا گۆڕبن، هەر چەندە شوێنی دەنگەکە لە هەمان ژینگەدا بێت، واتە لە ناوەڕاستی وشە بێت، یاخود سەرەتا و کۆتایی وشە، ئەوا جیاوازی دەخەنە ئاراوە، وەک ئەم فۆنیمانەی خوارەوە، کە سەلمێنەری ئەوەن، کە فۆنیمن لە زمانەکەدا، واتای نوێ بەرهەم دەهێنن بۆ نموونە (١١٣):

١- پیر ← بیر ← شیر ← تیر : / پ، ب، ش، ت، /

٢- شێر ← شیر ← شار : / ێ، ی، ا /

٣- کار ← دار ← مار← غار ← هار : /ک، د، م، غ، هـ/

٤- حەوت← خەوت← نەوت ← چەوت : / ح، خ، ن، چ/ (ئەمین،٢٠٠٤: ١١)

لەنموونەکانی (١١٣)دا دەردەکەوێت، کە ئەم وشانە لەئەنجامی گۆڕینی تاکە فۆنیمێکەوە واتای وشەکانیان گۆڕیوە، واتای تر دەدەن بەدەستەوە، هاوکات بەهەمان پرۆسەی هەمبەری فۆنیمەکان لەزمانی کوردیدا دیاری دەکرێت، بەڵام لە هەندێک گۆڕانی ستوونییتردا، لە ناو ڕێنووسی زمانەکاندا، واتا ناگۆڕن، هاوکات لە ئاستی قووڵیشدا ڕوودەدەن، چونکە پەیوندی بە سازگەی بەرهەمهێنانەکانیانەوە هەیە، نموونەی لەم جۆرە لە زمانی کوردیدا کەمن و بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، وەک ئەو گۆڕانکارییانەی لە کۆنسنانتەکانی زمانی کوردیدا دەگۆڕێن، بۆ دەنگێکی زمانی عەرەبی، کاتێک لە ناو زمانی کوردییدا، وەک ئەلۆفۆنی یەکتری دەردەکەون، بۆ نموونە (١١٤):

- <تاڵ> ← [طاڵ]
- <سەوز> ← [صەوز]
- <سەگ> ← [صەک]

لە ئاستی ئاسۆییشدا گۆڕانکارییەکان کە ڕوودەدەن، مەرجدارن و پێویستە کۆمەڵێک مەرج هەبێت، بۆ ئەوەی بگۆڕدرێن، واتاکەش نەگۆڕن، بەڵام فۆنیمە کەرتییەکان گۆڕانکارییەکانیان چەند جۆرێکە لە پێکهاتەی بڕگە و وشەکاندا ڕوودەدەن، واتە هەندێک هۆکار هەیە، کە وادەکەن لە ئاستی ئاسۆییدا ئەم گۆڕانکارییانە ڕوو بدات، هۆکارەکانیش برتیین لە: (جێکەوتەی فۆنیمەکان لە وشە و بڕگەکاندا، فۆنیمەکان کاریگەرییان بەسەر فۆنیمەکانی پێش خۆیانەوە هەیە و دەیانگۆڕن، شێوێنی سازگەی دروستبوونی فۆنیمەکان، لەناو شێوەزار و زارەکاندا بۆ خۆدەربازکردن لە دیاردەی دوودەنگی ئاڵوگۆڕی دەنگی ئەنجام دەدرێت).

***یەکەم/ جێکەوتەی دەنگەکان لە وشە و بڕگەکاندا:***

دەنگە کۆنسانتەکانی (تەقاوەکان، ئەفریکاتەکان، خشۆکەکان)، کاتێک جێکەوتەیان دیاری دەکرێت، لە وشەکانی زماندا، دەکرێت لە بارەکانی ئاخاوتندا بگۆڕدرێن، واتە ژینگەی دەنگەکان لە وشەدا هۆکارە بۆ گۆڕانکارییەکان، واتە کاتێک دەنگە دەنگدارەکانیان دەکەوێتە کۆتایی وشەیەکەوە تایبەتمەندی دەنگدارییان لەدەستدەدەن و دەگۆڕێن، بۆ کپ (–)، ((هەندێک کۆنسنانتی گڕ لە هەندێک شوێنی تایبەتیدا بە کپ (–) ئەدرکێندرێن، چونکە بەرەڵا ناکرێن.)) (وەیس، ١٩٨٤: ٥١)، یاخود بە شێوەی نیمچەدەنگدار دەمێننەوە، واتە هەڵگری نیشانەکانی ( ± )ن، کە گۆڕانکارییەکە دەنگە دەنگدارەکە دەگۆڕدرێت، بۆ دەنگێکی هاوشێوەی سازگەکەی، کە لێی بەرهەمهێنراوە، گۆڕانکارییەکان لەم شێوانەدا دەردەکەون: { [د d +]← (ت t –] } و { [ب b+] ← [پ p –] } و { [گ g +] ← [ک k–]} و { [ز z +] ← [س s –] } و { [ژ ʒ +] ← [ش ʃ –] } و{ [ج dʃ +] ←[چ tʃ –]}. هاوکات بەم جۆرە ئاڵوگۆڕکردنانە، لە زمانەکاندا دەوترێت ئارخیفۆنیم، ئەویش بەو پێیەی، کە دەنگەکان دەگۆڕێن، لە کۆتایی وشەکاندا و واتاش ناگۆڕن، وەکوو لە بەشی یەکەمدا، ڕوونکردنەوە لەسەر دیاردەی ئارخیفۆنیم خراوەتە ڕوو، دەتواندرێت لەم نموونانەی خوارەوەدا گۆڕانکارییەکان دەربکەون. بۆ نموونە (١١٥):

**أ- گۆڕانی دەنگی [د d +]← (ت t –]**

١- مەهاباد ← [مەهابات]

٢- ورد ← [ورت]

٣- سەد ← [ صەد]

٤- مەرد ← [مەرت]

٥- هاودەرد ← [هاودەرت]

٦- سارد ← [سارت]

٧- دەستوبرد ← [دەستوبرت]

٨- ئارد ← [ئارت]

٩- بەند ← [بەنت]

١٠-کورد ← [کورت]

وەک لە نموونەکانی (١١٥)دا خرانە ڕوو، دەنگەکان گۆڕانکارییان پێکرا و ئارخیفۆنیمیش پەیدا بوو، کە دەنگی [د] لە کۆتایی وشەکاندا، گۆڕاوە بۆ دەنگی [ت]، هاوکات هەندێک چاوگمان هەیە، کە چاوگی (دال)ین، بەلابردنی [ن]ەکانیان ئەو وشانەی، کە بە دەنگی [د] کۆتاییان دێت، ئارخیفۆنیم دروست دەکەن، بۆ نموونە (١١٦)

١- کردن ← [کرت]

٢- خواردن ← [خوارت]

٣- بردن ← [برت]

٤- خوێندن ← [خوێنت]

٥- مردن ← [مرت]

ئەگەر ئەم جۆرە لە گۆڕانکارییەکان، بڕگەیەکیان بەدوادا بێت، یان پاشگرێک، یان وشەیەکی نوێ، ئەوکات دەنگەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەنگدارییەکەی خۆی و تایبەتمەندییەکەی لەدەستنادات، واتە دەنگی [د] لە نموونەکانی (١١٩،١٢٠،١٢١)دا، ڕۆڵی نیمچە دەنگدارییان بینیوە (±)، بەو پێیەی، کە ئەمان لەم نموونانەی خوارەوەدا دەگەڕێنەوە بارە ئاساییەکەی خۆیان، بۆ نموونە (١١٧):

١- سەد + ان = <سەدان> [ صەدان]

٢- ورد+ ورد ← <وردورد> [وردورت]

ئەو وشانەی، کە لە نموونەکانی (١١٧)دا دەردەکەوتن، ئەنجامی ئەوە دەردەخات، کە دەنگەکان لە کۆتایی وشەدا ناگۆڕرێن و دەنگداری خۆیان لەدەستنەداوە و ئەگەر ڤاوڵێک، یان کۆنسانتێک دەربڕابێت، کە لەگەڵیان بگونجێت، لە وشەی یەکەمدا هەمیشە ژمارەی <سەد> بە [سەت/سە]

دەدرکێندرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو، نیشانەی کۆیان بۆ دانرا، دەنگی [د] وەک خۆی دەدرکێندرێت، هاوکات ئەگەر بڕواندرێتە نموونەی (١١٧)، لە وشەی (وردورد)دا دەردەکەوێت، کە وشەیەکی لێکدراوە، دەنگی [و]ەکە ڤاوڵە و لە وشەی دووەمدا، سەرەتای بڕگەیە و کاریگەری ناخاتە سەر دەنگی [د]، کۆتا دەنگی وشەی یەکەم و ناگۆڕێت بۆ [ت]، بەڵام لە کۆتا وشەدا، دەنگی [د] دەگۆڕێت بۆ [ت]، چونکە هیچ وشەیەک، یان پاشگرێک، یان بڕگەیەک بەدوایدا نەهاتووە، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە دەنگە ڤاوڵەکان لە زماندا وا دەکەن، کە دەنگەکانی زمان بە شێوەیەکی ڕوونتر، یاخود خۆییانە بدرکێنرێن.

**ب- گۆڕینی [ب b+] ← [پ p -]**

بۆ نموونە (١١٨):

کەباب ← [کەباپ]

حەب ← [حەپ]

کتێب ← [کتێپ]

مرەکەب ← [مرەکەپ]

شەراب ← [شەراپ]

کەوکەب ← [کەوکەپ]

لە نموونەکانی (١١٨)دا، ئەگەر لەتەک دەنگێکی کپدا دەرکەون، وەکوو هاوشێوەی ئەم نموونانەی سەرەوە دەردەکەونەوە، بەڵام کاتێک ئەم دەنگانە لەگەڵ ڤاوڵ، یان کۆنسنانتێکی تر، کە دەنگدار بن دەگۆڕێن، دەبنەوە بە دەنگی[ب] وەک ئەم نموونانەی خوارەوە، بۆ نموونە (١١٩):

١- کتێبِ + ەکە = [کتێبەکە]
٢- حەبِ + ێک = [حەبێک]
٣- کەبابِ + مان + کڕی = [کەبابمان کڕی]

**پ- گۆڕانی دەنگی [گ g +] ← [ک k -]**

نموونە (١٢٠):

١- جەرگ ← [جەرک]
٢- بەجەرگ ← [بەجەرک]

٣- جلوبەرگ ← [جلوبەرک]
٤- ڕەگ ← [ڕەک]
٥- مەرگ ← [مەرک]
٦- سەگ ← [سەک]

وەک لە نموونەی (١٢٠)دا دەردەکەوێت، کە دەنگی کۆنسانتی تەقاوی [گ]ی دەنگدارە، لە کۆتایی وشـەکاندا دەگۆڕدرێن بۆ دەنگێکی هاوشـێوەی شـوێنە سـازگەکەیان، ئەویش بە دەنگێکی کپ (–)، کە دەنگی [ک]ە، بەڵام ئەم دەنگانە کاتێک بەر بڕگە و وشـــەی تر دەکەون، ئارخیفۆنیمەکەیان لەدەست دەدەنن، دەگەڕێنەوە باری ئاسایی خۆیان، بۆ نموونە (١٢١):

سەگ + ەکان = سەگەکان

جلوبەرگ + ی + کوردی = جلوبەرگی کوردی

ت- **گۆڕانی دەنگی [ج dʃ +] ← [چ tʃ –]**

نموونە (١٢٢):

١- جرج ← [جرچ]
٢- پێنج ← [پێنچ]
٣- گورج ← [گورچ]
٤- نارنج ← [نارنچ]
٥- ئامانج ← [ئامانچ]
٦- شەترەنج ← [شەترەنچ]
٧- برنج ← [برنچ]
٨- هەللاج ← [هەللاچ]
٩- ساج ← [ساچ]

لە نموونەی (١٢٢)دا دەردەکەوێـت، کە دەنگی ئەفریکـاتی (ج)ی دەنگـدارە (+)، دەگۆڕێـت بۆ دەنگێکی هاوشـــێوەی ســـازگەکەی، کە دەنگی [چ]ی ئەفریکاتی کپە (–)، کە ئەمەش دیاردەیەکی ئارخیفۆنیمی دەخاتە ڕوو، بەڵام ئەگەر ئەم دەنگانە، دەنگێکی دەنگداری کۆنســـنانتی (تەقاو و خشـــۆکەکان) بەدوایاندا بێت، یاخود ڤاوڵێک، ئەوا دەگەڕێنەوە بارە ئاســـاییەکەی خۆیان، واتە تایبەتمەندییە دەنگداریەکەیـان بۆ دەگەڕێتەوە، وەک لەم نموونـانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە (١٢٣):

١- پێنج دانە ← [پێنج دانە]
٢- گورجوگۆڵ ← [گورجوگۆڵ]

له نموونەی (١٢٣) یەکەمیدا دەبیندرێت، کە دەنگێکی تەقاوی دەنگدارە، کە [د] بەدوایدا وەکو سەرەتای برگەی دووەم پێوەی دەلکێت، بۆیە دەنگی [ج]، چونکە دەنگێکی ئەفریکاتی دەنگدارە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت لە نموونەی (١٢٣) دووەمدا، وشەیەکی لێکدراوە بە بەستەرێکی ڤاوڵ بەیەکتری بەستراونەتەوە، کە ڤاوڵەکە ڕێگە بە ئاڵوگۆڕی دەنگی ئەفریکاتی [ج]ی دەنگدار نادات، کە بگۆڕێت بۆ دەنگێکی کپ (-)، ئەمەش تایبەتمەنییە گشتییەکەی ڤاوڵ دەردەخات. بۆ نموونە (١٢٤):

**چ- گۆڕانی [ز z +] ← [س s -]**

١- دز ← [دس]

٢- نێرگز ← [نێرگس]

٣- بەرز ← [بەرس]

٤- بەز ← [بەس]

٥- باز ← [باس]

٦- ناز ← [ناس]

٧- هەرگیز ← [هەرگیس]

٨- سەرباز ← [سەرباس]

٩- دڵخواز ← [دڵخواس]

١٠-کۆترباز ← [کۆترباس]

١١-ئاشتیخواز ← [ئاشتیخواس]

١٢-پایز ← [پایس]

کاتێک ڤاوڵێک دەدرێت، لە کۆتایی ئەم وشەیە، دەنگی کۆتایی وشەکان دەگۆڕێن، بۆ نموونە (١٢٥):

لەرز ← [لەرس]

لەرزین [ لەرزین]

لەرزی [ لەرزی]

لەرزۆک [ لەرزۆک]

لە هەموو ئەم نموونـانەدا نـاگۆڕێت، چونکە ڤـاوڵەکە ڕێگە نـادات، کە دەنگەکە بگۆڕدرێـت بۆ ئارخیفۆنیم، واتە دیاردەی ئارخیفۆنیم لەدەستدەدات و هەر بە دەنگی [ز] دەردەبڕدرێت.

**چ- گۆڕانی دەنگەکانی [ژ 3 +] ← [ش ʃ -].**

بۆ نموونە (١٢٦):

١- قژ ← [قش]

٢- گرژ ← [گرش]

٣- ڕۆژ ← [ڕۆش]

٤- گیاوگژ ← [گیاوگش]

٥- قیژەقیژ ← [قیژەقیش]

لە نموونەکانی (١٢٦)دا دەرکەوت، کە دەنگی [ژ] دەنگێکی کۆنســــانتی دەنگدارە و لە کۆتـایی بڕگەدایە کە دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی هاوشــێوەی خۆی لە هەمان ســـازگەی بەرهەمهێنراو، ئەویش دەنگێکی [ش]ی کۆنســـــنانتی کپە (-)، بەڵام لە نموونەی (١٢٦)دا لە خاڵی(٥)دا دەردەکەوێت، کە وشـەیەکی لێکدەرە کە لە دوو وشـە و بەسـتەرێک پێکهاتووە، کە بەسـتەرەکە ڤاوڵێکە وادەکات، کە دەنگی کۆنسـنانتی [ژ,] لە وشـەی یەکەمیدا وەکوو خۆی بدرکێندرێت، بەڵام لە دووەم وشـەدا، کە کۆنسنانتی [ژ] دیاردەی ئارخیفۆنیمی تێدا ڕوودەدات و دەیگۆڕێت بۆ دەنگی [ش].

کاتێک دەنگی [ژ] لە کۆتایی وشــەی <دژ>دا لە (ش.س)دا، واتای هاوبێژ دەبێت، چونکە وشــەی (دژ) ئەگەر بەتەنها درکێندرا، دەنگی کۆنســـنانتی [ژ]ی دەنگدارە (+) دەگۆڕێت بۆ دەنگی [ش]، کە دەنگە هـاوســـــازگەکەیەتی، کە دەبێت بە [دش]. لە (ش.س)دا، وشـــــەی (دش) بە واتـایەکی تر بەکاردەهێنرێت، ئەویش (ژنەکانی نێوان دوو برا بەیەکتری دەڵێن)، هـاوکات ئاخێوەرانی زمان لە کاتی درکاندنیاندا، ئەم دوو دەســـــتەواژەیە، لە ڕێگەی ڤاوڵەکان و ڕســـــتەکانەوە بەجیاوازی دەریدەبڕن، دەتوانین لەم نموونەیەی خوارەوەدا ئەو هاوبێژییە دەرکەوێـــــــت و ڤاوڵیش ڕوونی بکاتەوە، کە مەبەستی ئاخێوەر چییە.

بۆ نموونە (١٢٧):

١- دژەکەم هات بۆ ماڵمان.

٢- دشەکەم هات بۆ ماڵمان.

ئەم نموونانە ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە ڤاوڵ ڕۆڵی لە جیاکردنەوە و ڕوونکردنەوەی دەنگەکانی هەیە، دەتوانرێت بەم شــــێوەیە واتای (دش) جیابکرێتەوە، وەک (دژی من)، کە بە واتای (دوژمنی من) دێت و (دشی من)، بەواتای (ژنبرای من) دێت.

### *دووەم/ کاریگەری دەنگەکان لەسەر دەنگەکانی پێش خۆیان:*

لە گۆڕانی دەنگەکاندا، چەند هۆکارێک هەیە، کە وادەکەن ئەم گۆڕانکارییانە بێتە ئاراوە، هۆکاری بەرچاویش ئەوەیە، کە دەنگەکانی زمان کاریگەرییان هەیە، لەسەر دەنگەکانی پێش خۆیان، کە درکێندراوە، پێیدەوترێت "Regressive Assimilation"، هاوکات هەندێک تایبەتمەندی فۆنیمەکان (کۆنسنانت و ڤاوڵەکان)هەیە، کە کاردەکاتە سەر دەنگەکان، واتە دەتواندرێت بەپێی هێز و کاریگەرییان لەناو دروستەی بڕگە و وشەکاندا، ڕیزبەندییان بۆ بکرێت، چونکە ئەم فۆنیمانە لەناو زمانی کوردییدا، کاریگەرییان جیاوازە، هەندێکیان زۆر بەهێز و کاریگەرن و دەتوانن فۆنیمەکانی پێش خۆیان بگۆڕن و واتاش نەگۆڕێت، واتە دەتوانرێت فۆنیمە کەرتییەکان بەپێی هێز و کاریگەرییان بەم شێوازەی خوارەوە دیاری بکرێن:

١- دەنگە کۆنسنانتە تەقاوەکان، خاوەنی هێزێکی زۆرن و کاریگەرن لە وشەکاندا، واتە بەبەراورد بە دەنگەکانی تری زمانی کوردی، هاوکات گۆڕانکارییەکانی دەنگە تەقاوەکان، دەبنە هۆکاری گۆڕینی دەنگەکانی پێش خۆیان، واتە دەبنە دەنگی کاریگەر بەسەر دەنگەکانی پێش خۆیان و دەنگەکانی پێش خۆیان دەگۆڕن، بۆ دەنگدار (+)، یاخود کپ (-)، واتە لەپێناو خۆیاندا گۆڕانکاری بە دەنگەکانی پێش خۆیان دەکەن، تا هاوشێوەی خۆیان بن، لە ڕووی دەنگداری و کپییانەوە (+ ، -). بەتایبەت دەنگە دەنگدارەکانیان، کاریگەری زیاتریان هەیە، لەچاو کپەکاندا، واتە کاتێک کۆتایی بڕگەی یەکەم دەلکێت بە سەرەتای بڕگەی دووەمەوە، لەم جۆرانەدا دەنگە (تەقاوەکان)، بەهۆی ئەوەی، کە ئەمان هەڵگری نیشانەی جیاواز و هێزی جیاوازن (+ و -) هەیە، کە ئەمانە خاوەنی تایبەتمەندی دەنگدار (+) و کپن (–) گۆڕانیان تێدەکەوێت، هەموویان بە یەک پێگە و ئاواز نادرکێنرێن، لە بڕگە و وشەکاندا، هاوکات دەنگە دەنگدارەکان (+) ئارەزوو دەکەن، کە دەنگێکی پێش خۆیان دەنگێکی دەنگدار (+)بێت لە درکاندندا، ئەمەش وادەکات، کە ئەگەر دەنگێکی کپ (–) پێش خۆی درکابێت، بیگۆڕێت بۆ هاوشێوەی درکاوەکە (+)، بەهەمان شێوە، کە بە شێوەیەکی کەمتر لە زمانی کوردیدا هەستی پێ دەکرێت، دەنگە کپەکان (-) ئارەزوو دەکەن، کە دەنگەکانی پێش خۆیان، بیگۆڕن بۆ دەنگێکی کپ (-)، تاوەکو بە شێوەیەکی ئاسانتر و بە ئابووریکردن و کەمتر وزە سەرفکردن، لە کردەی ئاخاوتندا بەرهەمبهێنن و بیخەنە ڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانرێت لە نموونەکانی خوارەوەدا ڕوونبکرێتەوە، کە دوو بڕگە لە ئەنجامی بەریەککەوتنیان گۆڕانیان بەسەردا دێت، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

## أ- گۆڕانی دەنگی [ش ʃ -] ← [ژ ʒ +] بەهۆی کارلێککردنی دەنگە تەقاوەکانی [د، گ].

نموونەی (١٢٨):

١- بەش + دار = بەشدار ← [ بەژدار]

٢- هەشت + دە = هەشتدە ← [هەژدە]

٣- پێش + گر = پێشگر ← [پێژگر]

٤- پاش + گر = پاشگر ← [پاژگر]

٥- پشت + دەر = پشتدەر ← [پژدەر]

٦- شۆڕش+ گێڕ = شۆڕشگێڕ←[شۆڕژگێڕ]

وەک لە نموونەکانی (١٢٨) دەرکەوت، دەنگی [ش]ەکان، کە دەنگێکی خشۆکی کپن (-)، لە کۆتایی بڕگەی یەکەمدان، بە کاریگەری سەرەتای بڕگەی دووەم، کە دەنگێکی کۆنسنانتی تەقاوی دەنگدارە (+)، دەیگۆڕێت بۆ دەنگێکی هاوشێوەکەی، کە دەنگدار بێت، ئەویش دەنگی [ژ]ە، کە دەنگێکی کۆنسنانتی دەنگدارە (+)، ئەم گۆڕانکارییەش بۆیە ڕوودەدات، چونکە کۆنسنانتە تەقاوە دەنگدارەکە ئارەزووی ئەوە دەکات، کە دەنگێکی کۆنسنانتی دەنگدارەی تر لە پێش خۆی دربکابێت، دەنگە کاریگەرە کۆنسنانتەکانیش، لەم نموونانەی سەرەوەدا بریتییە لە دەنگی [د، گ]، هاوکات دەنگی [ش] بۆ [ژ]، کە گۆڕاوە و پەیوەستە بە شوێنی سازبوونی دەنگەکانەوە، چونکە ئەم دوو دەنگە هەردووکیان بە یەک سازگە، یاخود لە ڕێگەی سازگەکانی (پوکی و مەڵاشوویی)ەوە دروست دەکرێت، کە ئەگەر گۆڕانیان تێدا ڕووبدات، کارێکی ئاسان و سادە بێت و قورسایی ناخەنە سەر درکاندنەکە. هاوکات هەر لەنموونەکانی (١٢٨)دا، ژمارە (٢، ٥) گۆڕانکاریەکیتریش ڕوویداوە، کە کەوتنی دەنگی [ت] ڕوودەدات. واتە لەکاتی درکاندنی وشەکەدا، نادرکێندرێن.

ئەگەر تێبینی ئەوە بکرێت، کە دەنگە دەنگدارە کاریگەرەکان بگۆڕدرێت بۆ کۆنسنانتی کپ، گۆڕانکارییەکان ڕوونادەن، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دیارە، بۆ نموونە (١٢٩)

- پێش + کەش = پێشکەش ← پێشکەش

لە نموونەی (١٣٤)دا، کاتێک کۆنسنانتێکی کپ (-) بەدویدا هاتووە، چونکە کپەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن، کە دەنگێکی وەک خۆیان، کە کپە(-) لە پێش خۆیانەوە درکێندرابێت، بۆیە ئەمانیش لێرەدا کاریگەرییان نەخستۆتە سەر دەنگەکەی پێش خۆیان، وەکوو خۆیان بە کپی ماونەتەوە.

**ب- گۆڕانی دەنگی [س s -] ← [ز z +] بە هۆی کاریگەربوونیان بە دەنگە تەقاوەکانی [د ،ب، گ].**

نموونەی (١٣٠):

١- دەست + گیران = دەستگیران ← [دەزگیران]

٢- دەست + بازی = دەستبازی ← [دەزبازی]

٣- دەست + گا = دەستگا ← [دەزگا]

٤- دەست + بڕ = دەستبڕ ← [دەزبڕ]

٥- دەست + درێژ = دەستدرێژ ← [دەزدرێژ]

٦- ڕاست + گۆ = ڕاستگۆ ← [ڕازگۆ]

٧- بیست + دینار= بیست دینار [بیز دینار]

٨- مس + گەر = مسگەر ← [مزگەر]

لە نموونەکانی (١٣٠)دا دەرکەوت، دوو گۆڕانکاری دەبینرێت، یەکەمیان جگە لە خاڵی (٨)دا، هەموو نموونەکانی تر دەنگی [ت] دەکرتێندرێت و دەرناکەوێت، دووەم گۆڕانیش دەنگی [س] لە کۆتا بڕگەیدا، کە دەنگێکی خشۆکی کپە، لە ئەنجامی بەرکەوتنی بە بڕگەی دووەم، کە دەنگێکی تەقاوی دەنگدارە (+) دەیگۆڕێت، واتە لە کپەوە (–) بۆ دەنگێکی هاوشێوەی خۆی، کە دەنگێکی کۆنسانتی خشۆکی دەنگدارە (+)، ئەویش دەنگی [ز]ە، هۆکاری گۆڕانی دەنگی (س ← ز) پەیوەستە بە سازگەی دەنگەکانەوە، کە هەردوو دەنگەکە لە ڕێگەی سازگەی (پووکییەوە) دەردەبڕدرێت، ئەم دیاردەیە لەناو زمانەکاندا، واتە ((کۆنسنانتە خشۆکەکانی، هاوسێی ئەو کۆنسنانتە گیراوە دەنگدارانەن، بە تایبتمەندی دەنگدارییەوە دەردەبڕێن. ئەم یاسایە لە "یاسای توانەوەی هاوسێیەتی "Contact assimilatiom rules"دەچێت.)) (مەحوی،٢٠٠٠: ١٩)، بەڵام ئەگەر ئەم نموونانە، واتە دەنگی [س]، لە کۆتایی بڕگەدا بێت و بەر بڕگەیەکی تر بکەوێت، کە بە کۆنسنانتێکی تر، یاخود بە ڤاوڵێک دەستی پێکردبێت، ئەوا گۆڕانکارییە دەنگییەکان ڕوونادات، بۆ نموونە (١٣١):

١- ڕێواس + ەکە = [ڕێواسەکە]

٢- دەست + کەوان = [دەسکەوان]

وەک لە نموونەکانی (١٣١) یەکەمیدا دەردەکەوێت، بە بۆنەی هەبوونی ڤاوڵ لە سەرەتای بڕگەدا، کاریگەریی لەسەر دەنگی [س]ەکە ناکات و نایگۆڕێت، چونکە ڤاوڵەکان کاریگەری ناخەنە سەر دەنگەکانی پێش و پاش خۆیان، لە نموونەی (١٣١) دووەمیدا، دەنگی سەرەتای بڕگەی دووەم، کە [ک]، دەنگێکی کۆنسنانتی کپە (–)، کاریگەری ناکاتە سەر دەنگی [س]کە و ناشیانگۆڕێت.

**پ– گۆڕانی دەنگی [ت t –] ← [د d +] بەهۆی کارگەربوونیان بە دەنگی کۆنسنتی تەقاوی[ د].**

نموونە (١٣٢):

١- نات دەمێ ← [ناد دەمێ]
٢- بۆت دێنم ← [بۆد دێنم]
٣- سەرت داگرە ← [سەرد داگرە ]
٤- لێت دەدەم ← [لێد دەدەم] (عەلی، أ، ٢٠١٤: ٢٦٢)

لە نموونەکانی (١٣٢)دا، دەنگی [ت]، تەقاوی کپ (-)، بەهۆی دەنگێکی کۆنسـنانتی تەقاوی دەنگدارەوە گۆڕاوە بۆ دەنگێکی هاوشێوەی خۆی، لە هەمان سازگە (دەنگدار) ئەویش دەنگی [د].

### ت- گۆڕانی دەنگی [ک k -] ← [گ g +] بە هۆی کاریگەربوونیان بە دەنگە تەقاوەکانی [د ،ب، گ]

کاتێک وشـەی ڕێزلێنان بۆ مرۆڤێکی (نێر) لە (ش.س)دا، بەکاردەهێنرێت، وەکوو <کاک>، کاتێک دەچنە سـەر ناوێک، ئەگەر ناوەکە دەسـتپێکی کۆنسـنانتەکەی بە دەنگێکی دەنگداری (تەقاوەکان) بوو، ئەوا وشـەی <کاک>، کە دەنگی [ک] لە خانەی کۆتایی بڕگەکەیدا، دەگۆڕێت بۆ دەنگی [گ]، چونکە ئەو دەنگانە کاریگەری لەسـەر دەنگی [ک] دروسـت دەکەن و ئەوان دەنگێکی دەنگدارن و دەنگی [ک] دەنگێکی کپە (-)، وەکوو لەم نموونـانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە (١٣٣):

١- کاک + دانیار = کاک دانیار [کاگ دانیار]
٢- کاک + گۆران = کاک گۆران [کاگ گۆران]
٣- کاک + بڕوا = کاک بڕوا [کاگ بڕوا]

کاتێک ئەم ناوانە، بگۆڕدرێن بۆ ناوێک، کە دەسـتپێکەکەی بە کۆنسـنانتەکانی تر، یان بە نیمچە کۆنسـنانت دەسـتپێبکات، ئەم گۆڕانکارییانەی، کە لە نموونەی (١٣٨)دا دەرکەوتن، ڕوونادات، بۆ نموونە (١٣٤):

١- کاک + نەریمان = [کاک نەریمان]
٢- کاک + وریا = [کاک وریا ]
٣- کاک + یاسین = [کاک یاسین]
٤- کاک + هێمن = [کاک هێمن]

### ج- گۆڕینی دەنگی [ب b+] ← [پ p -]

هاوکات دەنگە کپەکان (-)، ئەمانیش بە ڕێژەیەکی کەمتر هەسـتپێکراوە لە زماندا، کاریگەری دەکەنە سەر دەنگە بەهێزە دەنگدارەکانی پێش خۆیان، کە درکێندراوە، دەیانگۆڕن بۆ دەنگێکی کپ (-)، کە هاوشێوەی شوێنی سازگە دەربڕاوەکەیەتی، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە (١٣٥):

- چی + بکەم = [چیپکەم]

لە نموونەی (١٤٠)دا، پرۆسـەی گۆڕانی قـاڵبی بڕگە ڕوودەدات، ئەوکـات گۆڕانکـاریەکە ئەنجـام دەدرێت، واتە: /چی بکەم/ ← |چی||بɨ| کەم|. لەم جۆرەدا، گۆڕانکاریەکە ڕوونـادات، بەڵام کاتێک قاڵبی بڕگە دەگۆڕێت بۆ |چیب|کەم|، بەشـێوەیەک هەردوو بڕگەکە بەدوای یەکدا بێوەسـتان دەرببڕدێت، ئەوکات دەنگی سـەرەتای بڕگەی دووەم کۆنسـنانتەکە کاریگەرییان هەیە، بەسـەر دەنگەگـانی پێش خۆیـانەوە کە درێکنـدراون، هـاوکـات دەنگی [ب] دەنگێکی تەقـاوی دەنگـدارە، گۆڕیویەتی بۆ دەنگی [پ]، کە هەردووکیان هاوشێوەی یەک سازگەی درکاندنیان هەیە، کە ئەویش سـازگەی (لێوەکانە)، کە ئەمەش وادەکات ئاسـانکاری بکات بۆ دەربڕین، واتە لەم نموونانەی سەرەوەدا، دەنگەگانی [ک،ت]، کە دوو دەنگی کپی (-) تەقاون، ئەم دەنگانە کاریگەریان دروستکرد، گۆڕانیان ئەنجامدا بێ ئەوەی واتاش بگۆڕن.

٢- لە دوای کۆنسنانتە (تەقاوەکان)، دەنگە کۆنسنانتە (ئەفریکاتەکان)یش خاوەنی دەنگی (دەنگدار و کپن)، ئەمانیش پلەیەک خوار دەنگە کۆنسـنانتە تەقاوەکان، کاریگەری دەخەنە سـەر دەنگەکانی پێش خۆیـان، دەیـانگۆڕن بەپێی پێگە و ئـارەزووی دەنگەکـانیـان. هۆکـاری ئەوەی دەنگە ئەفریکـاتەکـان بۆچی لە پـاش دەنگە تەقـاوەکـان دێـت، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی دروسـتبوونی دەنگی ئەفریکاتەکان، وەک لە بەشـی دووەمدا ئاماژەی پێکراوە، کە دەنگێکە لەنێوان دەنگە کۆنسـنانتەکانی تەقاوەکان و خشـۆکەکاندا پەیدا دەبێت، واتە نە تەقاوە بەتەنها، نە دەنگێکی خشـۆکن، بەڵکو لەنێوان هەردوو دەنگەکەدایە، بەڵام کـاریگەییـان وەک دەنگە تەقاوەکانە لە بڕگە و وشـەکانـدا، هـاوکـات ئەمانیش وەک دەنگە تەقاوەکان دوو جۆر گۆڕانیان هەیە، کە دەگۆڕێن و واتاش ناگۆڕنت، یەکەمیان ئەو ئەفریکـاتـانەیە، کە بەهۆی جێکەوتەی وشـەییـانەوە، خودی دەنگە ئەفریکـاتەکە دەگۆڕێت، دووەمیشـیان دەبنە هۆی گۆڕانی دەنگەکانی پێش خۆیـان، واتا کاریگەری دروسـت دەکەن بۆ گۆڕانی دەنگەکان، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. بۆنموونە (١٣٦):

**گۆڕانی دەنگی**[ک k -]←[گ g +]

کاک+جەمال= کاک جەمال [کاگ جەمال]

کاک + جوامێر = کاک جوامێر [کاگ جوامێر]

**گۆڕانی دەنگی [ش ʃ -] ← [ژ ʒ +]**

شەش + جار = شەش جار ← [شەژجار]

٣- دەنگەکانی تری کۆنســـنانت (خشـــۆکەکان و لاییەکان و لەراوەکان)، هێز تیایاندا جێگیر نییە و مەرج نییە، لەبەر ئەوەی گشـــتیان دەنگدارن (+)، بتوانن کاریگەری بخەنە ســـەر دەنگەکانی پێش خۆیان، هاوکات لە هەندێک نموونەدا، گۆڕانکاری ڕوودەدات، بەڵام هەندێک کات لە هەمان پێگەشدا هەمان گۆڕانکاری ڕوونادات، وەک نموونەی نامۆ لێیان دەڕواندرێت. هاوکات ئەم گۆڕانکارییانە لە هەندێک نموونەی شوێنی نامۆدا دەگۆڕێت و بەبێ ئەوەی، کە واتای وشەکان بگۆڕن.

نموونە (١٣٧):

١- پێش + مەرگە = پێشمەرگە ← [پێژمەرگە]

٢- پش + مین = پشمین ← [ پژمین]

٣- پێش + ڕەو = پێشڕەو ← [پێژڕەو]

ئەم دەنگانە لێرەدا لە نموونەی (١٣٧) گۆڕاون، بەڵام ئەگەر لە هەمان پێگەدا و لە وشـــەیەکی دیکەدا بەکاریان بهێنینەوە، گۆڕانکارییەکە هەست پێ ناکرێت و ناگۆڕدرێت، بۆ نموونە (١٣٨):

باشماخ

ڕەشماڵ

دەسماڵ

لە نموونەی (١٣٨)دا، هاوشـــێوەی نموونەکانی (١٣٧)ە، بەڵام نەیانتوانیوە هەمان کاریگەری ئەو نموونانەیان هەبێت و دەنگی [ش] بگۆڕن بۆ [ژ]، ئەمەش نموونەی ئەوەیە، کە هەموو دەنگە کۆنســـنانتەکان بێجگە لە (تەقاوەکان و ئەفریکات) هێز تیایاندا جێگیر نییە، هەمیشـــە توانای گۆڕانکارییان نییە. هاوکات لەم نموونانەی خوارەوەدا، گۆڕانکاری ڕوودەدات، کە بەهۆی یەکێکە لە کۆنسناتەکانیتروە ڕوودەدەن. بۆنموونە (١٣٩)

١- قوتاب + خانە = [قوتاپخانە] خشۆک

٢- کتێب + خانە = [کتێپخانە] خشۆک

٣- کاک + زریان = کاک زریان [کاگ زریان] خشۆک

٤- کاک + فەرەیدون = کاک فەرەیدون [کاگ فەرەیدون] خشۆک

٥- کاک + ژیار = کاک ژیار [کاگ ژیار] خشۆک

لە کاتی ئاڵوگۆڕپێکردنی دەنگەکان لە زماندا، هەندێکجار پەیوەســـت نین، بەو بنەمایانەی پێشووترەوە، کە خرابوونە ڕوو، واتە نیشانە جیاکەرەوەکان هۆکار بوون، بەڵام کاریگەری زمانە بێگانەکان لەســـەر زمانی کوردی دەبینرێت، کە گۆڕانکاری لەنێوان دوو دەنگی هاونیشـــانە

ڕوودەدات، وەکو گۆڕانی نێوان ئەو دەنگانەی، کە پەیوەست بە یەک سازگەی دەنگین، واتە زۆر نزیکن لە درکاندنەکانیاندا، بۆ نموونە [ن و م] بۆ نموونە (١٤٠):

١- بەرانبەر ← [بەرامبەر]
٢- أنبياء ← [ئەمبیاء]
٣- عەنبەر ← [عەمبەر]
٤- مینبەر ← [میمبەر]

لە نموونەکانی(١٤٠)دا دەردەکەوێت، وەک چۆن لە زمانی عەرەبیدا ئەم دیاردەیە ڕوودەدات، کاریگەری زمانی عەرەبی دەکەوێتە سەر زمانی کوردی، هاوکات ئەو بەدوای یەکدا نەهاتنەی هەردوو دەنگی [ب ، ن]، هۆکاری ئەو گۆڕانکاریەن، چونکە ئەم دوو دەنگە جیاوازی سازگەی بەرهەمهێنانیان هەیە، کە دەنگی [ب] دەنگێکی تەقاوی دەنگداری لێوییە و دەنگی [ن] دەنگێکی لووتی پووکییە، ئەم سازگە جیاوازانە وادەکات، کە گران بدرکێندرێت، هاوکات ئاخێوەر ئاسانترین شێواز هەڵدەبژێرێت بۆ درکاندنەکانی، لەبەر هەمان هۆکاریش گۆڕانکاریەکە دەکەن. گۆڕانکاریەکەش لە هەمان جۆری دەنگەی لووتیەکانە، کە دەنگی [م]، بەڵام سازگەی دەنگی لووتی [م] لێوەکانن، لەبەر هەمان هۆکار ئاخێوەر بەدواییەکدا هاتنی دەنگەکانی [م ، ب]، کە دوو دەنگی هاوسازگەی لێوین لەبەرهەمهێنانیاندا هەڵیدەبژێرن، چونکە بەلایانەوە ئاسانترە بۆ درکاندنی.

٤- ڤاوڵەکان وەکو یەکێک لە فۆنیمەکانی زمان، ئەرکی وەک یەکەیەکی دروستکەری بڕگە دەمێنێتەوە و کاریگەرییان لە گۆڕانی دەنگدا نییە و هەوڵ دەدەن، کە دەنگە کۆنسنانتەکانی دەوروبەریان وەکو پیتەکە خۆی بدرکێنرێن، واتە هەوڵی ڕوونکردنەوەی دەنگەکان دەدەن. نیمچە کۆنسنانتەکان ڕاددەی کرانەوەیان لە ڤاوڵەکانی [ی ، و]دا کەمترە، کەواتە دەرکەوتوویی ڤاوڵەکان لە نیمچە کۆنسنانتەکان زیاترە، بەم جۆرە لە ڕووی دەرکەوتوویی زمان و ڕێکخستنیان نیمچە کۆنسنانتەکان دەکەونە نێوان ڤاوڵەکان و کۆنسنانتەکانەوە. (عەلی،أ، ٢٠١٤: ٢٥). ئەمانیش کاریگەریی لەسەر دەنگەکان دروست ناکەن، چ لە پێشەوە و چ لە دواشەوە، واتە وەکو ڤاوڵەکان هەڵسوکەوت دەکەن. بۆنموونە (١٤١):

خوا – چوار- جوان

لە نموونەکانی (١٤١)دا دەردەکەوێت، کە نیمچە کۆنسنانتەکان کاریگەری دروست ناکەن، واتە لەهیچ یەکێک لەم نموونانەدا، کاریگەریان بەسەر دەنگی پێش خۆیانەوە نییە، هاوکات ڤاوڵەکانیش بەهەمان شێوەن، لە نموونەکانی پێشتردا، بۆ ڕوونکردنەوەی گۆڕانکاریەکان، کاریگەری دەنگە ڤاوڵەکان خرانە ڕوو، کە هیچ گۆڕانکاریەک ئەنجام نادەن، بەڵکوو وادەکەن، دەنگەکانی تەنیشتیان وەک خۆی بدرکێندرێت.

٥-هەندێک لە دەنگەکان، لەناو زمانی کوردیدا، لە دروستەی بڕگەکانیاندا، لە ئەنجامی لێکدانی بڕگەیەکی تر بۆ دروستکردنی وشە و فرێز توشی دوولەتبوون دەبن، بەتایبەتی ئەو دەنگانەی، کە لە کۆتا خانەی بڕگەی یەکەم و سەرەتای بڕگەی دووەمدا ڕوودەدات، واتە فۆنیمێک لەو نێوانەدا کونی تێدەبێت و دابەش دەبێت بەسەر خانەی کۆتایی بڕگەی یەکەم، پاشان پارچەکەی تری بۆ سەرەتای بڕگەی دووەم پەیدا دەبێت، کە زۆرجار ئاخێوەرانی زمان ئەم حاڵەتە بە دوو دەنگی هاوشێوە دەبینن، کە بەدوای یەکدا درکاوە و بە دووبارە کردنەوەی لە نووسیندا ئاماژەی پێ دەکرێت، واتە دوو پیتی هاوشێوە بەدوای یەکدا دەنووسرێت، بۆ نموونە (١٤٢):

١- میللەت ← میل لەت

٢- عیززەت ← عیز زەت

٣- عەففان ← عەف فان

٤- گولله ← گول له

٥- زلله ← زل له

هاوکات هەندێک لە زمانەوانان، پێیان وایە، کە دەنگەکانی پێشەوە وایان کردووە و کاریگەرییان دروست کردووە، تاوەکو دەنگەکانی دوای خۆیان بکەن بە هاوشێوە، بەڵام ئەمە پەیوەندی بە دوولەتبوونی کۆنسنانتەوە هەیە، لەنێوان دوو بڕگەدا، بۆ نموونە (١٤٣):

شەمبە ← شەممە ← شەم مە

لێم بدە ← لێممە ← لێم مە

ڕێم بدە ← ڕێممە ← ڕێم مە

گوڵدان ← گوڵڵان ← گوڵ ڵان

بمدەرێ ← بممەرێ ← بم مەرێ

هەڵم دا ← هەڵمما ← هەڵم ما

نیشانم دا ← نیشانمما ← نیشانم ما

نامەکەم دا ← نامەکەمما ← نامەکەم ما (عەلی أ، ٢٠١٤: ٢٦٣)، (ساڵح، ٢٠١٥: ١٣٨ – ١٣٩).

بەڵام ئەم دیاردەیە کاریگەری خستنە سەر دەنگی دوای خۆی "Progressive Assimilation" نییە، چونکە ئەم جۆرە لە زمانی کوردیدا چالاک نییە، هاوکات ئەو دیاردانەی، کە لە نموونەکانی (١٤٢،١٤٣)، کە دەنگەکان تووشی قرتاندن دەبن و دەنگە زاڵەکەیان دەمێنێتەوە و بەناچاری کونی تێ دەبێت و دووکەرت دەبێت، ئەویش هۆکاری ڕوودانەکەی ئەو بڕگەی دووەمەیە، کە سەرەتای

ڤاوڵێکی هەیە و ڤاوڵەکە، دەنگی کۆنسـنانتەکان ڕادەکێشـێت و دووکەرتیان دەکات، واتە پەیوەندی بە بڕگەکانی زمانی کوردییەوە هەیە، کە ڕێگە نادات هیچ بڕگەیەک بە ڤاوڵ دەستپێبکات.

هـاوکـات لە(ش.گ)دا، ڤـاوڵێک بۆ ئەو نێوانە دانراوە و ئەم دیـاردەیە ڕوویـنەداوە تێیـدا، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو. نموونەی(١٤٤):

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| پاککردنەوە | پاکۆکردن |
| چاککردنەوە | چاکۆکردن |

***چوارەم/ ئاڵوگۆڕپێکردنی دەنگەکان بەهۆی سازگەی بەرهەمهێنانەوە:***

بەهۆی سـازگەی لەیەکچووی دەنگەکانەوە، ئاڵوگۆڕپێکردنی دەنگەکان ڕوو دەدەن، نموونەیان زیاتر لە زار و شـێوەزارەکانی زمانی کوردیدا دەردەکەوێت، واتە ((بێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕینی واتای وشـەکە، یان دوو فۆڕم، یان زیاتر دەبینرێـت بە هەمان واتا، هەندێکجار هەردوو فۆڕمی وشـەکە لە یەک زاردا هەن، جاری واش هەیە، هەر فۆڕمەی لە زارێکی تایبەتیدا بەکاردەهێنرێت.)) (فەتاح، ٢٠١١: ١٢٣). ئەگەر بڕواندرێتە زارەکانی کرمانجی ناوەڕاسـت و بەبەراورد بە کرمانجی ژووروو، دەبینرێت، کە چەندین جیاوازی بەهۆی شـوێنی سـازگەی دەنگەکانەوە، ئاڵوگۆڕ دەبن، هاوکات لایەنی ڕێزمانیش زۆرجار هۆکاری ئەم ئاڵوگۆڕانەن، دەتواندرێت لە نموونەکانی خوارەوەدا بخرێنە ڕوو:

**أ) هاوسازگەیی بوونی نێوان زمانەکانی هاوسێ و زارەکانی زمانی کوردی**

گۆڕانکاری لەنێوان نیمچەکۆنسـنانتەکان و ڤاوڵەکان و کۆنسـنانتەکاندا ڕوودەدەن، کە دەکرێت دەنگێکی کەم چالاک لە ئەنجامی گۆڕانی زەمەن، یان بە کاریگەربوون بە زمانێک، یان بە چالاکبوونی لە زارێکدا، لەچاو زارەکانی تری زمانەکەدا، گەشـە بسێنێت و لە زمانەکەدا بەربڵاوی زۆری پێ بکرێت، بۆ ئەم نموونەیەش دەنگی [و]، دەگۆڕێت بۆ دەنگی [ڤ]، چونکە سـازگەی دروسـتکردنی ئەم دوو دەنگە لەیەکترییەوە نزیکن، کە ئەمەش وادەکات، کە [و – ڤ] زۆرکات لەبری یەکتر بەکاربهێنرێن، چونکە لە کرمانجی ناوەڕاسـتەوە بگرە، تاوەکو کرمانجی باکوور تا ڕادەیەک دەبێتە جێگرەوەی چەند دەنگێک، بۆ نموونە لە (ش.س) کرمانجی ناوەڕسـاتدا لە جێگەی [ب، ڤ، ف، م، ه]دا دێت، هاوکات جگە لەوەی، کە ئەم گۆڕانکارییانە دەکرێت پەیوەندی هەبێت بە فۆنۆلۆژی دەوروبەری زمانەکەوە، کە بەهۆی لێکنزیکایەتییەوە لەیەکترییان وەرگرتبێت، وەک لەم

نموونـانەدا دەردەکەوێـت، گۆڕانکـاری دەنگی [و] زیـاتر ڕوودەدات، لەنـاو زارەکـانی کرمـانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا، بۆ نموونە (١٤٥):

| کرمانجی ناوەڕاست | کرمانجی ژووروودا |
|---|---|
| ١- کەوگیر | کەفگیر [و ← ف] |
| ٢- پەیوەند | پەیبەند [و ← ب] |
| ٣- ڕێوی | ڕێڤی [و ← ڤ] |
| ٤- ئاور | ئاڤر [و ← ڤ] |
| ٥- گەوزین | کەڤزین [و ← ڤ] |
| ٦- چاو | چاڤ [و ← ڤ] |
| ٧- زاوا | زاڤا [و ← ڤ] |
| ٨- ساوەر | ساڤەر/ ساڤار [و ← ڤ] |
| ٩- ئەوین | ئەڤین [و ← ڤ] (فەرەج، ٢٠١١: ١١٨ – ١١٩) |

بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نایەت، کە هەموو [و]ەکانی زمان بگۆڕێت بۆ [ڤ]، وەک ئەو جۆرانەی لە زمانی فارسـیدا ڕوودەدەن، کە بە شـێوەیەکی زۆر و بەرچاو لە نیمچە کۆنسـنانتی [و]دا دەگۆڕێن بۆ [ڤ]، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە (١٤٦):

| فارسی نووسین | فارسی خوێندنەوە |
|---|---|
| ولی | ڤەلی (بەڵام) |
| اول | اڤەل (یەکەم) |
| لیوان | لیڤان (پەرداخ) |
| دیونە | دیڤونە (شێت) |
| والله | ڤەللە (وەڵا) |

لە نموونەی (١٤٦)دا دەرکەوت، کە دەنگی [و]ی نیمچە کۆنسـنانت لە زمانی فارسـیدا بە دەنگی [ڤ] دەدرکێنـدرێت، واتە وەک خرایە ڕوو دەنگی [و]ی ڤاوڵەکـان لە زمـانی فـارسـیدا کەمتر دەگۆڕێن، یان هەر ناگۆڕێن بۆ دەنگی [ڤ]، ئەمەش بەجۆرێک تایبەتمەندییەکانی نیمچە کۆنسنانت لە زمانی فارسیدا دەردەخات، بەڵام لە نووسین و پێکهاتەی بڕگەیاندا هەر بە [و] دەنووسرێت و بە نیمچە کۆنسـنانت بەکاردەهێنرێن لە ڕێنووسـیاندا، بەڵام لە درکاندنیاندا دەنگی [ڤ]ن، هاوکات ئەم دەنگی [ڤ]ە، لە زاری ژووروودا لە زمانی کوردیدا بەشـێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت، وەک

لە نموونەکانی (١٤٥)دا دەرکەوت، هاوکات دەنگەکانی [ڤ، ف، م، ب]، چونکە ئەمانە هاوسازگەیان لەتەک دەنگی [و]دا هەیە، کە ئەویش (لێوەکان)ن، لێوەکان بە گۆڕانێکی کەم لە کاتی درکاندنیاندا، دەنگە جیاوازەکانی ئەم شێوازانە دەخاتە ڕوو، هەر بۆیە لە گۆڕانیاندا زیاتر و هەستپێکراوترن، لەناو زار و شێوەزارەکان و زمانە هاوسێکانی زمانی کوردیدا، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەتوانرێت ئەو پەیوەندییە لێکنزیکییە بخاتە ڕوو، بۆ نموونە (١٤٧):

<u>کرمانجی ناوەڕاست</u>

١- بێناو ← بێناڤ (کرمانجی ژووروو)
٢- گۆبەند ← گۆڤەند/گۆوەند (کرمانجی ژووروو)
٣- نیو ← نیم (گەرمیانی) ← نیڤ (کرمانجی ژووروو)
٤- ئاو ← ئاڤ (کرمانجی ژووروو) ← ئاب (فارسی)
٥- سێو ← سێڤ (کرمانجی ژووروو) ← سیب (فارسی)

وەک لە نموونەکانی (١٤٧)دا دەرکەوت، کە گۆڕانکارییەکان لە زمانی فارسی و زمانی کوردیدا هاوسازگەییان تێدایە، کە لێوەکان هۆکارێکن بۆ ئەم گۆڕانکاریی و جیاوازییانە لە درکاندندا بێ واتاگۆڕین، ئەگەر لە نموونەی (١٤٧)دا بڕوانینە ژمارە (٤، ٥)، ئەو هاوبەشی درکاندنە دەردەخات، کە لەنێوان زارەکانی زمانی کوردی و فارسیدا بەهۆی هەبوونی هاوسازگەییانەوە ڕوویداوە. هاوکات لە زمانی کوردیشدا، لە زاری سلێمانیدا هەندێک نموونە دەردەکەوێت، کە پێشتر بە [و] دەربڕراوە، بەڵام ئێستە بە پیتی [ڤ] شوێنی بۆ کراوەتەوە و تەنانەت فۆڕمیان بە پیتیش جێگەی بۆ کراوەتەوە، هۆکاریی ئەم گۆڕانەش پەیوەندی بە تێکەڵبوونی ناوەکانی زمانی کوردییەوە هەیە، بەپێی دەربڕاوەکانی زمانە بێگانەکانی وەک: (ئینگلیزی و ئەڵمانی و سویدی)ەوە، کە لە ئینگلیزیدا، ناوەکانی (شوان و ساوان)یان وەک خۆیان دەربڕیوە، بەڵام لە زمانی سویدیدا ئەم ناوانە گۆڕاون بۆ (شڤان و ساڤان)، چونکە توانای دەربڕینی ئەو دەنگی [و]یان نییە، کردوویانە بە [ڤ]، (خورشید، ٢٠١١: ٦٤). هاوکات ئەم گۆڕانکارییە ڕەنگدانەوەی داوەتەوە لەناو فۆنۆلۆژی زمانی کوردیدا و پاشان بۆ ئاستەکانی مۆرفۆلۆژی و واتاسازیش گەیشتووە، کە وای کردووە وەکوو ناوێکی سەربەخۆیان لێبێت هاوشانی ناوە کوردییەکانی تر.

بەهامان شێوەی زارەکان و زمانە هاوسێکان گۆڕانەکان لە دەنگە لێوییەکاندا [ب، م، و، ف، ڤ]، لە شێوەزارەکانیشدا دەردەکەوێت، کە ئەم گۆڕانکارییانە چەند پەیوەستە بە لێوەکانەوە، هاوکات پەیوەستە بە خودی شێوەزارەکەوە هەیە، کە لەو شێوەزارەدا خۆیان وا ڕێکەوتوون، کە ئەو دەنگانە لەو پێگەیەدا بگۆڕن، واتە ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکەش هۆکارە، وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

گۆڕینی دەنگی [ب] بە دەنگی [و]ی نیمچە کۆنسنانت.

نموونە (١٤٨):

| <u>ش.س</u> | <u>ش.گ</u> |
|---|---|
| بە تۆدا ناردم | وە تۆ ناردم |
| سەبەتە | سەوەتە |
| سێبەر | سیوەر |

گۆڕینی دەنگی [و]ی نیمچە کۆنسنانت بۆ دەنگی [م].

نموونە (١٤٩):

| <u>ش.س</u> | <u>ش.گ</u> |
|---|---|
| نیوە | نیمە |
| نیوەڕۆ | نیمەڕۆ |
| نیوەشەو | نیمەشەو |
| جوێن/ جنێو | جمێن |

دەنگی [م] گۆڕاوە بۆ [و]ی نیمچە کۆنسنانت

نموونە(١٥٠):

| <u>ش.س</u> | <u>ش.گ</u> |
|---|---|
| زمان | زوان |
| سمێڵ | سویڵ |

گۆڕانی دەنگی [و← ف].

بۆ نموونە (١٥١):

| **<u>ش. س</u>** | **<u>ش. ھ</u>** |
|---|---|
| **نەوت** | **نەفت** |
| **مزگەوت** | **مزگەفت** |
| **حەوت** | **حەفت** |

| | |
|---|---|
| **شوِتی** | **شفِتی** |

/ ئەم/ ← / ئەڤ/ لە نموونەی (١٥٢):

| کرمانجی ناوەڕاست | کرمانجی ژووروو |
|---|---|
| ئەمشەو | ئەڤشەڤ |
| ئەمڕۆ | ئەڤڕۆ |
| ئەمساڵ | ئەڤسال |

هاوســـــاگەبوونی دەنگەکانی [ت، د] نزیکی بەرهەمهێنانیان وادەکات، لە لەنێوان زارەکاندا ئاڵوگۆڕبکرێت، بەتایبەتی لە کرمانجی ژووروودا، ئەم گۆڕانکارییە زۆر بەئاشـــکرا لەم چاوگانەدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە (١٥٣):

| کرمانجی ناوەڕاست | کرمانجی ژووروو | |
|---|---|---|
| سپاردن | سپارتن | |
| بواردن | بوارتن | |
| هەناردن | هەنارتن | |
| ژماردن | ژمارتن | (مارف، ت، ٢٠١٤: ٣٢) |

**ب) هاوسازگەیی بوونی هەندێک لەدەنگەکان لەشێوەزارەکانی زارێکدا:**

هاوکات ئاڵوگۆڕە دەنگییەکان لە زماندا، بەتایبەتی زاری کرمانجی ناوەڕاســـت، لەنێوان شێوەزارەکانی سلێمانی و هەولێریدا، بە شێوەی ئاستی قووڵ لە ئەلۆفۆنی یەکتریدا دەردەکەون، بێ ئەوەی واتا بگۆڕن، وەک ئەو گۆڕانکاریانەی لەنێوان دەنگەکانی [ڵ] و[ر] دەردەکەوێت، چونکە ئەم دوو دەنگە لە باڵەکایەتی و هەموو ناوچەکانی هەولێر، بە لەرانەوەی ســـەری زمان و ددان دروست دەبێت، کەچی ناوچەی (شوان و تەقتەق) هەمان دەنگ، بە لەرانەوەی ســەری زمان، لە بەشی پێشەوەی مەڵاشوو گۆ دەکرێت، وەک گۆکردنی دەنگی [ر] لە زمانی هیندیدا (هەرشمی، ٢٠٢١: ٢٤٤)، لە زۆر شوێنی دیکەشدا، هەمان دەنگی [ر] بۆ دەنگی [ڵ] دەگۆڕێت.

بۆ نموونە (١٥٤):

ئەو وشانەی کە دەنگی [ڵ]  [ ر] گۆڕدراوە.

| ش. س | ش. هـ |
|---|---|
| بەڵێ | بەرێ |
| منداڵ | مندار |
| بەڵام | بەرام |
| خاڵ | خار |
| گوڵ | گور |
| تاڵ | تار |
| خەڵک | خەرک |

هاوکات دەنگی [ڵ]، گۆڕانی بۆ دەنگی [ر] مێژوویەکی کۆنی هەیە، کە ئەمەش پەیوەندی بە زانستی "ئیتۆمۆلۆژی Etymology " هەیە. لەم زانستەدا ئەوە یەکلا دەکرێـــتەوە، کە ئەم دوو دەنگە سەر بە کام یەک لە شـێوەزارەکانە و لە پێشـتردا لە کام شـێوەزاردا درکێندراوە و هەبووە، هاوکات ئەم گۆڕانکارییانە، کە لەنێوان ئەم شێوەزارانەدا ڕوودەدەن، بەڵگەی جیاوازی شێوەزارەکانن، ((ئەمەش شوێنگرتنەوەی فۆنیمێک، یان زیاتر بە فۆنیمێکی تر، یان چەند فۆنیمێک لە سنووری وشەیەکدا، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر واتای وشەکە دەگرێتەوە.)) (اسماعیل، ٢٠١٣: ٢١١)، بەڵام هۆکاری گۆڕینی ئەم دوو دەنگە لە (ش.هـــ)ی و (ش.س)دا، دەگەڕێتەوە بۆ شوێن و سازگەی هەردوو دەنگەکە، کە [ڵ] دەنگە لاییەکانە و لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی زمان، لە مەڵاشووەوە و بەرکەوتنی بە مەڵاشووە ڕەقە پەیدا دەبێـــت، بەڵام دەنگی [ر] ،کە دەنگێکی لە راوەییە و لە ئەنجامی لێدانی سەر زمان، بە شێوەیەکی بەردەوام لە مەڵاشووە ڕەقە پەیدا دەبێـت، کەواتە هەردوو ناوچەکە زۆر لەیەکترییەوە نزیکن، کە پەیوەندی بە هەوای هاتوو هەیە، کەچۆن تێدەپەڕێت لە نێوان سەری زمان و مەڵاشووە ڕەقەدا، هەر بۆیەش هەمان گۆڕانکاری لەنێوان دەنگی [ڵ] لە (ش.س) و دەنگی [ل] لە کرمانجی ژووروودا پەیدا دەبێـــت، بە شـێوەیەک ئەمانیش ئەلۆفۆنی یەکترن لەنێوان هەردوو زارەکەدا، بۆ نموونە (١٥٥):

| کرمانجی ناوەڕاست | کرمانجی ژووروو |
|---|---|
| منداڵ | مندال |
| بەڵام | بەلام |

| | |
|---|---|
| گوڵ | گول |
| تاڵ | تال |

له نموونه‌كانی (١٥٦) پێشگری /هه‌ڵ/← /هه‌ل/ له كرمانجی ژووروودا.

| كرمانجی ناوه‌ڕاست | كرمانجی ژووروو |
|---|---|
| هه‌ڵچوون | هه‌لچوون |
| هه‌ڵدان | هه‌لدان |

هاوكات له‌ناو شێوه‌زاره‌كانیشدا، به‌تایبه‌تی شێوه‌زاره‌كانی (سلێمانی و هه‌ولێری)، ده‌نگی [ک و چ] گۆڕانكارییان پێده‌كرێت و له‌بری یه‌كتری به‌كاردێن، له كاتی دركاندیاندا، چونكه ئه‌م دوو ده‌نگه هه‌ردووكیان سازگه‌ی دروستبوونیان له ئه‌ندامه‌كانی ئاخاوتندا نزیكییان هه‌یه و ئاسانتر گۆڕانكارییان پێده‌كرێت و هه‌ردووكیان خاوه‌نی تایبه‌تمه‌ندی (كپین)، له‌به‌ر هه‌مان هۆكار، ئه‌گه‌ر ئاخێوه‌ر ئاڵوگۆڕ له‌نێوان ئه‌م دوو ده‌نگه‌دا بكات، كه‌سی گوێگر له ڕووی واتاییه‌وه كێشه‌یه‌كی ئه‌وتۆی بۆ دروست نابێت، هه‌ر وه‌كوو ئه‌وه‌ی، كه ئاخێوه‌رانی (ش.هـ)، ئه‌م ده‌نگانه ئاڵوگۆڕ ده‌كه‌ن و گوێگرانی (ش.س) توانای تێگه‌یشتنیان، یان دركپێكردنیان هه‌یه، واته ته‌نها له كاتی دركاندنیاندا (ش.هـ)، ده‌نگی [ک] ده‌گۆڕن بۆ ده‌نگێكی [چ] قووڵه‌و، یان تۆخ، به‌ڵام له‌ڕێنوسدا هه‌ر وه‌كوو (ش.س) ڕێنووسی بۆ ده‌كه‌ن، هاوكات ده‌نگی [گ و ج] گۆڕانیان به‌سه‌ردا دێت، له‌بری یه‌كتری له‌ناو وشه‌كاندا داده‌نرێنه‌وه، بێ ئه‌وه‌ی گۆڕانی واتایی دروست بكه‌ن و ئه‌مانیش هاوسازگه‌ی ته‌واونین، به‌ڵام ده‌نگه‌كان نزیكایه‌تیان پێكه‌وه هه‌یه، له دروستبوونیاندا، چونكه ده‌نگی [گ] ده‌نگێكی وه‌ستاوی ده‌نگداره، ده‌نگی [ج] ده‌نگێكی ئه‌فریكاتییه و ده‌نگداره، وه‌كوو له ده‌نگه بیستراوه‌كاندا خراوه‌ته ڕوو، كه ئه‌فریكاته‌كان ده‌نگێكن، له‌نێوان ده‌نگی وه‌ستاو و خشۆكدا په‌یدا ده‌بن، هه‌ر بۆیه ئاڵوگۆڕكردن له‌نێوان ئه‌م چوار فۆنیمه‌دا كارێكی ئاساییه، زیاتر بۆ ئاسان ده‌ربڕین، یان په‌یوه‌ندی به لایه‌نی فۆنه‌تیكییه‌وه هه‌یه، واته گۆڕانكاریه‌كان تایبه‌تن به‌ده‌ربڕینه‌وه په‌یوه‌ندیان به‌ڕێنووسه‌وه نییه، چونكه له هه‌ندێک ناوچه‌دا، ئاخێوه‌رانی (ش.هـ) هه‌وڵی ئه‌وه‌ده‌ده‌ن، كه ده‌نگه ڕێنوسكراوه‌كه ده‌رببڕن. هاوكات گۆڕانكاریه‌كانیش له ئه‌م نموونه‌ی خواره‌وه‌دا ده‌خرێنه ڕوو.

ئه‌و وشانه‌ی كه ده‌نگی [ک← چ]گۆڕدراوه.

بۆ نموونه (١٥٧):

| ش.س | ش.هـ |
|---|---|
| مه‌كینه | [مه‌چینه] |
| توركی | [تورچی] |

| | |
|---|---|
| کیمیا | [چیمیا] |
| کیسەڵ | [چیسەر] |
| کوێ | [چێ] |
| وەکو | [وەچی] |

ئەو وشانەی کە دەنگی [گ ← ج] گۆڕدراوە.

بۆ نموونە (١٥٨):

| ش.س | ش.هـ |
|---|---|
| گیا | [جیا] |
| گێل | [جێل] |
| گێزەر | [جێزەر] |
| گیان | [جیان] |
| گوێ | [جێ] |
| گوێز | [جیز] |

هاوکات لە ناو شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا، دەنگە عەرەبییەکان، کاریان پێ دەکرێت، ئەم دەنگانە تا لێکۆڵینەوەکانی کۆتایی، کە لە زماندا کراوە، نەگەشـــتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئایا فۆنیمی زمانەکەن، یان نا، چونکە زۆر کات جێگرەوەیان هەیە، یان ئەم دەنگانە لەناو وشـــە کوردییەکاندا نابینرێن، لە ناو (ش.هـ) و (ش.س)دا، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو هەیە، لە درکاندنی دەنگی [ع و ح] زۆر جار ئاخێوەرانی (ش.س)، دەنگی [ع] بەکاردێنن، ئاخێوەرانی (ش.هـ)ی دەنگی [ح] لەبری بەکاردێنن، هەروەها هەندێک جاریش پرۆسەکە پێچەوانە دەبێتەوە ئاخێوەرانی (ش.هـ)ی دەنگی [ع] بەکاردێن و ئـــاخێوەرانی (ش.س)ش، دەنگی [ح] بەکـــاردێنن، ئەم دوو دەنگە دوو دەنگی قورگین، کە لە ئاڵوگۆڕپێکردنیاندا کارێکی ئاســـاییە، هاوکات ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە لێی بڕواندرێت، کە ئەم دەنگانە زۆر جار ئاخێوەران بە [ئـــ] دەریدەبڕن، واتە ئەم گۆڕانە لەنێوان هەرسێ دەنگەکەدا، پەیوەستە بە سازگەی دروستبوونیانەوە، هاوکات دەنگی [ع]، هەندێک تایبەتمەندی ئەفریکاتەکانی وەرگرتووە، لە کاتی درکاندنیدا، نموونەی گۆڕانەکانیش لە خوارەوە دەردەکەون.

ئەو وشـــانەی، کە دەنگی [ح ← ع] گۆڕدراوە، هەروەها ئەو وشـــانەی بە پێچەوانەوە، کە دەنگی [ع ← ح] گۆڕدراون.

[ح ← ع] بۆ نموونە (١٥٩):

| ش.س | ش.هـ |
|---|---|
| محەمەد | معمد |
| ئەحمەد | ئەعمەد |
| حەیدەر | عەیدەر |
| حاڵ | عار |

[ع ← ح] بۆ نموونە (١٦٠):

| ش.س | ش.هـ |
|---|---|
| عەدنان | حەدنان |
| دەعوەت | دەحوەت |
| مەعکەرۆنی | مەحکەرۆنی |

وشەکانی ئەم بەشە، کە گۆڕدراون ناو و وشەی عەرەبین، کە لەناو زمانەکەدا زۆر بەکاردێت، ئەم شـــێوەگۆڕانکارییە ئاســـاییە، لە زمانەکاندا بەدی بکرێت، چونکە هاوشـــێوەی ئەو گۆڕانکارییە لە زمانەکانی دراوســـێ زمانی کوردیدا هەیە، وەک زمانی (عەرەبی) بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا /ق/ بۆ /غ/ گۆڕدراوە، بەپێچەوانەشەوە [غ ← ق] گۆڕاوە، وەک: <قنفه بۆ غنفه>، <غنم بۆ قنم>.

***پێنجەم/ خۆدەربازکردن لەدوو دەنگیەکان و هەوڵدان بۆ ئاسان دەربڕین لە شێوەزارەکاندا:***

أ) هـاوکـات هەندێک لە ڤاوڵەکان و نیمچە ڤاوڵەکـان لەنـاو وشـــەکـاندا، دەگۆڕدرێن بۆ دەنگی کۆنسـنانت لە شـێوەزارەکاندا، کە ئەمەش زۆرکات بۆ لابردنی، یان خۆقوتارکردنە لە دروسـتکردنی دیاردەی دوو دەنگی لە زماندا، بەتایبەتیش لە شـێوەزارەکانی (سـلێمانی و هەولێری و گەرمیان)دا، بەڵام کارەکە پەیوەسـت نییە، بە شـێوەزارێکەوە و لەناو چوارچێوەکانی وشـەدا، لە وشـەیەکەوە بۆ وشـەیەکی تر دەگۆڕێت، واتە لە ڕێگای ئاڵوگۆڕکردنی دەنگەکانەوە، هەندێکجار خۆقوتارکردنەوە لە (ش.هـ)یدا، یان بەپێچەوانەوە لە (ش.س)دا ڕوودەدات، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە (١٦١):

| ش. س | ش. هـ | گۆڕانکارییەکان |
|---|---|---|
| پشتوێن | پشدێن | و ← د |
| خوێن | خین | وێ←ی |
| خوێندن | خیندن | وێ←ی |
| گوێز | جیز | وێ←ی |

گۆڕانی پاشگری /ەوە/ [əwə] بۆ / ۆ/ [o:] ،واتە گۆڕانەکە لە کۆتایی وشەکانە

نموونە (١٦٢):

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| بردنەوە | بردنۆ |
| کردنەوە | کردنۆ |
| هێنانەوە | هێنانۆ |

ب) لەنێوان هەرسێ شێوەزارەکەی (هەولێری و سلێمانی و گەرمیانی)دا، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، کە پەیوەستن بە شوێن و سازگەی ڤاوڵەکانەوە، بەپێی ئەندازەی بەرزبوونەوەی زمان، یان شێوەی گۆکردنی لێوەکان لە کاتی درکاندنیاندا، کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی ئەم ئاڵوگۆڕانە، بەڵام هەست پێکراوە ڤاوڵە بەرزەکان، وەک (و، وو، ا) ئەم ڤاوڵانە لە (ش.هـ)یدا، بە بەراورد بە (ش.س) گۆڕانکاری زیاتری تێدا ڕوودەدات، ئەمەش وا دەکات، کە ڤاوڵێکی نزمتر لە ڕووی دەنگدارییانەوە، لە ئاخاوتندا بەکاربهێنن، ئەمەش بەبێ ئەوەی واتا و مەبەستی لەپشتەوە بێت، زۆرجار وەکوو جۆرێک لە ئاوازی دەنگەکان لە وشەکاندا دەردەکەون، کە ئەمەش تایبەتمەندی ئاسان درکاندن، یان ناسک بێژیيان پێدەبەخشێت.

بۆ نموونە (١٦٣):

أ) ئەو وشانەی کە دەنگی ڤاوڵەکان و نیمچەکۆنسناتەکان /و، وو/ [u:,w]← /ی/ [i,y]گۆڕدراوە.

| ش.س | ش.هـ | |
|---|---|---|
| نواندوە | نواندیە | y←w |
| ماوە | مایە | y←w |
| کردوە | کردیە | y←w |
| خانوو | خانی | i←u: |
| مردوو | مردی | i←u: |
| زیندوو | زیندی | i←u: |

هاوشـــێوەی هەمان گۆڕانکاریە، لە (ش.گ)شـــدا ڕوودەدەن، هاوکات لە هەندێک وشـــەی تردا بۆ نموونە (١٦٤):

گۆڕینی دەنگی / وو/ [uː] ← /ی/ [i]

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| رۆژوو | رۆژی |
| قوتوو | قوتی |
| ئوتوو | ئوتی |

ب) ئەو وشانەی، کە دەنگی بزوێنی /ا / [a] ← / ە/ [ə] گۆڕدراوە.

بۆ نموونە (١٦٥):

| ش.س | ش.هـ |
|---|---|
| وامەکە | وەمەکە |
| ئەوەتا | ئەوەتە |
| ماکسی | مەکسی |
| وانییە | وەنییە |
| وابوو | وەبوو |
| کانتۆر | کەنتۆر |

پ) ئەو وشانەی کە دەنگی / و/ [u]← / ۆ/ [o:] گۆڕدراوە، هەروەها ئەو وشانەی بەپێچەوانەوە دەنگی / ۆ/ [o:] ←/ و/ [u] گۆڕدراون، بۆ نموونە (١٦٦):

/ و/ [u]← / ۆ/ [o:]

| ش.س | ش.هـ |
|---|---|
| سور | سۆر |
| سوراو | سۆراو |
| قوپا | قۆپا |

/ ۆ/ [o:] ←/ و/ [u]

| ش.س | ش.هـ |
|---|---|

| | |
|---|---|
| ڕۆن | ڕون |
| چەقۆ | چەقو |

گۆڕانی ڤاوڵەکانی / ی/ [i] ←/ ێ/ [e]

بۆ نموونە (١٦٧):

| <u>ش.س</u> | <u>ش.گ</u> |
|---|---|
| تیژ | تێژ |
| پەنیر | پەنێر |
| پسکیت | پسکێت |

## (٢-١-١/٣) کرتاندنی دەنگەکان

مرۆڤ لە درکاندنی دەنگەکاندا، وەک هەموو کردەکانی ڕۆژانەی، هەوڵی ئاسانکردنیان دەدات، لە درکاندنیشدا هەمان پرۆسە بە دەرنەبڕین، یاخود بەکرتاندنی دەنگێک لە بڕگەیەکدا، یاخود لە وشەیەکدا ئەنجام دەدات، بەم کردەیە دەوترێت، کرتاندنی دەنگەکان، یاخود ئەم کردەیە ((بە مەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین دێتە کایەوە، لە ئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لە شوێنی جیاوازدا دروست دەبن و لەهەندێ باردا شێوە و قاڵبی جیاواز وەردەگرن)). (بابەکر، ٢٠٠٩: ١٣)، بەمەرجێک واتاکەی نەگۆڕدرێت. دەرنەبڕین، یان کرتاندنەکانی دەنگەکان چەند جۆرێکی لێ دەکەوێتەوە، بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ڕوودەدەن:

***یەکەم:*** یەکێک لە یاساکانی کرتاندنی دەنگ ڕوودەدات، کاتێک دوو وشە دەدرێنە پاڵ یەکتری، کۆتایی بڕگەی یەکەم و سەرەتای بڕگەی دووەم هەمان دەنگ بن، کە ئەمەش بۆ بەمەستی ئاسان دەربڕین، ئەنجام دەدرێت، یەکێکیان لەو دەنگانە دەمێنێتەوە، یاخود یەکێکیان شوێنی ئەوی دیکە دەگرێتەوە، بۆ نموونە (١٦٨):

١- ڕێ<u>کک</u>ەوتن ← ڕێکەوتن
٢- چا<u>کک</u>ردن ← چاکردن
٣- بەر<u>دد</u>انان ← بەردانان
٤- چالا<u>کک</u>ردن ← چالاکردن

***دووەم:*** لابردنی دەنگێک لە وشـەیەکدا، بەمەبەسـتی ئاسـانکردنی درکانردن. (عەلی، ٢٠٠٥: ٨٠). واتە، هەڕەمەکی کرتاندن، وەک ئەم نموونانە (١٦٩):

١- دابنیشە ← دانیشە
٢- وەربگرە ← وەرگرە
٣- هونەرمەند ← هونەرمەن
٤- دەوڵەمەند ← دەوڵەمەن
٥- منداڵ ← مناڵ
٦- خودا ← خوا
٧- دەست ← دەس
٨- برژاند ← برژان
٩- خوراند ← خوران
١٠-بڵندتر ← بڵنتر
١١-هەڵبگرە ← هەڵگرە
١٢-سەربکەوە ← سەرکەوە
١٣-دەخوات ← دەخوا
١٤-پیاوێک ← پیاوێ

بەڵام کرتاندنی دەنگ، هەمیشـە لەسـەر ڕێککەوتنی مرۆڤەکان دەوەسـتێت. هەروەها کرتاندنەکە دەکرێت ببێتە هۆی دروسـتکردنی وشـەی نوێ، واتە واتاکەی بگۆڕێت، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا هەندێک وشـە بەرهەمدەهێنن، یان هاوبێژن، یاخود تابۆن لە زمانی کوردیدا، خودی تابۆش ((سـەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە دەربڕینیان بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ شـیاو نییە)). (فەرەج، ٢٠١٣:١٣٢) بۆ نموونە نەدرکاندنی دەنگی [د] لە کۆتایی ئەم وشانەدا، تابۆ دروست دەکەن. بۆ نموونە (١٧٠):

١- گوند ← گون (قەدەغەکراوە – تابۆ)
٢- کێرد ← کێر (قەدەغەکراوە – تابۆ)
٣- بەرد ← بەر (هاوبێژی هەیە: دوو واتا دەگەیەنێت)
أ- بەر (بەری دار)
ب- بەر (پێش) (ئەحمەد، ٢٠١٦: ٧٥)

بەڵام کاتێک دەنگی [ت] دەکەوێتە کۆتایی وشـەکانەوە، بەو تایبەتمەندییەی، کە دەنگێکی تەقاوی کپە (-) ئـارەزووی تێکەڵبوونی هەیە، بە دەنگەکەی پێش خۆی لە کـاتی درکـانـدنیـدا، ئەگەر دەنگەکەی پێش خۆشـی (-) بێت، هاوکات نزیکی سـازگەی دروسـتکردنی دەنگەکەی بێت، ((ئەگەر

دوو دەنگی کۆنسنانت وێکچوون، یان لێکنزیک بوون، بکەونە پاڵ یەک، لە دەربڕیندا یەکێکیان ون دەبێت.)) (مارف، ١٩٧٦: ٥٤) لەبەر هەمان هۆکارە بۆ ئاسان دەربڕین زۆر کات دەرناکەون، یان دەقرتێندرێن. وەکوو لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. نموونەی (١٧١):

- ئەو نموونانەی (١٢٨،١٣٠.١٣١) دەردەکەون، نموونەی کرتاندنی دەنگی [ت]، لە کۆتایی وشەدا (دەست ← دەس).

هاوکات دەنگی [ت] لە هەندێک وشەدا، کاتێک دەکەوێتە کۆتایی وشەکەوە، پەیوەست دەبێت بە واتای وشەکەوە، ناتوانرێت لاببرێت، چونکە ئەگەر لاببرێت، واتا و فۆڕمی وشەکە دەشێوێنێت، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەون، بۆ نموونە (١٧٢):

١- هەڵمەت ← هەڵمە*
٢- پێویست ← پێویس*
٣- وڵات ← وڵا*
٤- دەشت ← دەش*

***سێیەم/*** ئەو کرتاندنانەی کە بەهۆی ڕێزمانەوە پەیدادەبن، ئەویش نیشانەی نەناسراوی (ێک) کرتاندنی دەنگی [ک] لە کۆتایی وشەکاندا ڕوودەدات، بۆ نموونە (١٧٣):

١- کەمێک ← کەمێ
٢- هەندێک ← هەندێ
٣- گەلێک ← گەلێ
٤- ساڵێک ← ساڵێ
٥- تۆزێک ← تۆزێ

***چوارەم/*** ئەو کرتاندنانەی لە زارەکانی زمانێکدا ڕوودەدەن، کە دەنگێک، یاخود چەند دەنگێک دەرنابڕن، هاوکات کاریگەری لەسەر وشەکە پەیدا ناکەن، بەڵام هەندێکجار، هەمان دەنگ لە هەمان پێگەدا مەرج نییە، کرتاندنی دەنگی بەسەردا جێبەجێ بکرێت، چونکە دەبێتە هۆی شێواندن و تێکدانی فۆڕم و واتای وشە و دەستەواژەکان لە زماندا، دەتوانین لەم نموونانەی خوارەوەدا نموونە لە زارەکان بخەینە ڕوو:

نموونە (١٧٤)

| کرمانجی ناوەڕاست | کرمانجی ژووروو |
|---|---|
| بردن | برن |
| کردن | کرن |

| | |
|---|---|
| داکەوتن | داکەتن |
| مردن | مرن (مارف،ت، ٢٠١٤: ٣٢) |

**پێنجەم/** کرتاندنی دەنگ لەناو شـــێوەزارەکانیشـــدا ڕوودەدەن، لە شـــێوەزارەکانی (ســـلێمانی و هەولێری و گەرمان)دا دەردەکەوێت، لەناو ڤاوڵەکاندا زۆرکات ئەنجام دەدرێت، کرتاندنی دەنگی "خۆدەرباز کردن لە دوو دەنگیەکان" لەناو شێوەزارەکاندا بەتایبەتی هەولێری و گەرمیانی هەوڵی خۆقوتارکردن دەدەن، لە دیاردەی دوودەنگییەکاندا، واتە هەوڵی کەمکردنەوەی بەدواییەکدا هاتنی ڤاوڵەکان دەدەن، یان نەهێشتنی نیمچە کۆنسنانتەکان، وەک ئەم نموونانە:

أ – نەدرکاندنی دەنگی [ێ e] بۆ نموونە (١٧٥):

| ش. س | ش. هـ |
|---|---|
| بڕوێش | بڕوش |
| خوێڕی | خۆڕی |
| بیهێنە | بینە |
| گۆرەوی | گۆریە |

ب – کرتاندنی دەنگی نیمچە کۆنسناتی[و w] بۆنموونە (١٧٦)

| ش. س | ش. هـ |
|---|---|
| چوار | چار |
| کوا | کا |
| خوێ | خێ |
| کەوت | کەت |
| گوێ | گێ |

**شـــەشـــەم/** هاوکات هەندێک لەکرتاندنەکان لەشـــێوەزارەکاندا، دەردەکەوێت وەک نموونەی نامۆن، بەتایبەت لە دەنگە کۆنسـنانتەکان، واتە گۆڕانەکان هەڕەمەکیانەیە و یاسـای نییە، یاخود پەیوەسـتی هیچ هۆکارێکی دیاریکراو نین.

بۆنموونە (١٧٧):

| ش. س | |
|---|---|
| سەگ | سە (ش. هـ) |

| | | |
|---|---|---|
| شانه | شه | (ش. هـ) |
| ڕۆژگار | ڕۆژار | (ش.گ) |
| شەوگار | شەوار | (ش.گ) |

**حەوتەم**/ له شێوەزارەکاندا گۆڕانی ژمارەکان، به شێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت، گۆڕانکاییەکە نـامۆن چونکه دەنگێـک له نـاو بڕگەی یەکەم لادەبەن، لەبری ئەم دەنگه دەنگێکی تر بۆ بڕگەی دووەم زیاد دەکەن. بەبێ ئەوەی واتا بگۆڕدرێت، بۆ نموونه (١٧٨):

| ش. س | ش. هـ |
|---|---|
| یانزه \|یان\|زه\| | یازده \|یاز\|ده\| |
| دوانزه \|دوان\|زه\| | دوازده \|دواز\|ده\| |
| پانزه \|پان\|زه\| | پازده \|پاز\|ده\| |
| شانزه \|شان\|زه\| | شازده \|شاز\|ده\| |

لەنموونەکانی (١٧٨)دا، که [ن+ز] دەردەبریت، له (ش.س)دا، له (ش. هـ)دا دەگۆڕدرێت، بۆ [ز+ د]، ئەمەش بەهۆی دوو پروسەوەیە: یەکەمیان، کەوتنی [د] له شیوەزارەکاندا، به تایبەتی له (ش.س)دا زۆر باوە. دووەم پڕۆسەیش [ن،ز] له بەرهەمهێنانیاندا هاوسازگەن، ئاسانترە بۆ درکاندنیان.

## (١/٣-١-٢-١)کلۆرکردنی دەنگ

ئەم پڕۆســـەیە، زۆرجار پەیوەندی به بیســـەرانی ئەم جۆرە درکاندنەوە هەیە، چونکه دەیانکاتە گومانێکەوە، که ئایا ئەو دەنگه درکێندراوە، یان نەدرکێنرداوە، ئەگەر بڕوانینە شـێوەی ددان کاتێک کلۆر دەبێــت، کوونی تێدەچێت، پاشان لادەبرێت، هەست به بوونی پاشماوەیەک، یان جێکەوتەیەک له پووکەکانی ددانی دەکرێت، بەڵام خودی ددانەکه بوونی نەماوە، ئەگەر بەو شێوەیەش له هەندێک درکاندندا، که له کۆتایی درکاندندا ڕوودەدات، بەتایبەت دەنگەگانی (ت، د)، که دوو دەنگی تەقاون له نموونەکانی پێشـتریشـدا ئاماژه بەوە کراوە، که زۆرجار لەبری یەکتری و له جێکەوتەی یەکتری دادەنرێن، هەروەها دەنگی [ت و د] دوو دەنگن، که زۆر کات دەقرتێندرێن، لەناو وشـــەکانی زمانی کوردیدا، بۆ نموونه(١٧٩):

١- قادر ← [قار] : [qa.□r]

٢- نادر ← [نار] : [na.□r]

٣- مەحمود ← [مەحمو] : [məɦ.mu]

٤- وا هات ← [وا هاو] : [wa. haw ]

لەنموونەکانی (١٧٩)دا دەردەکەوێت، کە کرتاندنی دەنگی [د]، لەم نموونانەدا ڕوودەدات، جگە لەخاڵی چوارەم، بەڵام لەبری خۆی دەنگێک کپ و هەستپێکراو لەشێوەی کلۆرکردن دەردەکەوێت، هاوکات ئەم جێگای دەنگە، کە کلۆرکراوە، هێمای لەزمانی کوردیدا بۆ دانەنراوە، هاوکات لە ئەلفوبێی فۆنەتیکی جیهانی (IPA)شدا، هێمای بۆ نەکراوەوە لەشێوەی خانەی بۆشدا (□) دانراوە. کە لەنموونەکانی (١٧٩) خاڵەکانی (١،٢)دا، دەدردەکەوێت، بەڵام لە نموونەی(١٧٩) خاڵی سێیەمدا، لە دوای دەرنەبڕینی دەنگی [د] لە کۆتایی وشەکەدا، کلۆرکردنەکە، لەشێوەی درێژکراوەی دەنگی [و] دەردەکەوێت، هاوکات لە نموونەی (١٧٩) خاڵی چوارەمدا دەردەکەوێت، کە دەنگی [د] کلۆردەکرێت و ئاڵگۆڕدەکات، لەتەک دەنگی [و]دا، بەتایبەت لە کرمانجی ناوەڕاستدا، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا زۆر بەکاردەهێنرێت.

## (١/٣-١-٢-٢)بچوککردنەوەی وشەکان

بچوککردنەوەی وشە: ((بریتییە لە بچوککردنەوە و کەمکردنەوەی واتا بە وشەکان دەبەخشێت، بەو شێوەیەی بتوانن ڕاستەوخۆ مەبەست بپێکن و بە ڕوونی واتای ئەو ئاماژەبۆکراوانە، کە لەپێناویدا سازکراون، بەدەستەوەبدەن،)) (سەعید٢٠١٣:٢٧) ئەم کردەیە، یان لەبەر ئاسان دەربڕین، یان لەپێناو خۆشویستنی، یان ڕقلێبوونەوە لە کەسێک، یان شتێک، ئەم کارە دەکەن، واتا کارێکە بۆ مەبەستێک ئەنجامدەدرێت. (ش.هـ)دا / ۆ/ وەکو پاشماوەی توخمی نێرینە، / ێ/ وە پاشماوەی توخمی مێ بەکاردێت. بۆنموونە (١٨٠):

| ناو | ش.س | ش.هـ |
|---|---|---|
| عبدوڵڵا | عەبە | عەبۆ |
| سەعید | سەعە | سەعۆ |
| محەمەد | حەمە | حەمکۆ |
| بەناز | نازە | نازێ |
| فاتمە | فاتە | فاتێ |
| خەدیجە | خەجە | خەجێ |

## (٣-١-١/٣)زیادکردنی دەنگی

زیادکرنی دەنگی: بریتییە لە زیادکردنی دەنگێک، لە وشەیەکدا، واتا بەپێچەوانەی کاری کرتاندنی دەنگ، بەڵام بەمەرجێک، لە کاتی دەربڕیندا هیچ لە واتا سەرەکییەکە دوورنەکەوێتەوە.

أ- کاتێک ژمارەکان، کە دوابەدوای یەکتری دووبارە ئەکرێنەوە، بەمەبەســـتی واتایەک بەم شێوەیەیان لێ دێت، کە بە هەردوو شێوەکە یەک واتا و یەک مەبەست دەگەیەنن، بەڵام بە فۆڕمی جیاوازەوە، بۆ نموونە (١٨١):

١- یەک یەک ← یەکەیەکە

٢- دوو دوو ← دووان دووان

٣- سێ سێ ← سیان سیان (مارف،پ، ٨٤-٨٥).

ب- هاوکات زیادبوونی دەنگەکان، لە شـــێوەزارەکانیشـــدا دەردەکەوێت، هەندێکجار دەنگێک لە مۆرفیمێک، یان وشـــەیەکی زارێک، یان شـــێوەزارێکدا پەیدا دەبێت، لە ئەنجامی بەراوردکردنی لەتەک شێوەزارێکی تردا، لەم باسەشدا ئاماژە بەو دەنگانە دەکەرێت، کە لە (ش.گ)دا پەیدابوون بەبەراورد بە (ش.س)دا، بۆ نموونە (١٨٢):

| ش. س | ش.گ |
|---|---|
| گەنیو | گەنیاو |
| شەکر | شەکەر |
| سووتان | سووتیان |
| بیهێنە | بیتێرە |

هاوکات لە شێوەزارەکانی هەولێری وسلێمانیشدا دەردەکەوێت. بۆ نموونە (١٨٣):

| ش.س | ش. هـ |
|---|---|
| براکەم | برایەکەم |
| ورد | خورد |
| جرج | جورج |
| ئەی | ئەدی |
| کەی | کەینێ |

### (٣/١-١-٤) جێگۆڕکێ دەنگەکان

ئەم جۆرە گۆڕانکارییە، لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی زار "دیالێکتەکان"ی سەر بەیەک زمان، واتە ((لەم دیاردەیەدا دوو دەنگ، یان دوو بڕگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە، هەندێکجار وشەکە بە هەردوو شێوەکە لە یەک زاردا دەبینرێن، هەندێکجاریش هەر شێوەی لە زارێکدا دەردەکەوێ و بەکاردێ)) (شالی، ٢٠٠٠: ١١٧).

بۆ نموونە (١٨٤)

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| زیخ | خیز |
| جگەر | جەرگ |
| جومعە | جوعمە |

بۆ نموونە (١٨٥):

| ش.س | ش.هـ |
|---|---|
| تەرزە | تەزرە |
| پشقل | قشپل |
| کەروێشک | کێروشک |

## (٢/٣) فۆنیمە ناکەرتیەکان و کاریگەریان لە گۆڕانی واتادا

لەبەشی دووەمدا، فۆنیمە ناکەرتیەکان بەجۆرەکانیانەوە باسکراون، هاوکات هەریەک لەجۆرەکانی لەناو گۆڕانکاریەکاندا نموونەیان خرانە ڕوو. هاوکات فۆنیمە ناکەرتییەکان دەکرێن بەدوو بەشەوە، ئەوانەی واتا دەگۆڕن و ئەوانەی واتا ناگۆڕن، کە دەتوانرێت لەڕێگەی جۆرەکانیانەوە نموونە بخرێتە ڕوو:

### (٢/٣-١) گۆڕانی واتا لە هێزدا

هێزەکان لەناو بڕگە و وشەکاندا شوێن و پێگەیان دەگۆڕن، کە لەبەشی دووەمدا نموونەی خراونەتە ڕوو، کە بۆ هەر بڕگە و وشەیەک توانای گۆڕانکاریان هەیە، ئەگەر بڕوانرێتە وشە یەک بڕگەیەکان ئەم وشانە، کە خاوەنی یەک بڕگەن هێز لە سەریان هەمیشە جێگیرو ناگۆڕێت، بۆ نموونە (١٨٦):

- دز
- بەرد
- ڕەگ

کاتێک هێز نەگۆڕێت، لەم وشانەدا، واتە ناتوانێت واتا گۆڕبن. کەواتە، لە نموونەکانی (١٨٦)دا، کە خرانە ڕوو، هێز ناتوانێت لەم وشـــانە بەتەنها واتا بگۆڕن، کەواتە هێز لەوشـــە تاک بڕگەکاندا توانای گۆڕانی واتای نییە.

هاوکات لەوشە فرە بڕگەیەکاندا، توانای گۆڕانی واتایان هەیە، واتا بەگۆڕانی هێز لەسەر بڕگەی کۆتایی وشەکان، بۆ سەرەتای وشەکان واتا دەگۆڕن. بۆنموونە(١٨٧):

- خراپە

١. کاتێک هێز لەکۆتا بڕگەدایە، دەبێت بە (ناو): خراپە' پیشەی مرۆڤ نییە.

٢. کاتێک هێز لە بڕگەی یەکەم، دەبێت بە (ئاوەڵناو) ئازاد کارەکانی خرا'پە.

هاوکات لەتەک ئەوەی، ئەم گۆڕانکارییانە دێنێتە ئاراوە، بەڵام زۆرێک لە وشـــە لێکدراوەکان کاتێک لە چوارچێوەی فرێز، یان ڕســـتەدا بەکار دەهێنرێت، پێکهاتە و فۆڕمی دروســـتەی مۆرفۆلۆژیی وشەکان دەگۆڕێت، بەهۆی یاسا سینتاکسییەکانی زمانەکەوە، هەر بۆیە پێگەی هێزیش لە وشەکەدا دەگۆڕێت، بەڵام ئەم گۆڕانە واتاگۆڕ نین و هەمان واتای پێشووتر دەگەیەنن. بۆ نموونە (١٨٩):

- دەستکە'وت
- پێشکە'وت
- سەرکە'وت

لەناو ڕستە و فرێزدا

- نانێکمان دە'س کەوت
- ئالان پێ'ش کەوت
- عێراق سە'ر کەوت (کانەبی، ١٩٩٨: ٩١-٩٢).

لەم نمونانەی (١٨٩)دا، هێز گۆڕاوە و واتا ناگۆڕێت، بەڵام هەمان وشـەکانی ئەم نموونانە، کاتێک لە دروستەی ڕستەیەکیتردا دادەنرێت، هێزەکانیان ئاڵوگۆڕ پێدەکرێت، واتا دەگۆڕن بۆنموونە: (١٩٠)

١- منداڵەکە بەسەر شاخەکەدا سەرکەو'ت.

٢- سە'رکەوت منداڵێکی زیرەکە.

له نموونەی (١٩٠) خاڵی یەکەمدا دەردەکەوێت، وەک کردار واتای گەیاندوە، هێزەکەی کەوتۆتە کۆتایی بڕگەکەوە. له نموونەی(١٩٠) دووەمدا، وەک ناوێک واتا دەبەخشێت و هێزەکەی لەسەرەتای بڕگەی یەکەمدایە. واته لەم حاڵەتانەدا واتا گۆڕن.

هەندێک له وشـــــه دروســــتکراوەکانی زمان خۆیان هەڵگری یەک زانیارین، کاتێک هێز له هەر ســــەرێکەوە دەکەوێتە ســــەری گۆڕانکاریی ئەوتۆ پێک ناهێنێت، وەک: (باڵابەرز، کورتەباڵا)، بەڵام زۆرێک له ئاوەڵناوەکان هەڵگری دوو زانیاری، یان زیاترن، ئەمەش وادەکات هەندێکجار، که هێزه سـەرەکێکه دەگۆڕێت لەسـەریان، واتایەکی تر ببەخشـن، بەڵام له هەمان پۆلەڕەگەزن ،که ئاوەڵناوە. بۆ نموونه (١٩١):

١. سەربەرز

٢. لووتبەرز

٣. خۆفرۆش

٤. دەسبڕ (مەحوی، ٢٠١٦: ٢١٩).

ئەوەی له نموونەی (١٩١) له خاڵی (١)دا دەردەکەوێت، دوو واتای ئاوەڵناوی هەیە: یەکەمیان سـەر و گەردنی کەسەکە بەرزە له ڕووی بایۆلۆژیی مرۆڤەوە. دووەم واتای، واتای پەسنیکردنی کەسێکە، که سـەرکەوتووە، یاخود کەسـەکی باشـە. هاوکات نموونەی (١٩١) له (٢)دا، دوو واتای ئاوەڵناویی هەیە: یەکەمیان لووتی مرۆڤ، یان ئاژەڵ له ڕووی دروســـتبوونیانەوە بەرز بێت، واتای دووەمیان کەســێکی لەخۆبایی و خۆبەشــتزان. هاوکات بۆ نموونەکانی (خۆفرۆش و دەســبڕ)یش به هەمان شێوەیە.

هێز لەکردارەکانی زمانی کوردیدا دەکرێت، بەدوو جۆرەوە:

١- کرداری تێنەپەڕ: کاتێک هێز دەچێتە سەریان، واتا دەگۆڕن و دەبن به چاوگ، یان به کردار کاتێک، که هێزیان لەسەرە، بۆ نموونه (١٩٢):

- <ڕاپەڕین> (دوو واتای هەیە.)

کاتێک هێز لەکۆتایدا بێت، بەواتای کرداری ڕاپەڕین دێت.

کاتێک هێز لەسەرەتادابێت واتای چاوگ دێت، یاخود ناوێک ( وەک ناوچەی ڕاپەڕین)

- <نووسین> (دوو واتای هەیە.)

کاتێک هێز لەکۆتایدابێت بەواتای کرداری نووسین دێت.

کاتێک هێز لەسەرەتادا دێت بەواتای چاوگ دێت.

٢-  هێز کاریگەری لەسەر کرداری تێپەڕ نییە، گۆڕانکاری تیایاندا ناکات، واتا گۆڕانکاری ناکرێت تیایاندا، بۆ نموونە (١٩٣):

<خواردن>

کە لە هەرکوێیەکی ئەم وشەیەدا هێز هەبێت، وەک یەک وایە. واتا ناگۆڕن واتا هێز لە کردارە تێپەڕەکاندا توانای گۆڕانی واتایان نییە.

### ( ٢/٣-٢ )  گۆڕانی واتا لە ئاوازدا

ئاوازەکان لەڕستەدا زۆرترین گۆڕانکاری دەهێننە ئاراوە، واتە لە تاکە ڕستەیەکدا، دەتواندرێت چەندین واتای جیاواز ببەخشن، یان واتا بگۆڕن، وەک لە نموونەکانی بەشی دووەمدا دەرکەوتن. هاوکات ڕستەکان ئەگەر ئاوازیان نەبێت، توشی چەندین گیروگرفت دەبنەوە، چونکە مەبەستی ئاخێوەر دیارنییە، ئەوکات لە تەک گۆڕانی ئەرکی ڕێزمانیی ڕستەکەدا، واتا و مەبەستی جیاوازی لێ پەیدادەبێت، کە ئەمەش ڕۆڵ و کاریگەریی ئاواز دەردەخات، بۆ دیاردەی ڕوونکردنەوەی واتای ڕستەکان، لەو نموونانەی خوارەوشدا زیاتر دەردەکەون:

نموونەی (١٩٤):

- ئەو مامۆستایە.

کام ئەرکی ڕستەی ڕێزمانی هەیە؟ (هەواڵی؟ پرسیاری؟ سەرسووڕمان؟)

لەم ڕستەیەدا سێ ئەگەر و چەندین واتای جیاواز دەگەیەنێت، یاخود ئەگەر ڕستەکە گەورەتر بکرێت

-  ئەو مامۆستایە لە زانکۆ.

لەم جۆرەدا، ئەگەری واتاکانیش زیاتر دەبن، هەمووی بە نادیاری دەمینێتەوە، ئەگەر کەرەستە ناکەرتییەکان بەشداریی تێدا نەکەن، ڕوونی نەکەنەوە، کە ئاخێوەر مەبەستی کام یەکە لەو ئەگەرانە بووە. واتە ئاواز پەیوەستە بە ڕستەوە، هەبوونی واتا ڕووندەکاتەوە، واتا دیاری دەکەن، نەبونیشیان دەبێتە هۆی لێڵی لەڕستەکەدا. نموونەی زیاتر لە بەشی دووەم، لە نموونەکانی (١٠٨،١٠٧) دەردەکەوێت.

### (٢/٣-٣)  گۆڕانی واتا لە نێوانییەکاندا

لە نێوانییەکاندا، زۆرکات مرۆڤ لە ئەنجامی ئاخاوتنی بەردەوامدا وەستانێک، یاخود هەڵکیشانەوەی هەناسەیەک، یان هەندێک نەخۆشی زگماکی زمانی ڕوودەدات، کە ئەمانە نابنە

هۆكاری واتا گۆڕین لەزماندا، زۆركاتیش بێبایەخ ناودەبرێت، چونكە ئاخێوەر بێ مەبەست ئەم وەستاندنانە، یان هەڵوێستانەی بۆ پەیدادەبێت، بەڵام وەک لە نموونەكانی بەشی دووەمدا دەركەوتن، كە زۆركات ئاخێوەر وەستان بەكار دەهێنێت، بۆ مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆی، لەو ڕێگەیەوە واتای ڕستەو وشەكان دەگۆڕن، بەڵام لە دركاندنی بڕگەدا، نێوانە و بۆشای هەیە، وەک جۆرێک لە وچانێک ناوبڕێكی كەمخایەن وەهایە، گشت ئەندامەكان لەباری وەستاندان، بەڵام ئەم وەستانە واتاگۆڕ نین، تەنها وچانێكە بۆ بەردەوامیدان، بۆ بەردەوامبوونی بڕگەی دواتر. بەمەش دەڵێن: (وچانی دەنگسازی، كە بریتییە لە تێپەڕبوونی كۆئەندامی ئاخاوتن بە باری بۆشدا، لە نێوان دوو بڕگەدا.) (بابان،٢٠٠٥: ٣١) بۆ نموونە (١٩٥):

- خاڵخاڵۆكە |خاڵ|خاڵ|ڵۆ|كە| |CV|CV|CVC|CVC|
- |خاڵ| وچان| خاڵ| وچان|ڵۆ| وچان|كە| |CV | |CV| |CVC| |CVC|

هاوكات لە فۆنیمی بزرۆكەدا، كاتێک لە نێوان دوو كۆنسناتدا دەردەكەوێت، بە جۆرێک لە وەستان یان هەڵوەستەیەكی كەم دانراوە، بۆ نموونە (١٩٦):

خواردن + ن← خوارد + (نێوان) + ن ← خواردن |خوار|دɨن|

چاند + ن ← چاند + (نێوان) + ن ← چاندن |چان|دɨن| (موسا،٢٠٠٩: ٣٩)

هاوكات ئەم دیاردانە، زۆر بە بایەخی زمانی دانانرێت، وەک پرۆسەیەكی دركاندن لێدەڕوانن، چونكە واتاگۆڕ نین یان ئەركێكی ڕێزمانییان نییە، بەڵام هەمان ئەو خەسڵەتانەیان هەیە، كە لەنێوانییەكاندا هەیە، بەهادار نین، بەڵام كاتێک نێوانەكان واتا دەگۆڕن و توانای گۆڕانكاری واتایان هەیە لەڕستەكاندا، بۆمەبەست و ئامانجی تایبەتی بەكار دەهێنرێت. ئەوكات بایەخدارە، دەبێت كەسی بەرامبەر لەكاتی بیستنیاندا، هۆشیارانە ئامادەبێت بۆتێگەیشتن، چونكە ئەم پرۆسەیە بەمەبەستەوە ئەنجامدەدرێت وەک لەم نموونانەدا دەخرێنە ڕوو.

بۆ نموونە(١٩٧):

- خوێنەڕژاوە

خوێنە||ڕژاوە.

(واتە خوێنی گیانلەبەرێک (( مرۆڤ/ ئاژەڵ)) ڕژاوە)

خوێ||نە ڕژاوە

( واتە خوێ ((كە بۆ سوێركردنی خواردن بەكاردێت)) نەڕژاوە.)

بۆ نموونە(١٩٨):

- هەر خوێندکارێک لەم خوێندکارانە لە وانەیەک کەوتووە.

١. هەر خوێندکارێک|| لەم خوێندکارانە|| لە وانەیەک کەوتووە.

(واتە تەنها خوێندکارێک لەم خوێندکارانە لە وانەیەکدا کەوتووە.)

٢. هەر خوێندکارێک لەم خوێندکارانە|| لە وانەیەک کەوتووە.

(واتە هەموو خوێنکارەکان ، لەوانەیەکدا کەوتوون)

هاوکات بۆ نوونەی زیاتر لەسەر نێوانە وەستاوەکان، لە بەشی دووەمدا، لە نموونەکانی(١٠٩،١١٠،١١١) بەشێوەیەکی باشتر ڕوونکراونەتەوە.

# ئەنجامەکان

# ئەنجامەکان

١- لە ئەنجامی لکاندنی دوو بڕگەدا، ئەگەر سەرەتای بڕگەی دووەم پێک هاتبوو، لە دەنگە کۆنسنانتە (تەقاوەکان و ئەفریکاتەکان)، ئەوکات ئەم دەنگانە کاریگەر دەبن، بۆ سەر دەنگەکانی پێشخۆیان، کە دەنگی کۆتا خانەی بڕگەی یەکەم، دەیانگۆڕن بۆ دەنگێک، کە لە خۆیان بچێت، لە ڕووی نیشانە جیاکەرەوەکانیانەوە.

٢- هاوکات دەنگە کۆنسنانتە تەقاوەکان، ئەو دەنگانەن، کە دەتوانن لە کۆتا خانەکانی بڕگەدا هەبن و چەپکە کۆنسنانت دروست بکەن، چونکە دەنگە کۆنسنانتەکانی تر زۆر بەکەمی توانای ئەم بە دوایەکتری هاتنانەدا هەیە. واتە دەکرێت لە نووسیندا بە دوای یەکدا بێن، بەڵام چەپکە کۆنسنانت دروست ناکەن و هەمیشە ڤاوڵە نادیارەکە، کە بزرۆکەیە، پێکهێنەریانە و خاوەن بڕگەی خۆیانن، بەڵام دەنگە تەقاوەکان لەبەر بەهێزییان لە کۆتا خانەدا، توانای دروستکردنی چەپکە کۆنسنانتیان هەیە. بۆ نموونە /بەرد، کورد/ – |بەرد| :|cvcc| – |کورد|:|cvc|.

٣- لە زمانی کوردیدا، فۆنیمەکان لە ئاستی قووڵدا دەگۆڕێن، هاوکات گۆڕانی واتاشیان لێدەکەوێتەوە، بەڵام هەندێک گۆڕانکاری لە ئاستی قووڵدا ڕوودەدەن، کە بە پەنجەکانی دەست دە ژمێردرێن، کە واتا گۆڕنین و لە شێوەی ئەلۆفۆنی یەکتریدان، بەڵام لە ئاستی ئاسۆیدا، کە زۆرترین گۆڕانکاری ڕوودەدات و ناشبێتە هۆی گۆڕانی واتا، واتە ڕووکەشیانە و تەنها لەدرکاندندا دەردەکەون، هاوکات ئەم گۆڕانکارییانە لە ئاستی ئاسۆیدا، پەیوەستە بە چەند هۆکارێکەوە، ئەوانیش جێکەوتەی فۆنیمەکەیە لە وشەکەدا، یان پەیوەستە بە سازگەی دورستبوونیانەوە لە ئەندامەکانی ئاخاوتندا، یان هەندێکجار پەیوەندیی بە ڕێککەوتنی ئاخێوەرانی زمانەکەوە هەیە، وەک ئەو نموونانەی لە زار و شێوەزارەکاندا دەردەکەون.

٤- گۆڕانکارییەکان، جگە لەوەی پەیوەستە بە هەندێک هۆکارەوە، لە ڕووی واتاییشەوە جێگیر نین و ناتوانرێت، کە لە هەموو وشەیەکدا، یاخود هەموو شوێنێکی هاوشێوەیی هەمان گۆڕانکاریی بەسەر هەمان دەنگدا ڕوو بدات، چونکە هۆکاری فۆنۆلۆژی و واتاسازی زمانەکە، پەیوەستن بەم گۆڕانکارییانەوە، هەندێک کات بەهەڵەدرکاندنی دەنگێک دەبێتە هۆی واتاگۆڕین، هاوکات هەندێک جار وشەی تابۆ دروست دەکەن، کە لە زمانەکەدا قەدەغە کراوە و ناکرێت ڕاستەوخۆ بدرکێندرێن.

٥- فۆنیمە ناکەرتییەکان (هێز و ئاواز و نێوان)، وەکو چەترێک دەدرێن بەسەر (بڕگە و وشە و ڕستەکان)دا، لە کاتی ئاخاوتندا، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ ڕووندرکاندن، یان بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستی جیاوازی ئاخێوەران، کە لە ڕێگەیانەوە کەسی گوێگر توانای هەڵهێنجاندنی واتا و مەبەستی لایەنی دەروونیی کەسی ئاخێوەر دەبێت، ئەگەر شارەزای زمانەکە بێت.

٦- بڕگە لە زمانی کوردیدا، لە کەسـێکەوە بۆ کەسـێکی تر، لە چوارچێوەی ئاخاوتنێکەوە بە ئاخاوتنێکی تر، لە مەبەسـتێکەوە بۆ مەبەسـتێکی تر لە گۆڕاندایە، مەبەسـت لەم گۆڕانەش گۆڕانی قاڵبی بڕگەیە، هەر ئەم ئاسـانگۆڕینەی قاڵبی بڕگە وا دەکات، کە ئاوازدانەرەکان و هونەرمەندان ئاوازەکانیان ڕێک بخەن لەتەک وشـەکانی زمانەکەدا، بۆ ئەوەی ئەو بەرزی و نزمییانەی، کە لە ئاوازەکەدا پێویستە ئەنجامی بدەن دەربکەوێت.

٧- ڤاوڵەکان و نیمچە کۆنسنانتەکان کاریگەرییان، بەسەر دەنگەکانی (پێش و دوا)ی خۆیان نییە و خۆشـیان ناکەونە ژێر کاریگەریی دەنگە کۆنسـنانتەکان، بە دەنگدار و کپەکانیشـەوە (+ و -)، هاوکات دەنگە ڤاوڵ و نیمچە کۆنسـنانتەکان دەنگە کۆنسـۆنانتەکانی پێش خۆیان دەپارێزن، لە زەبری کاریگەری دەنگە کۆنسۆنانتەکانی تر.

٨- تێبینیی ئەوە دەکرێت، گۆڕانی دەنگەکان، لەناو وشـە و فرێزەکاندا، لە کۆتایی بڕگەی یەکەم و سـەرەتای بڕگەی دووەمدا دەبێت، هاوکات دەنگە کارتێکراوەکان، کە لە کۆتایی بڕگەی یەکەمدان لە حاڵەتی وەسـتاودان (سـکون)، بەڵام ئەو دەنگانەی، کە کارتێکەرن لە سـەرەتای بڕگەی دووەمدا، لە حاڵەتی جووڵاودان(المتحركة)، کە لە زمانی کوردیدا، جووڵاوەکان هەمیشـە وەک ڤاوڵەکان دەردەکەون.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

### ١/ سەرچاوە کوردیەکان:

### أ / کتێبەکان:


١. ئالاتۆ، ئانتۆنی(٢٠١٣)، بەراییەک بۆ زمانناسیی مێژوویی، وەرگێڕانی مەهدی سەنەندەجی(هەوار) چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢. ئەمین، وریا عومەر(٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٣. ------------ (٢٠١١)، پێتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٤. ئیسماعیل، هەژار قادر(٢٠١٣)، ڕۆنانی برگە و گۆڕانی سنووری برگە لەشێوەزاری باڵەکییاکاندا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥. بابان، شێرکۆ(٢٠٠٥)، دەنگسازی و برگەسازی لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان،ژمارە(١٥) چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٦. ----------- (٢٠١٠)، بەرەو زانستی دەنگسازیی لە ئاخاوتنی کوردییەوە، چاپی یەکەم،چاپخانەی بابان، سلێمانی.

٧. ------------ (٢٠١٨)، فۆنیمی نیمچەبزوێن لە دەنگسازی کوردیدا، چاپی یەکەم، کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین، دەزگای گۆڤار، هەولێر.

٨. خورشید، غازی عەلی(٢٠١١)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩. دزەیی، عەبلواحید مشیر و دەرون عەبدلرەحمان ساڵح و دانا تەحسین محەمەد(٢٠١٥)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١٠. ڕەسوول، عەبدوڵڵا حوسێن(٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی-کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

١١. ژاکاو، سابیر(١٣٩٩)، پرشەدارێکی زمانەوانی -١- (ڕێنوس)، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی زانکۆ، بۆکان.

١٢. عەلی، تالیب حوسێن (٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، چاپی یەکەم،بڵاوکراوەی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر.

١٣. ـــــــــــــ ،أ، (٢٠١٤)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان رســـــتە و واتا لە کوردیدا، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمایی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٤. ـــــــــــــ ،ب، (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٥. ـــــــــــــــ (٢٠١٥)، دەنگسازی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٦. فەرهادی، عاتف عبدوڵڵا(٢٠١٣)، هەندێکلایەنی دەنگســـازی شـــێوەزاری باڵەکایەتی لەســـەر بنچینەی (Praat)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٧. فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠١٣)، *تابۆ وەک نمەنەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان وکلتور*،چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم.

١٨ فەتاح، محمد معروف(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٩. فوئاد، کەمال(٢٠٠٠)، فۆنێمەکانی زمانی کوردی، ئەم نامیلکەیە بۆ جاری سێەم لەسەر داخوازی خوێنکارانی کۆلێژی زمان بەبێدەستکاری چاپکراوەتەوە، سلێمانی.

٢٠. مارف، ئەوڕەحمانی حاجی(١٩٧٦)، زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

٢١. ـــــــــــــــــــــ (٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زماننـاســـــی،(کوردی-ئنگلیزی -عەرەبی)، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٢٢. ـــــــــــــــــــ ،أ، (٢٠١٧)، ڕێزمانی کوردی،بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم،(ناو)، چاپەمەنی مانگ، بانە.

٢٣. ـــــــــــــــــــ ،ب، (٢٠١٧)، ڕێزمانی کوردی،بەرگی یەکەم، بەشـــی ســـێیەم،(ئاوەڵناو)، چاپەمەنی مانگ، بانە.

٢٤. ـــــــــــــــــــ ،پ، (٢٠١٧)، ڕێزمانی کوردی،بەرگی یەکەم، بەشی چوارەم،(وشەسازی)، چاپەمەنی مانگ، بانە.

٢٥.ـــــــــــــــــــ ،ت، (٢٠١٧)، ڕێزمـانی کوردی،بەرگی یەکەم، بەشـــی پێنجەم ،(کردار)، چاپەمەنی مانگ، بانە.

٢٦. مەحویی، محەمەدی(٢٠٠٠)، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردیی و ڕێزمانی عەرەبیی، ، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی لێکۆڵینەوە، بەشـــی کوردی کۆلێژی زمان، زانســـتگای سلێمانی، سلێمانی.

٢٧. ————— (٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، سـەرەتایەک بۆزانسـتی زمان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢٨. ————— ،أ، (٢٠٠٨)، فۆنەتیـک و فۆنۆلۆژی، فۆنەتیـک، بەرگی یەکەم، چـاپی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

٢٩. ————— ،ب، (٢٠٠٨)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، فۆنۆلۆژی، بەرگی دووەم، چـاپی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

٣٠. ————— (٢٠٠٩)، مۆدێل ومۆدێلەکانی ڕێزمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣١. ————— (٢٠١٦)، مەنامە، بەســـتانداردکردنی زمانی کوردیی، دەروازەی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە.سلێمانی.

٣٢. محمد، دارا حامید(٢٠١٠)، واتاسازی، هەندێک لایەنی سیمانتیک و پراگماتیک لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

٣٣. محێددین، بـازیـان یونس(٢٠١٣)، پەیوەنـدی ئـاســـتی مۆرفۆلۆژی بە ئـاســـتی فۆنۆلۆژی و سینتاکس، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٣٤. موســا، عەبدولوەهاب خالید،(٢٠٠٩)، هێز و ئاوازە لەدیالێکتی کوردیی ژووروودا، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمایی کوردی، هەولێر.

٣٥. هەورامی،ا، محەمەد ئەمین(١٩٧٤)، فۆنەتیکی زمانی کوردی چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

٣٦. —————— ،ب، (١٩٧٤)، سەرەتایێک لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم،

چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.

٣٧. وەیس، غـازی فـاتیح(١٩٨٤)، فۆنەتیک، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکـانی ئەمینداریتی گشـــتی ڕۆشنبیری لاوانی ناوچەی کوردستان، المکتبة الوطنلیة ببغداد.

٣٨. ویدۆوسن، هـ .د.(٢٠٠٨)، سـەرەتایەک بۆ زمانەوانی، وەرگێڕانی هۆشـەنگ فاروق، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک..

## ب/ نامەی زانستییەکان:


٣٩. **بابەکر، نەبەز فەتاح (٢٠٠٩) *سیما پاییەتیەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی*، نامەی ماجستەر، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر.**

٤٠. جەمیل، خەبات هادی(٢٠١٥)، فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر،کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤١. حەمەد، سۆران عەبدولڕەحمان(٢٠١٤)، ڕۆڵی ئاوازە لە گەیاندنی واتادا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی.

٤٢. حەمەئەمین، شێرکۆ(٢٠٠٢) مۆرفیمی بەند لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤٣. ساڵەح، پێشڕەو (٢٠١٥)، یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤٤. سەعید، سازان زاهیر( ٢٠١٣) *پێزی مۆرفیمەکان بۆ بچوککردنەوە و ناسکی دەربڕین*، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.

٤٥. شاڵی، دولبەر ئیبراهیم فەرەج ( ٢٠٠٠) *یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی*، نامەی ماجستەر، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی.

٤٦. قادر، عادل ڕەشید(٢٠٠٨)، فۆنۆلۆژی زمانی کوردی-کرمانجیی سەروو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤٧. کانەبی، ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن(١٩٩٨)، پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتیەکان لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغداد، بەغداد.


## پ/ گۆڤارەکان:


٤٨. قادر، عادل ڕەشید، بێستون حسەن ئەحمەد ، (٢٠١٦)،یاساکانی کەوتن وکلۆرکردنی فۆنیمی /د/ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، زانکۆی سلێمانی سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت، No.7,Vol.3, لا،(٦٩-٧٨).

٤٩. بابان، شـــێرکۆ(٢٠٠٩)،دیوە تیۆریەکانی فۆنیم و برگەی دەنگســـازی لەئاخاوتندا، گۆڤاری زماننناسی، ژمارە(٢)، ئابی(٢٠٠٩)،لاپەڕە(٧٩-٩٧).

٥٠. فەرەج، هۆگر مرحمود (٢٠١١) چەردەیەک دەنگ، مۆرفیم، وشەی جودابیساز لەنێوان کرمانجی باکوور، ناوەڕاستدا، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی (١٩-٢٢ی ئەیلولی ٢٠١١)، لاپەڕەکانی (١١٢-١٣٧)،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٥١. هەرشـــمی، شـــاســـوار(٢٠٢١)، جێگۆڕکێ کردنی دەنگی (ر) و دەنگی (ڵ) لەزمانی کوردیی، گۆڤاری زمان و زار، ژمارە (٢)، لەپەڕەکانی (٢٤٤-٢٦٦).

## ٢/ سەرچاوە عەرەبیەکان:

٥٢. بشـر، کمال(٢٠٠٠)، علم الأصـوات، دار غریب للطباعة والنشـر والتوزیع شـرکة ذات مسـئولیة محدودة، القاهرة.

٥٣. حســن، نایف(٢٠١٨)، علم الألصــوات العربیة؛ تطوراتها ونظریتها والإســتفادة منها لتعلیم اللغة العربیــة، Al-Ta'rib, Jurnal Pendidikan Bahasa Arab dan Kebahasaaraban ، م(١٤٣)،ملحق(٦).

## ٣/ سەرچاوە فارسیەکان:

٥٤. اسـلامی، محرم(١٣٩٢)، واج شـناسـی تحلیل نظام آهنگ زبان فارسـی، چاپ چهارم، سـازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت) مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی، تهران.

٥٥. باقری، مهری(١٣٩٩) مقدمات زبانشناسی، چاپ بیست و چهارم، نشر قطره، تهران.

٥٦. باطنی، محمدرضـا(١٣٩٨)، توصـیف سـاختمان دسـتوری زبان فارسـی، چاپ سـی و هشـتم، انتشارات امیر کبیر، تهران.

٥٧. بی جن خان، محمود(١٣٩٨)، واج شـناسـی نظریه بهینگی، چاپ هفتم، سـازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت) مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی، تهران.

٥٨. ثمره، یدالله (١٣٩٩)، آواشـناسـی زبان فارسـی (آواها و سـاخت آوایی هجا) ویراست دوم، چاپ پانزدهم، مرکز نشر دانشگاهی، تهران.

۵۹. حق شناس،علی محمد(۱۳۹۳)، آواشناسی(فونتیک)، چاپ پازده‌هم، نشر آگه، تهران.

٦٠. دانسی، مارسل(۱۳۹۷)، مباحث اساسی زبان شناسی مردم شناسانه، ترجمه علی اکبر شیری، چاپ اول، انتشارات تمدن علمی. تهران.

٦١. رسول پور، حسیٖن(۱۳۹٦)، ساخت زمان فارسی، چاپ اول، نشر خاموش،تهران.

٦٢. رنجبر،آ، وحید(۱۳۹٤)، دستور زبان کردی،گویش کرمانشاهی، چاپ اول، انتشارات هرمس، تهران.

٦٣. ---------- ،ب، (۱۳۹٤)، ساخت زبان فارسی امروز، برپایه گشتار زایایی، چاپ اول، انتشارات ققنوس، تهران.

٦٤. صفوی، کورش(۱٤۰۰)، آشنایی با زبان شناسی در مطالعات ادب فارسی، چاپ چهارم، انتشارات علمی، تهران.

٦٥. قوامی، گلناز مردسی(۱۳۹٤)، فرهنگ توصیفی آواشناسی و واج شناسی، چاپ اول، نشر علمی، تهران.

٦٦. کامبوزیا، عالیه کرد زعفرانلو و افتخارسادات هاشمی(۱۳۹۷)، انطباق واجی وام واژه‌های زبان فارسی، نشر کتاب بهار، تهران.

٦۷. مالمبرگ، برتیل(۱۳۸۸)، آواشناسی، مترجم: زینا زرافشان، ویراستار: سید مهدی سمائی، چاپ اول، نشر چاپار، تهران.

٦۸. مدرسی، فاطمه(۱۳۸۷)، از واج تا جمله، فرهنگ زبان شناسی – دستوری، چاپ دوم، انتشارات چاپار، تهران.

٦۹. مشکوه‌الدینی، مهدی(۱۳۹۳)، ساخت آوایی زبان، چاپ هفتم، انتشارات دانشگاه فردوسی مشهد، مشهد.

۷۰. نجفی، ابوالحسن(۱۳۹۹)، مبانی زبان شناسی و کاربرد آن در زبان فارسی، چاپ سیزدهم، انتشارات نیلوفر، تهران.

۷۱. نوربخش، ماندانا(۱۳۹۲)، آواشناسی فیزیکی با استفاده از رایانه (praat)، چاپ اول، نشر علمی، تهران.

۷۲. وفایی، عباسعلی(۱۳۹۲)، دستور توصیفی بر اساس واحدهای زبان فارسی، چاپ اول، انتشارات سخن، تهران.

٧٣. ولی پور، علیرضا(١٣٩٣)، آواشناسی زبان روسی،چاپ اول، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت) مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی، تهران.

٧٤. یوسف راد، فاطمه و سید محمەد متشرعی(١٣٩٨)، یول بەزبان نو(کول یول)، چاپ چهارم، نشر هدف نوین، تهران.

## ٤/ سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

75. Ashby, Patricia(2017), Understanding Phonetics, Ten Edition, Great Britain for Hodder Education, part of Hachette UK.

76. Crystal, David (2008). A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth Edition,Blackwell Publishing.

77. Davenport, Mike and S.J. Hannahs(2010) Introducing Phonetics and Phonology, Third Edition, Hodder Education, a member of the Hachette UK.

78. Gussenhoven, Carlos and Haike Jacobs(2017), Understanding Phonology, Third edition, Hodder Education, part of Hachette Livre UK.

79. Gut, Ulrike (2009), Introduction to English Phonetics and Phonology, Textbooks in English Language and Linguistics (TELL) Volume (1), Peter Lang GmbH Internationaler Verlag der Wissenschaften, Frankfurt.

80 Johnson, Keith(2012), Acoustic and Auditory Phonetics, Third Edition, WILEY- BLACKWELL Publishing.

81. Jongman, Allard and Henning Reetz(2009) Phonetics, First Edition, WILEY- BLACKWELL Publishing.

82. Keshavarz, Mohammad Hossein(2021), An Introductory Course of English Phonetics and Phonology, Second Edition, Humanities SAMT Publishing, Tehran.

83. Ladefoged, Peter And Keith Johnson(2011), A Course in Phonetics, Sixth Edition, Wadsworth, Cengage Learning, USA.

84. Lass,Roger(1984) Phonology, An introduction to basic concepts, Cambridge: Cambridge Universsity Press.

85. M.mees, Inger and Beverley Collins(2013), Practical phonetics and phonology, Third edition, Routledge Publishing,USA.

86. Roach, Peter(2009), English Phonetics and Phonology, Fourth Edition, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.

87. Roach, Peter(2010), Phonetics, Ten Edition, OXFORD UNIVERSITY PRESS.

### ٥/ سەرچاوە ئەلەکترۆنییەکان و وانەکان لە کۆرسەکانی ماستەردا:

٨٨. الجمل،محمد أحمد( ٢٠١٩/٩/٩)

لینک دار الإفتاء - الدراسات ال-صوتية والتجويد(aliftaa.jo)

https://www.aliftaa.jo/Research.aspx?ResearchId=222#.Yub1YLZBxPZ

٨٩. قادر،عادل ڕەشید(٢٠٢١)، وانەی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، کۆرساتی مستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی. (٢٠٢١/١/٨).

حكومة اقليم كوردستان- العراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة السليمانية
كلية التربية الأساسية
قسم الغة الكردية

# التغيرات الفونيمات المقطعية و غير المقطعية في اللغة الكردية

**من قبل:**

**(هردى سيده محمد)**

رسالة مقدمة إلى مجلس كلية التربية الأساس في جامعة السليمانية.

وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في الغة الكردية.

**بإشراف:**

**أ.م.د. عادل رشيد قادر**

(٢٧٢٢ك) (٢٠٢٢م)

# الخلاصة

هذه الدراسة بعنوان: **التغيرات الفونيمات المقطعية و غير المقطعية في اللغة الكردية**، ونطاق الدراسة مأخوذ بشكل عام من اللهجة الكرمانجية الوسطى، ولكن على حسب متطلبات البحث ولغرض اثبات الأدلة العلمية وبيانها، فقد تمَّ توظيف الأمثلة من اللهجات الأخرى، وفي بعض الأحيان اللغات الأخرى (الإنكليزية والعربية والفارسية). وعلى الرغم من أن موضوع البحث الحالي هو علم الأصوات بكلا فرعيه: علم الأصوات الوصفي، وعلم الأصوات الوظيفي، ولكننا انتقلنا إلى على حسب الحاجة إلى مستويات لغوية أخرى من نحو علم (التشكل والنحو، وعلم الدلالات). تسعى الدراسة الحالية إلى بيان الفونيمات المقطعية وغير المقطعية في اللغة الكردية، وفي الوقت ذاته تسعى إلى تأشير العوامل المحددة التي تتسبب في التغيرات الدلالية وذلك في ضوء الإتيان بالأمثلة المناسبة، وإجراء التحليلات العلمية المطلوبة، بعد مقدمة موجزة تنقسم هذه الدراسة على ثلاثة أقسام.

القسم الأول: تمَّ تسليط الضوء على العديد من الدراسات السابقة فيما يتعلق بعلم الأصوات الوصفي والوظيفي، وإجراء تقييم لها، مع توضيح الأصوات الوصفية والوظيفية وأنواعها.

القسم الثاني: تمَّ عرض الأصوات المسموعة في اللغة الكردية، مع تصنيف الوحدات الصوتية على وفق علاماتها الفارقة، ومظاهر تشكلها، وتمَّ عرض الفقرات وأنواعها مع تحديد الأقسام غير المقطعية في هذا القسم من الدراسة.

القسم الثالث: في ضوء ما سبق في القسمين الأول والثاني تم في هذا القسم تحديد العمليات الصوتية والمظاهر والتغيرات التي حدثت بين الفونيمات المقطعية وغير المقطعية، وتم تقسيم الوحدات الصوتية إلى فئتين: تلك التي ينجم عن تغيرها معنى مختلف، وتلك التي لاينجم عن تغيرها معنى مختلف بل يبقى المعنى ذاته ويقوم بارسال رسالة المتكلم إلى المقابل كما هي. هذا وخلص البحث إلى عدّة نتائج، وضمَّ قائمة المصادر والمراجع وملخصاً باللغتين العربية والإنكليزية.

Kurdistan region-iraq

Ministry of higher education and scientific research

University of Sulaimani

College of Basic Education

Department of kurdish language

# change segmental and supra-segmental phonemes in Kurdish

By:

(Hardi Saida Mohammed)

submitted to the council of the college of basic education, University of Suleymani. In partial fulfillment of the requirements for the degree of master in kurdish language.

Supervised by:

Asst. Prof. Dr. Adil Rashid Qadr

(2022 A.D) (2722 K)

# Abstract

This research carries the title (**change segmental and supra-segmental phonemes in Kurdish**). The scope of the study is restricted to Central Kirmanji dialect, but as necessary, and for more documentation and clarification, data from other dialects, and on some occasions, other languages such as English, Arabic and Persian have been drawn. Even though the topic falls within the scope of both branches of language sciences (phonetics and phonology), which are the center of the research, but necessarily it has crossed to other of levels of linguistics such as (morphology, syntax and semantics).

This study has mainly sought to differentiate between the segmental and non-segmental phonemes in Kurdish, while at the same time, the factors that lead to the leading to semantic change are also delineated. Additionally, appropriate examples are given in order to provide a scientific analysis of the semantic changes in question.

The study comprises three sections introduced by a brief introduction:

**First section:** in this section a review has been made of most of the previous studies conducted about phonetics and phonology in Kurdish. Meanwhile, phonetics and its branches, phonology, the concepts of phoneme, and allophones are also dealt with.

**Second Section:** in this section audible sounds of Kurdish language are represented, the phonemes are determined, by their distinctive features and their place of articulation are categorized, then phrase and types of phrases are explained; at the same time, in this section segmental phonemes and suprasegmental phonemes are highlighted.

**Third Section:** in this section, in the light of section one and two, the phonological processes are indicated and represented; additionally, the trends and changes which comes into ground between segmental phonemes and suprasegmental phonemes also are. Moreover, the phonemes are categorized into two sections, those that change meaning when they are changed, and those whose meanings remain unchanged despite being changed or replaced and thus they deliver the same message to the addressee.

Also, the study closes with some conclusions, and two abstracts in English and Arabic.